# پێتەر هالبێرگ و دانەرانی تر

# تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی

دانانی
پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر

ئامادەکردن و وەرگێڕانی
ئەنوەر قادر محەمەد

مەڵبەندی کوردۆلۆجی
سلێمانی
٢٠١٠

هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران
مەڵبەندی کوردۆلۆجی

تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی

نووسینی: پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر
ئامادەکردن و وەرگێڕانی: ئەنوەر قادر محەمەد
تیپچنین: ئۆراڵ ئەبوبەکر
سەرپەرشتیاری چاپ: بڕیار فەرەج کاکی
بەرگ: کەمال عەلی
ژمارەی سپاردن: ١٣٥٧/ ساڵی ٢٠١٠
تیراژ: ١٠٠٠دانە
نرخ:٢٥٠٠ دینار
زنجیرە: ٥٤

مەڵبەندی کوردۆلۆجی
ناونیشان:
سلێمانی، کانی ئاسکان
شەقامی: ٣, ژمارەی خانوو: ٢
ژ.پۆست:٩٥, تەلەفون: ٣١٢٣٠٩٣
www.kurdology.com
kteb@kurdology.com

# پێڕست


- پێشەکی.................................... ٧
- پێناسەیەك بۆ ئەدەبو تیۆریی ئەدەبی.................... ١٣
- هونەرو ئەدەب.................................... ٢١
  - جێگای ئەدەب لەناو لقەکانی تری هونەردا.................... ٢٣
- ناوەرۆك و شێوە.................................... ٢٧
  - کەرەسەو بونیاد.................................... ٢٩
  - بیروڕای ڕونالَد بارتو میخائیل باختین دەربارەی ناوەرۆكو شێوە.......... ٣٣
- شێوە بنەڕەتییەکانی شیعر.................................... ٣٦
  - لیریکی (شیعری گۆرانی، خودی).................................... ٤٠
  - ئێپیکی (داستانەشیعر).................................... ٤٦
  - دراما (شیعری شانۆیی).................................... ٤٩
  - دیداکتیکی (شیعری فێرکاری).................................... ٥٣
- ژانرەکانی شێوە بنەڕەتییەکانی شیعر.................................... ٥٥
  - ژانرەکانی ئێپیك.................................... ٥٦
  - ژانرەکانی لیریك.................................... ٦١
  - ژانرەکانی دراما.................................... ٦٥
- نیشانە (Emblem)، شوێن (topos)، بیرۆکە (motiv)، کەرەسە(stoff) ٦٦
- هەندێ زاراوەی ئەدەبی.................................... ٧٥
- زمانی بەوێنە، وێنەدار(Image) .................................... ٨٣
- درووستکردنی وێنە بە ڕێگەی سینتاکسی.................................... ٩٢
- سەردەمو ڕێبازە ئەدەبییەکان.................................... ٩٩
  - Barock (بارۆك).................................... ١٠٥
  - Impressionism (ئینتیباعییەت).................................... ١١٢
  - Expressionism (تەعبیرییەت).................................... ١١٧
- زانستی ئەدەب: چەمكو میتۆدەکانی.................................... ١٢١
  - لێکۆڵینەوەی ئەدەبیو تیۆری.................................... ١٢٧
  - هێرمێنیۆتیك- مەسەلەی لێکۆڵینەوەی دەق.................... ١٣٣
  - ستروکتورالیزم (بونیادگەری)، سیمیۆتیك (زانستی نیشانە).............. ١٤٤

- میتۆدی بەراوردکاری................................................ ١٦٠
- میتۆدی بیری مێژوویی................................................ ١٦٥
- میتۆدی بیۆگرافیی- پسیکۆلۆگی (ژیننامەیی- دەروونناسی).......... ١٦٨
- میتۆدی سۆسیۆلۆگی (کۆمەڵناسی)................................... ١٧٢
- پۆیەتیك (هونەری شیعر- دانان)....................................... ١٧٧
- ستایڵ- شێواز........................................................ ١٧٩
- میتۆدی ستایلی (شێوازناسی)........................................ ١٨٣
- شیعرو خوێنەر........................................................ ١٨٧
- ڕەخنە، نرخاندن........................................................ ١٩٢
- سەرنجو تێبینی........................................................ ١٩٥
- ناوی کەسەکان........................................................ ٢٠٠
- زاراوەکان........................................................ ٢٠٨

# پێشەکی

ساڵی ٢٠٠٦، دوای زیاد لە ساڵێك دامەزرانم لە بەشی کوردیی کۆلیجی زمان- زانکۆی سلێمانی، دەستم کرد بە وتنەوەی بابەتی "تیۆریی ئەدەب" بۆ قۆناغی یەکەم. هەرچەندە لام وابوو، کە بۆ قۆناغی یەکەم قورسە، بەڵام پێشتریش خوێندرابوو، بۆیە دەستم کرد بە وتنەوەی.

لەو سەرچاوانەدا کە لەبەردەستمدابوون دەربارەی بابەتەکە، ئەم کتێبەی زانای ناسراوی سویدی پێتەر هاڵبێرگ: "تیۆریی ئەدەبیو ستایڵناسی"م زۆر بە گونجاو زانی، چونکە چەمکە بنەڕەتییەکانی باسەکەی بەشێوەیەکی قوتابخانەیی تێدابوو، لەبەرئەوە کردم بە سەرچاوەی بنەڕەتیو بە سەرچاوەکانی تری بەردەست بۆ دەرزوتنەوە دەوڵەمەندم دەکرد. ڕاستییەکەی ساڵەکە بەشی ئەو پرۆگرامە چڕوپڕەی کتێبەکە ناکات، بەتایبەتیش من لەبەر سەختیی بابەتەکەو بەهۆی ئەوەوە کە زۆربەی خوێندکارەکان بێجگە لە زمانی کوردی هیچ زمانێکی تریان نەدەزانیو سەرچاوەش لەم ڕووەوە بە زمانی کوردیو بۆ ئەم ئاستە، یان هەر نییە، یان دەگمەنە.. بۆیە ناچاردەبووم پێیان بنووسمەوەو هەوڵمدەدا لە کاتی نووسینەوەشدا چەردەیەك یاساو ڕێسای نووسینو خاڵبەندییان فێربکەم. دواتر هاتمە سەر ئەو ڕایەی کە ئەو بەشانەی کتێبەکە- کە پێم وابوو- بە کەڵکی خوێنەری کورد دێن بکەمە کوردیو زانیاریی سەرچاوەکانی تریشی بەجیاو وەك حاشیەو تەواوکردن بخەمە سەرو چاپی بکەم، بەڵکو سوودێکی بۆ خوێندکارو مامۆستاو خوێنەرانیش هەبێ. ئەی بۆچی هەموو کتێبەکەم نەکرد بە کوردی؟ هەندێ لەو بابەتانە زۆر تایبەتمەندن بە ئەدەبی سویدیو لەکاتی وەرگێڕانیشدا ئەو بایەخو گرنگییە لەدەست دەدەن، جاروباریش بۆ هەندێ لەو بابەتانەی کە لە کتێبەکەدا هەن، لە سەرچاوەکانی تردا، تێرو تەسەل تر لەوەی کتێبەکە هەبوون، ئەوانەم لە جێگەدا داناون، دواتر ئاماژەیان پێ دەکەم. ئەو بەشانەش کە من لە خودی کتێبەکەوە نەمکردوون بە کوردی، ئەمانەن:

١- ئەدەبی داهێنان چییە؟ {ل ١-٦}
٢- ژانرە ئەدەبییەکان. {ل ٢٠-٤٠}
٣- هەندێ ڕەگەزی بونیاد. {ل ٤٧-٧٠}

(ئەمانەم لە سەرچاوەکانی ترەوە وەرگرتووەو لە شوێنی خۆشیاندا ئاماژەم بۆ کردوون)

٤- شیعر وەك هونەری وشە. کێشو سەروا ئاوازە...هتد {ل٩٤-١٣٩}، تەنیا سوودی لێ وەرگیراوە.
٥- شیکردنەوەی دەقە شیعرێکی سویدی {ل١٣٩-١٤٥}
٦- هەروەها ئەو بیبیلیۆگرافیایەی کە لە پشتەوە بۆ هەر بەشە کراوە {ل٢٢٨-٢٤٠}.

واتە لە کۆی (٢٤٠) لاپەڕە، (١١٤) لاپەڕەی کراوە بە کوردی.

پێتەر هالبێرگی دانەری ئەم کتێبە، زانایەکی ناوداری سویدیو ئەدەبناسێکی ئەکادیمیو مامۆستایەکی زانکۆی بەنامێ بوو، ساڵی ١٩٩٥ کۆچی دوایی کردووە. خاوەنی گەلێ بەرهەمی زانستیو ئەکادیمییە، هەر بۆ نموونە کتێبێکی هەیە بەناونیشانی "زمانی بەوێنە لە شیعری سویدیدا"و گەلێکی تر... کە دیارە دەرفەتی دوانمان دەربارەیان نییە. هەر بە کورتیو بە سوودوەرگرتنیش لە زانیاریی کتێبەکەو ڕای خۆی دەمەوێ تۆزێك باسی ئەم بەرهەمەی بکەم.

ئەم کتێبە بۆ خوێندکارانی زانکۆی کۆلیجی زمانو ئەدەبو فەلسەفە دانراوە. پێشەکی من دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئەم کتێبە "مۆنۆگرافیا" (لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیی پوخت) نییەو بە هەناسەیەکی فێرکارییەوە نووسراوە، بەرنامەیەکی قوتابخانەییە. هەربۆیەشە زۆرجار بەوردی ئاماژە بۆ سەرچاوە ناکاو خوێنەر هەواڵەی سەرنجەکانو بیبیلیۆگرافیاکەی پشتەوەی کتێبەکە دەکاتو گەلێ لایەنی تر کە لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیانەی خولەسدا پەیڕەو دەکرێن.. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە سرووشتی بابەتەکە خۆی وەهایە.. دانەر خۆی لە بەرهەمەکەی دەدوێو دەڵێ، لە سێ خاڵدا کۆدەبێتەوە:

أ- شێوازناسی ئەدەبی: ئەرکی شێواز لە هونەری وشەدا. بونیادو تەشك. ئاوازو کێشو سەروا، سیمبۆلو میتافۆر...هتد.

ب- دەربارەی نەسەقی بەرزتری شیعر: جۆرەکانی شیعر، ژانرەکان، قۆناغەکان، ڕێبازە ئەدەبییەکان، دامەزراندنی قوتابخانە ئەدەبییەکان، ترادیسیۆنو نوێخوازی، پەیوەندیی شیعر بە جۆرەکانی تری هونەرەوە، گۆشەنیگای سۆسیۆلۆگیو پسیکۆلۆگیی نووسەر...هتد.

ت- میتۆدەکانی ئەدەبناسی و ڕەخنەو گەشەسەندنی توێژینەوەی ئەدەبناسیو فۆرمەکانی ئێستا..

هەروەها دەڵێ، بەشێوەیەکی گشتی لە (کلّ)ەوە بۆ بەشەکانی ڕۆیشتووە لەباتی ئەوەی بە پێچەوانەوە بێ. دەربارەی هونەری شیعر بەگشتی، شێوەو ناوەڕۆك- کەرەسەو بونیاد، ژانر، ستۆف، مۆتیڤ، سیمبۆل..هتد دواوە.

ئەو بەشەی دوایی کە دەربارەی قۆناغ- سەردەمو میتۆدەکانی ئەدەبناسییە، ڕووالّەتێکی مەبدەئیی زیاتر دەداتە سەرجەمی بابەتەکە.

لە درێژەی قسەکانیدا، پێتەر هالّبێرگ دەڵێ، من خۆم دەزانم کە کتێبێکی لەم شێوەیە "تیۆریی ئەدەبیو ستایلّناسی" دەبوایە سەرنجی خوێنەری بەلای هەندێ کێشەی واشدا ڕابکێشایە کە پرۆسەی خەملاّندنو تایبەتمەندییان بەیەکجارەکی تەواونەبووە، واتە: هێشتا هەر گفتوگۆیان دەربارە دەکرێو بیروڕای جیاواز دەربارەیان هەن. هەربۆیە خۆشم نەخستۆتە مشتومڕی ئەدەبناسان لەسەر هەندێ زاراوەو چەمك کە پێناسەو ڕای جیاواز دەربارەیان هەن. دانەر پێش چاپکردنی کتێبەکەی بۆ گفتوگۆ لەسەرکردنو بیروڕا گۆڕینەوە ناردوویەتی بۆ زانکۆکانی سوید: یۆتۆبۆرگ، لووند، ستۆکهۆڵم، ئومیۆو ئۆپسالاو سوپاسی مامۆستاو قوتابیانی ئەو شوێنانەی کردووە، کە گەلێ سەرنجو پێشنیازیان دەربارەی کتێبەکە هەبووەو سوودی لێ وەرگرتوون. هەروەها ئەم کتێبە لە سالاّنی (١٩٧٠، ١٩٧٢، ١٩٨٣، ١٩٩١)دا چاپکراوەو هەر جارەو هەندێ دەستکاری کراوە.

پێتەر هالّبێرگ نەیویستووە پارسەنگ بەلای هیچ ڕێبازو قوتابخانەیەك، یان ڕوانگەو گۆشەنیگای هیچ تیۆریستێکی ئەدەبناسیدا لاربکاتەوە، کە بیروڕای یەکێکیانی باسکردووە، بەرانبەرەکەی یان ئەوەی بۆچوونێکی جیاوازی لەو ئەدەبناسە هەیە پشتگوێ نەخستووە...

لە کۆتاییدا ئەوە دەڵێم کە منیش {ئامادەکارو وەرگێڕ} هەمان ڕێبازی پ.هالّبێرگم گرتووە، مەبەستم ئەوەیە نەهاتووم سەرجەمی کتێبەکەی بکەمە کوردی، لەبەر ئەو هۆیانەی پێشتر باسمکردن. ئەو حاشیەو خستنە سەرانەی سەرچاوەکانی تر بۆ ئەم بەرهەمە زیاتر لەوەوە هاتوون، کە من بە دەرز ئەم بابەتەم وتۆتەوە، ناشکرێ مرۆڤ تەنیا بە یەك سەرچاوەوە بوەستێ، بەتایبەتی لە زانکۆو بە ڕەچاوکردنی پێداویستییەکانی قوتابیو ئەو سوودو زانیارییانەی کە دەبێ لە دەرزێکی وەهادا پێیان بگات. هەر لەم ڕووەشەوە سوودم لە سەرچاوەی تر وەرگرتووەو ناوی ئەو سەرچاوانەش

لەم پێشەکییەدا دەنووسمو بەڵام وەك تەبیعەتی ڕێبازی بەرهەمەکە کە مۆنۆگرافیا نییەو بەرهەمێکی فێرکارییە، هەندێ یاساو دیسپلینی لێکۆڵینەوەی زانستی هەن لە کتێبی فێرکاریدا بەشێوەیەکی تر سوودیان لێ وەردەگیرێتو منیش وام کردووە.

هەندێ بەشی کتێبی تر یان بەتەواوی یان بە کورتکراوەیی خراونەتە ناو ئەم کتێبەوە، هەروەها جاری وا هەبووە زیاتر بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکە من نموونەی کوردیم خستۆتە پاڵ نموونە ئەدەبە بێگانەکە، وە نەبێ خۆم ئەو پرسیارەشم بە بیردا نەهاتبێ، کە دەشێ لە کاری وەرگێڕاندا مرۆڤ شتێکی ئاوەها بکات.. یان ئاخۆ پینەو پەڕۆی وا لە زانستدا گونجاوە یان نەو و بۆچی؟! پێشتریش وتم، من لە ئەنجامی چوار ساڵ دەرزوتنەوەی ئەم بابەتەوە، بیرێکی وام لاگەڵاڵە بووە، کە سەرچاوەیەك بێ بۆ خوێندکاری زانکۆو تەنانەت خوێندنی باڵاش.. ئەڵبەتە پاساوی من ئەوەیە، ئەم کارە سوودمەند دەبێو وەك لەسەر بەرگی کتێبەکەش نووسراوە ئەوەی من کردوومە ئامادەکردنو وەرگێڕانییەتی نەك دانان،.. هەر لێرەشدا جێگەی خۆیەتی بڵێم، کە نەك ئێمەی کورد، بەڵکو گەلانی دراوسێی خاوەن دەستەڵاتو دەوڵەتی چەندەها ساڵەشمان، هەر لەدوای ئەورووپاییەکانەوەنو لە هەندێ لایەندا هەر شوێن پێی ئەوان هەڵدەگرن، نەیسا ئێمە..! دەبێ ئێمە چی بخەینە سەر ئەو پێناسەو فۆرمۆلانەی ئەوان هەر بۆنموونە بۆ ژانرەکانی وەك: لیریك، ئێپیك، دراما...هتد کردوویانە، بۆیە پێم وایە، شتەکان بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیانەوە بڵێین، هەرگیز ئامادەکردنو وەرگێڕان نابێتە دانانو هەمووکەس دەزانێ ئەمانە شتی جیاوازن.. گرنگ ئەوەیە ئێمە سوود لەو سامانە بەنرخەی مرۆڤایەتی وەربگرینو ببینە خاوەن پاشخانێکی تیۆریی چاكو کاتێ لە ئەدەبو دیاردە کولتوورییەکانی خۆمان دەکۆڵینەوە، بیانخەینە کارو گەڕو مەیدانی پراکتیکەوە. هەروەها لەباتی (ستایڵناسی) لە بەرگی کتێبەکەدا من (شێوازناسی)م بەکارهێناوە کە ئەو مانایە دەگرێتەوە.

بە ئومێدم ئەم کارە سوودێکی هەبێو چاوەڕوانی هەموو ڕەخنەیەکی چاكو سەرنجو تێبینیشم بۆئەوەی ئەگەر خوای کردو پێویست بوو چاپی تری بکرێتەوە، ئەوسا ڕەچاویان بکەمو سوودیان لێ وەربگرم..

ئەنوەر قادر محەمەد

ئەمانەش ئەو سەرچاوانەن کە باسکران و بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم بەرهەمە سوودم لێ وەرگرتوون:


1. Terry Eagleton. Literary Theory. An introduction, Second Edition, “Blackwell Publishing", UK. 2004.
2. Chris Baldic. Oxford Concise Dictionary of Literary Terms, “Oxford University Press”, UK, 2004.
3. Michail Bachtin . Det Dialogiska Ordet. Översättning J.Öbers, Uddevalla, (Sweden) , 1997.
4. Ronald Barthes . Litteraturen Nollpunkt. Översättning Gun och Nils A.Bengtsson , Uddevalla, 1966.
5. Staffan Bergsten. Litteraturhistoriens grundbegrepp. Lund (Sweden), 2002.
6. Staffan Bergsten ( red.) . Litteraturvetenskap – en inledning , Lund (Sweden), 2002.
7. Lars Elleström. Lyrikanalys – En introduction , Lund , 2006.
8. Eva Heatther & Thomas Göstelius ( red.). Genre – teori. Lund, 2001.
9. Inge Jonsson. Ideer och teorier om ordens konst. Från Platon till Strukturalismen , Malmö (Sweden), 2004.
10. Г. Л. Абромович. Введение в литературоведение.Москва .,1979.
11. Г. В.Ф.Гегель. Эстетиика в 4-хт., Т.1, М.,1968,Т.2 ,1969. Т.3.1971.
12. Г.В.Ф.Гегелъ. Логика – соч. Т1. М – Л., 1930, с.223-224.
13. В.М.Кожевникова и П.А.Николаева. Литературный Энциклопедический Словаарь. Москва.,1987.
14.П.В. Палаевсккий. Литература и Теория. Москва ., 1978.
15. М.А.Палкин.Вопросы теории литературы.Москва., 1978.
16. Г.Н.Поспелов. Введение в литературоведение. Москва.,1983.
17. Г.Н.Поспелов. Теория Литература. Москва., 1978.
18. Словарь Иностранных Слов в Русском языке . изд " Русский Язык ", Москва.,1970

# پێناسەیەك بۆ ئەدەب و تیۆریی ئەدەبی

وشەی تیۆری، کە لە وشەیەکی یۆنانی (Theoria)وە هاتووە، لەسەرەتادا واتای چاودێریکردن، لێ ڕوانینو سەرنجدان، "توێژینەوەی زانستی" گەیاندووە.

هەروەها (Littera) وشەیەکی لاتینییە بە مانای "پیت" یان ئەوەی دەنووسرێت، دوای پەیدابوونی چاپ هەموو ئەو کتێبو بەرهەمانەی کە چاپدەکران هەر وشەی litteratura, literature یان بۆ بەکاردەهات.. ئەدەب- سەرجەمی بەرهەمی نووسراوو چاپکراوی گەلێك، چەرخێك، یان هەموو مرۆڤایەتی دەگەیەنێت. مەبەستمان لە ئەدەبی داهێنانی وەك: (شیعر، چیرۆك، ڕۆمان، دراما...هتد) کە ڕواڵەتێکی هونەرو بەشێکی دەگەیەنێت.

تیۆریی ئەدەبی- بەشێکی ئەدەبناسییە، زانستێکە دەربارەی جەوهەری ئەدەبی داهێنانی هونەری، یەکێکە لە شێوەکانی دەربڕینو دەرك بە ژیان کردن.

زانستی بایەخی بەرهەمی ئەدەبییە لە گەشەپێدانی مرۆڤایەتیدا، بابەتو جۆرەکانی ئەدەبی هونەریو ئامێرەکانی دەربڕینو داهێنان دەگرێتەوە.

تیۆریی ئەدەبی میتۆدی توێژینەوەی بەرهەمی ئەدەبی دێنێتە ناو، چەمکەکانی توێژینەوەی ئەدەب، هەڵسەنگاندنو نرخاندنی ئەو یاساو ڕێسایانەی دەبنە هۆی گەشەسەندنی ئەدەبی داهێنان، دیاری دەکات.

پێش ئەوەی بچینە ناو باسەکانی تیۆریی ئەدەب، دەبێ بپرسین: مەبەستمان لە ئەدەب خۆی چییە؟ بۆ ئەم مەبەستەی ئێمەو بەگشتیش ئەم چەمکە ئەدەبی داهێنانە. لێکۆڵینەوە لەم بابەتانە بەشێکی ئەدەبناسییەو دەبێتە هۆی پێناسەکردنی ئەو زاراوانەو زانینی سەرچاوەو بنەوانیانو ڕەوتو پرۆسەی دروستبوونیان دەگرێتەوە.

خاڵێکی تر هەیە، یان پرسیارێك دێتە ئارا، باشە، ئەگەر مەبەستمان لە ئەدەب litteratura بێ، هەر ئەوە دەگەیەنێ، کە نووسراوە؟ ئەی ئەدەبی زارەکی (فۆلکلۆر) چی لێ بکەین؟ بێگومان ئەمیش هەر بەشێکە لە ئەدەب.. بۆنموونە (ئیلیادە)ی هۆمیرۆس، کە بە سەرەتای ئەدەبی یۆنانی دەژمێردرێت و بۆ (٧٠٠)ەکانی

پ.ز دەگەڕێتەوە، باسی ئەو شەڕەی (سپارتە) و (ترۆیا)یەو بە گۆرانی هۆنراوەتەوەو دەماودەم هاتووە تا هۆمیرۆس و بەناوی ئەوەوە تۆمارکراوە.

هەر لەم ڕووەوە، گەلێ خاڵی تریش دێنە پێشەوە، وەك ئەوەی ئەگەر مەبەست لە ئەدەب هەموو شتێکی نووسراو بێت، کەواتە ئەو بابەتانەی کە دەربارەی زانستە پراکتیکییەکانی وەك کیمیاو فیزیاو...هتد یان بابەتەکانی تر کە کۆمەڵایەتی، یان مێژوویین و لە زانکۆدا دەخوێندرێن ئەوانیش هەر نووسراون، ڕاستە ئەمانەش هەموو نووسراون، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە، چەمکێکی تەواو سنووردارو دیاریکراوە، ئەدەبی داهێنانی هونەرییە، کە بابەتەکانی وەك: "شیعرو چیرۆكو ڕۆمانو دراما...هتد" دەگرێتەوە. جاری وا هەیە، هەندێ مەبەست بە شیعر، بە کێشو قافیەوە نووسراون، بەڵام ناوەرۆکێکی زانستیو زانیاریبەخشیان هەیە تا مەبەستێکی هونەری. بۆنموونە هەندێ لەو بابەتە فەلسەفییانەی یۆنانییەکان دەیاننووسین، یان دەقی ئاینی. شایانی باسە هەندێ لە دەقە ئاینییەکان بە زمانێکی ناسكو هونەریو بە ئاوازەوە نووسراون، بەهایەکی ئەدەبیی بەرزیان هەیە، بۆیە دەشێ، هەندێك لەوانە، بچنە چوارچێوەی ئەدەبی داهێنانەوە.

ئەی ئەگەر شاعیرێك هات بەسەرهاتێکی مێژوویی وەك هەواڵو دەنگوباس بە شیعر یان بە پەخشان بۆ نووسین؟ ئەگەر مەبەستی باسەکەی ڕاپۆرت ئاسا بوو، بێ ئەوەی ڕەچاوی یاساو ڕێسا ئەدەبییەکان بکات، ئەوا ناچێتە چوارچێوەی ئەدەبی داهێنانەوە، بەڵام ئەگەر سوودی لە مێژوو وەرگرتبوو، بە شێوازێکی هونەری ڕۆمانی بۆ نووسیبووین، ئەوە ئەوکاتە بە ئەدەبی داهێنان دەژمێردرێ، بۆنموونە، ڕۆمانی "جەنگو ئاشتی"ی ل.ن.تۆڵستۆی کە لەسەر بنەمای ڕووداوی هێرشی ناپلیۆن بۆ سەر ڕووسیا نووسراوەو یەکێکە لە شاکارەکانی مێژووی ئەدەبی جیهانی.. هەر لەم ڕووەوە جێگەی خۆیەتی قسەیەکی ئەرستۆ بهێنینەوە کە دەڵێ: "ئەو شاعیرەی مێژوومان بە شیعر بۆ بهۆنێتەوە، ئەوە شاعیر نییە، ئەوەشی کە لە مێژوو نەگات ناتوانێ شاعیری چاك بێ". کەواتە، ئەو نووسەرەی کە دێت سوود لە مێژوو وەردەگرێتو بەشێوەیەکی داهێنەرانە، لەڕێگەی ناسکوێژیو ڕەچاوکردنی لایەنە هونەرییەکانی تری هەر ژانرێکەوە سا شیعربێ، چیرۆك، ڕۆمان، یان دراما،... بەرهەمێك دەنووسێ.. ئەوە ئەدەبی داهێنانە،.. ئەگەر نووسینەکەش هەندێ گێڕانەوەی ڕووداوی مێژووییو ساڵو

بەشێوەیەکی وشكو برینگ بوو، ئەوە پەیوەندیی بە ئەدەبی داهێنانەوە نییەو بابەتێکی مێژووییە.

باسەکەمان هەر بەو چەند پێناسەو جیاکردنەوانەوە ناوەستێ، کە لەپێشدا باسمانکردوون، بەڵکو گەلێ باسی تریشی لێ دەکەوێتەوە.. بۆنموونە پاداشتێکی جیهانی هەیە "خەڵاتی نۆبڵ" بۆ گەلێ لە زانستەکانو هەروەها بۆ ئەدەب.. زۆربەی جار دانەرانی بابەتی داهێنانی هونەری وەریدەگرن، کەچی هەر ئەم پاداشتە درا بە دوو فەیلەسوفیش هینری بیرگسۆن (١٨٥٩-١٩٤١)و براتراندرسل (١٨٧٢-١٩٧٠). یان دەدرێ بە مێژوونووسیش، مەبەست لێرەدا تەنیا ڕوونکردنەوەی ئەو بەربڵاوییەیە کە وشەی (ئەدەب) دەیگرێتەوە.

لە کاری هونەریی ئەمڕۆدا بابەتی وا هەیە کە لەسەر سنووری باسەکەی ئێمەدایە، وەك هونەری سینەما، کە بە چاو دەبینرێ، لەڕێگەی سیناریۆوە سازدەکرێ، گفتوگۆی پاڵەوانەکانی تێدایەو خۆی لە بابەتی دراماوە نزیکدەکاتەوە، گەلێ جار سیناریۆی فیلمێك ڕۆمانێکە، یان نووسینێکی هونەرییە.. جاری واش هەیە، دەرهێنەرێکی ناوداری سویدیی وەك ئینگمار بێرگمان (١٩١٨-؟) کە لەسەر ئاستی جیهان ناسراوە، فیلمەکانی خۆی بەشێوەی کتێب بڵاودەکردەوە، بەڵام ئەو بابەتانە لە چوارچێوەی ئەدەبو ئەدەبناسیدا لە زانکۆکاندا ناخوێندرێن.. لێرەشدا ترادیسیۆن (تەقالید) و تێگەیشتنی خەڵك دەبێتە پێوانە، کەواتە هەر بەرهەمێك یاساو ڕێساکانی، ڕەوانبێژیو جوانکاریی ئەدەبی داهێنانی هونەریی تێدا نەبوو، ناچێتە چوارچێوەی بابەتی زانستی ئەدەبناسییەوە.

مێژووی بنەوانی پەیدابوونی تیۆریای ئەدەبی دەبەنەوە سەر ئەرستۆو (٣٨٤-٣٢٢) پ.ز و کتێبە ناودارەکەی "پۆیەتیکا" (هونەری دانان، هۆنینەوە) بەڵام ڕاستیەکەی لە ١٩٠٠ەکاندا تیۆریای ئەدەب بەشێوەیەکی گەشەسەندوو و فراوان بووە دیسپلینێکی گرنگ لە چوارچێوەی زانستی ئەدەبناسیدا: واتە گفتوگۆکردنو نووسین دەربارەی پێکهاتەی ئەدەبو توێژینەوەو شیکردنەوەو نرخاندنی دیاردەکانی کە ئەمڕۆ بوونەتە بابەتی خوێندنو زانستێکی بەرچاون، ئاگاداریو زانیاری لەوبارەیەوە توانای ڕۆشنبیریو ئەدەبی دەگەیەنێت.

فۆرمالیستەکانی ڕووس، (شێوەخوازەکان) لەم ڕووەوە دەستپێشکەرو پێشڕەو بوون. ئەمان مەوداو تێگەیشتنێکی تازەیان هێنایە ناو دنیای ئەدەبناسی.. پێیان وابوو نابێ سنوور بۆ ئەدەبناسی دابنرێت، چونکە لە فەلسەفەو زانستی زمانناسیو دەروونناسیدا گۆڕانی گەورە بەدیهاتوونو ناکرێ کە ئەدەبو ئەدەبناسی لەو زانستانەو پێشکەوتنیان بەدووربگیرێن. هەرچەندە جەوهەری بیری فۆرمالیستەکان، گرنگیدان بوو بە دەقو شێوازی دەق، لایان وابوو کە دەق هەندێ "یاسای ناوخۆیی هونەریی" خۆی هەیەو دەبێ لەو ڕوانگەیەوە سەیری بکەین. هەر جۆراوجۆریی ئەم بۆچوونانەو تاوتوێو تەتەڵەکردنی ئەو پرسیارو گرفتانەی دەهاتنە ئارا، گرنگ بوون بۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندییەکان، بۆنموونە کزبوونی پەیوەندی لەنێوان: نووسەر، دەق، خوێنەردا.. بەواتایەکی تر ئەمە ئەوەی دەردەخست کە لە ڕواڵەتی مێژوویی کۆن یان هاوچەرخدا، ئەدەب چەند هەمەلایەنەو ئاڵۆزە.

دەبێ ئاماژەی مەسەلەیەکی گرنگیش بکەین لێرەدا، ئەویش ئەوەیە کە ڕێبازی تیۆرییە ئەدەبییەکان (مۆنۆلۆت) یەك جۆر نینو دەشێ لە ڕوانگەی جیاوازەوە سەیربکرێنو مامەڵەو بۆچوونی تیۆریستەکە گرنگە، کە دەشێ لە هەندێ بۆچوونو بیروڕادا (تێزدا) جیاوازیی لەگەڵ یەکێکی دی، یان ڕێبازێکی تردا هەبێت.. ئەمەش بۆ شێوەی گەشەسەندنی ڕەوتی ئەدەبەکە لە (شوێن و کات)ی دیاریکراودا دەگەڕێتەوەو تایبەتمەندیی ئەدەب دەردەخا کە بەردەوام گفتوگۆ لەسەر باسو کێشەکانی دەکرێو نیشانەی دەوڵەمەندیو بەرفراوانی دنیای ئەدەب دەگەیەنێت.

ئەو تیۆریستانەی کە لێکدانەوەیەکی ماتریالیستیان بۆ ڕوانین لە واقیعو جیهان هەیە، هەمیشە بایەخێکی سەرەکی بە لایەنە مێژووییو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان دەدەنو لەو ڕوانگەیەوە دیاردە هونەریو ئەدەبییەکان پێناسە دەکەنو هەڵدەسەنگێنن.

بەڵام شێوەخوازەکانی ڕووس هەندێ بیروبۆچوونی تازەیان هێنایە ئارا، کە تا ئێستاش لە ئەدەبی ئەورووپای ڕۆژئاوادا هەر بەرەوپێشەوە دەبرێو تەنانەت سەرباشقەی تیۆریی ئەدەبو ئەدەبناسییە، ساڵی ١٩١٧ ڤیکتۆر شکلۆڤسکی وتارێکی پێشڕەوانەی بەناوی "Art as Device" (هونەر وەك داهێنان)ەوە بڵاوکردەوە، کە هەندێ زاراوەی وەك "ئەدەب"، "خوێندنەوە"، "ڕەخنەگرتن"ی بە مەودایەکی تازەوە

هێنایە بەرباس‌و خواس‌و دەمەتەقێ‌و لای وابوو کە: "ئەدەب، زمان بە شێوەیەکی داهێنەرانە ڕێکدەخا"، مەبەستی لە زمان، زمانی ئاسایی‌و ڕۆژانەی خەڵك بوو.. دوای ئەم، زمانەوان‌و ئەدەبناسێکی تری ڕووس ڕۆمان یاکۆبسۆن دەڵێ: "ئەدەب زمانی ڕۆژانەی خەڵك، بەشێوەیەکی سیستماتیك دەگوێزێتەوەو ڕێکدەخاو دەیخاتە جووڵەو گوڕێکی بزێوەوە.. ئەدەب دەقێکی ئاینی، سیکۆلۆگی، سۆسیۆلۆگی نییە، بەڵکو شێوەیەکی تایبەتیی ڕێکخستنی زمانە.. ئەم (واتە ئەدەب) یاسای تایبەتی خۆی هەیە، بونیادو شێوەی داهێنانی خۆی هەیە، کە دەتوانرێ لەناو خۆیدا لێی بکۆڵرێتەوە، نەك بەوەی بیدەیتە پاڵ شتێکی ترو بەهۆی (دەوروبەرو لایەنە مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی‌و...)کانەوە ڕوونی بکەینەوە..".

زانستە مرۆڤایەتییەکان بەشێوەیەکی بنەڕەتی مێژووین، واتە لە سەردەمانێکدا لە (کات‌و شوێن)ی دیاریکراودا ڕوویانداوە، نووسراون‌و ئاسەواریان بەجێهێشتووە، لەبەر کاریگەرییان‌و دەوریان بایەخیان پێ دەدرێت.

دوان دەربارەی ئەو ڕێبازانەو شیکردنەوەیان، دیاریکردنی قۆناغی مێژووییان‌و بەستنەوەیان بە مرۆڤەوە، ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەی بونیادو چۆنیەتیان بابەتی لێکۆڵینەوەن. کاری زانستی دەربارەی تێکستی ئەدەبی‌و دانەرەکانیان‌و ئەو دەوروبەرەی ئەدەبەکەی تێدا هاتۆتە کایە، بە مێژووی ئەدەب ناودەبرێت.

لە (١٩٠٠)ەکانەوە ئەم زاراوەیە واتە مێژووی ئەدەب، زۆر بەرفراوان‌و سەرجەمی بوو، تا ساڵی ١٩٦٨، دواتر زاراوەیەکی تر کە زانستی ئەدەبناسییە هاتەکایە. ئەو ساڵە لە ئەورووپا خوێندکاران بزووتنەوەیەکی گەورەیان بەرپاکردو یەکێك لە ئامانجەکانیان، چاوخشاندنەوە بوو بە بەرنامەکانی زانکۆو گۆڕانکاری تێیاندا. کەش‌وهەوایەکی ڕادیکاڵ لە دنیای توێژینەوەدا هاتەئارا. دیارە ئەدەبی داهێنانی هونەری، وەك بابەتێکی پڕبایەخ‌و گرنگ، هەمیشە دەمەتەقێ‌و گفتوگۆی دەربارە کراوەو بابەتی هەموو کات‌و سەردەمێك بووە.. وەك دەبینین کە باس‌و بابەتە ئەدەبییەکان زاراوەی لێکدانەبڕاون‌و هەندێ جار ڕوونکردنەوەیان ئاسان نییە.. جاران زاراوەی مێژووی ئەدەب هەمووی دەگرتەوە، بەڵام دوای داهاتنی زاراوەی زانستی ئەدەبناسی گرفتێك هاتەپێش، لەبەرئەوەی هەندێ بابەتی مێژووی ئەدەب (بەمانا تازەکەی) ناچنە چوارچێوەی زانستی ئەدەبناسییەوە، بۆنموونە وەك ژیانی نووسەر یان

سەردەمەکەی‌و...هتد، هەربۆیە زانستی ئەدەبناسی، زیاتر جەخت لەسەر مەسەلە تیۆرییە پالْڤتەکان دەکات.

شایانی باسە لە کۆتایی شەستەکان‌و حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا ئەم گفتوگۆو باس‌وخواسە لەسەر بابەتەکانی ئەدەب‌و ئەدەبناسی بەردەوام بوو، بەتایبەتیش لەسەر زاراوەکان‌و چۆنیەتیی پێناسەکردنیان، بەڵام لەماوەیەکی پێشتردا ساڵی ١٩٤٩ دوو زانای ناسراوی ئەدەبناس Rene Wellek و Austin Warren کتێبێکیان بەناوی "A Theory of Literature" (تیۆری ئەدەب) ەوە نووسی، کە بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبوویەوەو ڕووانین‌و بۆچوونەکانیان زۆر کاریگەرو دەگمەن بوون، ئەمان تیۆرییەکی تازەیان هێنایە کایەوە،کە هاوکێشییەکی لەنێوان"intrinsic"(جەوهەری یان ناوەکی)و "extrinsic" (دەرەکی)دا، بەواتایەکی تر هاوکێشییەکیان لەنێوان توێژینەوەی دەق‌و مێژووی ئەدەبدا بەچەمکە تەقلیدیە باوەکەی دروست کرد...

لەئەنجامی ڕانانی ئەم پێناسەو چەمکانەدا دەتوانین بڵێین کە تیۆری ئەدەبی — یەکێکە لەبەشە بنەڕەتییەکانی زانست دەربارەی ئەدەب، کە لە سرووشت‌و ئەرکی ئەدەب دەکۆڵێتەوە، هەروەها ڕێبازی توێژینەوەشی دیاری دەکات.

ئەو مەسەلانە کە تیۆریی ئەدەبی لێیان دەکۆڵێتەوەو چارەسەریان دەکات سێ جۆرن:

یەکەم: دەربارەی تایبەتمەندیی دەربڕینی هونەریی واقیعە لەلایەن نووسەرەوە.

دووەم: دەربارەی بونیادی هونەریی بەرهەمی ئەدەبییە.

سێیەم: پرۆسەی ئەدەبی دەگرێتەوە..

یەکەمیان: سەرنجدانە لەوێنەی هونەری‌و، جوانیناسی (ئیستێتیك)، ئیدیاڵ (بیری بەرز)، ڕوانگەی لەدنیا ڕوانین‌و توێژینەوەیە لەبەهاو مانا بەرزو مرۆڤایەتییەکانی هونەر بەگشتی.

دووەمیان: باسی ئیدیا (بیرۆکە)، بابەت، چۆنیەت‌و سرووشتی بونیادو تایبەتمەندییەکانی بەرهەمی ئەدەبییە.

سێیەمیش: باسی ستایڵ‌و بابەتەکانی ئەدەب‌و ژانرەکانی ڕێبازو قوتابخانە ئەدەبییەکان‌و پەیوەندی‌و تێکەڵاویی هەموو ئەم چەمکانە بەیەکەوە.

وەك لەمەوپێش وترا، بیروبۆچوونی جیاواز دەربارەی ئەدەب‌و مێژووی ئەدەب‌و ئەدەبناسی هەن‌و لەڕوانگەی جیاجیاوە لێیان کۆڵراوەتەوەو شیکراونەتەوەو

ڕوونکراونەتەوەو دیاریکراون، بەڵام هێڵی سەرەکیو چەمکی بنەڕەتییان شێوازی خۆیان وەرگرتووەو چەسپاون.. لەهەندێ سەرچاوەو توێژینەوەکاندا "ئەدەبو هونەر" وەك دوو شتی جیاواز بەکاردێن، بەڵام لەڕاستیدا ئەدەب لقێکی هەرە گرنگی هونەرەو هونەر مانایەکی گشتی تری هەیە.. لەبەشی داهاتوودا دەربارەی ئەمەو هەندێ زاراوەو چەمکی تری تیۆریی ئەدەب دەدوێین*

* ئەم بەشە لە خوودی کتێبەکەدا نییەو لەو سەرچاوانەوە وەرگیراوە کە لە پێشەکییەکەدا ئاماژەیان بۆ کراوە.

## هونەرو ئەدەب

وشەی هونەر مانای شارەزاییو وەستایەتی، کارامەییە لەکارێکدا. باڵادەستی ئەندازیارێك، مامۆستایەك لەپیشەکەیدا هونەرە، هەروەها هونەر بەمەیدانێکی تایبەتیی چالاکیی مرۆڤیش دەڵێن: واتە بەرهەمی هونەری. مرۆڤ هەر لەکۆنەوە لەکاردا بەوە ڕاهاتووە، کە زاڵ ببێ بەسەر دیاردەکانی دەوروبەری خۆیداو بیانهێنێتە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو سوودیان لێ وەربگرێت، بەڵام هەمیشەش جوانی بەرز نرخاندووە.

جوانی پلەی باڵاو تەواوی پێگەیشتووی شتێك یان داهێنراوێکە.. جوان بەوە دەوترێ کە چ لەڕووی ناوەرۆکو چ لەڕووی ڕواڵەتەوە دڵگیربێ. لەسرووشتدا جوانی خواکردەو هەر لەخۆیەوەیە دێتە ئارا، یاساکانی بایۆلۆجی پاراستنو گەشەسەندنی جۆر دابیندەکەن: چاکترین ڕووەك یان گیانلەبەر کە بەهێزو نایابن، بەرگەی مانەوە دەگرنو بەردەوامییان تێدایە. بەپێچەوانەی سرووشتەوە، مرۆڤ بەهۆشیاری دەیەوێ هەم خۆیو هەم ئەو شتانەی درووستی دەکات جوان بن. ئەم هەوڵی پێگەیشتنو کامڵبوونە، مرۆڤ دەخاتە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی  کە ململانێی سرووشت بکات، بەوەی کە جوانییەکی تر بێنێتە کایە، جوانییەك لەوەی کە لەسرووشتدا هەیە نایابترو باڵاتربێ.

ئەو چێژەی کە مرۆڤ لەجوانیی وەری دەگرێ، پێی دەڵێن چێژوەرگرتنی ئیستێتیکی* (جوانیناسی). مرۆڤ کە جوانی بەرهەم دەهێنێ، شانازی بەخۆیەوە دەکات، کە کارێکی جوانی کردووە. پێداویستیی مرۆڤ بۆ جوانی، بۆ شتی نایابو دڵگیر پێی دەوترێت پێداویستیی ئیستێتیکی. زانست دەربارەی جوانیی ژیان لەهونەردا بە ئیستێتیك ناودەبرێ. ئەم هەستی چێژ لە جوانی وەرگرتنە، تایبەتمەندیی مرۆڤەو بە زگماکی لەگەڵیدایە.

داهێنان بە (یاساو ڕێساکانی جوانی) لەهونەردا، لەبەرهەمی داهێنراودا دەبێ. لەهونەردا بەپێچەوانەی هەندێ لایەنی کاروباری ژیانەوە، جوانیو خولقاندنی

---

* ئەم وشەیە aisthétikos، وشەیەکی یۆنانییە، پەیوەندی بە ئیستیعابی هەستەوە هەیە. زانستێکی فەلسەفییە کە شێوەو جەوهەری جوانی لەبەرهەمی ئەدەبیدا، لەسرووشتو ژیاندا دیاری دەکات. هەروەها لەیاساکانی گۆڕانی هونەر، یەکێتی ناوەرۆکو شێوەی بەرهەمی هونەری، جێگای مرۆڤو {هەستی جوانیناسی} لەژیانو کۆمەڵدا دەکۆڵێتەوە، بڕوانە: فەرهەنگی وشە بێگانەکان لەزمانی ڕووسیدا، مۆسکۆ، ل٧٢٦.

جوانی‌و چێژ لێ وەرگرتنی_ کاریگەرو بڕیاردەرە. هونەر چاوی خەڵك دەکاتەوە، جوانی مادی‌و گیانیان نیشان دەدا. هونەرمەندان سرووش دەبەخشنە کەسانی ڕۆژگاری خۆیان‌و نموونەی بەرزی هونەرییان نیشان دەدەن. یەکێك لە مەرجەکانی جوانی‌و هونەری جوانیش ڕاستگۆییە. کاتێ ڕاستی لە بەرهەمی هونەریدا نامێنێ، ئەوا جوانیش بەجێی دەهێڵێ. مەبەستمان ڕاستیی ژیانی ڕۆژانە نییە، بەڵکو ئەو ڕاستییەیە کە هونەرمەند بەهۆی زانیاری قووڵییەوە دەربارەی ژیان، بەهۆی بەهرەی هونەری‌و کارامەییەوە دەیخاتە بەرچاوان‌و پێشکەشی دەکا. لەئەدەبدا گەلێ پاڵەوانی وا هەن، کە فەنتازیاو خەیاڵی نووسەرێك خولقاندوونی‌و کەسانێکی وا کوت‌ومت لەواقیعدا نین، بەڵام دەشێ کەسانی وا لەناوماندا هەبن.. هێنانەوە کایەی واقیع‌و ژیان بەهەموو دیاردە جیاجیاکانیانەوە، لەکارێکی هونەریدا نەك هەر شتە جوان‌و شایستەکانی مرۆڤو پەیوەندیی مرۆڤ پێشکەش دەکا، بەڵکو دەبێتە هۆکاری تێگەیشتنی قووڵ لەژیان‌و تەنانەت پەروەردەکردنی مرۆڤیش. هونەر بەهای بەرز نیشانی مرۆڤ دەدا، بیروبۆچوونی هەست‌و سۆزی دەژێنێتەوەو گەشەی پێ دەدا، وای لێ دەکا هەوڵی گۆڕین‌و خەملاندنی ژیان بدات.

## هونەر- بیرکردنەوەیە بەوێنە

زۆرجار هونەر لەگەڵ زانستدا بەراورددەکرێ، ئەم بەیەکدی گرتنە دەبێتە هۆی تێگەیشتنی لەیەکچوون‌و جیاوازییان. هونەرمەندیش وەك زانا دەگەڕێ بەدوای هەڵهێنانی نهێنییەکانی جیهانی دەوروبەردا. هەموو بەرهەمێکی هونەریی ڕەسەن ڕەنگدانەوەی بیری دانەرەکەیەتی، هەروەها زانین‌و دەربڕینی یاساکانی ژیان ئەرکی گشتی زانست‌و هونەرە، بەڵام لەکاتێکدا زاناکە هۆش‌و بیری مرۆڤ بۆلای چەمك‌و ڕاڤەکردنی ژیان بەشێوەیەکی ژیربێژانە ڕادەکێشێ، هونەرمەند خودی ژیان خۆی بە وێنەو شێوازێکی بەرجەستەکراو دەهێنێتە کایە. ئەگەر زانا لەگەڵ عەقڵی مرۆڤدا بدوێ، ئەوا هونەرمەند کار لەهەست‌و سۆزی دەکا.

بەواتایەکی تر ئەگەر زاناکە ڕاستی بسەلمێنێ، هونەرمەند نیشانی دەداو بەیاساکانی ئیستێتیکی دەینرخێنێ. هەروەك زانای ناوداری ڕووس ڤ. گ. بیلینسکی دەڵێ: "هونەرمەند بەوێنە بیردەکاتەوە".

بابەتی هونەر، بەتایبەتی ئەدەب، هەموو ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە، بەبێ گوێدانە ئەوەی کارو پیشەی چییە، ئەدەبی داهێنان هەندێ لایەنی وا دەردەبڕێ، کە لەوزەی هیچ زانستێکدا نییە: واتە گەیشتنی بە لایەنی ڕۆحیی مرۆڤ، سرووشتو ڕەوشتی، هەروەها ناوەرۆکی ئیستێتیکی بوونی مرۆڤ. ئەم تایبەتمەندییەی ئەدەبە کە وای لێ دەکات پێداویستییەکی گیانیی مرۆڤ بێ. ئەگەر زانایەکی بیرکاری بەرهەمەکەی تەنیا بۆ پسپۆڕو شارەزایانی بابەتەکەی بێ، ئەدەب ڕووی لەهەموو خەڵکە بەبێ گوێدانە جیاوازییان لەڕووی کارو پیشەو... هتد. هەرگیز ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە پێویست ناکات شارەزاییەکی چاکی ئەدەبو هونەربی، بۆئەوەی بە قووڵیو هەمە لایەنە لەکارێکی ئەدەبی بگەی. مرۆڤ دەبێ بەوردی لەئەدەب بگا، بۆئەوەی هەڵگری کولتوورێکی بەرزبێ.

جیاوازییەکی تری نێوان کاری هونەریو زانست، کەسایەتیو جێدەستی دانەرەکانیانە لەبابەتەکەدا.. لەهونەردا هەمیشە کەسایەتیو هەڵوێستی هونەرمەند دەوری کاریگەری هەیە.

## جێگای ئەدەب لەناو لقەکانی تری هونەردا

بەگوێرەی ئەو کارانەی کە دێنە بەردەم لایەنەکانی هونەری داهێنانو ئەو کەرەسەیەی کە لەئەنجامی کاری هونەرمەندەکەدا بەکاردێتو بەرجەستە دەبێت، جۆرەکانی هونەر لێك جیادەکرێنەوە.

لەهەموویان دێرینترو خاوەن پەیوەندییەکی تووندوتۆڵتر لەگەڵ پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا، هونەری ئارکیتێکتۆریا (بیناسازی، تەلارسازی)یە. جەوهەری ئیستێتیکیی کەرەسەو تفاقی بونیادنان، لەخانووە دروستکراوەکاندا دەردەکەوێ.

یەکێکی تر لەپێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەو مادیی مرۆڤ هونەری دیکۆراتیڤە، وەك مۆبێلە، فەرش، چلچراو شتە ڕۆشنایی بەخشەکان، جلوبەرگ، قاپوقاچاخ، خشڵو زێڕ...هتد.

ئەو جۆرە هونەرەشی کە لەبەرچاوانە وەك: پەیکەرتاشی، ڕەسم، گرافیك، وێنەگرتنی فۆتۆگرافی... ئەمانە بەشێوەیەکی کاریگەر جوانیی ژیان لەشێوازێکی بینراوو بەرجەستەدا پێشکەش دەکەن.

مۆسیقاش ئێمە دەباتە دنیای هەستی بەرزی مرۆڤانە کە بەهۆی ئامێرەکانی مۆسیقاوە یان بەدەنگی مرۆڤ پێشکەش دەکرێ. ئاوازدانەرێك وتوویەتی: "مۆسیقا زمانی ناڕاستەوخۆی گیانە". ئەگەر لەو هونەرانەی تردا چێژوەرگرتن بەبینین بێ، لەمیاندا بەبیستنە.

هەروەها سەماو جومناستیکیش کە جموجوولّی لەشی مرۆڤو جوانی دەردەخەن، جۆرێکی ترن لەهونەر.

جێگای تایبەت لەناو لقەکانی هونەردا هی ئەدەبو داهێنانی ئەدەبیی وەکو شیعر، چیرۆكو ڕۆمان، درامایە. بەهۆی زمان، ئەو کەرەسە گەردوونییەوە، ئەدەب لەتوانایدایە بەشێوەیەکی فراوانو قووڵ، ژیان لەبزووتنو گۆڕاندا نیشان بدا، توانای گۆڕینی مرۆڤو کۆمەڵگاو سەرجەم ژیانی هەبێت، ئەدەب کاردەکاتە سەر جۆرەکانی تری هونەر، بۆنموونە هونەری شانۆو سینەما کە بە "هونەری ئامێتە" ناودەبرێن، چونکە بەزیاتر لەیەك لقی هونەر پێکدێن. بێ نووسین نە شانۆو نە سینەما پێکنایەن.. هەربۆیە ڤ. گ بیلینسکی وتوویەتی: "ئەدەبی داهێنان بەرزترین شێوەی هونەرە". چونکە لەهەموو شێوەکانی تری هونەر بەربڵاوو بەکێشمانترە. شیعر بەئازادی بە وشە دەردەبڕدرێ، کە دەنگی هەیە، هەروەها وێنەی هونەری دێنێتە پێش چاوو بەرجەستەی دەکات. شیعر هەندێ لەڕەگەزەکانی تری هونەر دەگرێتە خۆی، هەروەك ئەوەی هەڵگری هەموو ئامێرەکانی دەربڕینی هونەری بێ. ئەگەر ڕەسمو مۆسیقا هەریەك بە وزەی خۆی کار لەهەستو سۆزی مرۆڤ بکەن، ئەوە ئەدەب بەهۆی زمانەوە نەك هەر کار لە هەستو نەست دەکات، بەڵکو دەگاتە دنیای بیرو ژیریی مرۆڤ، ئەدەب توانای هەیە زۆر سەرکەوتووانە کەسایەتیو هیواو خەمی مرۆڤ دەربڕێ، ئەو دەوروبەرەش بخاتەڕوو کە مرۆڤی تێدا پەیدابووەو کەسایەتی خەملاوە. ئەم شتانە هەموو وایان کردووە، کە ئەدەب بەهونەری مرۆڤناسی لەقەڵەم بدرێ.*

---

* ئەم بەشەش هەر لە سەرچاوەکانی پێشەکییەکەدا هەیە.


هونەر
ئارکیتێکتۆرا
بیناسازی- تەلارسازی
دیکۆراتیڤ
پەیکەرتاشی
گرافیک
ڕەسم
(نیگارکێشان)
وێنەی فۆتۆگرافی
مۆسیقا
سەما
ئەدەب


هونەر
دەربڕین
لیریک (شیعری خودی، گۆرانی)
مۆسیقا
سەما
تەلارسازی
هونەر (کات)
ئەدەب
مۆسیقا
کات و شوێن
پانتۆمیم
سەما
نیشاندان
ئێپیک (داستانە شیعر)
پەیکەرتاشی
نیگارکێشان
هونەر (شوێن)
پەیکەرتاشی
ڕەسم
تەلارسازی

**هونەری پێکهاتەیی**

- پەیکەرتاشی
- نیگارکێشان
- مۆسیقا
- سەما
- پانتۆمیم

**هونەری لێکدراو**

- **گۆرانی**
  - مۆسیقا
  - شیعر
- **سینەماو دراما + ئۆپێرا**
  - وشە (هونەری)
  - پانتۆمیم
  - نیگارکێشان
  - مۆسیقا
- **بالێت**
  - سەما
  - مۆسیقا
  - نیگارکێشان
- **تەلارسازی**
  - پەیکەرتاشی
  - نیگارکێشان

## ناوەرۆك و شێوە (فۆرم)

ناوەرۆك و شێوە: لەكۆنەوە دوو چەمكی بیركردنەوەی فەلسەفی بوون، نەك هەر لەبەرهەمە هونەرییەكاندا، بەڵكو لەدیاردەكانی تری ژیانیشدا دوولایەنی بنەڕەتیی لێكدانەوە بوون.. بەمانا گشتییەكەی ئەمە لەچالاكیو بونیادناندایە. فەلسەفەی دیالێكتیكی جەختی ئەوە دەكات، كە ناوەرۆكی دیاردەكانی ژیان هەمیشە پابەندی شێوەكەیەتی، فۆرمەكەشی لە ناوەرۆكەكە دانەبڕاوە.

هیگڵ (١٧٧٠- ١٨٣١) زۆر بەچاكی دەربارەی یەكێتیی ناوەرۆك و فۆرم لەهونەردا دواوەو دەڵێ: "بەرهەمی هونەری، ئەگەر فۆرمی گونجاوی خۆی نەبێ، ئەوە بوونی نییە. بەرهەمێكی هونەری، هەر لەبەرئەوەی ناوەرۆكێكی باش (تەنانەت زۆر نایابیش)ی هەبێ، نابێ پێی بڵێین ڕاستەقینەو ڕەسەن، ئەمە بۆ هونەرمەند پاساودانێكی خراپە، تەنیا ئەو بەرهەمە هونەرییەی كە ناوەرۆك و شێوەكەی هاوتاو گونجاون، ئەوە بەرهەمی هونەری ڕاستەقینەیە". (هیگڵ. لۆجیك. سەرجەمی بەرهەمەكانی، مۆسكۆ- لینینگراد، بەرگی یەكەم، ل٢٢٥).

ناوەرۆك و شێوەی بەرهەمی ئەدەبی، یەكێتیی دوودژن. ناوەرۆكی بەرهەمەكە لایەنی ژیانی گیانیو چالاكیی خەڵك دەگرێتەوە، بەڵام شێوەی بەرهەمەكە- دیاردەیەكی مادییە. ئەمەیان ڕاستەوخۆ بە وشە ڕۆنانی بەرهەمەكەیە، زمانی هونەرییە كە بەهۆی دەنگەوە دەردەبڕدرێ، شەپۆلی دەنگە لەكاتداو دەبیسترێ، بەهۆی نووسینەوە یان چاپكردنییەوە دەبێتە دەقێكی نووسراو.

دۆزینەوەی فۆرمێكی گونجاو بۆ ناوەرۆكی بەرهەمێكی هونەری، پرۆسەیەكی زۆر ئاڵۆزو درێژخایەنەو هونەرمەند لەئەزموونێكی ئاڵۆزو چڕدا، دوای ئەوەی كارامەییو وەستایەتی پەیدادەكا، دەتوانێ شێوەی گونجاو بۆ ناوەرۆكی بەرهەمەكانی بدۆزێتەوە.

ئەو ڕەگەزو لایەنانەی بەرهەمی ئەدەبی كە بەلای فۆرمدا دەشكێنەوە (زمانی هونەری، ژانر، كێش و سەروا...)ن، ناوەرۆكیش (بابەت، كەسایەتی، هەلومەرج، ڕێبازەكان،...هتد) دەگرێتەوە.

بەلای تەنانەت ئەوانەشەوە کە لە ڕوانگەی ماتریالیستییەوە سەیری ئەم دوو زاراوەیە دەکەنو هەمیشە لە فەلسەفەدا پێیان وایە ناوەرۆك پێش فۆرم دێ، بەڵام کاتێ باسەکە پەیوەندیی بە ئەدەبەوە هەبێت، زۆر بە پارێزەوە تێی دەڕوانن و پێیان وایە مامەڵەکردن لەگەڵ بەرهەمێکی ئەدەبیدا کە ئەزموونێکی تاکەکەسو دووبارە نەبووەوەیە، تایبەتمەندییەکی دەگمەنی هەیە، نابێ هەمان مامەڵەی فەلسەفەی لەگەڵدا بکەین، واتە ناوەرۆك پێش شێوە بخەین.

لەیەکجیاکردنەوەی چەمکی ناوەرۆکو فۆرم بەتایبەتی لە سەدەی هەژدەیەمو سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا ڕوویداو لەپێش هەمووشیانەوە لە زانستی ئیستێتیکی ئەڵمانیدا بەشێوەیەکی زۆر ڕوونو ئاشکرا لای هیگڵ دیارە، هەر ئەمیش جەختێکی زۆری لەسەر چەمکی ناوەرۆك دەکرد، ئەمەش هەنگاوێکی گەورەبوو بەرەوپێشەوە لە توێژینەوەی سرووشتی ئەدەبدا، هەرچەندە مەترسیی ئەوەشی لێ دەکرا، کە ببێتە هۆی لێکدابڕانی ناوەرۆکو شێوە. لە ئەدەبی سەدەی نۆزدەیەمدا زیاتر بایەخ بە ناوەرۆك دەدرا، هەروەك ئەوەی بەرپەرچدانەوەیەك بێ، لە سەدەی بیستەمدا، زیاتر جەخت لەسەر شێوەو توێژینەوەی ئەدەب لەم گۆشەنیگایەوە دەکرا. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین ئەم دوو چەمکە بەجیا لەیەك لە توێژینەوەی ئەدەبیدا بەکاربهێنین. پارسەنگ لارکردنەوە بەلای هەریەکێکیاندا لەسەر مافی ئەوی تر، توێژینەوەیەکی یەك لایەنەو ناتەواو دەدات بەدەستەوە. ئەگەر بایەخی سەرەکی بە ناوەرۆك بدرێ، ئەوە دەبێتە هەندێ باسو بابەتو لایەنی هونەری لەدەستدەدا، ئەگەر هەر لە شێوەش بکۆڵینەوە، ئەوە زیاتر دەبێتە توێژینەوەی زمانو کەلێنێکی گەورە دەکەوێتە توێژینەوەکەوە، دەبێ هەردوو لایەنەکە: ناوەرۆکو شێوە، وەك (کوللێکی) لێکدانەبڕاو وەربگرینو لێیان بکۆڵینەوە.*

* تا ئێرە ئەم زانیارییانە لە سەرچاوەکانی ترەوەن، نەك ئەسڵی کتێبە وەرگێڕدراوەکە.

## ناوەرۆك و شێوە/ كەرەسەو بونیاد

هەمیشە پەیوەندیی نێوان ناوەرۆك و شێوە لە ئیستێتیكدا باسێكی ئاڵۆزو دەمەتەقێ هەڵگربووە، هەر لە ئەدەبدا نا، بەڵكو جۆرەكانی تری هونەریش دەگرێتەوە. بۆنموونە هەندێ لە تابلۆكانی هونەرمەندی ئیتالی لیونارد دافنشی (١٤٥٢-١٥١٩) سەرچاوەی بابەتەكانیان كتێبە ئاینییەكانەو لە چوارچێوەی كولتووری مەسیحیەتدایەو شتی هاوبەشی وای هەیە كە بەكارهێنان‌و دارشتنەوەی بەشێوەیەكی دی، هەندێ بیرو یادەوەری لای خەڵك دەورووژێنێ. لیۆنارد دافنشی لەم بابەت‌و ناوەرۆكە تەقلیدییە داهێنانێكی تایبەت بە خۆی هێناوەتە كایە، كە جیاوازە لە ئەسڵەكەو لە هی هونەرمەندانی تریش كە لە هەمان سەرچاوەوە هەوێنی تابلۆكانیان، بەرهەمەكانیان هەڵگۆزیوە. هەركەسەو بەشێوەی خۆی‌و بە پشتبەستن بە تواناو ئەزموونی خۆی بەرهەمەكەی دەخولقێنێ.

دیارە هەندێ بیری فەلسەفی، هەروەها بابەتەكانی راستی، جوانی هەمیشەو بەردەوام لە شێوازە جیاكانی زماندا دەربڕدراون‌و دەردەبڕدرێن، بەڵام وەك وترا، هەر هونەرمەندەو بەگوێرەی كارامەیی‌و وەستایەتی‌و چێژی هونەریی خۆی دەریدەبڕێ، بۆنموونە لە شیعردا بە كێش‌و سەروا، یان شیعری ئازاد، بە زمانی تایبەت، بە وێنەی شیعریی جیاوازو بەكارهێنانی ئامێری هونەریی تایبەت بە خۆی، بەرهەمەكەی دەخولقێنێ.

رەنگە وا بێتە بەر زەین، كە ناوەرۆك‌و شێوە دوو زاراوەی روون‌و ئاشكران‌و دەتوانین بە ئاسانی جیایان بكەینەوە، بەڵام راستییەكەی وا نییەو پڕكێشەو ئاڵۆزییە. دوور نییە بوترێ كە بابەتێك لە بەرگی زمانداو بە شێوازی جیاواز، ساكار یان ئاڵۆز دەربڕدرێ‌و ببێتە هەمان شت، بەڵام كە بەوردی بیری لێ دەكەینەوە، ئەم گریمانەیە خۆی ناگرێ. بۆ زیاتر روونكردنەوەی ئەم مەبەستە دەڵێین، شاعیرێك هۆنراوەیەكی هەیە دەربارەی بابەتێكە، شاعیرێكی تر ناتوانێ دەقاودەق هەمان شیعر دەربارەی هەمان بابەت بنووسێ. لەهەر حاڵەتێكی لەم جۆرەدا تایبەتمەندیی هەر دانەرەو دەوری خۆی دەبینێ، یان بەوتەی شاعیری سویدی بێرتل مالمبێرگ: "تەنیا لە دەربڕیندا بە زمانی خۆی، لە بەكارهێنانی دەسەڵاتی هونەریی خۆیدا، لە تاف‌و تەوژمی رەنگ‌و پەیوەندیی هونەرمەندانەی خۆیدا، بیری شاعیرێك لە واقیعدا هی خۆیەتی".

ناوەرۆك‌و شێوە لە شیعردا، یان لە هەر بابەتێكی تری هونەریدا، پابەندی یەكن‌و هەرگیز لەیەك دانابڕێن. ناوەرۆك تا شێوەیەك بۆ خۆی نەدۆزێتەوە بوونی نییە، هەروەك شێوەش بەبێ ناوەرۆك نابێ. شێوەو ناوەرۆك بەیەكەوەن‌و هیچیان پێش ئەوی تر نایەت. ناوەرۆكی شیعرێك بەو بیرو هەست‌و سۆزە دەوترێ، كە بەهۆی شێوەوە هاتۆتە گۆ. هەروەك پەرەگراف‌و بەشی ڕۆمانێك، زمان‌و ناسكوێژی ئەو هەست‌و سۆزو ڕووداوانە دەردەبڕن، ڕووداوەكانی ڕۆمانەكە هی ناوەرۆكن‌و چۆنیەتیی داڕشتنی ئەو ڕووداوانەو بونیادی ڕۆمانەكە لە ڕەگەزەكانی شێوەن.

بۆ كردنەوەی ئەم گرێ ئاڵۆزە كۆنەی نێوان ناوەرۆك/شێوە Rene Wellek و Austen Warren لە كتێبی "تیۆریی ئەدەب"دا دوو زاراوەی تریان هێناوەتە ناو materials and structure- كەرەسەو بونیاد. مەبەست لە كەرەسە هەموو ڕەگەزە بێ لایەنە ئیستێتیكییەكانن‌و لەگەڵ بونیادەكەدا بەیەكەوە "چالاكیی ئیستێتیكی دەبیاتەوە". وەنەبێ ئەو دوو نووسەرە بیانەوێ ئەو دوو زاراوە كۆنە تەعمید بكەنەوە، بەڵكو ئەم دوو زاراوەیەی ئەمان ڕواڵەتێكی هەریەكجار جیاوازی كێشەكەیە.

لە بنەڕەت‌و قووڵاییدا كەرەسەو بونیاد هەموو ئەوە دەگرنەوە كە لە شیعرێكدا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەربڕی دوو گۆشەنیگای ڕادیكاڵی زۆر لەیەك جیاوازن. كەرەسە ئەزموونی شەخسی‌و كارتێكردنی خوێندنەوەو بیرو ڕێبازو ئەو وشانە... دەگرێتەوە، كە لە كاتێكی دیاریكراودا لە هۆشی شاعیرەكەدا كۆدەبنەوە. بونیادیش ئەنجامی (چەمكی) ڕێكخستنی هەموو ئەو ڕەگەزانەیە. ئەو كەرەسە كەم تا زۆر جیانەكراوانەیە، كە كۆسمۆسی (گەردوونی)/ شیعرەكە دەخولقێنێ، پەیوەندییەكی مانادارو فراوان لەنێو ئەو بەشە جیایانەدا لە پێكهاتەیەكی تازەدا دێنێتە كایە.

ئەگەر بۆ بەراورد نموونەیەكی ساكار بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتری (كەرەسە)و (بونیاد)ەكەی وێلك و وارن بهێنینەوە، ئەوا دەتوانین هەموو ئەو كەرەسەو تفاقانەی كە بۆ دروستكردنی خانوویەك بەكاردێن، وەك: خشت، چیمەنتۆ،... بە كەرەسە دابنێین، شیعرەكەش خانووەكەیە بە تەواوكراوی. خانووەكە هەر لەو كەرەسانە دروستكراوە، بەڵام شتێكی هەر تەواو جیاوازی لێ دەرچووە. ئەی بونیادەكە (ستروكتورەكە) چییە؟ ئەو ڕێكخستنەیە كە هەریەكێك لەو ڕەگەزانە لە (كوللەكە)دا لە جێگای خۆیاندا دادەنێ‌و ئەركی تایبەتی بە گوێرەی مەبەست دەدا بە هەریەكەیان.

به پێچەوانەوە بەلای دابەشکردنە تەقلیدییەکە، واتە ناوەرۆك/شێوەوە، دوو زاراوەی بەرانبەری کەرەسە/بونیاد زۆر سەختگیرانەیەو گۆشەنیگاکەی لە مەبەست زۆر دوورخستۆتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا وا دەکەوێتەوە، کە هەندێ لە پرسیارەکانی ئەدەبناسی زیاتر ڕۆشنکرابنەوە، نموونەش هەنو لێرەدا بە ئاشکرا دەردەکەونو ئەم گریمانەیە دەسەلمێنن. بۆچوونی وا هەیە، کە پێی وایە لێکۆڵینەوە لە زمانی شیعر دەچێتە چوارچێوەی زمانناسییەوە تا هی ئەدەبناسی. بەم جۆرە توێژینەوەی ستایڵ بەشێوەیەکی سەرەکی لە جوغزی یاساکانی زمانناسیدا پراکتیزە دەکرێت. ئەم کار دابەشکردنە وەڵامێکی ڕاشکاوی دژی ئەو بۆچوونە کۆنە دژبەیەکەیە کە لەلایەکەوە ناوەرۆك- بەشێوەیەکی بنەڕەتیی وا ڕەچاوکراوە کە لە دەری گۆشەنیگای ئەدەبییەوە بێ- لەلایەکی ترەوە دەربڕینی زمانی ناوەرۆکەکە- شێوە (فۆرم) بێ. تایبەتمەندیی کەرەسە/بونیاد ناچارمان دەکات کە وردتر لەم کێشەیە بکۆڵینەوە.

بۆنموونە بەرهەمی شاعیرێكو نووسەرێك بگرین، شاعیرەکە دێت لە بەرهەمەکانیدا وشەی کۆنو لەبیرکراو زیندوودەکاتەوەو بەکاریان دەهێنێت، نووسەرەکەش وشەو دەربڕینی ناوچەکەی بەکاردێنێ. زمانەوانێك دێت لە بەرهەمی شاعیرەکەدا سەرچاوەکانی ئەو وشانە دەدۆزێتەوە، هەروەها ئەو گۆڕانە (زمانەوانییەی) بەسەریاندا هاتووە دەستنیشان دەکات، هەوڵدەدا بیانگێڕێتەوە سەردەمی خۆیانو بەڵگە نووسراوەکانی مێژووی زمانەکە.

یان بە گوێرەی کەتیگۆریا زمانەوانییە گشتییەکان بەپێی جۆری جیاجیای وشەکان بەشیان دەکات، بەهەمان شێوەش دیالێکتی نووسەرەکە سیستیماتێك دەستنیشان دەکرێت، بە ڕەچاوکردنی شێوەی وشەو وشە ڕۆنان... لێی دەکۆڵرێتەوە.

هەتا مرۆڤ ئەو جۆرە ڕوانگانەی هەبێ بۆ وشەی کۆن، یان گۆڤەری ناوچەیی بەکارهێنان، وەك لای شاعیرو نووسەرەکە، ئەوە لە مەودای زاراوەی "کەرەسە" و "بونیاد"ەکەی وێڵك و واریندا دەخولێتەوە. مرۆڤ خۆی لە دەربڕینێکی جیاوازدا دەبینێتەوەو لە بابەتی زمانەوانیدایە، نەك ئەدەبناسی. بەڵام هەر بەدوای ئەوەدا گەڕاین کە ئەرکی ئەم شتانە لە شیعردا چییەو مامەڵەمان لەگەڵداکرد وەك ڕەگەزی بونیادی هونەری- ئەوکاتە ڕوانگەکەمان بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئەدەبناسییە.

باس له شاعیرو نووسەرێك كرا، كه یەكێكیان وشەی كۆنو بەسەرچوو ئەوی تریان زاراوەی ناوچەیی بەكاردێنێ. ئەم كەرەسانه له هۆشو زەینیاندا كۆبوونەتەوەو بوون به سامانێكی باش بۆ دەوڵەمەندكردنی بەرهەمەكانیان. لەوەبوو ئەو سامانه له زەینو ناخیاندا بمایەتەوە. بەڵام لەگەڵ بەكارهێناندا هاتووەته ناوو ڕووالەتێكی پەیداكردووە. ئەركی ئەو شاعیرو نووسەرەش ئەوەبوو كه ئەو كەرەسەیەی لایان كۆبۆتەوە بەشێوەیەكی سەركەوتوو له بەرهەمەكانیاندا بەكاربهێنن.

ئەدەبناسی بایەخ بەم لایەنانه دەداو لێیان دەكۆڵێتەوە. هەر لێرەدا زانینی وشەی كۆنو ناوچەیی- هیچ دژی ئەوە نییە- وەك كەرەسەیەكی زمان، كه هۆكارێكی جەوهەرییە، مرۆڤ ئەركەكانیان له بۆتەی بونیادە شیعرییەكەدا دیاری بكات، واتە، لێرەدا كەرەسەی زمانەكه بونیادێكی ئەدەبناسی هەیە، نەك زمانەوانی.

شیعر لەبەر ڕۆشنایی سیستێمی ئەدەبیی "ناوەوەی"دا باسدەكرێ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، مرۆڤ لەوە دووربكەوێتەوە كه شیعریش هەروەك بابەتەكانی تری هونەر، وەك بەشێك له كولتووری دەربڕین جێگەی تایبەتیی خۆی هەیەو پەیوەندیی جۆراوجۆری بەرفراوانی لەگەڵ كۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەیە. ئەدەبناسی هەمیشە بەشێوەیەكی هەمەلایەنەو بەرچاو ڕووی له پەیوەندییەكانی "دەرەوەی شیعر: گۆڕانی مێژوویی، كۆمەڵایەتیو "واقیع"یش، كه بەشێوەیەكی گشتی له ڕۆژگارێكی دیاریكراودا ڕوویداوە، هەروەها له هی ژیاننامەی شاعیرو هەستی دەروونیو بەشەكانی تری هونەرو...هتدیش بووە.

هەر لێرەدا پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بكەین كه نابێ وەك دوو دژی ڕەها سەیری "intrinsic" (جەوهەری- ناوەكی) و "extrinsic" (ناجەوهەری، دەرەكی) بكەین، بەپێچەوانەوە ئەم دووانه تێكەڵی یەك دەبنو له یارییەكی دیالێكتیكدا یەكتر تەواودەكەن. دیارە شێوازی توێژینەوەی "ناوەكی"ی شیعر ناتوانێ خۆی لەو جیهانه كه شیعرەكه بەشێكه لێی دابڕێ، ڕەگەزەكان هەمیشە له تێكستەكەدا تێكدەئالێن، یان له پاشخانەكەیدا هەن، جا مرۆڤ لێی بەئاگا یان بێ ئاگا بێ. لەلایەكی تریشەوە لێكۆڵینەوەیەك كه تەنیا پشت به ڕێبازێكی "دەرەكی" ببەستێ، هەرگیز ناتوانین به توێژینەوەیەكی ئەدەبناسی دابنێین، چونكه ئەم جۆرە توێژینەوانه هونەری شیعر، كه هونەری وشەو زمانه "جەوهەرە ئەدەبییەكە"ی له یاد دەكەن.

## بیروڕای (بارت) و (باختین) دەربارەی شێوەو ناوەرۆك

چەند بۆچوونێکی زانای فەرەنسی ڕۆلان بارت (١٩١٥-١٩٨٠) لە کتێبی "خاڵی سفری ئەدەب"دا، کە زانستی زمانو دەروونناسیو مرۆڤناسی لە لێکۆڵینەوەکانیدا بەکاردەهێنا.

## ئایا شێوەی شیعری چییە؟

لەنێوان ئەدەبی کلاسیكو مۆدێرن (هاوچەرخ)دا، پەیوەندیی بیرو زمان، بەتایبەتی لە شیعردا، بە دوو ڕەوتی پێچەوانەی یەکدا دەڕۆن. لە هونەری کلاسیکیدا بیرێکی ئامادە هەیە، وێنەیەکی ئامادەش هەیە، کە بیرەکە خۆی تێدا "دەردەبڕێ" یان "تەرجەمە دەکات"... بیری کلاسیکی بێ {قالبی} شیعری کلاسیکیش ناژیو پێداویستییەکی ئەو ئامێرە {شیعرییەیە}...

بەڵام لە هونەری هاوچەرخدا بە پێچەوانەوە، پەیوەندیی ڕواڵەتیی وشەو {ئاوێتەبوونی} دەرئەنجامێکی وای دەبێ، کە وردە وردە چڕییەکی شیعریی بیر، یان هەستو نەستی لێ دەکەوێتەوە، کە بەبێ خودی وشەکان کارێکی نەشیاوو نەگونجاوبوون. هەر "وشە"یەك بۆخۆی هەڵگرو دەربڕو بەدیهێنەری کەشوهەوایەکی "رۆحی" وایە، کە بەهۆیەوە (بیر) خۆی بۆ لەدایکبوون ئامادە دەکاتو هێدی.. هێدی لەڕێگەی یاریی لەخۆوەی وشەکانەوە دێتە ناوو لەم فەزای ئاخاوتنە سەرکەوتووەدا، ناوەرۆك وەك میوەیەکی گەییو شۆڕدەبێتەوە.

لە زمانی کلاسیکیدا (پەیوەندییەکە) ڕابەریی وشەکان دەکاتو یەکسەرو هەمیشەش بۆ واتایەکی دیاریکراویان دەبات، بەڵام لە شیعری تازەدا ئەو پەیوەندییە بە بڵاوبوونەوەو فراوانبوونی وشەکان پێکدێت. وشە خۆی "خاڵێکی بنەڕەتیو چەسپاوە"..

شیعری کلاسیکی بایەخ بە یاساو ڕێسای دامەزراندنی پەیوەندییەکە دەدات، بەڵام شیعری تازە دەیەوێ ئەو پەیوەندییە بپسێنێو وشەکان بتەقێنێتەوە، واتە: وشەکان پەیوەندییەکە دێننە کایە، نەك پەیوەندییەکە وشەکان.

**بیروبۆچوونی میخائیل باختین (١٨٩٥-١٩٧٥) له‌ كتێبی "وشه‌ی دیالۆگ"دا.**

ناوه‌رۆك ڕه‌گه‌زێكی بنه‌ڕه‌تیی پێویسته‌ له‌ بابه‌تی ئیستێتیكیداو هاوپه‌یوه‌نده‌ له‌گه‌ڵ شێوه‌ی هونه‌ریدا، بێ ئه‌م په‌یوه‌ندییه‌ دوولایه‌نه‌یه‌ هیچ ماناو بایه‌خێك {بۆ كاری هونه‌ری} نییه‌. له‌ ده‌ری په‌یوه‌ندیی شێوه‌ به‌ ناوه‌رۆكه‌وه‌، واته‌ به‌ جیهانه‌وه‌ وه‌ك بابه‌تێكی مامه‌ڵه‌ی زانستیو ئێتیكی* (ره‌وشتی)، شێوه‌ بایه‌خی ته‌واوی نابێتو ناشتوانێ ئه‌ركه‌ سه‌ره‌كییه‌كانی خۆی جێبه‌جێ بكات.

ده‌بێ هه‌ڵوێستی هونه‌رمه‌ند- نووسه‌رو ئه‌ركی هونه‌ریی ئه‌و له‌ واقیعو جیهاندا، له‌و په‌یوه‌ندییه‌دا تێی بگه‌ین، كه‌ له‌گه‌ڵ زانستو بایه‌خو به‌های هه‌ڵسوكه‌وتی ئێتیكدا هه‌یه‌تی. ئه‌مه‌ كه‌ره‌سه‌یه‌ك نییه‌ یه‌كبخرێت، مه‌ودایه‌كی تاكه‌كه‌سی بدرێتێ، باڵاده‌ست بكرێت، وه‌لابخرێتو كامڵ ببێ.. هه‌روه‌ها هونه‌رمه‌ند خاوه‌نی په‌یامێكی زیندووكه‌ره‌وه‌ی هه‌مه‌لایه‌نه‌ی ژیانو واقیعه‌.

له‌ پۆیه‌تیكا (هونه‌ری شیعری) هاوچه‌رخدا، ناوه‌رۆك وه‌ك ڕه‌گه‌زێكی بنه‌ڕه‌تی له‌ بابه‌تی ئیستێتیكدا تووشی دابڕان ده‌كرێ، به‌ دوو ڕێبازیش ئه‌م كاره‌، كه‌ ناشێو ناكرێ ئه‌نجام ده‌درێو له‌هه‌مان كاتیشدا پێناسه‌یه‌كی دیاری نییه‌و به‌ چاكی ڕوون ناكرێته‌وه‌:

١- ناوه‌رۆك به‌شێكی (ره‌گه‌ز)ێكی شێوه‌یه‌، ئه‌مه‌ش له‌ڕاستیدا ئه‌وه‌ ده‌گه‌یه‌نێ كه‌ به‌ها مه‌عریفیو ئیستێتیكییه‌كان له‌ هونه‌ردا، ته‌نیا مانایه‌كی ڕواڵه‌تیان هه‌یه‌.

٢- ناوه‌رۆك ته‌نیا به‌شێكه‌ له‌ كه‌ره‌سه‌.

له‌ كاری ئیستێتیكی- هونه‌ریدا ناتوانین شتێك جیابكه‌ینه‌وه‌و بڵێین ئه‌وه‌ ته‌نیا ناوه‌رۆكه‌، هه‌روه‌ها ڕه‌گه‌زێكیش نییه‌ كه‌ پێی بڵێین ئه‌مه‌ به‌ته‌نیا هه‌ر شێوه‌ی ڕووته‌.

ناوه‌رۆكو شێوه‌ لێك جیاناكرێنه‌وه‌و له‌یه‌كدا ده‌توێنه‌وه‌.. ته‌نیا له‌ كاری توێژینه‌وه‌ی ئه‌ده‌بیدا، ده‌كرێ به‌مه‌به‌ستی ڕێكخستنو لێكۆڵینه‌وه‌ جیابكرێنه‌وه‌.

---

* Ethica ی لاتینی یان ethos ی گرێكی- زانستێكی فه‌لسه‌فییه‌ ده‌رباره‌ی موراڵ (ڕه‌وشت) ، له‌و هه‌لومه‌رجه‌ ده‌كۆڵێته‌وه‌، كه‌ مۆراڵه‌كه‌ی تێدا به‌دیهاتووه‌. له‌ جه‌وهه‌رو چه‌مكو شێوازی مۆراڵیو ئیدیاڵی تاكو كۆمه‌ڵیش ده‌كۆڵێته‌وه‌. بڕوانه‌: فه‌رهه‌نگی وشه‌ی بێگانه‌...، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل٧٢٧.

بۆئەوەی شێوە تەنانەت تەنیا نرخێکی ئیستێتیکی هەبێ، پێویستە ئەو ناوەرۆکەی ئاوێزانی دەبێ بەهایەکی مەعریفیو ئێتیکی هەبێ. شێوە پێویستی بە کێشو قورساییەك هەیە کە لە دەری ئیستێتیکاوەیە، ئەینا بێ ئەمە وەك شێوە نایەتە کایە.

هەموو شتێك لە "وشە"دا کۆدەکرێتەوە، وەك ئەوەی تەنیا وشە هەموو شتێ بێ. ڕاستە وشە بەتایبەتی بۆ هونەری شیعر زۆر گرنگو بنەڕەتییە، بەڵام نەك بەو شێوە قەبەکراوە کە گەیەنراوەتە ئاستی سەروو واقیعەوە. ئەگەر مرۆڤ سەرجەم کولتوور- واتە مەعریفەو ئێتیكو ئیستێتیك...هتد پابەندی وشە بکات، هیچی تر بایەخی نییە وشە نەبێو هەموو کولتوور بێجگە لە دیاردەیەکی زمانی شتێکی تر نییەو چ زاناو چ شاعیر لەیەك ئاستدا کارو کردەیان دەبێ بە لەگەڵ وشە خەریکبوون.. ئەوکاتە کە ئێمە لۆجیكو ئیستێتیكو پۆیەتیك هەموو بدەینە پاڵ زانستی زمان.. ئەوە دەبێتە شێواندنی لۆجیكو تایبەتمەندیی پۆیەتیكو ئیستێتیكو لەهەمان کاتیشدا تایبەتمەندیی زانستی زمان خۆشی.*

* ئاماژەی سەرچاوەی ئەم بیروبۆچوونانەی بارتو باختین بە تەواوی لە پێشەکییەکەدا کراونو لە خودی کتێبە وەرگێڕدراوەکەدا نین، بڕوانە: سەرچاوەی ژمارە (٤) (٣) پێشەکییەکە.

# شێوە بنەڕەتییەکانی شیعر

لیریکی (گۆرانی)، ئێپیکی (داستانی)، درامی (شانۆیی)، دیداکتیکی (فێرکاری)

پێش ئەوەی بچینە سەر باسی ڕەگەزی بونیادو ئامێری شیعر، گونجاوە بەشێوەیەکی گشتیو هەمەلایەنە، سەرنجێکی مەیدانی ئەدەبی داهێنان، وەك (کوللێك) بدەین. ناتوانین خۆمان لە بەشێکی چەمکەکانی ئەدەبیش کە دواتر دەمەتەقێیان لەسەر دەکرێو لەم بەشەدا دێنە ناو باس‌وخواس بەدووربگرین. ڕاستییەکەی ئەمەش بەهۆی سرووشتی شیعر خۆیەوەیەتی، چونکە هەموو ڕەگەزەکانی تێکئالاونو ئامێتەی یەکتری دەبن.

هەر لە کۆنەوەو هەمیشە هەولّی دابەشکردنی کاری ئەدەبی دراوەو ویستراوە سیستێمێکی بۆ دابنرێت. لێرەش هەروەکو لەگەلێ لە مەیدانەکانی تردا، ئەرستۆی (٣٨٤-٣٢٢ پ.ز) سیستێم داهێنەر، بناغەیەکی دامەزراندووە. لە بەرهەمە چڕو کورتەکەیدا (poetic) "هونەری شیعر، دانان" لە هونەری دراماو ئێپیك دەدوێ. جێگەی سەرسووڕمانە، باسەکەشی زیاتر دەربارەی تراژیدیای یۆنانیو بەرهەمی شیعریی هۆمیرۆسە. بۆچی ئەرستۆ باسی لیریکی، وەك هونەرێکی تایبەت، نەکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕۆژگارێکی زۆر پێش ئەودا، لیریك بە زمانی یۆنانی گەشەی سەندبوو؟ ڕەنگە هۆکەی ئەوەبێ کە (poetic) ڕەشنووسی زنجیرەیەك وانە بوو، کارێکی تەواو ئامادەکراو نەبوو بۆ چاپکردنو بلاّوکردنەوە.

Lyric لە وشەی یۆنانیی (Lyra)[*] وە هاتووە، (Epic) ئێپیك لە وشەی یۆنانیی (epos) ەوە هاتووە بەواتای (وشە، ئەوەی وتراوە، یان دەگێڕدرێتەوە) ، هەروەها drama دراماش هەر یۆنانییەو لە (drao) وەیە بەواتای (پێشکەشکردن، هەڵدەسووڕێم، کاردەکەم) ، ئەم زاراوانە کەم تا زۆر دیارو ڕوونن.

---

[*] ئامێرێکی مۆسیقا بووە، شیعری بە گۆرانییەوە پێ وتراوە.

شاعیری ئەڵمانی ولفگانگ یوهان گۆتە (١٧٤٩-١٨٣٢) دەورێکی دیاری لە چەسپاندنی ئەم دابەشکردنەدا هەبوو. لە بەرهەمێکیدا کە ساڵی ١٨١٩ نووسیویەتی، لیستەیەکی بۆ جۆرەکانی هونەری شیعریی وەك: "ballad (چیرۆکەشیعر)، elegi (شیننامە)، idyll (گۆرانی لادێ، شوانانە)، ode (قەسیدە)، satir (شیعری داشۆرین)" کردووە. ئەم زاراوانە زیاتر لایەنی شێوەو دەرەوەی شیعر دەگرنەوە، تا ناوەرۆك، هەروەها ناتوانن کە نوێنەری "شێوەی بنەڕەتی شیعری بە بایەخ بن". گۆتە لە بەرانبەر ئەم جۆرە زاراوانەدا، ئێپۆس و لیریكو دراما قووت دەکاتەوەو بە "شێوەی سرووشتی" شیعریان ناودەبات. ئەمانە وەك سێ جۆری جیاو سەربەخۆی شیعر خۆیان دەنوێنن، بەڵام بە شێوازی جیاجیاو "نائاساییش تێکئاڵاون"، یەکیانگرتووەو دەبنە هۆی هێنانە ناوی شێوەی تایبەتیو جۆراوجۆری شیعر.

شایانی باسە، گۆتە، ئێپیك، لیریكو دراما بەجۆری هەرە بەرزی شێوەی بنەڕەتی، یان سرووشتی لەقەڵەم دەدا، کە بە شێوازێکی چاکتر ڕوێنراون، جیاوازن لەو جۆرە فۆرمە شیعرییانەی {کە لیستی بۆکردبوونو} بەشێوەیەکی مێژوویی خراونەتەڕوو. توێژەرەکان لە لێدواندا دەربارەی ئەدەبی داهێنان، زیاتر دەگەڕێنەوە سەر ئەو سێ شێوە بنەڕەتییەی شیعر.

لە سەردەمێکی دواتردا بەتایبەتی ناوی ئیمیل ستایگەر دێت، کە لە بەرهەمی "چەمکی بنەڕەتیی شیعر، ١٩٤٦"دا نایەوێ زاراوەی لیریکی، ئێپیکی، درامی بەکاربهێنێ، لەبەرئەوەی بە گوێرەی بیروڕای ئەم، ئەو بۆچوونە دێنێتە ناو کە دەبێ هەمیشە بەرهەمی شیعری بدرێتە پاڵ یەکێ لەو سییانە، {واتە: لیریکی، ئێپیکی، درامی} پێشی وایە ئەم سێ زاراوەیە زیاتر ڕێبازێك دەگرنەوە، تا ئەوەی پەیوەندییەك، یان هەڵوێستێك بن. لەڕاستیشدا کە سەیردەکەین، هەر بەرهەمێکی شیعری بەشێکە لەو سێ ڕەگەزە بنەڕەتییەی شیعر: هەرچەندە هەریەکێکیش لەم سییانە ڕەنگە کەم تا زۆر، بەتەواوی ڕوون نەبن. بۆنموونە ستایگەر دەڵێ، هەندێ جار باس لە دراما دەکەین، وەك درامای لیریکی، یان ڕۆمانێك وەك "دراماتیکی".

تایبەتمەندیی شێوازی لیریکی، ئێپیکی، درامی، بەوشێوەیەی ستایگەر نیشانی دەدا، جێگەی مشتومڕە. ستایگەر لەلایەکەوە خزمایەتیی نێوان ئەم سێ شێوە بنەڕەتییەی شیعر دەبینێو لەلایەکی تریشەوە دەیەوێ ئەو سێ ڕەگەزە

بنەڕەتییەی زمانیش: پیت، وشە، ڕستە ببینێ. پیت بەتەنیا هیچ مانایەکی نییە، ئەمە تەنیا شێوەی دەنگێکە، کە سرووشتێکی فۆنەتیکی مۆسیقایی هەیەو پێش هەموو شتێك تایبەتە بە لیریکەوە، تا ئەوکاتەی خوێنەر لەگەڵ (نۆتە) ئاوازەکەدا بێ. کاتێکی زۆرتری دەوێ تا ستایگەر ئاوڕ لە وشە دەداتەوە: "وشە- ئەو تەنیا بابەتە مانا هەڵگرەیە لە زمانی ئیپۆسدا جێی دەکاتەوە. هۆمیرۆس ئەو شاعیرە ڕازگێڕەوەیە، کە لە شەپۆلی وشەو دەربڕینەکانیدا، کاملیو سەرجەمی دەداتەوە بە ژیان. لە کۆتاییدا جەوهەری ڕانانی دراماش، دەبێ هەبێو لە سەرجەمی ڕستەکەدا بەرجەستەببێ، لەکوێ بکەر پەیوەندیی بە کردارەکەوە، بەشی پاشکۆی ڕستەکە بەهی بنەڕەتییەوە هەیە. پێش هەموو شتێکیش دەبێ چاوێ بە هەموویدا بگێڕین، بۆئەوەی لە بەشە جیاجیاکانی بگەین". ئەوەی کە سەرجەمی ئاڵۆزو بزێویی ڕستە بە شێوەیەکی تایبەت تەنیا پەیوەندبێ بە دراماوە، وەك بیرێکی قەرەبووکەرەوە وایەو {واتە پەیوەندیی نزیکی ڕستە تەنیا بە دراماوە} جێگەی گومانە، چونکە شێوازی لیریكو ئێپیکیش هەردەبێ بە ڕستە بونیاد بنرێن.

لەگەڵ ئەوەشدا هۆی زۆر هەن بۆئەوەی کە لە ئاست ئەم ئامێتەکردنو پێکەوە گرێدانە ئازاو بەپێزانەی ستایگەردا دڵەڕاوکەمان هەبێ، وەك بیروڕای گەلێ توێژەرەوەی تریش دژینی، بەڵام شایانی بیر لێکردنەوەنو بیری پرژوبڵاوی مرۆڤ کۆدەکەنەوە. هەرچەندە خۆی لای وایە کە "پۆیەتیکای سەختگیر" {واتە توێژینەوەی هونەریی دەق}، تەنیا خۆئامادەکردنێکە بۆ توێژینەوەی مێژوویی‌و دەبێ لە چەمکی ژانر، لە ڕوانگەیەکی کۆنکرێتیترو دیاریکراوترەوە بکۆڵرێتەوە.

ئێمە پێشتر باسمانکرد کە ئەرستۆ پێش هەموو کەس هەوڵی دابەشکردنی تیۆریی ئەدەبی داوە، هەروەك ئەفلاتوون- هەردوو پێیان وابوو، کە هونەر بە مانا فراوانەکەی، لاساییکردنەوەیەکی تایبەتی سرووشتو ژیانەو ئەرستۆ لە بەرهەمە ناودارەکەیدا (poetic) ویستویەتی جۆراوجۆری ئەم "لاساییکردنەوەیە" دەستنیشان بکات. پێشی وابوو کە لاساییکردنەوەکە بە هەندێ شێوەیە (لە دەنگدا، لە وشەدا، لە ڕەنگدا، لە جموجووڵو لەش بزواندنو هەڵسوکەوتداو.. هتد). هەروەها لای وابوو، کە دەتوانرێ دیاردەی جیاجیای ژیان لاسایی بکرێتەوە، بۆنموونە لایەنی هەمەجۆری

کەسایەتی خەڵك- چاك، خراپ، مام ناوەند. چۆنیەتیی لاسایی کردنەوەی جیای ژیان- بەپێی بۆچوونی ئەرستۆ- جیاوازیی شێوەکانی هونەر دیاری دەکات.

ئەرستۆ پێی وابوو، هۆمیرۆس باسی هەندێ ڕووداوی کردووە، کە پەیوەندیی بەخۆیەوە نەبووە، بۆیە ئەرستۆ ئەو کارە هونەرییەی هۆمیرۆس بە "ئێپیك" ناودەبات.

ئێمە پێشتر باسی ئەوەمان کرد، کە سەیرە ئەرستۆ لە کتێبی poetic دا ناوی لیریکی نەهێناوە، ئەمەش دەقاودەق لە کتێبی "تیۆریی ئەدەبیو ستیلناسی"دا (بە زمانی سویدی) کە سەرچاوەیەکی بنەڕەتیی ئەم بابەتەیە نووسراوە. کەچی لە هەندێ سەرچاوەی تردا بۆنموونە کتێبی "تیۆریای ئەدەب" کە بە زمانی ڕووسییە، باس لەوە دەکات، کە ئەرستۆ هەر ئەوەیە زاراوەی لیریکی بەکارنەهێناوە.. ئەینا باسی لە شیعرێك کردووە، کە دەچێتە چوارچێوەی لیریکەوە، ئەرستۆ دەڵێ: "یان دەتوانرێ بەشێوەیەکی تر (شیعر) بوترێ، کە مرۆڤ ڕووخساری خۆی نەگۆڕێو لەگەڵ خۆی بێو باسی هەستو نەستو ئەندێشەی خۆی بکات.." هەر ئەم سەرچاوەیەی دوایی باس لەوەدەکات کە دواتر زاراوەی لیریك پەیدابووە.

هەروەها هیگڵیش لە بەرهەمەکەی "ئیستاتیکا"دا، باسی کەسیو بابەتی وەك دوو چەمکی فەلسەفی دەکاتو لە هونەردا پراکتیزەیان دەکات. بۆیە لای ئەم ئێپیك زیاتر بابەتییەو لیریك کەسی.

بە هەموو پێوانەیەك دەبێ لیریك پێش شێوەکانی تر دەرکەوتبێت، چونکە هونەر لە سەرەتادا بەشێوەیەکی ساکار دەربڕی هەستونەستی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ بووە. هەروەك لەکاتی کارو بۆنەکانی تری ژیاندا، مرۆڤ پێویستی بەوەبووە کە هەڵوێستی خۆی، دیدو بۆچوونی خۆی بەرانبەر سرووشتو جوانیو ژیانو چارەنووسی خۆی دەربڕێ. بەڵام لەبەرئەوەی کە باسی شیعر دەکەین لە کەلەپووری ئەورووپاییدا، یەکسەر ناوی هۆمیرۆسو بەرهەمەکانی دێن.. چونکە پارێزراون، بۆیە مێژوونووسانی ئەدەب، سەدەی هەشتەمو حەوتەمی پ.ز بۆ گەشەسەندنی ئێپیكو سەدەی شەشەمی پ.ز بۆ لیریكو سەدەی پێنجەمی پ.زیش بۆ دراما دیاریدەکەن.

# لیریکی (شیعری گۆرانی)

وەکو تر ئاساییە، کە ستایگەر لەو شێوە بنەڕەتییە جیایانەدا، زیاتر باسی شتە بەرچاوو دەمەتەقێ هەڵگرەکانی کردووە. لەم چەند لاپەڕەیەدا دەربارەی ئەو بابەتانە دەدوێین. وەك وترا زمانی لیریك تایبەتمەندیی فۆنەتیکی مۆسیقایی هەیە، هەندێ جار ئەم تایبەتمەندییە ئەوەندە زاڵە لەوانەیە تۆ بهەژێنێ بەبێ ئەوەی لە زمانەکەش بگەیت. ئەمەش لە یەکێتیی کەشوهەواکەدا بەتایبەتیش لە شیعردا ڕەنگدەداتەوە.

لێرەشدا {ئەوەی پەیوەندیی بە لیریکەوە هەبێ} پێویستی بە ڕوونکردنەوە نییە، مەبەستمان "بەستنەوەی لۆجیکی (مەنتیقی)"و ئەو پرسیارانەی کە لە ئێپۆس (داستانە شیعر)دا دەکرێن: کەی؟ لەکوێ؟ چۆن؟ هەروەها دەگمەنیش نییە، کە شیعری لیریکی بە ڕاناوی (من)و جۆشی خۆپێناساندنەوە دەنووسرێت. شاعیر ڕووی دەمی لە تەنیا خوێنەرە نەك جەماوەری فراوان.

شیعری لیریکی کەشوهەوایەکی پڕحەزو سۆزی تێدایەو هەست بە حوزووری شاعیر دەکەیت تێیدا. لە هیچ بابەتێکی تریشدا ئاوا هەست بە هێزی شیعر ناکەیت، هانس ڕۆیین لە کتێبی "سۆفییەتی شیعر" (١٩٣٥)دا لیریك بە "کۆکەرەوەی کاتی ئێستا" ناودەبات.

ئاشکرایە ئەم تایبەتمەندییە لە دەوری ئەو جۆرە شیعرە دەسووڕێتەوە، کە زۆرجار بە ناوەندە (شا) لیریك لە قەڵەم دەدرێت. یەکەم نموونەی ڕاستەقینەی ستایگەریش ئەو شیعرە کلاسیکییەی گۆتەیە: "بەسەر لووتکەی هەموو چیاکانەوە ئارامییە" کە بە نموونەی باڵای شیعری لیریکی دەژمێردرێ، لێرەدا ئێمە بە پەخشان وەریدەگێڕین:

ئارامی هەموو لووتکەی چیاکانو
چڵەپۆپەی هەموو درەختەکانی گرتۆتەوە
بە ئاستەم هەست بە شنەی بایەك دەکەی،
باڵندە بچکۆلەکان لە دارستانەکەدا بێ دەنگبوون
تۆزێك چاوەڕێ بە،
زۆر نابا تۆش دەحەوێیتەوە..

وەك ڕوونکردنەوە بە نموونەوە، سێ شیعری سویدی لەم جۆرە دێنینەوە، کە هی س.ج.ل ئالمکڤیست لە دیوانی: "گۆرانییەکان" (١٨٤٩)، ڤێرنەر ڤۆن هێیدنستام لە دیوانی: "شیعرە تازەکان" (١٩١٥)و شیعرێکی هاری مارتینسۆن لە دیوانی "کۆچەری" (١٩٣١)ن.

ماریای گوێگر

ئای خوای گەورە دەریا چەند جوانە،
ئای کە خۆشە گوێت لە چپەی شیرینی
زاری پەرییەك بێت،
ئای خوای گەورە، دەریا چەند دڵگیرە،
{خۆشە} بمری لە ئاوازو گۆرانیدا
ئەی گیانی من، بە ئارامی بڕژێرە ڕووبارەکەوە،
ڕووبارە قووڵو ڕەنگ ئاسمانیو ئەرخەوانییەکە:
ئەی گیانی من، هێدی... هێدی
لە باوەشی پاك و بێگەردی یەزداندا نوقم بە!

تریفەی مانگ

من نازانم بۆ بە بێداری دادەنیشم،
هەرچەندە ڕۆژەکە هیچ شادییەکی پێ نەبەخشیم،
بەڵام هەموو شتێکی ژیانم، وەك هەتاو دەبریسکێتەوە،
هەموو شتێکی ناو تاریکیو ئازاریش نقوم بوون،
ڕووبارێك لە تیشك لەم شەوەدا هەڵدەلەرزێ

لەناو دەریادا

لەناو دەریادا مرۆڤ بەهارو هاوین
وەك شنەی بایەك هەست پێدەکات،
لە هاویندا گیا دڕکاوییە دەریاییە ئاژوێنەرەکەی فلۆریدا

گوڵ دەردەکا،
ئێوارەیەکی بەهاریش لەقلەقێك
ڕووەو هۆڵەندا دەفڕێ..

بەگوێرەی ڕوونکردنەوەی ئالکمڤیستی شاعیر خۆی، شیعری ماریای گوێگر "گۆرانییەکان" وێنەی ئەو کچە لادێییە پیرۆزە ئێسکسووکە: ماریایە کە هێشتا شووی بە یوسف نەکردووە، لە گەڕانێکیدا بە مێرگێکی چڕدا وا هەست دەکات کە مۆسیقا قووڵایی گیانی داگیرکردووە. وایشی دێت بە خەیاڵدا کە ئەمە ڕێك لە زاری پەرییەکەوە دەبیستێتو یەکسەر دێت بەچۆکداو لە قووڵایی ناخییەوە کە سرووشتی یەزدانی کاری تێ دەکات لەبەرخۆیەوە هاواردەکات: "ئای خوای گەورە، دەریا چەند جوانە..." ئەمە نزایەکی ئایینییە، حاڵ لێهاتنێکی ئامێتەو تێکئالاو بووەو "هێدی هێدی، بڕژێ ئەی گیانی من". وەك هەستی یەکسەر خۆ دەربڕینێك لەگەڵ ئەو کارە یەزدانییەدا، پەیوەندیی نێوان وشەکانی شاعیرو شێوەی ئاوازدانەوەیان زۆر بەهێزە. هەر شاعیر خۆشی باسی وشەکانی ئەم شیعرەی کردووەو دەڵێ کە: "ئەو ڕووداوو هەلومەرجەم بەو وشانەی، کە لەگەڵ گیانی مۆسیقیاندا ڕێکدەکەوێ، دەربڕیوە" لەبەرئەوەی شیعری "ماریای گوێگر" لە بنەواندا لە ئاوازەوە هەڵقوڵاوە، لەو سێ شیعرەی هێنامانەوەو ئەمیان لە بەرگی زماندا ڕوونترینو بە ئاوازترین کاریگەریی هەیە، بەتایبەتی لەو دێڕانەی تەنیشت یەکدا: "خوای گەورە" و "هێدی، هێدی بڕژێ، نوقم بە".

هەروەها نزای فەزای شیعری "تریفەی مانگ"یش نیشانەیەکی گونجاوە، بە مەرجێك وشەکانی نەدرێنە پاڵ تەنیا ئەزموونێك، کە تایبەتمەندییەکی ئایینیی هەبێ. ئەو قسەکەرە ژیانی خۆی بە شێوەیەکی ڕوونو باش بەڕێوەچوو دەبینێ، لەهەمان کاتدا وەك گەشەسەندنی پەیوەندییەکی گەورەتر، کە تریفەی مانگەو مەودایەکی سیمبۆلی وەردەگرێ "رووبارێك لە تیشك".. ئەمە جۆرێکە لە نەمانی سنوور لەنێوان منو جیهاندا، وەك هاوکێشێکی ئامێتەبوونی گیان لەگەڵ "ڕووباری ئەرخەوانی"یەکەی ئالکمڤیستدا. دژایەتی لە ناوەوەی شیعرەکەدا لەنێوان شادیو خەم، ڕووناکیو تاریکیدا بەرزدەبێتەوە بۆ ڕوانگەیەکی بالاتر، لەو پێنج دێڕی "ئێستای کۆکراوە"دا واتە لە شیعری مانگە شەوەکەدا.

شیعری لیریکی، هەروەها ئێپیکی و درامیش هەرگیز بە شێوەیەکی تەواو ڕوونو پوخت نین، بەڵکو هەریەکەیان لەگەڵ دووانەکەی تردا تێکەڵی یەکدەبن. مارتینسۆن کە ناوی کۆنکرێتی شوێنی وەك فلۆریدا و هۆڵەندا، یان ناوی (ڕەگەزی) لەقلەق- دێنێ، ئەمانە (لە بنەڕەتدا) ڕەگەزی ئێپیکینو ئەم لەم شیعرە (لیریکییە) بچکۆلەیەدا بەکاریهێناون. گرنگ ئەوەیە، شاعیر لێرەدا بە گیانی ئێپیك (داستانە شیعرەوە) ئەم ڕەگەزانەی بەکارنەهێناوە، کە باسی شتێ بکات، بەڵکو بۆئەوەی ببنە بنەماو دەربڕینێك بۆ ڕووخساری شیعرەکە.

بەهارو هاوین وەك پەیامێکی نهێنی هەستی پێ دەکرێ، کە نیشانە جووڵاوەکەی پێویستی بە هەڵوێستەیەکی قووڵی گوێگرتنو چاودێریکردن هەیە بۆئەوەی تێی بگەینو ڕاڤەی بکەین: شنەی با، زمانی ڕووەکی دڕکاویی گۆکردوو، باڵندەیەکی فڕیو، ئەمانە نموونەی "ئیلهامی" ڤێرینەرونگ"ن، وەك ولفگانگ کایسەر دەڵێت، کە شتەکان دەخاتە دنیای لیریکەوە.

لە هەموو حاڵێکدا شیعرەکانی ئالمکڤیست، هێیدنستام کرۆکە شیعری لیریکین، بەو تایبەتمەندییە شەخسییەوە کە هەیانە: (من)ی شاعیر مۆنۆلۆگێك لەگەڵ خۆیدا دەکا. لەم خاڵەیاندا شیعرەکەی مارتینسۆن جیاوازە، ناتوانێ ئەمە تەنیا دەربڕی ساتە ئەزموونێکی ئەندێشەی شەخسی بێ، بەڵکو بەقەد ئەوەش دەشێ ئەزموونێکی گشتی بێ: "پیاو هەست دەکا"، بەم شێوەیە ئەم شیعرەیان جۆرێك لە زمانی بیرکردنەوەی پێوە دیارە، کە ژێری لە وشەکانیدا دەدرەوشێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سێ شیعرەو لەپێشیشەوە یەکەم و دووەمیان، نموونەی لیریکینو تایبەتمەندیی قووڵی مەودای شەخسییان هەیە، هیچ ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە ئەم مۆرکە شەخسییە وایکردبێ، سنووورداری کردبن. لەڕاستیدا بەپێچەوانەوە جۆرە مەوداو بەرفراوانییەك بە (من) دەدەن کە پەیوەندییەك لەگەڵ "گەردوون"دا پەیدا دەکا: لای ئالمکڤیست یەزدانییە، لای هێیدنستام گەردوونیو لای مارتینسۆن ئاوازەی گەورەی سرووشت خۆیەتی. ڕەنگە کە ئەم شتانە هەموو بەیەکەوە کۆدەبنەوە، ببنە بەرهەمێکی زۆر شەخسیو هەروەها فەزایەکی بەرفراوانی شیعرییش. بەلای کەمەوە نموونە شیعرییەکەی گۆتە: "ئارامی بەسەر هەموو لووتکەی چیاکانەوە.."مان دێتەوە

یاد، ئەوەی لەوێدا قسە دەکا ئارامیی شەخسیی خۆی بە بەشێك لە هی هەموو سرووشت: شاخ، دارستان، با و باڵندەکان دەزانێ.

خوێنەری ئەو سێ شیعرەی بە نموونە هێنامانەوە، لە کۆتاییدا لەگەڵ بۆچوونەکەی ستایگەردا هاودەنگ دەبێ، کە دەڵێ: زۆر گرانە لە شیعری لیریکی بدوێیتو هەڵیسەنگێنیو لە جوغزێکی سنووردارا کە لەسەر بنەمای هۆو "پرسی مەنتیقی" بەرزبکرێتەوە، نیشانی بدەیتو بینرخێنی. ڕاستییەکەی زۆر ئاڵۆزە بە بەڵگەو سەلماندن لە بەرهەمی لیریکی بدوێی، چۆن مرۆڤ دەتوانێ زمانی ڕۆح شی بکاتەوە؟

❊ ❊ ❊ ❊

لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی پێناسەکردنو تێگەیشتنی قووڵ لە لیریك دراوە، لێرەشدا هەر لە سەرەتادا پەنا بۆ هەمان ڕای ئەرستۆ دەبەین کە دەربارەی لیریك وتویەتیو پێشتر هێنامانەوە کە دەڵێ، شاعیر لەگەڵ دەربڕینی هونەریی خۆی دەمێنێتەوەو هەرگیز ڕووخساری خۆی ناگۆڕێ،.. هەروەها لەم بارەیەوە هیگڵیش دەڵێ: "ئەو (واتە: شاعیری لیریکی) دەتوانێ بە ناخی خۆیدا ڕۆچێو بەدوای ڕاچەنینو بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکدا بگەڕێ، چەق لەسەر ناخی خۆیو ئەندێشەو دڵو گیانی ببەستێ. لێرەدا مرۆڤ (شاعیر) لە ژیانی ناوەوەی خۆیدا خۆی دەبێتە بەرهەمەکە، لەکاتێکدا شاعیری ئێپیك خزمەتی ناوەڕۆکێك دەکات کە پەیوەندیی بەخۆیەوە نییە، بەڵکو بە پاڵەوانەکەیەوەیەتی بە سەرکەوتنیو ئەو کارەساتانەی (لە پاڵەوانەکەی) ڕوودەدەن.." {ئیستێتیکا، بەرگی ٣، ل٥٠١}.

زۆرجاریش دەوترێ ئەوکەسەی تەعبیر لەخۆی دەکات (واتە شاعیر) بەو دەربڕینەی خۆی دەبێتە پاڵەوانی لیریکیی شیعرەکانی. یەکێك لە تایبەتمەندییە دیارەکانی لیریك ئەوەیە کە خوێنەر پەیوەندییەکی گیانیی بەهێزی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شاعیردا پەیدا دەکا، کە لە ئێپیكو درامادا ئەمە ناکرێ.

لیریك- یەکێکە لە شێوەکانی هونەری وشە، یان وردتر بڵێین، هونەری ئاخاوتنی مرۆڤ، کە دەتوانێ تایبەتمەندیی بە ئاگایی کۆمەڵ ئاراستەی ناخی خۆی بکات. یان ژیانو دەوروبەر کاریگەرییان لەسەری هەبێو ببنە هەوێنی هەستو نەستو

بیركردنەوەو ڕامانی و لە وشەو زمانیدا دەریببڕێ. لیریك پێش هەموو شتێك بیركردنەوەو ڕامانی شاعیرە كە بە وشە دەریدەبڕێ، كە دەربڕی ناخو جیهانی ناوەوەیەتی (meditation). هەر لەم ڕووەوە هیگڵ جوان دەستنیشانی كردووە، دەڵێ: "هەرچەندە شیعری لیریكی ڕەنگە بچێتە جوغزی هەلومەرجێكی دیاریكراوەوە، كە لە سنووریدا زاتی لیریكی ڕێگەی پێ دراوە، ناوەرۆكی دەولەمەندو جۆراوجۆر بخاتە هەستو بیرەوە، لەگەڵ ئەمەشدا فۆرمی جیهانی ناخو ناوەوەی {مرۆڤ- شاعیر} هەمیشە جۆری بنەڕەتیی ئەم شێوە شیعرەیە، لەبەرئەمە تابلۆی فراوانی گەورەی بەرچاوی واقیعو دنیای دەرەوە ناگرێتەخۆ". (هیگڵ، ئیستێتیكا، بەرگی ٣، ل ٤٦٠). ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ كە هەرچی شاعیر دەینووسێ بیدەینە پاڵ ژیانی شەخسیی خۆی. ئەو بەرهەمە لیریكییانەی هەن، كوتومت فاكتەی ڕووداو و ویستی دیاریكراوی ژیانی تەنیا شاعیر خۆی نین. بە كورتییەكەی شاعیر لە مرۆڤو ناخی دەدوێ، وەك ڕووخسارێكی مرۆڤانەی جیهانگیرو گەردوونی، كە دەربڕی ئەندێشەی هەموو تاكەكەسێكە..

زۆرجار لیریك لەڕووی ناوەرۆكو بابەتەوە بۆ زیاتر شارەزابوونی بەش دەكرێ، بۆنموونە:

- لیریكی هەستونەست- ئەوەیە كە زیاتر لایەنی هەستو سۆزو ئەندێشە زاڵە بەسەریدا.
- لیریكی بیر- فیكر، كە دەربارەی یەكێك لە گیروگرفتەكانی وجود (بوون)ە.. دەشێ بابەتی گشتیی وەك: وڵات، مرۆڤایەتی، ڕۆژگار، ڕەوشتو ویژدان، هونەرو...هتد بێ.
- لیریكی وەسفی- وەك وەسفكردنی جوانیی سرووشتو مرۆڤ، زۆر بە چڕیو كورتی ئەم بابەتانە لە لیریكدا ڕەنگدەدەنەوە.

شاعیری لیریكی سەركەوتوو وا باسی جوانی دەكات، كە بەرهەمەكە خۆی دەبێ بە جوانی.. جوانیی زمان، جوانیی ئاوازو مۆسیقای شیعرەكە، كە توانای وروژاندنی ناخو ویژدانی مرۆڤیان هەیە.

هەروەها لیریكو مۆسیقا بە زۆر شێوە یەكدەگرنەوە. دەتوانین پێناسەی مۆسیقا بەوە بكەین كە ئاوازێكی ڕێكخراوە، ئەم پێناسەیەش زۆرجار، نەك هەمیشە،

دەتوانین بۆ لیریکیش بکەین. گەورەترین‌و کاریگەرترین جیاوازیی نێوان مۆسیقاو لیریك ئەوەیە کە دەنگی مۆسیقا لە زۆر جوغزی فراواندا، مانایەکی بە یاساو ڕێساو چەسپاوی هەیە. زمانی مۆسیقا بە وشە ڕوون ناکرێتەوە، بەڵکو لە ئاستێکی باڵادا بە هەست‌و سۆزو کەش‌وهەوایەك دێتە پێشەوە، کە بە ڕیتم‌و میلۆدیی دینامیکی کە بە جیاوازی‌و بەش بەش بوونی ئاواز بنیات دەنرێ. لەلایەکی ترەوە زمانی لیریك زۆربەی کات لە وشە پێکدێ لە زمانی ئاخاوتندا، کە یاساو ڕێسایەکی ڕێزمانی‌و واتایی زۆر توندوتۆڵی ڕەچاوکراوی هەیە بۆنموونە وشەی "گوڵەباخ" لە فەرهەنگدا بە درێژی باسکراوەو هەندێك سیفەتی لە وشەکەدا هەن، وەك ئاماژەیەکی زمانی (ناوێکە لە زمانەکانی تریشدا وێنەی هەیە ros، rose) مەبەست لێی یان ئەو دیاردەیەیە کە وشەکە لە دنیای هەستدا ئاماژەی بۆدەکا (سوورە، زەردە)، یان سپییە کە شێوازێکی تایبەتی هەیە کە خۆی بەتەنیا یان لە باخدا دەڕوێ.

## ئێپیکی ( داستانە شیعر )

ئەرستۆ باشترین نموونەی باوو سەرباشقەی ستایلی داستانە شیعری لە شیعرەکانی هۆمیرۆسدا بینیوەو دیاریکردووە. لێرەدا مەبەستمان لە ئامادەبوونی لیریکی (واتە ستایلی لیریکی) نییە، بەڵکو لە نەمریی کەلەپووری ڕابووردووە. "ئیلیادە" و "ئۆدیسا" هەروەك لە کۆندا گوێیان بۆ شل دەکرا، ئێستاو هەتاهەتایە، هەر دەخوێندرێنەوە. هەروەك زۆر شتی تری ئێپیکی کۆن لە شیعرەکانی هۆمیرۆسدا بریسکەی کزی هەندێ ڕووداو بەدیدەکرێن. بەڵام ئەو بریسکانەوەیە بەگوێرەی داب‌ونەریت‌و یاساو ڕێسای ئەدەبی‌و هونەریی ڕازگێڕانەوە بە شێوەیەك داڕێژراونەتەوە تا ئەو ڕادەیەی کە ناناسرێنەوە. هەرگیز ئەم داستانە وەك ڕووداوێکی ڕاستەقینە لە قەڵەم نەدراوە. هەروەها هەر ئەرستۆ خۆی باسی ئەو کارە گەورەیەی هۆمیرۆس دەکاو چۆن شاعیرانی فێرکردووە، کە "بە چ شێوازێکی ڕاستئاسا شتێك بگێڕنەوە، کە ڕاستەقینە نییە".

لە داستانە شیعرییە کۆنەکاندا مرۆڤو ڕووداوەکان بە قەوارەیەکی قەبەکراوو سەروو هێزی سرووشتییەوە نیشان دەدرێن. هێزی پاڵەوانەکان‌و جۆری چەکەکان سەروو ڕادەی هۆش‌و ئەزموونی مرۆڤن.

شیعری هۆمیرۆس هێدی هێدی و بە کاوەخۆ وەسپی ساتەکان دەکات‌و دیمەنەکان هەریەکەیان لای خۆیەوە گەشە دەکات‌و شێوازی تایبەتی‌و جێگەی خۆیان لە چوارچێوەی گشتیی داستانە شیعرییەکدا وەردەگرن. هەر ئەم کارەشە ستایگەر لە پێناسە ڕەخنەییەکەیدا ڕوونیکردۆتەوە: "چەمکی ڕاستەقینەی بونیادی داستان، بریتییە لەوەی کە بەشە سەربەخۆکانی چ بچووك‌و چ گەورە، بەشێوەیەکی ئاسایی دەخرێنە پاڵ یەك. ئەم زیادکردنەش هەمیشە بەرەوپێشەوە دەڕواو پەرەدەستێنێ".

هەروەها ئەو یەك شێوەیی‌و هاوکێشییەش کە نیشانەی ستایلی داستانن لە شێوازی گێڕەرەوەکەدا دەردەبڕدرێ‌و هەستی پێدەکرێ. "هۆمیرۆس ڕاست دەبێتەوە" بۆئەوەی لەگەڵ ستایگەردا بدوێ، لەناو زریانی ڕووداوەکانەوە دێتە دەرێ‌و لەبەردەم شتەکاندا بێ ئەوەی سەردانەوێنێ، سەرکەشانە ڕادەوەستێ. ئەو لە ڕوانگەیەکی دیاریکراوو چەسپاوەوە دەیانبینێ. ڕوانگەیەکە کە لە کێشی شیعرەکەی {هۆمیرۆسدا} چەسپاوەو پێناسەیەکی باوەڕپێکراوی دەداتێ، کە لە ڕەوتی ڕووداوەکانی دواتردا دێتەدی. شاعیری داستانەکە لە فەزای داهێنانی ڕانراوی خۆی پەشیمان نابێ. مانای ئەوەش نییە کە دەنگێکی بە تەواوی ونی پشت پەردەی بەرهەمەکەی بێ. وەك ڕازگێڕەوەیەك هۆمیرۆس ناوی خۆی دێنێ، بۆنموونە لەو کاتانەدا کە داوای سرووش دەکا، یان لەکاتی نزاکردندا لە خودا. بەڵام ئەمەش وەك ئەرکێك خراوەتە ئەستۆی‌و دەبێ بەوشێوەیە بیلێ. ئەم خۆی وەك نامەبەرێك، وەك ئەوەی ڕاپۆرتنووسێکی ڕۆژگارە کۆنەکان بێ، بەشێوەیەکی وا دەکەوێتەوە، کە جێبەجێکەری فەرمانێکی سەرەوەی خۆی بێ‌و هیچ بەخۆیەوە پەیوەندنەبێ. ئەمەش ڕانانی مۆنۆلۆگی نووسەرێك نییە، باوەڕبوونی نووسەر نییە بە تاکە خوێنەرێك، ئەم گوێگرێکی زۆر، جەماوەرێکی فراوان بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێ.

ئەم تابلۆیەی دەربارەی "داستانە شیعر" لێرەدا کێشامان، تەقریبەن لەگەڵ جۆری شیعری گۆرانیبێژی وەك هۆمیرۆسدا ڕێکدەکەوێ. ئەو شێوە ڕازگێڕانەوەیە، زۆر لەمێژە وەك شێوەیەکی شیعری، کۆن بووە. لەگەڵ ئەوەشدا ناوبەناو لە ڕۆژگاری تردا وەك لە شیعرەکەی (ڕۆنەبێرگ) ڕاوچیی کەڵەکێوی لە ساڵی ١٨٣٢دا ژیاوەتەوە. ئەدەبی داستانی ئەمڕۆ بەگیانی هونەری ڕازگێڕانەوەوە دەنووسرێتەوە، بەڵام ئەم جۆرە داستانە بەشی زۆری بە پەخشان: ڕۆمان، چیرۆك..هتد دەنووسرێتەوە.

****

ئێپیك له واقیعو ژیانداو له ناكۆكیی نێوان خه‌ڵكدا، له ده‌وروبه‌رو كه‌ش‌وهه‌وای جیاو لایه‌نی جیاوازدا، له په‌یوه‌ندییه كۆمه‌ڵایه‌تی‌و شه‌خسییه‌كاندا ده‌رده‌كه‌وێ‌و تایبه‌تمه‌ندیی جیاوازی هه‌یه. دانه‌ری ئێپیك جه‌خت له‌سه‌ر ناكۆكیی ژیانی كه‌س‌و لایه‌نه كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان ده‌كات، به‌هه‌موو وزه‌و توانای ده‌ربڕینی هونه‌ریی خۆی ده‌یه‌وێ كه‌سایه‌تی‌و جه‌وهه‌ری ڕاسته‌قینه‌یان ده‌ستنیشان بكات. به یارمه‌تی ئه‌و ململانێ‌و ناكۆكییه‌ی هه‌یه، دانه‌ر ده‌توانێ كه‌سایه‌تی‌و هه‌ڵسوكه‌وتی پاڵه‌وانه‌كانی بنه‌خشێنێ. لێره‌شدا ڕوانگه‌ی فیكریی دانه‌ر ده‌وری كاریگه‌ری له چۆنیه‌تیی مامه‌ڵه‌كردندا له‌گه‌ڵ ئه‌م كێشانه‌و چاره‌سه‌ركردنیاندا، هه‌یه.

ئێپیك‌و دراما هه‌ندێ شتی هاوبه‌شیان هه‌ن‌و له لیریك جیاده‌بنه‌وه. ئه‌مانه به‌ربڵاون‌و زیاتریان به به‌ره‌وه هه‌یه، ڕووداویان تێدایه كه به كات‌و شوێندا بڵاوده‌بێته‌وه. له‌م كه‌ش‌وهه‌وایه‌دا كه‌سایه‌تی ده‌رده‌كه‌ون‌و په‌یوه‌ندی‌و هه‌ڵسوكه‌وت‌و ئه‌ندێشه‌یان ڕه‌نگده‌ده‌نه‌وه. هه‌رچه‌نده ئێپیك‌و دراماش هه‌ر به خامه‌ی دانه‌ر دێنه ناو، به‌ڵام زۆرجار خوێنه‌ر لای وایه كه ئه‌و ڕووداوانه‌ی ڕووده‌ده‌ن‌و ئه‌و كه‌سایه‌تییانه‌ی وێنه‌یان كێشراوه، هیچ په‌یوه‌ندییه‌كیان به ئاره‌زوو و خواستی نووسه‌ره‌كه‌وه نییه، له‌به‌رئه‌مه، دوور نییه گه‌لێ جار به هه‌ڵه بۆچوونێكی وا لای خوێنه‌ر دروست ببێ، كه وابزانێ ئێپیك و دراما ته‌واو بابه‌تین.

ده‌قی دراما وه‌ك ئێپیك گێڕانه‌وه نییه، به‌ڵكو گفتوگۆو قسه‌ی پاڵه‌وانه‌كان‌و هه‌ڵسوكه‌وتیانه كه له كه‌ش‌وهه‌وایه‌كی دیاریكراودا ڕووده‌ده‌ن‌و به‌رهه‌مه‌كه ده‌رده‌خه‌ن. نووسه‌ر هه‌ر ده‌وری سازدانی بابه‌ته‌كه‌ی هه‌یه.

له كۆتایی سه‌ده‌ی هه‌ژده‌یه‌م‌و سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی نۆزده‌یه‌مدا، له زانستی جوانیناسی ئه‌ڵمانیدا له كاره‌كانی شێلله‌رو گۆته‌و به‌تایبه‌تیش هیگڵدا ئه‌م شێوانه‌ی ئه‌ده‌ب باسكراون. هه‌روه‌ها ڕه‌خنه‌گری ناوداری ڕووسیش بیلینسكی، ساڵی ١٨٤١، به سوودوه‌رگرتن له هیگڵ باسی دوو چه‌مكی فه‌لسه‌فی: "كه‌سی" و "بابه‌تی" كردووه. بیلینسكی ده‌ڵێ: "شیعری ئێپیكی بۆ خۆی به‌و په‌یوه‌ندییه‌وه كه هه‌یه‌تی به شاعیرو خوێنه‌ره‌وه بابه‌تییه".

له ئێپیكدا هەست بەو دەورە ڕاستەوخۆیەی شاعیر ناكەین، جیهان بەشێوەیەكی گونجاو لەخۆیەوە گەشە دەسەنێت، هەروەك ئەوەی شاعیر چاودێریكەرو ڕازگێڕەوەی هەندێ ڕووداوبێ كە لە خۆیانەوە ڕوودەدەن. هەر زۆر زوو، ئەرستۆ ئەمەی دەستنیشان كردووەو دەڵێ: "شاعیری ئێپیكی باسی ڕووداوێك دەكات، وەك شتێك كە پەیوەندی بەخۆیەوە نەبێ". هەمیشەش لە ئێپیكدا لەنێوان كاتی ڕوودانی ڕووداوەكانو نووسینەوەیاندا ماوەیەك هەیە. بەواتایەكی تر داڕشتنەوەی ڕووداوێكی ڕابووردووە لە بەرگێكی هونەریدا. یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی تری ئێپیك وەسپە، وەسپی سرووشتو دەوروبەرە، هەروەها وەسپی ڕواڵەتی دەرەوەی پاڵەوانو دەربڕی هەستو نەستی ناخیەتی.*

## دراما ( شیعری شانۆیی )

هەر ئەرستۆش ناوو تایبەتمەندیی درامای دیاریكردووە، بۆ پێناسەی جەوهەری دراما، تراژیدیای پڕ ژیری، وشەی "Ka`tharsis" ی یۆنانی بەكارهێناوە، كە بەشێوەی جیاواز لێكدەدرێتەوەو زیاتر مەبەست لێی ترسو پاكبوونەوەیە.

دراما لاساییكردنەوەیەو وێنەی گێراوی مەبەستی جددی هەڵوێستێكە، دوای كێشمانێكی دیاریكراو تەواوبووە. بەزمانێكی شیرین، بەرەچاوكردنی كەسایەتییەكانی هەمەلایەنەی تراژیدیاكە، لاساییكردنەوەكە دەگۆڕدرێ، بەڵام بەشێوەی گێڕانەوە پێشكەش ناكرێ، بەڵكو لەئاكامی هەڵسوكەوتی كەسایەتییەكاندا كە هەستی ترسو هاوخەمیو پاكبوونەوەیان هەیە، لەئەنجامی ئەو دەورانەیاندا دێتە كایە.

خاڵی بزێوی ئەم پێناسەیە، مەبەست لاساییكردنەوەیە لە درامادا، لەڕێگەی مرۆڤە دەوربینەكانەوە ڕوودەداو ئاشكرایە هەر بەهۆی ئەوانیشەوە ئەنجام دەدرێ. هەر ئەم خاڵەشە پێش هەموو شتێك دراما لە ئێپیك جیادەكاتەوە، ئەم پێناسەكردنە: "لەخۆیدا هەڵوێستێكی تەواوبووە"، بەلای زۆرەوە باس لە جیاوازییەكی تر دەكات، وەك یاسا، ئێپیك بونیادێكی "زیادبوون"و "كراوەیی" بەبەرەوە هەیە، بەڵام هونەری

---

* لە ئەستێرەكانی ناوەڕاستی ل(٤٤)، تا ئیپێكی و لە ل (٤٨)ەوە تا دراما زانیاریی سەرچاوەكانی پێشەكییەكەن.

دراما ئاستێکی بەرزی ئاڵۆزیو تێکڕژانو تەواوبوونی هەیە. ستایگەر "ستایلی دراما" لەژێر کلیله وشەی گرژیدا دادەنێو پێی وایە شیعری دراما "لەم ڕووەوە" پێچەوانەی ئێپیکە، چونکە ئەم بەلێکدانی بەشە جیاجیاکانی پێکدێت.

لەدرامادا پێویستە پێشەکی هەموو بەرهەمەکە ڕوون بێو شاعیرەکە بەشە هونەرییەکانی دیاری کردبێو شتەکان ئامادەبن، نووسەرەکە (شاعیرەکە) خاڵێك دیاری دەکاتو لەوێوە شتەکان بڵاودەبنەوە، دواتر ئەوەش ڕەچاودەکات کە چۆن هەموو شتەکان ئاڕاستەی ئەو خاڵەبنو ڕووەو ئەو ببنەوە*.

## هەندێ تایبەتمەندی تری دراما

کەسایەتییەکان، ئەکتەرەکان لەڕانانی درامادا دەوردەبینن، قسەو هەڵسوکەوتیان بەبێ ئەوەی نووسەر خۆیان تێهەڵقورتێنێ، بەرهەمەکە دێنێتە ناو. لێرەدا گێڕانەوەی وەسپی نییە. قسەی نووسەر لە درامادا، لە دەرەوە نییە، بەندە بە دیمەنەکانەوەو یارمەتیدەریانە. لە درامادا شوێنو کاتو کەسایەتییەکان زۆر گرنگن، هەروەها جاروبار زۆر بە کورتو چڕی کەسایەتییەکان ڕوون دەکرێنەوە.

بنەڕەتی دەقی دراما- زنجیرەی دیالۆگ (گفتوگۆ)و مۆنۆلۆگ و هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکانی دراماکەیە. هەر لێرەشەوە ئەو سنووردارییە دەردەکەوێ، کە نووسەری دراما هەیەتیو تەنیا بەشێکی دەسەڵاتی ئامێری دەربڕینی ڕۆماننووسو داستاننووسو چیرۆکنووسی هەیە.

کارکتێری ناو دراما بەشێوەیەکی زۆر فراوان ناکرێتەوە، لەبەرئەمە نووسەری دراما بەپێچەوانەی هی ئێپیکەوە دەبێ سنوورێکی زۆر تۆکمەو چڕو ماوادار بۆ تێکستەکەی دابنێ، بەقەد ئەوەی هونەری دراما دەیەوێ.

---

* هیگڵ ویستوویەتی چەمکە (سیانییەکە)ی خۆی لەپێناسەکردنی درامادا بخاتە کار. ئێپیكو لیریك دوو شێوەی بنەڕەتیی هونەری وشەن، کە لەلایەنی هەندێ ناوەرۆکەوە دژایەتییان هەیە، ئەی دراما لەکوێی ئەم دوو شێوەیەدا دەوەستێ، کە بەسێیەمین شێوەی هونەری دەربڕین دادەنرێ؟ هیگڵ ئاوا ڕوونی دەکاتەوە: تێز- ئەنتی تێز- سینتێز: لیریك- ئێپیك- دراما، {بڕوانە: هیگڵ، سەرچاوەکانی پێشەکییەکە}. هەرچەندە سینتێزی ئەم موعادەلەیە دەشێو گونجاوترە: لیرۆ- ئێپیکی بێ کە ژانرێکی شیعرییە.

تایبەتمەندییەکی دراما هەیە، کە لەچاو نووسەری چیرۆكو رۆماندا، هێزو گورێکی تایبەت دەدا بە نووسەرەکەی، ئەویش ئەوەیە هەموو دیمەنو ساتێکی دراما توندوتۆڵ بەستراون بەیەکەوەو تێکدەرژێن. ماوەی دراما نە کورت دەکرێتەوە نە درێژ، کاتی درامای ئەورووپایی لە ٣-٤ سەعات زیاتر ناخایەنێتو دەبێ دەقێکی ئاوای بۆ ئامادەبکرێت. کەسانی ناو دراماکە قسەو گفتوگۆیان- بەبێ ئەوەی هیچ بەینێکی بکەوێ- تەواو دەکەن. بەوتەی درامانووسی گەورەی رووس ستانسلاڤسکی، لە درامادا قسەی ئەکتەرەکان هێڵێکی چەسپاوو پچرپچرنەبووە.

ئەگەر لە ئێپیکدا رووداوەکان هی رابووردوو بن، ئەوا دیالۆگو مۆنۆلۆگی دراما هی کاتی ئێستان. لێرەدا ژیان خۆی قسەدەکا، بینەر راستەوخۆ دراماکە دەبینێو پێویستی بە کەسێکی تر نییە. وەك ئەوە وایە رووداوە راستەقینەکە لەبەرچاوی بینەر رووبدات.

شاعیری ناسراوی ئەڵمانی ف.شێللەر دەڵێ: "هەموو شێوەکانی ئێپیك ئێستا دەبەنەوە رابووردوو، بەڵام دراما رابووردوو دەکا بە ئێستا".

لە درامادا بیرێکی چڕ لە شێوەیەکی زۆر تۆکمەو دیاریکراودا دەردەبڕدرێ. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی تری دراما ئەوەیە پاڵەوانەکان رووی دەمیان لە هۆڵێکی پڕ لە خەڵکە. لەبەرئەوە وەك دەڵێن: "ناتوانی ببیتە درامانووس، ئەگەر خاوەنی زمانێکی بەهێزی ئەدەبی نەبیت."

هەروەها بەهرەو لێهاتوویی کەسەکان لە چۆنیەتیی دەوربینینو هەڵسوڕانیاندا لەسەر شانۆ بەشێوەیەك کە کار لە بینەران بکات لە درامادا گرنگن. تەنانەت جاری وا هەیە لێهاتوویی ئەکتەرەکان لەوەش کە دەرهێنەر بۆی دیاریکردوون تێدەپەڕێ. واتە: ئەمان بەشێوەیەکی وا داهێنەرانە دەورەکەیان دەبینن، کە تایبەتە بە وزەو توانای خۆیان نەك دەرهێنەر. زۆرجار نووسەری دراما لەرێگەی پاڵەوانەکانیەوە دەیەوێ هەندێ لایەنی شاراوەی ژیان دەربخاتو روونبکاتەوە، یان ژیریو هەندێ کێشەی دەروونی بخاتەروو.. مۆنۆلۆگی پاڵەوانەکان کە بە تەنیا لەسەر شانۆنو قسە دەکەن، دیدو هۆشی بینەر لە ئاست کۆمەڵێ گرێکوێرەو گرفتەکانی ژیاندا دەکاتەوە.

دراما دەربڕی دڵەڕاوکەو گرفتە دەرەکییەکانی سەر شانۆی پاڵەوانەکەو ئەوانەی دەروونیشیەتی. لە کاتو شوێنێکی، لە چاو خۆیدا، سنووردااردا دراما ڕووداوی زۆری تێدا جێگە دەبێتەوە.

گرژیو ئاڵۆزی هەمیشە تایبەتمەندیی هەموو جۆرەکانی درامان، بەتایبەتی تراژیدیا کە دەربڕی ململانێو کارەساتە ناخۆشەکانە. یان لە کۆمیدیادا کە زیاتر گیانێکی ڕەخنەگرانەی گاڵتەجاڕانەی هەیە. ئەڵبەتە جۆری دراماکان جیاوازییان هەیە، هیگڵ باسی ئەوەی کردووە، کە: "ململانێو پێکدادان تایبەتمەندیی بنەڕەتیی هونەری درامایە. هەر ئەم خاڵەش زیاتر سەرنجی بینەر ڕادەکێشێ". هەر لەم ڕووەوە شێللەر دەڵێ: "پێداویستیی مرۆڤ درامای هێنایە ناو بۆئەوەی کە خۆی لە حاڵەتی جۆشو خرۆشدا ببینێ".

دراما هەر لە سەردەمی کۆنی یۆنانەوە کراوە بە (٥) بەشەوە. بێگومان بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بەشەکانی کراوەو تا ماوەیەکی زۆریش ئەمە پەیڕەودەکرا. بەڵام دواتر لە ئەدەبی ئەورووپاییدا کرا بە (٤) یان (٣) بەش. هەرچەندە جاروبار لادان لەم شێوازەش هەبووە. پییەسەکانی شکسپیر (١٥٦٤-١٦١٦) دواتر بەش بەش کران.

دیارە دیالۆگو مۆنۆلۆگ دوو ڕەگەزی گرنگی درامان. ئەگەر دیالۆگ لەڕێگەی گفتوگۆی ئەکتەرەکانەوە هەندێ لایەنی دراما پێکبێنێ ئەوا مۆنۆلۆگیش تەواوی دەکاو دنیای ناوەوەو ناخی ئەکتەرەکانمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە. زمان دەورێکی کاریگەری هەیە لە خەملاندنی ئەم دوو ڕەگەزەدا، زمان دەبێ زیندووبێ، سەرنجی بینەر بۆلای خۆی ڕابکێشێو دەربڕی ژیریو زوو هاتنە گۆش بێ.. واتە زمان دەبێ بە ناسکبێژیو نەستەقی بینەر بورووژێنێ.. هەروەها هەندێ جار (کۆرس) بەکاردێت، کە لایەنێکی بونیادی شانۆیە. بێجگە لەم ڕەگەزانەی باسمانکردن بزواندنی ئەندامی لەشو هەڵسوکەوتی بێدەنگی ئەکتەر دەورێکی دیاری هەیە لە شانۆگەریدا، کە بە "پانتۆمیم" ناودەبرێ، زۆرجار مۆسیقاو ئاوازەکە دەورێکی ترو مەودایەکی تر دەدەنە جموجووڵی ئەکتەرەکان. دەقی درامای نووسراو دەخرێتە سەر شانۆ، هەندێ جار سیناریۆش لە بەرهەمی تری وەك ڕۆمان.. بۆ شانۆشو بۆ سینەماش دادەڕێژدرێ،

دراما لای ڕەخنەگرو ئەدەبناس‌و توێژەرەوەکان یەکێکە لە هونەرە هەرە بەرزو نەمرەکانی مێژووی مرۆڤایەتی.*

## شیعری فێرکردن ( دیداکتیکی )

ئەم وشەیە didaktos یۆنانییەو مانای فێرکردن، فێرکاری دەگەیەنێت. ئەم بەشەی ئەدەب بیری فەلسەفی، ئاینی، ئەخلاقی‌و زانستی لە فۆرمێکی ئەدەبیدا پێشکەش دەکا.

شیعری پەروەردەیی‌و فێرکردن، لە تیۆریی ئەدەبی ڕۆژگارێکی دواتردا وەك بەشی چوارەمی بنەرەتیی شیعر دەستنیشان دەکرێت. خۆی ئەمە جۆرە مانایەکی لاوازی پێوە دیارە. دەبوایە لەمەوپێش لە باسی "ئەدەبی داهێنان"دا ئەوە بخرایەتە ڕوو، کە ناشیٚ‌و سەختە هێلێك لەنێوان ئەدەبی هەست‌و سۆزو هی پراکتیکیدا بکێشین‌و جیایان بکەینەوە. بیٚ بنەماش نییە، ئەگەر بڵێین شیعری فێرکاریش وەك هەر شیعرێکی تر، زانیارییەکمان دەداتیٚ‌و هەڵگری جۆرێك لە هەڵوێستی ئەخلاقییە. لەگەڵ ئەمەشدا شیعری فێرکاری لەڕووی هونەری شیعرییەوە، لە هەموو حاڵەتێکدا وەك ئەو سیانەی تر {واتە: لیریك، ئێپیك، دراما} نییە.

هەروەها ڕوانینێکی یەك لایەنەش دەبێت ئەگەر زاراوەی شیعری فێرکاری بەشێوەیەك بەکاربهێنین، هەموو ئەو بەرهەمانە بگرێتەوەو تێی بترنجێنین، کە سەرتاپای یاساو ڕێساکانی هەڵگری خوو و ڕەوشتی زانیاری بن. نموونەیەکی دێرینی ئەم جۆرە شیعرە، شیعری "بەرهەم‌و ڕۆژەکان" (٨٠٠ ساڵ پ.ز)ی هیسیۆدۆسی یۆنانییە، کە شیعرێکە بەگیانی ڕەوشت بەرزی‌و ئامۆژگاریی ڕۆژانەوە بۆ هاووڵاتیانی نووسراوە. لەناو شاعیرە لاتینەکانیشدا ڤێرگیلیۆس بەرهەمێکی لەم بابەتەی دانا، کە دەربارەی پیشەی کشتوکاڵییەو کاردانەوەی ئەخلاقیی تێدا کۆکراوەتەوە. لوکریتۆسیش کە هاووڵاتییەکی لاتین بووە، شیعرێکی دەربارەی "سرووشتی شتەکان" نووسیوە، کە بەشێوەیەکی وردو ڕوون فەلسەفەی مادیی شیکردۆتەوەو لێی دواوە.

* ئەم بەشەش "هەندیٚ تایبەتیی تری دراما" هەر سەربە سەرچاوەکانی پێشەکین.

هەروەها لە دەورانی کۆنی ولاّتانی باکوور (ئەسکەندناڤی)دا شیعری فێرکاری هەبووە. بۆنموونە بەرهەمێکی هاڤامالّ "وتەی هەر بەرز" هەیە کە باسی حیکمەتی بیرکردنەوە دەکات. ناودارترین شیعری سویدیی سەردەمی ڕێنیسانس (وریابوونەوەش)، شیعرێکی ستیرنهێلّمە، بە وتەیەکی تر، لە سەردەمی کلاسیکیشدا شیعری فێرکاری هەیەو کەم نییە. هونەرەکە لەگەلّ بەهای بەرزی شیعری ڕۆژگارەکەیدا باش ڕۆیشتووە.

لە ئەدەبی فێرکاریی کلاسیکیی ئینگلیزیدا بەرهەمێکی ئەلیکساندەر پۆپ هەیە بەناوی "وتارێك دەربارەی مرۆڤ"، کە تیایدا دانەر سەرنجو ڕوانگەی ژیانی ڕۆژگاری خۆی بە شیعری ئاسایی دەربڕیوە. لەناو شاعیرە کلاسیکییەکاندا لیۆپۆلدیش بەشێوەیەکی زۆر ساکار بۆچوونە ئەخلاقییەکانی خۆی لە شیعرێکدا بەناوی: "ئامۆژگاریی ئاینی خوێن"ەوە دەربڕیوە.

شێوەیەکی باوو دیاری شیعری فێرکاری ئەو ڕازانەن کە پڕن لەپەندو ئامۆژگاریو بەزمانی بالّندەو گیانلەبەرانەوە دەنووسرێنەوە. ئەگەر سەرنج بدەین ئەمیش وەك جۆرێکی تایبەتیی شیعری فێرکاری پەیدابووەو شێوازێکی دیاریکراوی وەرگرتووە.

لەکۆتایشدا لەجێگەی خۆیدایە ئەوە وەبیربهێنینەوە، کە زۆرجار هەولّی بلاّوکردنەوەی بەندوباوی ئەوە دەدرێ، کە ئەدەب لەتاقە ڕوانگەیەکی ڕابەرانەدا کۆبکەینەوەو هەموو ئەدەب بکەینە دەشتی ململانێی بازوونیشاندانی دوو جەمسەری دژ بەیەك، نزیکترینو شیاوترین نموونەش لەم بارەیەوە وتارە بەناوبانگەکەی شێللەرە (دەربارەی شیعری ساکارو عاتیفی ١٧٩٥- ١٧٩٦). ئەم پێی وایە هەموو شیعری ئانتیك {واتە یۆنانو ڕۆمان} بەشێوەیەکی سەرەکی "ساکار"ەو پەیوەندییەکی نزیكو بێ زۆر لێکردنی بەواقیعەوە هەبووە، بەلاّم ئەم شیعرە تازەیە بەپێچەوانەوە، تا ئاستێکی دیار "سۆزدار"ەو ئەو پەیوەندییە زۆر ڕاستەوخۆیەی بەواقیعەوە نییە، لەبەرئەوە گیانی نامۆییو هەستی بشێویو لەدەستچوونی تێدایە. (مەبەستمان لە سۆزداری زیاتر دلّناسکیو هەنۆیینیو گرینۆکییە). ئەوەی شێللەر دوورە لەو سۆزدارییەوە کە ئێمە باسی دەکەین، ئەوەی ئەو هەلّوێستێکی تایبەتە لەبەردەم هەلومەرجێکی دیاریکراودا. ئەو شاعیرە ساکارەیش کە لەدنیاکەی خۆیدا بەدلّنیاییەوە

پاڵی لێداوەتەوە، دەتوانرێ بەڕیالیست بژمێردرێت. ئەو شاعیرە سۆزدارەش کە ئیدیالیست بوو لە وەڕسیدا خۆی دەکێشایەوە، لەئێستا دوورکەوتبۆوە.

لای شێللەر ئەمە مەسەلەیەکی مێژوویی نەبوو لەنێوان ئانتیکو سەردەمی تازەدا، بەڵکو بەلای زۆرەوە جیاوازی بوو لەنێوان شاعیری جیاجیادا. (گۆتە) کە دە ساڵ لە (شێللەر) گەورەتربوو، شاعیری ساکاری بەشێوەیەکی جیاواز هەڵدەسەنگاند، کە لەخۆیدا زیاتر سۆزدارە، بۆچوونەکەی شێللەر وامان لێ دەکات کە لەڕوانگەیەکی فانتازییەوە سەیری ئەدەب بکەین، بەڵام بەکەڵکی ئەوە نایەت کە حسابی تیۆریای دەربارەی ژانرەکانی ئەدەب بۆ بکەین.

## ژانرەکانی شێوە بنەڕەتییەکانی
## شیعر- ئەدەب

وشەی ژانر لە genre ی فەرەنسییەوە هاتووە، بەمانا جۆر، چەشن، ڕەگەز، توخمی ئەدەبی. وەك چۆن لەسرووشتدا توخمی بایۆلۆجی هەیە، ئاواش لەئەدەبدا. هەندێ لە ڕەخنەگرەکان پێیان وابوو، کە دەبێ ژانر "پاك" بێ، واتە تێکەڵی هیچ جۆرێکی تری ئەدەب نەبێ، بۆ نموونە تێکەڵکردنی تراژیدیو کۆمیدی. هەروەها لایان وابوو کە دەبێ یاساو ڕێساکانی بونیادو ستایڵو دەربڕینی هەستو ئەندێشەی هەر ژانرە جیابێ لە ژانرێکی تر..

ژانر بەوەدا دەناسرێتەوە کە سەر بە کام لە شێوە بنەڕەتییەکانی وەك: لیریك، ئێپیك، دراما..هتدە لەناو ئەم شێوانەشدا ئاخۆ شیعرە یان پەخشان؟ بێجگە لەمەش زمانو بونیادو تەوەرەی ژانرەکە گرنگەو تایبەتمەندییەکە درووست دەکات، بۆنموونە لە شیعردا کۆپلێتە، لە چیرۆکدا تەوەرەو گرێیەکە..

میخائیل باختین دەڵێ: "ژانر- بیرخەرەوەی داهێنانە لە پرۆسەی گۆڕانی ئەدەبدا". زاراوەی ژانر هەمیشە لای مرۆڤ جۆرە سەرنجێك پەیدادەکات، چونکە تایبەتمەندیی هەر ژانرە جیایە لەوی تر.. کە دەڵێین: بەرهەمی "پشکنەر"ی نووسەری ناوداری ڕووس گۆگۆل کۆمیدیایەکە لە پێنج دیمەن- پەردەدا، ئیتر دەتوانین بزانین کە ئەو بەرهەمە شانۆییەی گۆگۆل چییەو چۆنە؟ چەمکەکانی ژانر لە پرۆسەی ئەدەبیدا

پابەندی تایبەتمەندیی یاساو ڕێسای هونەریی قۆناغێکی مێژوویی دەستنیشانکراون. لە قۆناغە دێرینەکاندا هۆش‌و بیری نووسەر هێواش بەرەو پێشەوە دەچوو، لەبەرئەوە سیستێمی ژانری ڕۆژگاری کۆن هێدی هێدی دەهاتە ناوو زۆر ئالۆزو تێکچڕژاو بوو، دەچەسپا، بە پێچەوانەی سەردەمی نوێوە، لەبەرئەوە لە کۆندا ژانر یاساو ڕێسایەکی چەسپاوو سەپێنراوی هەبوو، کە نەدەکرا لێیان لابدەیت‌و تێکەڵی یەکیان بکەی.

بەڵام دواتر ڕۆمانسییەکان چوارچێوەی سیستێمی کلاسیکییان شکاندو ئازادییەکی تەواویان دا بە کەسایەتیی مرۆڤو هێزی دەربڕینی هونەری‌و ئەو پابەندی‌و دیسپلینەیان بە یاساو ڕێسای کلاسیزمەوە نەما. بۆیە هەندێ ژانری وەك: ئۆدەی کلاسیکی، پۆیەمای پیاهەڵدانی پاڵەوانان،...هتد جێگەیان بۆ هەندێ ژانری تری وەك: ئیلێگی elegi، بالاد ballad، ژانرەکانی لیرۆ- ئیپیکی چۆڵکرد. مەبەستمان ئەوەش نییە، کە ڕۆمانسییەت پابەندی هیچ سیستێم‌و داب‌و نەریتێکی هونەری نەبووە، بەپێچەوانەوە، پابەند بووە، بەڵام بە یاسای تازەوە. هەروەها ڕیالیزمیش هەوڵی گەشەپێدانی ژانری داوەو لە ئەدەبی سەدەی XIX یەمدا، هەڵوەشاندنەوەو نوێکردنەوەی ژانرەکان ڕوویانداوە. لێرەدا ئێمە باس لەو ژانرە ئەدەبییانە دەکەین.

## ژانرەکانی ئێپیك

### بەرهەمی ئێپیکی- لیرۆئیپیکی

دابەشکردنی بەرهەمی ئەدەبی بەسەر ژانرەکانیدا هەر پابەندی ئەوە نییە کە سەر بە کام لەو سێ شێوە بنەڕەتییەی ئەدەبە، بەڵکو قەبارەو بونیادی چۆنیەتیی ناوەرۆکەکەشی زۆر گرنگ‌و بە بایەخە. هەندێ لە شێوەکانی ئەدەب زۆر لەمێژە هەبوون، لەو کاتانەدا کە هەر ئەدەبی زارەکی هەبوو، بەڵام جۆرەکانی تر دواتر داهێنران. لە پرۆسەی مێژوویی گەشەسەندنی ئەدەبدا هەندێ گۆڕانی بنەڕەتی ڕوویاندا: لەڕووی شێوازەوە ئالۆزو لە ناوەرۆکدا دەوڵەمەند دەبوون. هەروەها ژانریش لەڕووی دابەشکردنەوە هەندێ گۆڕانی هەمەڕەنگی بەسەردا هات، لەباتی هەندێ ژانری سەرەکی هی تر پەیدابوون. ئەو ژانرە ئەدەبییانەی ئێمە ئەمڕۆ لە ئەدەبدا دەیانبینین، ئەنجامی پرۆسەیەکی دوورودرێژی گۆڕانی ئەدەبین. لێرەدا ئێمە بەکورتی لە ژانری ئێپیکی‌و لیرۆئیپیکی دەدوێین.

هۆش‌و ئاوەزای مرۆڤی قۆناغە سەرەتاییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی تێکەڵبوون، واتە هێشتا شەقڵ‌و شێوازی سەربەخۆیان وەرنەگرتبوو، لەیەك جودا نەبووبوونەوە: هونەر، ئاین، ڕەوشت‌و زانست، هەندێ لە شێوازەکانی تری هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دواتر سەربەخۆییان وەرگرت.

سرووشتی ئامێتەیی لە هونەری وشەشدا هەبوو، بەشێك بوو لە کارو جەنگ‌و ژیانی ڕۆژانەو داب‌و نەریت‌و جەژن‌و بۆنە ئاینییەکان. تێکەڵاویی ژیانی سەرەتایی مێژووی مرۆڤ ئاسەواری ئەفسانەو ڕازە کۆنەکانی پێوە دیارە، کە دەربڕینێکی بەرزی بۆچوونی مرۆڤە سەرەتاییەکان‌و هەڵوێستیان بوو لە دەوروبەری خۆیان. ئەم ئەفسانانە باسی یەزدان‌و پاڵەوانە نەمرەکان‌و چۆنیەتیی پەیدابوونی دونیاو ئەو کارە نائاساییانەی هێزەکانی سرووشتن. هەروەها دەستەوسانی‌و بێ دەسەڵاتیی مرۆڤ‌و نەزانینی یاساو نهێنییەکانی سرووشت‌و کۆمەڵیش هاندەری بوون بۆ جۆش‌و خرۆشی گەڕان بەدوای هەڵهێنان‌و دۆزینەوەی ئەو یاسایانەدا، بۆئەوەی سرووشت‌و کۆمەڵ بهێنێتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوەو بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریان بهێنێ.

باشترین نموونەی زیندوو کە گەیشتۆتە ئێمە، ئەفسانەی یۆنانیی کۆنە. هەر ئەو کەلەپوورە بەجێماوەش بووە بە بنەمای گەلێ لەو ژانرە ئەدەبییانەی کە دواتر داهاتوون. لەسەرەتادا ئەم کەلەپوورە ماوەیە بووە هۆی گەشەسەندنی ژانرە ئەدەبییەکان لە یۆنان‌و دواتریش لە وڵاتە ئەوروپاییەکان.

هەروەها جۆرە (ڕازێك) هەبوو کە نزیك بوو لە ئەفسانەوە، پەنای دەبردەبەر خەیاڵ‌و فانتازیا بۆ دەربڕینی ڕووداوەکانی ژیانی واقیعی مرۆڤ. نموونەیەکی دیاری ئەم ژانرەش شەڕی نێوان سپارتاو ترۆیایە کە لە سەدەی دوانزەیەمی پێش زاییندا ڕوویداوە. ئەم ڕووداوانە بەشێوەی (پۆیەمای ئێپیکی) لەلایەن گۆرانیبێژە گەڕۆکەکانەوە دەربارەی سەرکەوتنی پاڵەوانەکان، بەشێوەیەکی زیاد پێوەنراو ڕێکدەخران. زۆرجار بەم ژانرەیان وتووە: "گۆرانیی پیاهەڵدانی پاڵەوانان".

لەسەر بنەمای ئەفسانەی کۆن‌و ڕازو گۆرانیی پاڵەوانانە، یەکەمین پۆیەمای ئێپیکی پەیدابووە. دیارترین نموونەی ئەم ژانرەش "ئیلیادە" و "ئۆدیسا"ی هۆمیرۆسن. ئەم دوو بەرهەمە تا سەردەمانێکی زۆر نموونەیەك بوون کە چاویان لێ دەکراو لاساییان دەکرایەوەو بەم شێوەیە بەرهەمیان دەنووسی. یەکێك لەو بەرهەمانەی

که پەیڕەوی "ئیلیادە" و "ئۆدیسا"یە، "ئێنیدا"ی شاعیری لاتینی ڤێرگیلیۆسە، کە باس لە یەکێك لە پاڵەوانەکانی ترۆیا- ئێنیدایە، کە خەریکی بزێویو گەشتی ترسناك بووە، گوایە بۆئەوەی ئیمپراتۆرییەتی لاتین لەسەر زەمین دامەزرێنرێ.

لە سەدەی چواردەیەمدا شاعیری ئیتالی (دانتی) پۆیەمایەکی ئێپیکیی گەورەی بەناوی "کۆمیدیای یەزدانی"یەوە نووسی، کە ئامێتەکردنێکی وێنەگرتنی ژیانی ڕاستەقینەیە لەگەڵ وێنەو دیمەنەکانی ئاینی مەسیحیو ئەفسانەی ئانتیك.

لە سەدەی حەڤدەیەمیشدا شاعیری ئینگلیزی جۆن مێلتۆن دوو پۆیەمای ئێپیکی بەناوی "بەهەشتی لەدەست چوو" و "بەهەشتی گەڕاوە"وە نووسی. ئەمیش هەر هەوێنی لە باسو بابەتەکانی ئینجیلەوە وەرگرتووەو کردوونی بە بنەمای بەرهەمەکانی. دواتر کە مرۆڤ پێشکەوت وازی لەم جۆرە هونەرەی ئێپیك هێنا، کە لەسەر بنەمای ئەفسانەو خەیاڵێکی زۆر دامەزرابوون.

لەسەدەی حەڤدەیەمو هەژدەیەمدا پۆیەما، بەگشتی وەك ژانرێك ڕووەو کزی ڕۆیشت، بەڵام دواتر لەگەڵ ژیانەوەو گەشەسەندنی ڕۆمانتیکییەتو ڕیالیزمدا پەرەی سەندەوە. هەندێ لەشاعیرانی وەك بایرۆن (١٧٨٨- ١٨٢٤)و پووشکین (١٧٩٩- ١٨٣٧)و لێرمەنتۆڤ (١٨١٤- ١٨٤١) پۆیەمایان نووسیووەو گەشەیان پێداوە.

لەئەدەبیاتی ڕیالیستیی سەدەی نۆزدەیەمو بیستەمدا پۆیەمای شیعری جێگا بۆ ژانری تری ئێپیکی پەخشان: ڕۆمانو چیرۆك... چۆڵ دەکات. هەندێ لەم ڕۆمانانە ژیانی گەلو ڕووداوە گەورەکانی قۆناغی مێژوویی دەردەبڕن.. بۆنموونە ڕۆمانی "برایانی دوژمن"ی نووسەری یۆنانی نیکۆس کازانتزاکی (١٨٨٥- ١٩٥٧) یان "شەڕوئاشتی"ی ل.ن تۆڵستۆی (١٨٢٨- ١٩١٠) "دۆنی ئارام"ی میخائیل شۆلۆخۆڤ (١٩٠٥- ١٩٨٤).

هەر لەفۆلکلۆرەوە هونەری "ڕاز" کە لەهەندێ ڕووی وەك پڕ ئەفسانەو خەیاڵی بەربڵاوو ڕوودانی هەندێ شتی ناواقیعییەوە کە لە ئەفسانەوە نزیکن، هاتۆتە ناو ئەدەبو بەشێوەیەکی تازە داڕێژراوەتەوە، باشترین نموونەی ئەم ژانرە ڕازەکانی نووسەری دانیمارکیی بەناوبانگ هانس ئەندەرسنن (١٨٠٥- ١٨٧٥)، هەندێ ڕازی وەك: چەرخ، قوڵینگ، جلەکانی پاشا... هتد. گەلێ لەنووسەرە ئەورووپاییەکان ڕازیان کردۆتە هەوێنی بەرهەمەکانیان.

هەروەها هونەری کورتە چیرۆك، ژانرێکی دیاری ئێپیکییە، کە پاڵەوانێك یان چەند پاڵەوانێك دەوری تێدا دەبینن‌و لەدەوری ڕووداوێکی بچووکی سنووردار دەسووڕێتەوەو لەکات‌و شوێنێکی دیاریکراودا ڕوودەدا. زۆرجار بەهەندێ لەم کورتە چیرۆکانە کە ڕووداوی تووندوتیژو هەژێنەریان تێدایە دەڵێن: "نۆڤێل"، هەرچەندە لەهەندێ لەزمانە ئەوروپاییەکاندا وشەی "نۆڤێل" بەگشتی کورتە چیرۆك دەگەیەنێت. نۆڤێل وەك گۆتە دەڵێ: "ئەمە ڕازێکی لەڕاستی چووە، دەربارەی ڕووداوێکی بایەخدارو نەبیستراو".

کورتە چیرۆك‌و نۆڤێل دوو ژانری بچووکی ئێپیکن کە پێچەوانەی دوو هونەری گەورەی ئەم ژانرەن، واتە: چیرۆکی درێژو ڕۆمان. چیرۆکی درێژیش چ لە قەبارەو چ لەزۆریی پاڵەوانەکاندا لە چیرۆکی کورت‌و نۆڤێل گەورەترەو لەڕۆمان بچووکترە. ئەمەش وەك ئەوە وایە کە چیرۆکی درێژ بەبەراورد بە چیرۆکی کورت‌و ڕۆماندا، هیچ تایبەتمەندییەکی نەبێ. بەڵام دەبێ بۆ جیاوازی نێوان ڕۆمان‌و چیرۆکی درێژ لە بونیادەکەیدا، نەك لەقەبارەیدا بگەڕێین. بونیادی چیرۆکی درێژ، بەپێچەوانەی ڕۆمانەوە کە تەوەرەیەکی چڕو توندوتیژی هەیە، زیاتر ئێپیکییەو ڕووداوەکانی بەدوای یەکدا دێن. بنەوانی چیرۆکی درێژ بۆ کۆن دەگەڕێتەوەو لەفۆلکلۆردا هەبووەو هەر ڕووداوێکیان گێڕابێتەوە، بەچیرۆکی درێژیان ناوبردووە.

ڕۆمان لە هەموو ژانرەکانی ئێپیك ئاڵۆزترە، ڕۆمان هونەرێکی ئێپیکییە، کە پلانی جۆراوجۆرو کێشەی زۆرو پاڵەوانی زۆر دەگرێتە خۆی، تەوەرەی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی ئاڵۆزو تێکئاڵاو گەشەدەسەنن. هەروەها نووسەری ڕۆمان دەتوانێ چ دەربارەی کەسایەتیی پاڵەوانەکان‌و چ دەربارەی قۆناغێکی مێژوویی ژیانی کۆمەڵ لەهەموو ڕوویەکەوە بدوێ‌و ڕۆشنی بکاتەوە، ڕۆمانی ئێپیکیشی پێ دەوترێت.

هەروەها ژانرێکی تری ئێپیك هەیە، کە "ڕاپۆرت"ی پێ دەڵێن، ئەمە جۆرە وتارێکی هونەرییە کە وەسپی مرۆڤ یان باسی لایەنێکی ژیان دەکاو لەڕووی بونیادەوە کراوەو ئازادەو زۆر پابەند نییە. جاری واش هەیە ئەم ژانرە بەشێوەی زنجیرە دەبێ‌و دەشێ بکرێت بە کتێبێك. بەدوو جۆریش دەبێ، یان هونەرێکی داهێنانەو خەیاڵی نووسەرەکە دەیخولقێنێ، یان بەبەڵگەنامەوەیەو لەواقیعدا کەسەکە یان ڕووداوەکە هەیە.


ژانر
مێژوویی
سرووشتی
بالاد، ئێلیگیا، ئۆده...هتد
لیریک – ئێپیک – دراما


بەرهەمی ئێپیکی
پەخشان
ڕاپۆرت
شیعر
چیرۆکی کورت– چیرۆکی درێژ– ڕۆمان
واقیعی
خەیاڵی
ڕاز
پۆیەمای ئێپیکی
(گۆرانیی پیاهەڵدانی پاڵەوانان)
"ئیلیادە" و "ئۆدیسا"ی هۆمیرۆس
(٧٠٠پ.ز)
"ئێنیدا"ی شاعیری لاتینی ڤێرگیلیۆس
٧٠ پ.ز – ١٩ پ.ز
دوای مردنی چاپبووە
کۆمیدیای یەزدانی– دانتی
سەدەی چواردەیەم
"بەهەشتی لەدەستچوو" و "بەهەشتی گەڕاوە"
شاعیری ئینگلیز– جۆن میلتۆن – سەدەی ١٧
بایرۆن، پوشکین، لێرمەنتۆڤ...
سەدەی ١٨–١٩
لیرۆ – ئێپیکی
فابیڵ (تەنز)
ئیزۆپ
٦–٥ پ.ز
لافونتین
سەدەی ١٧
بالاد
چیرۆکەشیعر
گێڕانەوەی لیریکی

## ليرۆ- ئێپیکی

لێكدانی بیركردنەوەی لیریكیو گێڕانەوەی ئێپیكی لەژانری جیای بەرهەمی ئەدەبیدا بەرچاودەكەوێ، بۆنموونە:

١- بالاّد- ڕازە شیعر (balada- ئەو گۆرانییەی سەمای پێوەكراوە). ئەمە بەرهەمێكی شیعریی بچكۆلەیە، كە گێڕانەوەكەی بەشێوەیەكی لیریكییە. بەپێچەوانەی فابیلّەوە كە دەتوانین ڕەوشتی "لیریكی"و تەوەرەی "ئێپیكی" لێك جیابكەینەوە، لەبالاّدا لیریكو ئێپیك بەشێوەیەكی لێك دانەبڕاو تێكەڵی یەك دەبن، بە وتەی بیلینسكی لەبالاّدا: "گرنگ ڕووداوەكە نییە، بەڵكو ئەو هەستەیە كە دەیبزوێنێ، ئەو بیرەیە كە دەیخاتە زەینی خوێنەرەوە". بالاّد پێش گۆرانی (كۆر) كەوتبوو لەشیعری سەدەكانی ناوەڕاستدا، بەلاّم گەشەسەندنی بالاّد وەك ژانرێكی بەبایەخ پابەندی شیعری ڕۆمانتیكییە.

٢- ژانری fable یش لەشێوەی لیرۆ- ئێپیكدایەو بابەتێكی ڕەخنەگرانەو گاڵتە ئامێزە، لەسەر تەوەرەی دووشتی دژ بەیەك بونیاد دەنرێتو زۆرجاریش لەسەر زمانی باڵندەو گیانلەبەران دەنووسرێتەوە. ئاشكراشە لەئەدەبی فێركاریدا ئەم ژانرە هەیەو پەندو ئامۆژگاریی ئەخلاقیی تێدایە. سەرەتای ئەم هونەرەش دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی كۆن، داهێنەری ئەم ژانرە ئیزۆپی یۆنانییە كە لەسەدەی شەشەمو پێنجەمی پ. ز ژیاوە. هەروەها شاعیری فەرەنسایی لافۆنتین (١٦٢١- ١٦٩٥) بە نووسینی فابیڵ بەناوبانگە.

## ژانرەكانی لیریك

هەروەك پێشتر باسكرا، لیریك دەربڕینێكی هونەریی واقیعە لە ڕووخسارێكی ئەندێشەو هەستو نەست ئامێزداو بەهۆی زمانەوە دەردەبڕدرێ. لەبەرئەوەی ئەركی شاعیری لیریك دەربڕینی ئازارو ئاواتی مرۆڤە لەڕێگەی وێنەی هونەرییەوە، بۆیە جۆرە زمانێكی چڕو ئامێرێكی دەربڕینی هەستو نەست بزوێنی پێویستە.

بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە، لیریك پێویستی بە بونیادێكی تۆكمەو بەرچاو هەیە، كە هونەرەكانی ناسكبێژیو ڕەوانبێژی تێدا بخرێتەكار.

بۆ دەربڕینی هەستو نەستو ئەندێشە لەبابەتێكی یەكگرتووو هاوئاهەنگدا ئەو جۆرە لیریكە دەنووسرێت، كە بەناوی دانەرەكەیەوە یان پاڵەوانی لیریكییەوەیە، كە

شاعیرەکە وێنەی دەکێشێ. جاری وا هەیە، شاعیر پەنا دەباتە بەر نووسینی "ڕۆمانی لیریکی"و دەیەوێت هەڵوێستو بیروبۆچوونی خۆی دەربارەی مێژووی ژیانی خۆی، یان هی قۆناغێکی کۆمەڵ بنووسێت. دەکرێ چەند بەشێك یان چەند کتێبێك بێ‌و بەهەمووی سەرجەمی بابەتەکە پێکبهێنێ.

هەروەها جۆرێکی تر لەژانرە بنەڕەتییەکانی لیریك "پۆیەما- شیعری لیریکی درێژە".ئەمە لەڕووی بونیادەوە لەشیعری لیریکی ئاسایی درێژترەو دەربڕینی تەنیا ساتێکی کورتی ئەندێشەو دڵەڕاوکە نییە، بەڵکو کۆمەڵێ بیروبۆچوونو هەستو نەستی تێدایە، شاعیر دەشێ دەربڕی هەڵوێستێك بێ دەربارەی مەسەلەیەکی گەورە، بۆنموونە "هەوری ناو پانتۆڵ"ی ڤ. مایکۆفسکی کە ڕەخنەگرتنە لەدنیای سەرمایەداری.

لە لیریکدا هەندێ ژانری تری وەکو: گۆرانی، ode (قەسیدە)، elegi سکاڵاو لاواندنەوە... هتد هەن.

گۆرانی- ئەمە شیعرێکە بۆ وتنی بەگۆرانی دەنووسرێت‌و یەکێکە لە ژانرە هەرە کۆنەکانی لیریك. لەهەموو جۆرەکانی دێرینتریش ئەو گۆرانییانەن کە بۆ کاروبۆنەو داب‌ونەریتەکان وتراون . دوایی ئەوگۆرانیانە گۆڕان بۆ گۆرانی ژیانی ڕۆژانە. لەفۆلکلۆرەوە گۆرانی هاتۆتە ناو ئەدەبی نووسراو. لەئەدەبی ئەورووپاییدا زۆر شاعیر هەن بەتایبەتی هەر تێکستی گۆرانی دەنووسن.

یەکێك لەژانرەکانی شیعری گۆرانی- سروودە، کە زیاتر شکۆو پیرۆزیی تێدایە، لەیۆنانی کۆندا سروودیان بەباڵای خوداکانو پاڵەوانە میللییەکاندا دەگوت. ئێستا سروود، زیاتر بابەتی نیشتمانی یان پەروەردەیی...هتد دەگرێتەوە بۆنموونە سروودی "ئینتەرناسیۆنال" هەیە، یان سروودی نەتەوەیی گەلان وەك "ئەی ڕەقیب!".. هتد.

لە یۆنانی کۆندا ژانری (ode) هەبووە، (ئەمیش هەر وشەیەکی یۆنانییەو لەسەرەتادا بۆ مانای شیعرێك کە بۆ گۆرانی بشێ بەکارهاتووە). لەکۆندا بەو گۆرانییانەیان دەوت، کە ناوەرۆکێکی ڕەسمی هەبووو (کۆر) دەیگوت. دواتر ناوەکەی بوو بەناوی ئەو شیعرانەی کە بۆ نەمرکردنو پیرۆزبایی ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵ بەتایبەتی سەرکەوتنی جەنگی، یان بۆ قارەمانێك دەگوتران. ئۆدە، لەشیعری کلاسیکیدا جێگەیەکی تایبەت‌و بایەخداری هەبووە. لەشیعری سەدەکانی نۆزدەیەم‌و

بیستەمدا ژانری ئۆدە بەو شێوە باوە نەماوە، بەڵام ستایلی بەرزی ژانری ئۆدە بەردەوام لە لیریکی فەلسەفیو نیشتمانیدا دەژیو گەشەدەسەنێت.

لەواقیعی ئەدەبدا زۆرجار هەندێ تێکچڕژان یان نموونەی جیاجیا هەن، کە جۆرە سەربەخۆییەك دەدەن بەهەریەك لەوانە. هەندێ لەم ژانرانە بە ڕووخساری دەرەوەیان زیاتر جیادەکرێنەوە، تا بەبابەتو ناوەرۆکیان. ئەو جۆرانەی کە تایبەتمەندییەکی دیارو چەسپاویان هەبێ بە ژانر ناودەبرێن. ئەگەر بێتو زۆر بەدرێژی لەم ژانرانە بکۆڵینەوە باسەکە دەچێتە جوغزی نووسینەوەی مێژووی ئەدەبەوە. باس لەشیعرو پەخشان دەکرێ، شیعر زیاتر بەکێشو سەرواوە، بەئاوازو مۆسیقاوە بەندە، بەڵام پەخشان ئازادەو ئەو جۆرە پابەندییەی شیعری نییە.

هەروەها لەپرۆسەی گۆڕانی سیمای ئەدەبی یۆنانی کۆندا ژانرێکی تری لیریك elegi لەدایکبووە (لەوشەی elegos ی یۆنانییەوە هاتووە بەواتای سکاڵاکردن). ئەمە شیعرێکی وەها درێژ نییەو ناوەرۆکێکی خەمناكو کێشێکی تایبەتی هەبووە. ناوەرۆکەکەشی هەمە چەشن بووە، بەشێکیان ئەو نووسینانەبوون کە لەسەر گۆڕ دەنووسرانو سکاڵاکردنو پیاهەڵدان بوون بەباڵای مردووەکاندا. بابەتەکانی ئێلێگی دەکرا سیاسی، جەنگی یان دڵداریو خۆشەویستی بوونایە. لەسەدەکانی ناوەڕاستو لەسەردەمی ڕینیسانس (وریابوونەوەی) ئەورووپاو، دواتردا ئێلێگی مانایەکی تەواو دیاریکراوی هەبوو، مەبەست لێی شینو لاواندنەوە بوو، لەدواتریشداو لەسەردەمی نوێدا لەشیعری ئەورووپاییدا ئەم ژانرە هەیە، شاعیری بەناوبانگی ئەڵمانی ڕینیەر ماریا ڕێلکە (١٨٧٥-١٩٢٦) شیعرێکی لەم بابەتەی هەیە، ساڵی **١٩٢٣** نووسیویەتی کە بە زمانێکی چڕو پڕ وێنە نووسراوەو دەربڕی هەستو ئەندێشەی قووڵایی ناخی مرۆڤە.. بنەوانی ئەم ژانرەش هەر زیاتر دەبرێتەوە سەر ئەدەبی ئانتیك-یۆنانو ڕۆمان.. ڕاستییەکەی ئیلێگی هەمەجۆرەو یاساو ڕێسایەکی زۆر وردو دیاریکراوی بە دیسپلینی نییە، بەڵام دەتوانین هەموو ئەو شیعرانەی کە بەم گیانو هەناسەیەوە دەنووسرێن، لەژێر چەتری ئێلێگیدا کۆبکەینەوە.

لەسەدەی نۆزدەیەمدا، جۆرە ژانرێکی تری elegi لە ئەدەبی گەلاندا هەبووە، کە زیاتر وەسپی ڕووداوە مێژووییەکانو پاڵەوانە میللییەکان بووە، یان ڕۆشنکردنەوەی مێژووی کۆن بووەو زۆرجار (کۆر) وتوویەتی.

ژانرێکی تری لیریکی- نامەی شیعرییە کە ئاراستەی کەسێ یان چەند کەسێك دەکرێ. لە ئەدەبی لاتینی کۆندا پەیدابووە، هەروەها شاعیرانی کلاسیك لەم ژانرەیان نووسیوە.. بە شیعرو لە شێوەی نامەدا ئەم ژانرە پەرەی سەندووە، سا یا لە نێوان شاعیران خۆیاندا، یان شاعیر خۆی نامەی بە شیعر بۆ کەس‌و هاوڕێی نزیکی خۆی نووسیوە.

Epigram یش هەیە، کە شیعرێکی کورتی پڕ لە عەقڵ‌و ژیرییە، زۆر بیرتیژو زیرەکانە دەربارەی کەسێ، یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەنووسرێ. ئەم شیعرە بۆ کەسایەتیی سەرووی کۆمەڵیش دەنووسرا، یان شاعیر بەم ژانرە داکۆکیی لەخۆی دەکرد، کاتێ ڕەخنەی لێ بگیرایە، یان هێرشی بکرایەتە سەر. زۆرجار شاعیر هەندێ ڕەگەزی تەقلیدی لە شیعرەکانیدا تێکەڵ دەکاو بەکاریان دێنێ‌و شتێکی تازەیان لێ دەخولقێنێ. هەروەها لیریکی فەلسەفیش هەیە کە باس لە کێشەکانی بوونی مرۆڤ دەکات وەك مردن‌و ژیان‌و خۆشەویستی‌و دڵەڕاوکەو ئەندێشەی کەسیی تری مرۆڤ.



## ژانرەکانی دراما

دراما سێ ژانری بنەڕەتیی هەیە: تراژیدیا، کۆمیدیا، دراما بە مانایەکی سنووردار. تراژیدیا- ئەمە بەرهەمێکی درامییە کە لەسەر بنەمای ململانێو شەڕی ژیان ڕوودەداو دەبێتە هۆی ئازارچەشتن، لەناوچوونی پاڵەوان یان پاڵەوانەکان. لە زۆرانبازیو بەیەکدادانی هێزی خێروشەڕ، هێزی چاکە لەگەڵ ساختەو درۆو تەڵەکەبازیدا بەشێوەیەکی کارەسات ئامێز، پاڵەوانەکان لەناودەچن. بۆنموونە لە بەرهەمە ناودارەکەی شکسپیر (هاملێت)دا، شازادەی دانیمارکی هاملێت کاتێ دەزانێ کە مام و دایکی باوکیان دەرمانخوارد کردووە، کە پادشای یاسایی وڵات بووە، هاملێت بڕیاردەدا کە لەگەڵ هێزی شەڕی دەوروپشتیدا بجەنگێو تاوانباران بە سزای خۆیان بگەیەنێ، بەڵام لە ململانێیەکی نابەرانبەردا لەگەڵ دوژمنانیدا لەناودەچێ. لەو خەباتەدا کە پاڵەوانی تراژیدیا دەیکات، سیمای مرۆڤانەو جوامێرانەی کەسایەتییەکانمان بۆ دەردەکەوێ. ئەم پاڵەوانانە چاوکراوەو هۆشیارنو لە دژی هێزی شەڕو تاوان ڕادەپەڕنو تا ژیان لەدەستدانو خۆکردنە قوربانی ڕێگاکەیان بەرنادەنو ململانێ دەکەن، بۆئەوەی هێزی چاکەو خێر سەربکەوێ.

هونەری تراژیدیا لە بەرهەمی هەندێ نووسەردا مەودایەکی تر وەردەگرێ. بۆنموونە پاڵەوانی وا هەن، کە خۆیان لەپێناوی بەرژەوەندیی کۆمەڵو گەلەکەیاندا بەخت دەکەن، ئەم هەڵوێستەیان هۆشیارانەیە.

کۆمیدیا- ئەمە بەرهەمێکی درامییە، کە شەخسییەتەکانی بەشێوەیەکی پڕ لە گاڵتەو لاقرتی بەرهەمەکە پێشکەش دەکەن. بەپێچەوانەی پاڵەوانەکانی تراژیدیاوە کە "بەرزترین ساتە شیعرییەکانی ژیان" دەردەبڕن. کۆمیدیا "پەخشانی ژیانە"، وردە ڕووداوو شتە لاوەکیو ڕێکەوتەکانی ژیان نیشان دەدا. کۆمیدیا- ڕەخنە لەلایەنە خراپو سەیرو سەمەرەکانی ژیان دەگرێت.

شاپاڵەوانەکانی کۆمیدیا هەمیشە لایەنە خراپو بەدەکان، بێ نرخەکان، دەردو کێشەکانی کۆمەڵ هەڵدەگرن. باڵادەستیو توانای نووسەری کۆمیدیا لەوەدا دەردەکەوێت کە بتوانێ پەردە لەڕووی ئەو دیاردە دزێوو هەڵسوکەوتە ناشیرینانەی ناو کۆمەڵو مرۆڤەکان هەڵماڵێ. زۆرجار کەسانی کۆمیدیاکە هەندێ لایەنی دزێوی

کەسایەتییان دەشارنەوە، یان نایزانن‌و هەستی پێ ناکەن، بۆنموونە ترسنۆکەو خۆی بە ئازا دەزانێ، یان بێ ئاوەزو عەقڵەو خۆی زۆر بە ژیر لەقەڵەم دەدا، یان ڕەزیلەو خۆی بەدەست بڵاوو چاوتێر دەناسێنێ.

دراما بەمانایەکی سنووردار- وەك ژانرێك لە تراژیدیاو کۆمیدیا درەنگتر لە سەدەکانی حەڤدەیەم‌و هەژدەیەمدا هاتۆتە ناوو دەرکەوتووە. ئەمە لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی تراژیدیاوە بووە، کە هونەرێکی کلاسیکی بوو، شاو ئەریستۆکراتەکان، چین‌و توێژاڵەکانی سەرووی کۆمەڵ دەوریان تێدا دەبینی. پاڵەوانەکانی دراما، لە "چینی سێیەم"ی خەڵك یان وردە بۆرژوازین، دراما بەم مانا سنووردارەی دەربڕی هەڵسوکەوتی کەسانی ئەم چینەو ژیانی خێزانییان بوو. دواتر دراما بوو بە بەرهەمێك کە زیاتر ناوەرۆکێکی ڕیالیستانەی هەبوو. پاڵەوانەکانی کەسانی سادەو ئاسایین‌و لایەنە ساکارەکانی ژیان‌و هەروەها جوانیی دنیای ناوەوەو ناخی پاڵەوانەکان دەردەبڕێ.*

(**نیشانە**) emblem، (**شوێن**) topos، (**بیرۆکە**) motiv، (**کەرەسە**) stoff

لەم بەشەدا گفتوگۆ لەسەر چەمکی وا دەکەین کە پەیوەندی بە بابەت یان لایەنی ناوەرۆکەوە لەئەدەبدا هەیە، بێ گوێدانە ئەو وێنە تایبەتییە، یان ستایل‌و شێوازی زمانەی کە ناوەرۆکەکە پەیدایکردووە.

ئەو بیرۆکە بەربڵاوە ڕاستە، کە دەڵێ شاعیر بابەتەکەی لە "فەنتازیا"وە دەهێنێ، ئەو دنیای شیعریی خۆی کەم تا زۆر لە "نەبوون"ەوە دەخولقێنێ... بەبێ ئەوەی ئەوەندەی تۆزێ بمانەوێ نەی لە ڕۆڵی ئازادیی داهێنان لە کاتی شیعر نووسیندا بکەین، مرۆڤ دەوێرێ بڵێ کە (stoff)- کەرەسە خاوەکە- لەدەرەوە دەهێنرێ. بێگومان سەرچاوەی واش هەن وەك: مێژوو، ژیانی هاوچەرخ، ئەدەبی نووسراو، ئەزموونی شەخسیی شاعیر، کە دەتوانرێت لێیانەوە هەڵبگۆزرێت. ئەم بەشانە یەك دژی یەك نین‌و یەکدی هەڵناوەشێننەوە. بۆنموونە ڕۆمانێکی ڕەخنە لەکۆمەڵ گری وەك (ژووری سوور- ١٨٧٩)ی نووسەری ناوداری سویدی سترێندبیرگ (١٨٤٩- ١٩١٢)،

---

* ئەم بەشەش لە ژانرەکانی شێوە، (ل٥٥) تا نیشانە ل(٦٦) لە سەرچاوەکانی پێشەکییەوە وەرگیراون‌و دامرشتوونەتەوەو هی کتێبەکە نین.

تۆرێكی دیاردەكانی سەردەمو ئەندێشەی شەخسی سترێندبیرگە، بەڵام ڕووداوەكە ئازادانە مامەڵەی لەگەڵ كراوە لە كۆبوونەوەو ئاوێتەبووندا، فەنتازیا شوێنێكی بێ سنووری بزووتنو یاریكردنی هەیە.

پێش هەموو شتێك ئەدەب بەهەموو شێوەكانییەوە دەبێتە سەرچاوە بۆ شاعیر. لەڕۆژگارە كۆنەكاندا "ئەدەب" بەشێوە باوە زارەكییەكەی كەمتر كەرەسەی بۆ شاعیر دەستەبەر نەدەكرد، وەك گۆرانییەكانی هۆمیرۆس، Chansons de geste یان ڕازە ئیسلاندییەكان. هەروەها ڕاز گێڕەوەیەكی وەك ژنە نووسەری ناسراوی سوید سەلما لاگرلۆف (١٨٥٨- ١٩٤٠) توانی سوود لەڕازی زارەكی "گوێستە بیلینگ" (١٨٩١) وەربگرێت.

نووسەری ڕۆمانی مێژوویی یان شانۆگەریی مێژوویی زۆر بەئاسانی سوود لە ئەدەبی پێش خۆی وەردەگرێ: بەڵگەنامە، تۆماری مێژوویی، یان شیعری سەردەمی خۆی. گەلێ بەرهەمی لەم بابەتانە بنەمای خۆیان لەسەر توێژینەوەی تازە دەرچووش دادەنێن. شێللەر كە دراماكانی خۆی دەربارەی والینستێنو ماریا ستیوارتو كیژە پاكیزی ئۆرلینس نووسی، لەهەمان كاتدا پرۆفیسۆری مێژوو بوو. هەروەها ژیانی هاوچەرخیش بەشێوەیەكی زۆر فراوانو بەربڵاو بەهۆی سەرچاوە ئەدەبییەكانەوە وەك: كتێب، ڕۆژنامەو چاپەمەنی دەستی شاعیر دەگرنو زانیاری دەدەنێ... هەروەها دەزگاكانی ڕاگەیاندنیش وەك فیلمو ڕادیۆو تەلەفزیۆن.

ئێپیكو دراما تەبیعی پێویستی بەكەرەسە زۆرترە تا لیریكی تایبەت كە تەنیا بەهەلو مەرجو فەزای چركەیەكەوە بەندە. لەنێو كەرەسە جیاجیاكانی شیعردا، مرۆڤ دەتوانێ هەندێ بابەتی كۆنكرێت جیابكاتەوە كە هەمیشە دووبارەو دووبارە دەبنەوە، كە بۆ شاعیر لەقۆناغی جیاجیادا زۆر بەبایەخو سەرنج ڕاكێش بوون.

زانستی ئەدەبی بەراوردكاری بەسۆزەوە لەم بابەتە هەڵبژاردە نەگۆڕاوانەی تۆژیوەتەوە، ئیلسابێس فرێنزڵ لەبەرهەمەكەی خۆیدا (ستۆف لەئەدەبی جیهانیدا، فەرهەنگێك دەربارەی قەبارە درێژی لەمێژووی شیعردا، ١٩٦٢) هەڵبژاردەكەی خۆی بەتەواوی ڕاناوەو پێشكەشكردووە. زاراوەی ناونیشانەكەی -ستۆف- لەپێشەكییەكەدا بە كورتكردنەوەو كەمكردنەوەی قەبارەیەوە، ئاوا پێناسە دەكات:

نابێ لە stoff وا تێبگەین، ڕێکو ڕەوان وەك دژە تەوەرەی ڕەگەزی بونیادی ڕواڵەتی شیعر، هەروەها ئەوەیش کە سرووشت وەك کەرەسەی خاو پێشکەشی شیعری دەکات، بەڵکو بەهۆی ڕگەزەکانی بزووتنەوەیەوە تێکەڵی یەکدەبن، هەر لەئێستەوە "فابیل"ێك لەدەرەوەی شیعرەکەوە دەدرەوشێتەوە، سووژەیەك کە وەك ئەزموونێك، ڕوانینێك، ڕازێك، ڕووداوێك" ترادیسیۆن لەچوارچێوەی ئەفسانەو ئایین یان ڕووداوی مێژوویی کە بە شاعیر دەگەنو بۆ دەربڕینو نەخشاندنی هونەری سرووشی دەدەنێ.

ئەوەتا نرخاندنێکی سەرپێیی هەیە، کە هەڵبژاردنەکەی فرێنزل سێ بەشی لەکۆتایی قسەکانیدا زاڵدەبێ: ئەفسانەی ئانتیك، دنیای ئینجیل و مێژوو، ڕەنگە زیاتر لەدووان لەوانەی ناوبراون حاڵەتەکە نەك تەنیا "فابیلێکی درەوشاوەی بەردەمی شیعرەکە"بێ، بەڵکو ئەو وێنەو ڕووداوانەی کە لەڕەوتی ڕۆژگاردا بوونەتە نوێنەری لاپەڕەی جیاجیای ژیانو گوزەرانو دیاردە کولتوورییەکانمان. بەڵام داهێنانو خستنەسەری گەورەو ڕەسەنی شاعیرەکان دیارە ئەوەبووە کە لاپەڕەی تازەیان خستۆتە سەر ئەو بابەتانەو کەمو زۆر مشتومالّیان کردۆتەوەو ناوەرۆکە نەریتییەکەیان گەشەپێداوە، وەك شاعیری ئینگلیز بایرۆن (١٧٨٨- ١٨٢٤) کە لە درامای شیعریی "Cain"(قابیل ١٨٢١)دا کە مەودایەکی قووڵی دەروونی داوە بە دیمەنی براکوژی، یان کە لێڤەرتین لەشیعری "ئەو گۆرانییانەو ئەو (پەرییە) پاکیزە ساکارانە"دا، دابی ئینجیلی هەڵگێڕاوەتەوەوبێ مانایی لەسەر حسابی گۆرانیی پاکیزەکان نرخاندووە.

ئەو ڕازو ئەفسانانەی ئانتیك تا ئەمڕۆی ئێمەیش سەرچاوەیەکی هەرگیز وشك نەبووەوەی شیعری ڕۆژئاوانو بەسایەی ئەو کولتوورە بەرزە دەوڵەمەندو دانسقەیەی یۆنانی کۆنەوە، بالای وەك هیرۆکلیس، پرۆمیسیۆس، ئۆرفیۆس، نارکیسیۆس بوونەتە چەمکی چەسپاوو هەوێنی هەندێ داهێنانو هەڵوێستی تازە: وزەو هێزی چاکە، خۆشەویستی مرۆڤو ڕووبەڕوو وەستان دژی تیرانی (زۆرداری)، دەستەڵاتی بەتینو بەهێزی گۆرانیو شیعرن، ئاوێنەی پێویستی کەسایەتیی مرۆڤ بوون. ئاوەڵناوی هیرۆکلیس، پرۆمیسیۆس، ئۆرفیۆس هەروەها زانیاری بەخشیو لایەنی دەروونیی نارکیسیۆس، شایەتی ئەوە دەدەن کە تا چ ئەندازەیەك پەیوەندی لەنێوان ئەم ناوو چەمکانەدا هەبووە. یان مرۆڤ بیر لەو دەریاگەڕە ڕێ لێ تێکچووە ئۆدیسیۆس دەکاتەوە، کە بۆ زۆر لەشاعیران بۆتە وێنەی سەفەری ژیانی هەموومان. ساڵی ١٩٤٦

ئیڤیندویسۆن لە "هەژانی کەنارەکان"دا ئۆدیسیۆسی لە ڤێرشنێکی دەروونیی هاوچەرخدا بەکارهێناوە. لەپێش ئەمیشدا جێمس جۆیس لەبەناوبانگترین ڕۆمانی سەدەی بیستەمدا (١٩٢٢)، یۆلیسیسدا بەبەکارهێنانی دیمەنە شیعرییە جیاجیاکانی هۆمیرۆس، باسی ڕۆژێکی لیوپۆڵد بلوومی دبلنی دەکات.هەروەها تراژیدیای ژیریی یۆنانی بە توانای بێسنووری بووبووە ئیلهامبەخشی هەندێ لەدرامانووسەکانی ئەم سەردەمەمان ، بۆنموونە ئۆنیل لە بەرهەمی"کلاگا بە ئیلیکترا گەیشت ١٩٣١" یان "مێش"ی ژان پۆل سارتەر .

ڕوخسارەگەورەکانی مێژووی ڕاستەقینەی ئانتیك هەمیشەو بە شێوەیەکی نوێ لەبەردەستی شاعیراندانو زیندوون. ڕەنگە بابەتێکی وەك ئالیکساندەری گەورە(مەکەدۆنی)،وەك سەدەکانی ناوەڕاست ئاوازەی نەبێ" ئەوکاتانە کە داگیرکەرەکەی دنیا بالأی هەرەدیاری ئانتیكو ئەورووپای مەسیحی بوو. (ستۆف)-کەرەسەی ئالیکساندەری مەکەدۆنی، بەشیعرو پەخشان گەلێ بابەتی تازەی پێ داڕێژراوەتەوە. هەروەها ئەو شاژنە میسرییە- کیلۆپاتراو پەیوەندییەکانی لەگەڵ قەیسەری ڕۆمو ئەنتۆنیۆس بوونەتە هەوێنی کەرەسەی گەلێك لەدرامانووسان، لەناویاندا شکسپیر کە درامای ئەنتۆنیو کیلۆپاترای نووسیووە (١٦٠٧)و برناردشۆ(١٨٥٦- ١٩٥٠) کە ١٨٩٩ قەیسەرو کیلۆپاترای نووسیووە. سۆکرات لە دیالۆگێکدا لەگەڵ شاگردەکەی – ئەفلاتووندا، کە بەشێوەیەکی زیندوو لەگەڵ ئەو لێکدانەوەو بەکێشمانیەیدا، کار لەبیرکردنەوەو شێوازی ئێتیکمان دەکاتو هاندەرو وروژێنەری بۆچوونو گفتوگۆکانمان دەبێت دەربارەی ژیان. لارش گیلینستین لەڕۆمانەکەیدا: مردنی سوکرات (١٩٦٠) وێنەیەکی بۆچوونی خۆی دەربارەی ئەوەی پەیوەندی هەبێ بەمردنی سوکراتەوە کێشاوەو ویستوویەتی ڕوانینی سوکرات بۆ ژیان لەم ئەزموونەی خۆیدا تازە بکاتەوە.

هەروەها کەرەسەی ئینجیلیش بۆ ئەدەبمان لەهەموو ڕۆژەکاندا قەت بایەخی کەم نەبۆتەوە. لێرەدا ڕەنگ بێ ئەوە بەس بێت کە وەبیربهێنینەوەو بڵێین: شیعری کەنیسەو سروودە ئایینییەکان لەوە دەرچوون هەر شیعری مەسیحییەت بن، بەڵکو چوونەتە چوارچێوەی شاکارێکی وەك "کۆمیدیای یەزدانی"ی دانتی (١٢٥٦- ١٣٢١) لەسەرەتای(١٣٠٠) ەکاندا.

هەروەها "بەهەشتی لەدەستچوو"ی میلتۆن (١٦٦٧) "مووسا"ی کلۆپستۆك (١٧٤٨-١٧٧٣) هەروەها تۆماس مان (١٨٧٥- ١٩٥٥) لەڕۆمانە سێ بەشییەکەی (یوسفو براکانی ١٩٣٣- ١٩٤٣). بێجگە لەمانەیش ناوەکانی قابیلو هابیلو داودو ساول، ئەیووب، سیمسۆنو دەلیلا دەریدەخەن کە دنیای ئینجیل سەرچاوەیەکی چەند گەورەی شیعر بوون.

دەربارەی ستۆف (کەرەسە) لەمێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا دەبێ ناوی کارڵی گەورەو سوارچاکەکانی بهێنین، کە بۆتە بابەتێکی دڵگیر لە گۆرانییە فەرەنسییەکانی Chansons de gesteو هەموو مەسیحیەتی سەدەکانی ناوەڕاست. هەروەها ڕازی شا ئارتوورو سوارەکەی مێزگرد- لەوێنەی سوارە ئیڤان لیۆن، لانسیلۆتو پارسیڤال- هەروەك جووتە دڵداری دەس چەپۆکی چەپگەردی وەك، تریستانو ئسۆلدە، کە بەوەرگێڕانی جیاوازو داڕشتنەوەی تازە، بوونەتە سامانێکی هاوبەشو بەنرخی (کولتووری) ئەورووپا، پێش ئەوەی ڕازی مێژوویی فاوست (نزیکەی ١٤٨٠- ١٥٤٠) لەلایەن گۆتەوە ناودارترین داڕشتنەوە بەخۆیەوە ببینێ، دووسەد ساڵێك پێشتر (پێش گۆتەش) کرابووە شانۆگەرییەك: واتە، ساڵی (١٦٠٥) لەلایەن کریستۆفەر مارلۆوەو پێش ئەمیش بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان، لەکتێبێکدا بەئەڵمانی بەناوی "کتێبی گەل"ەوە بڵاوبووبۆوە.

ئەوەی پەیوەندی بە "باکوورە"وە هەبێ، کەلەپووری دوورگەکانی باکوور- داستانە شیعری سکەندناڤیاو ڕازە ئەفسانەییەکانی ئیسلاند- لەقۆناغی جیاجیادا زۆروکەم لەلایەن شاعیرانی ئێمەوە سوودیان لێ وەرگیراوە. هەر بۆنموونە، دوو بەرهەمی زۆر لەیەك جیاوازو باوی سەردەمی خۆشیان بەکارهێنانی ڕازی وەك " Frithiofs saga" لەلایەن تیگنێرەوە. بەشێوەیەکی ئیدیاڵی مامەڵەی لەگەڵ کراوە (١٨٢٥) یان هی ئیسلاندی Halldór Laxness کە بەشێوەی ساتیر سوودی لە "ڕازی پاڵەوانی" Gerpla (١٩٥٢) وەرگرتووە.

سەرچاوەی هەموو ئەم کەرەسە تەقلیدییانە لەلایەن شاعیرانی ڕۆژگارەکانی دواترەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بە ئاماژەپێکردنو یاری پێکردنیان بە شێوازی جیاجیا سوودیان لێ وەرگیراوە. لە شیعرێکی شاعیری سویدی کارل فیلدت "هاوینە درێژەکە"دا، باس لە کەشی هەڕەشەکردنی لەناکاوی هەورو هەڵاو برووسکە دەکات، لە

ئێوارەی هاوینێکی درەنگدا، ڕەنگە لەوەبێ کە لە "دەقیقەی داهاتوو"دا، لەسەر کاغەزی ڕەشی دیواری بیلساسار بنووسرێ وەك پێشترو ئاماژەبێ. بەگوێرەی کتێبی دانیال لە ئینجیلی کۆندا دەستێکی نادیار هەندی وشەی قورسی چارەنووس، "نوقلانەی شەڕ" لە دیواری هۆڵی پاشای بابلی بیلساسار لەکاتی میوانداریییەکەدا دەنووسێ. کارل فیلدت کە سەر بە نەوەیەکی ئینجیل زانی ئێمە بوو، لەوەیە حسابی ئەوەی بۆ خوێنەری شیعرەکەی کردبێت، کە بەراوردێك لەنێوان ئەو برووسکە گرپڕژێنو نووسینە هەڕەشە ئامێزەدا، کە کەوتبووە بەرچاوی بیلساسار بکات. لە شاعیرە ڕابەرەکانی ئەم سەردەمەمان ت.س.ئیلیۆت هونەری ئاماژەو تێهەڵکێشی ڕوواندووە، بۆئەوەی لەناو ئەرکەکانیدا، پەیوەندیی نێوان شیعرەکانی ڕۆژگاری کۆنو ئێستا توندوتۆڵتر بکاتو جەخت لەسەر پابەندبوونی خۆشی بکاتەوە بە ترادیسیۆنێکی بەردەوامو لێکدانەبڕاو. ئەمەش شێوەیەکە بۆئەوەی چوارچێوەی سەرچاوەی ئەم "بابەتە"ی ئێستا فراوانتر بکاتو تۆڕی یادەوەرییەکان چڕترو نموونەکان زیاتر ئاڵۆزو بەپێزو هەمەڕەنگ بکات.

نموونەیەکی ساکار بەڵام هی allusion ئاماژەیەکی ئاشکرا لە شیعرە بچکۆلەکەی (شاعیری سویدی) پێرلاگەر کڤیستدا لە دیوانی "وڵاتی ئێوارە" (١٩٥٣)دا بەدیدەکەین:

هەرگیز دڵەڕاوکەم لێ نابڕێ،
هەرگیز هەست ناکەم ئازادبم،
هەرگیز من نە لەگەڵ ژینو نە مردنیشدا ئاشت نابمەوە،
{چونکە} ڕێگاکەم دوایی نایەتو مەبەستم نادیارە..

ئاشکرایە ئەمە یاریکردنە بە بەرهەمێکی ج.ئۆ.واڵینس کە بۆ سەر گۆڕەکەی خۆی نووسیووە، بەڵام بە ناوەرۆکێکی پێچەوانەوە:

دڵەڕاوکەی زەمین.. دەگەڕێتەوە؟
بۆ ئەو ئاشتییەی هەبوو،
گۆڕ هەمیشە سوکنایی دەرە،
ئاسمانیش هەمیشە بەهاو بەرزی بەخشە..

کاتێ مرۆڤ چیرۆکی هابیلو قابیلی ئینجیل کورت دەکاتەوەو دەیکاتە بنەمای بنەڕەتی، ڕەنگە بیەوێ باسی دوژمنایەتیی نێوان ئەو دوو برایەو مەرگیش وەك

ئەنجامەکەی بکات. بەڵام مرۆڤ "مۆتیف"ێکی دیاریکراویشی لێ دەردێنێ بەلای زۆرەوە لەوەی وڵف گانگ کایسەر دەچێ، کە زۆرجار لە ئەدەبدا سوودی لێ وەرگیراوە، بەڵام بەبێ خۆبەستنەوە بە ڤێرشنی ئینجیلەوە، بەڵکو بە بەرگێکی جیاوازەوە لەو. لە باس‌و خواس‌و گفتوگۆی ئەدەبناسیدا زاراوەی مۆتیف وەك کەش‌وهەوایەکی تایبەتمەند بەکاردێت یان ڕەوتی مامەڵەیەکی دیاریکراو کە لە کەرەسەیەکی کۆنکرێتەوە وەرگیراوە، لەگەڵ ناوو هەلومەرجێکی تایبەتدا لە کات‌و شوێندا...هتد. ڕەنگە لە جیهانی ئەفسانەو ڕازی فۆلکلۆریدا مۆتیف بەشێوەیەکی ڕوون‌و ئاشکرا بەدیار بکەوێت: باوەژنی خراپ، یان برای بچووکی هەر سێ براکە هەمیشە بەرچاوو لە هەموویان زرنگ‌و بەختەوەرترە...

لە بەرهەمێکی تری ئەدەبیی گەورەتری وەك ڕۆمان یا درامادا، وەك دەستوورێك مرۆڤ چەندین مۆتیڤی جیا کە لەگەڵ یەکدیدا ئامێتە دەبن، بەکاردێنێ. ئەو مامەڵە تایبەتەی کە لە (فاوست)ی گۆتەدا هەیە، تەوەرەکەی لە پەیوەندیی پتەوی نێوان شاکەس‌و هێزی شەڕدا هەیە. ئەمە مۆتیڤێکە لە ڕازی گۆستەبیلینگیشدا هەیە. بەڵام هەردووکیان لەگەڵ مۆتیڤی جیاتردا دەجوولێنەوە: لە فاوستدا کچە وەپێشخۆدراوەکە گرێتچێن و لە رازی بیرلینگدا ژنە بەرگوللەدراوەکە مایۆرکەی ئێکەبی. ئەو هونەرە بەبایەخە لەم حاڵەتەدا ئەوەیە کە چۆن هەر شاعیرەو بەگوێرەی {چێژو توانای هونەر}یی خۆی مامەڵە لەگەڵ ئەمەدا دەکاو دەیکاتە مۆتیڤێکی ئاسایی بۆخۆی. بەڵام ئەو پاك ڕوواندنەی نموونە بنەڕەتییەکە، یارمەتیی ئێمە دەدات کە ئەو ناوەڕۆك یان ترادیسیۆنەی گۆڕان‌و گەشەسەندنی ئەدەبی ببینین، لەهەمان کاتدا ڕوانینمان وردتربێ بۆ ئەوەی بزانین کە ئەو مۆتیڤە لە قۆناغی جیاو لای شاعیری جیا چۆن مامەڵەی لەگەڵدا کراوە:

چەمکی (topos (pl.topoi لەم دەیینانەی دواییدا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش باوەو بەتایبەتی لەلایەن ڕۆمانیستی ئەڵمان E.R.Curtius لە بەرهەمی "ئەدەبی ئەورووپاییی‌و لاتینی سەدەکانی ناوەڕاست" (١٩٤٨) ئیزافەیەکی چاکی کرد. نووسەر نیشانیدەدا کە چۆن ئەدەبی ئەورووپایی هەروەك بە لاتینی ئاواش بە زمانی نەتەوەیی لە ڕەوانبێژیی ئانتیکەوە، هەندێ شێوەی ئاخاوتنی چەسپاوو دەربڕین وەردەگرێ‌و لە هەندێ هەلومەرجی دیاریکراودا بەکاریان دێنێت. وشەی toposی یۆنانی بە مانای

جێگە، شوێن، لە ڕەوانبێژیی کلاسیکیدا مانای ئەو "شوێنانە" دەگرێتەوە، کە مرۆڤ بەڵگەو ئامێری شێوازی نووسینی لێوە دێنێت.. (بە ئینگلیزی شوێنی دیار، بە ئەڵمانی واتای فراسی ساکار) دەگرێتەوە. وەك نموونەیەك بۆ ناوەرۆکی "گەنجینە"ی تۆپیکی ئانتیك، کۆرتیۆس باسی زۆر یا کەمیی کاریگەریی شەرم یان دەربڕینی نووسەر دەکات، کە خۆی خستۆتە ژێر ئەرکی شتێکەوە کە لە تواناو وزەی ئەو گەورەترە، بەو نزایەی کە خوێنەرەکەی لێی ببووریّ.. هەروەها کێشانی وێنەی شیعریی سرووشت دەمێك بوو، ڕووالەتی خۆی لە تۆپۆسی ئانتیکەوە وەرگرتبوو، کە دەوروبەری سرووشت چۆن دەبیّ بنوێنیّ.

هەروەها کۆرتیۆس لە "دارستانی ئاردنەر"ی شکسپیرەوە "وەك تۆ حەزی لیّ دەکەی" ئاماژەی ئەوە دەکات، کە مرۆڤ ڕووبەڕووی دارخورماو زەیتوونو شێر دەبێتەوە.. لە هەموو شیعری سەدەکانی ناوەڕاستو ڕینیسانسدا، کلاسیکی ئانتیكو ئینجیل سامانی گشتیی هەمووان بوون. بەتایبەتیش ئەمە بۆ توێژەرێك، تەبیعی، زۆر گرنگە ئاگای لەم بەکارهێنانە زۆرەی ئەو جۆرە تۆپۆیە بیّ، بەپێچەوانەوە دەشیّ بە ئاسانی لە هەڵسەنگاندنی کەرەسەکەیدا بکەوێتە هەڵەوە، کە شتێك بە فاکتە یان وەسپکردنی ڕاستەقینە وەربگریّ. لەکاتێکدا لە کلێشەیەکی بەکارهاتووی پێشتر زیاتر نییە. کۆرتیۆس نموونەیەکی وریاکەرەوە نیشان دەدا: "نووسەری زۆرو لە ژمارە نەهاتووی سەدەکانی ناوەڕاست جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بە فەرمانو بۆنەوە دەنووسن. لەمێژووی ئەدەبدا ئەمە وەك نەختینە وەردەگیریّ. لەگەڵ ئەمەشدا بەشی زۆری ئەمە "تۆپۆسێکە".

چەمکی تۆپۆس، هەتا ئێستەش لە توێژینەوەدا هەر بە ژیانییەوە لەگەڵ ترادیسیۆنی ئانتیك گرێدەدریّ. بەڵام لەڕووی پرینسیپەوە دیاردەیەکی وەها ئەستەمە کە تەنیا بە قۆناغێکەوە، ڕۆژگارێکەوە گریّ بدریّ. هەر بەم شێوەیە، شیعری ئەم ڕۆژگارەی ئێمەش تۆپۆی سەردەمی خۆی هەیە، بەڵام ئاسان نییە ئێمە دەستنیشانی بکەینو جیای بکەینەوە، چونکە ئێمە خۆمان لەگەڵیدا دەژینو بۆتە بەشێك لەو کەشوهەوا کولتوورییەی ئێمە. توێژەرەکانی داهاتوو ئاشکراو ڕوونتر دەیبینن.

هەروەها هەر لەم ڕەوتەدا باسی emblem دی (بە یۆنانی émblema چوارچێوە، مۆزایك). لە زمانی ڕۆژانەدا جۆرە نیشانەیەکە، بۆ نموونە لە جلوبەرگی

سەربازیدا، هەر نیشانەیەو مانای جۆرە چەکێك یان شتی جەنگی دەگەیەنێت. تفەنگی وەك خاچ لێکراو (مانای سەربازی پیادە دەگەیەنێ)، گوللەیەکی باڵدار (چەکی دژەهەوایی)، درەختی دارخورما نیشانەی سەرکەوتنە، کۆتری ئاشتی، خاچی مەسیحییەت.

لە ئەدەبی ئیمبلیماتیکیدا، کە ١٥٠٠-١٦٠٠ەکاندا گەشەی سەندبوو، کۆمەڵێکی زۆر وێنەی ڕوونکەرەوەی لەگەڵ تێکستی وێنەداردا کۆکرابوونەوە. ئەوەی ناوەڕۆکی بە وێنەی هەستی دەوڵەمەند دەکرد، زۆرجار هەر سیمبۆڵو وێنەکانی کەلەپووری ئانتیك بوون: باڵندەی فینیق (سەمەندەر)، خۆی لە ئاگردا دەسووتێنێ بۆئەوەی جارێکی تر لە خۆڵەمێشەکەیەوە ڕاست ببێتەوەو بە لاوی ببێتەوە ئارا.. لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆدا نیشانەیە بۆ کۆمپانیای بیمەی سووتان، یان باڵندەی قوو کە بڕوایەکی وا هەبوو بە خوێنی دڵی بێچوەکانی گۆش دەکا- ئەمەش نیشانەیەکە بۆ هەڵسوکەوتی پڕ خۆشەویستی لای مەسیح، یان ئەو دەستەڵاتدارە چاکەی کە گەلەکەی خۆی خۆشدەوێ. (لەسەر ئەو گۆڕانەی دەورانی گوستاف لە کەنیسەی ڕیدەرهۆڵم، پەیکەری قوویەك هەیە کە ڕەمزە بۆ یادی گوستافی دووەم- ئادۆڵف، مانای خۆ بەقوربانیکردن دەدات).

دەشیا ئیمبلاماتیك زۆر قووڵ ببێتەوەو لە کێشەی گیانیو دەکراش بۆ مەبەستێکی ساکاری پەروەردە بەکاربێت.

## هەندێ زاراوەی ئەدەبی

### ئارکیتیپ

وشەیەکی یۆنانییە archétypos، لە دوو بەش پێکهاتووە: arche بنەوان، typos نموونە- وێنەی هەوەڵ، مۆدێل، نموونە.

باس لەوە دەکرێ، کە چۆن هەندێ لە ڕەگەزو لایەنە بنەڕەتییەکانی چۆنیەتیی ژیانمان، هەمیشە لە شیعرو ئەدەبدا سەرهەڵدەدەنەوەو دێنەوە کایە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەو کارە گشتییە مرۆڤانەیە وەك س.گ. یونگی دەروونناس پێی دەڵێ: "لە بێئاگایی بە کۆمەڵماندا" ڕەگی داکوتاوەو لەبیرکردنەوەماندا چەسپاوەو لە ئەندێشەو هەستو یادماندا- بەجیا لە ئەزموونی شەخسی دێتەوە ناوو دەردەکەوێ.

ئەم بۆچوونە لایەنی هەرە سەرەکیی تیۆریاکەی (Jung)ە. ئەگەر بەشێوەیەکی ساکار ئەم واتایە ڕوونبکەینەوە، ئەوەیە کە هەندێ وێنەو ڕووداوو سیمبۆلو داب‌ونەریت هەن، کە کۆنن‌و ڕەگ‌و ڕیشەیان لە یادو زەینی خەڵکدا داکوتاوەو لە هونەردا سەرهەڵدەدەنەوە، یان لە هەڵس‌وکەوتی ڕۆژانەی ژیاندا هەر باسکران، مرۆڤ تێیان دەگاو پێویستیان بە ڕوونکردنەوە نییە. ئەمەش لە ئەدەبناسیدا بە "لەدایکبوونەوەی مۆدێلە کۆنەکان" ناودەبرێت. بۆنموونە لە شیعرە بەناوبانگەکەی شاعیرو ڕەخنەگری ئینگلیز ت.س.ئیلیۆت The waste land "وێرانەخاك، یان خاکی لەدەستچوو" کە ئاوازەیەکی کۆمەڵێ لە سیمبۆلو تەوەرەو بابەتو باسەکانی "کۆمیدیای یەزدانی"ی شاعیری ناسراوی ئیتالی (دانتی)ی پێوەدیارە.. "کۆمیدیای یەزدانی"ش، کاریگەریی "ئیلیادە" و "ئۆدێسا"ی هۆمیرۆسی پێوەدیارە. یان ئەگەر سەیری شیعری کوردی بکەین، هەندێ سیمبۆلی مێژوویی کۆن هەن، کە شاعیرانی وەك (گۆران) لە ئەزموونێکی تازەدا دایانڕشتوونەتەوە، بۆنموونە "شیعری زیندانی ئەژدەهاك".. کە ڕازی کاوەو ئەژدەهاك، شتێکی نامۆ نییە بە یادو هۆشی خەڵك.. (یۆنگ) مەبەستی لەمەیە ئەو سیمبۆلو ڕووداوانە لە ناخ‌و بێئاگاییماندا کۆبوونەتەوەو هەر بە ئاماژەکردنێك لامان بەرجەستە دەبنەوە.

سیمبۆل- Symbolon وشەیەکی یۆنانییە، Symballein = یەکیان بخەیت- نیشانەی شتێکی زانراوو هەستپێکراوە. ئەمە چەمکێکی جوانیناسییە، کە لەکاتی بەراوردکردندا، لەکاتی ئامێتەکردنی کاتیگۆریا (گوتە)کاندا دەردەکەوێ. وێنەی

هونەری لەلایەك‌و ئەلیگۆریا (خوازە) لەلایەكی ترەوە. دەتوانین بەشێوەیەكی گشتی بڵێین سیمبۆل لە نیشانەكانەوە وەرگیراوە، بۆ خۆشی هەر نیشانەیەكە بە شێوەیەكی ئۆرگانی و تەواونەبوو، وێنەی جۆراوجۆرو مانا دەگرێتەخۆ. هەموو سیمبۆلێك وێنەیە، لە زۆر حاڵەتیشدا هەموو وێنەیەك سیمبۆلە.

ئێمە- پێشتر- باسی ئارکیتیپمان کرد، هەموو ئەو ئارکیتیپانە: (ناوو ڕووداو و نیشانانە) لە شیعردا دەوری سیمبۆل دەبینن. زاراوەی سیمبۆل بۆخۆی مانای جیاجیای هەیە: پیت، ژمارە، تابلۆی ڕێنمایی هاتوچۆ...هتد لە شیعردا وێنەی هونەری دەگرێتەوەو بونیادێكی ناوەكی هەیە. سیمبۆل بۆ خودی خۆی بەكارنایەت، بەڵكو بۆ ئەو شتانە بەكاردێ، كە بەخۆیەوە گرێدەداو دەچنەوە سەری.. بۆنموونە شیعری "بای ڕۆژئاوا"ی شاعیری ڕۆمانتیكیی ئینگلیز (شیللی)، باس لە باو زریانێكی ڕاستەقینە دەكا، چۆن گەڵای درەختی پایزە بەخۆیەوە لول دەداو هەورەكان دەداتە پێش خۆی‌و ئاو بە حەوادا پرژو بڵاودەكاتەوە.. ڕاستە، شیعرەكە دەربڕی ئەم دیاردانەی سرووشتە كە لەپێش چاوی شاعیردان، بەڵام لەهەمان كاتدا، بەلای كەمەوە، بایی ئەوەندەش شیعرەكە دەربڕی شڵەژان‌و هەست‌و نەستی دەروونی شاعیرن. ئایا ئەندێشەی شاعیر چییە؟ بێگومان زۆر ڕوون نییە. سیمبۆل هونەری دەربڕی كۆمەڵێ ئەندێشەو هەست‌و نەستی جۆراوجۆرە كە زەحمەتە تەنیا واتایەكی دیارو سنووورداری هەبێ. هەر بۆنموونە هەندێ دەڵێن شیللی ئاماژەیەكی شۆڕشی ئەمەریكا دەكا..

هێزو زیندوویی شیعرەكەش لە مەودا جۆراوجۆرەكەیدایە، لەوەدایە كە زیاد لە واتایەك هەڵدەگرێ. (با) وەك (سیمبۆل)ێك بنەوانی لە دەوروبەری ئارکیتیپی‌و ڕۆژگارە كۆنەكاندایە. بەڵام لای (شیللی) ڕانانێكی كۆنكرێت‌و شێوازو مۆركێكی شەخسیی قووڵی وەرگرتووە. بەواتایەكی تر، ئەگەر (با) وەك لەپێشەوە وترا، هەڵگری مانای جۆراوجۆربێ‌و بكرێ بە سیمبۆلی گەلێ شت، ئەوا لای (شیللی) دەربڕی حاڵەتێكی شەخسیی شاعیرەو مانایەكی تایبەت‌و كۆنكرێتی وەرگرتووە، كە دەربڕی ئەزموونی كەسیی شاعیرە. كەواتە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، كە زۆر سیمبۆلی كۆن هەن، شاعیر دەتوانێ لە چوارچێوەی ئەزموونی خۆیدا، مەودایەكی تایبەت بەخۆییان بداتێ. كەواتە هەروەك ئارکیتیپ، كە سیمبۆلیش زۆرجار بەشێكە لێی. لە "بێئاگایی بەكۆمەڵ"دا هەیە.

هەر بەم هۆ هونەرییانەوە خەڵك فێری ئەوەبوون لەڕێگەی بەراوردێکی شاراوەوە ژیانی مرۆڤ، بە بەراورد بە سرووشتەوە، بزانن‌و ڕوونبکەنەوە. لە فۆلکلۆری ڕووسیدا، "هەڵۆ" سیمبۆلی زاواو هەروەها "مراوی"- بووك بوون. لەپێشدا سیمبۆل لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکاندا بە دوو ئەندام پێکدەهاتن، کە وێکدەچوون، بەڵام دواتر هەر سیمبۆلەکە دەوتراو خەڵکیش لە ڕەوتی وتنەکە (نووسینەکە)دا تێی دەگەیشتن. سیمبۆل زیاتر تایبەتمەندیی شیعری لیریکییەو ئەم سیمبۆلانەش لای خوێنەر، بەگوێرەی ئەزموون‌و ئاستی ئاوەزا دەتوانن هەست‌و نەستی جیا بورووژێنن، مەبەست ئەوەیە، کە سیمبۆل لەوەیە مانای جیا بگرێتەخۆی..

## ئەلیگۆریا (مەجاز، خوازە)

هەندێ نزیکی‌و جیاوازییەکی دیاریش لەنێوان سیمبۆل‌و ئەلیگۆریادا هەن. ئەلیگۆریاش هەر وشەیەکی یۆنانییە (allegoriá بەشێوەیەکی تر بوترێ). ئەمەش هەر شێوە دەربڕینێکی هونەرییە (بەشێوەیەکی تر وتن)ە. لەباتی ئەوەی مەبەستێك ڕاستەوخۆ بوترێ. بەهۆی وێنەیەکەوە، بیرێك یان ئەندێشەیەك دەردەبڕدرێ. دەتوانرێ بەهۆی ئەلیگۆریاوە هەندێ چەمکی وەك: (ڕاستی، خێرو چاکەخوازی، ڕەوشت...هتد) دەربېڕدرێت. دەکرێ دیاردە ئاساییەکان، کەسایەتیی ئەفسانەیی، تەنانەت هەندێ سیماو کەسایەتیی ڕیالیش... ببنە هۆی دەربڕینی مەجازی... لە ئەلیگۆریادا دوو پلان هەیە:

١- وێنەی شتەکان. ٢- سیمبۆلییەکان.

بەڵام لەڕاستیدا سیمبۆلییەکان مەبەستن‌و بە پلەی یەکەم دێن. وێنەکە دەربڕی پلانی دووەمە نەك شتەکە خۆی.. کەواتە لە ئەلیگۆریادا بەپێچەوانەی وێنەی هونەریی سەربەخۆوە، هەردوو پلانەکە مەبەستن‌و لێك جیاناکرێنەوە. لە ئەلیگۆریادا جۆرە ئاماژەو ڕوونکردنەوەیەك پێویستە، بۆنموونە لە ساتیردا کۆمەڵێ کەسایەتی‌و ڕەمزی ئەفسانەیی یۆنانی هەن، دەبێ بۆ هەریەك لەوانە، ئێمە لەواقیعدا مەبەستمان لە جۆرە کەسایەتییەك بن، کە لە واقیعی ئەمڕۆدا هەبن.. لە ئەلیگۆریادا پلانی یەکەم‌و وێنەکەی بەئاسانی دەکرێ بەگوێرەی چەمکی (خێروشەڕ) جیابکرێنەوە، بەڵام

هەمیشەش هێڵێکی تری مانا بۆ لێکدانەوەی تایبەتمەندیی حاڵەتە هونەرییە درووست بووەکە پێویستە.

بۆنموونە نووسەرێکی سویدی هەیە، دالین، بەرهەمێکی هەیە "ئەفسانەی ئەسپەکە (١٧٤٠)"، باسی چارەنووسی پڕکێشەو چەوسانەوەی ئەسپێکە، کە چۆن بەدەست خاوەنەکەیەوە گیری خواردووەو حاڵی بەربادە. دەکرێ ئەم بەسەرهاتە هەروەك چۆنە بەبێ ئەوەی مانایەکی تری هەبێ، بخوێنرێتەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەمە ئەلیگۆریایەکە کە مەبەست لێی چارەنووسی گەلی سویدو فەرمانڕەواکانییەتی.

جیاوازیی نێوان سیمبۆڵو ئەلیگۆری دەتوانرێ بەم شێوەیە ڕوونبکرێتەوە: لە یەکەمیاندا جۆرێك توانەوەو ئامێتەبوون لەنێوان دوو شتی ماناداردا هەیە، بۆنموونە لەنێوان "بای ڕۆژئاوا"و حاڵەتی دەروونیی شیللیدا. هەردوو حاڵەتەکە بەشێوەیەکی پرژوبڵاو تێکەڵی یەکدەبن، بەتەواوی‌و کوتومت ئاوێزانی یەك نابن. سنوورەکانیان تێکەڵاونو هەرگیز ڕەهای تەواونین. بەڵام لە ئەلیگۆریادا وەکە لە "ئەفسانەی ئەسپەکە"دا، دوو حاڵەتو دوو پلانی جیاواز هەن، زۆر ئاساییە وەك بەسەرهاتی ئەسپێك بخوێندرێتەوە، بەس! بۆئەوەی بەمانای دووەم خوێنەر بیخوێنێتەوەو تێی بگات، پێویستی بەهەندێ زانیاریی مێژوویی هەیەو دەبێ بیزانێ، ئەگینا ناتوانێ ئەو بەراوردە بکاتو شتەکان بباتەوە سەریەك- لە "ئەفسانەی ئەسپەکە"دا، هەموو چیرۆکەکە لەیەکەم وشەوە تا کۆتایی دەتوانرێ جیا لەیەكو تەریبی بخوێندرێتەوە، بەڵام لە سیمبۆڵدا ئەمە وانییە. ئەلیگۆری بەو گیانو مەبەستە فێرکارییەوە کە هەیەتی- ڕووخسارێکی ڕۆشنبیرانەی هەیەو ڕوو لە کاردانەوەی ئێمەو بایەخمان دەکات، کە ئایا توانای ئەوەمان هەیە، کە گرێی ئاڵۆزو مەتەڵ ئامێز بکەینەوە. بەڵام سیمبۆڵ مامەڵەی لەگەڵ مەبەستێکی قووڵترو بنەواندارتردایە، کە پەیوەندیی بە ئاگاییو دنیای ناخو بێئاگاییشمانەوە هەیە، لەبەرئەمە ناتوانین بەشێوەیەکی کۆتایی هاتوو سیمبۆڵ شیبکەینەوە، هەڵسەنگاندنمان پابەندە بەو ناماقووڵییەتو نەخستنە ژێر ڕکێفییەوە کە هەیەتی.

ئالیگۆریا- هەر لە گۆرانییە لیریکییەکاندا هەبووە، لەسەر بنەمای هەندێ سیمبۆلی زانراوی پێشتر لایەنێکی ناسکبێژیو هونەریی دێتە ئاراوە. بۆنموونە، لە ئەدەبی ڕووسیدا {هەڵۆ و مراوی} مەبەست لە زاوا و بووکە. لە ئێپیك-

داستانەشیعردا- گەلێ سیمبۆل بوون بە وێنەی ئەلیگۆری.. بۆنموونە لە ساتیرو تەنزدا، زۆرجار گیاندار دەبێ بە ئەلیگۆریا، بۆنموونە: ڕێوی- مرۆڤی فێڵباز، شێر یان گورگ- خوێنخۆرو بە زەبر، مار- فێڵاوی، قەلەڕەش- گەلحۆ، چەقەڵ- بەدفەڕو قین لە سك.. لە تەقالیدی ئەدەبی ئەورووپاییدا ئەم گیاندارانەو وێنە ئەلیگۆریانە هەر لە (ئیزۆپ)ی یۆنانییەوە... بۆ نووسەرانی تر نەقڵبووە. زۆربەی شاعیران ئەم جۆرە چیرۆکە تەنز شێوازانەیان بە شیعر نووسیووە، هەرچەندە وێنەی ئەلیگۆریا لە ڕازە فۆلکلۆرییەکانیشدا هەبووە.

### میتافۆر ( خواستن )

وشەی metaphora میتافۆر یۆنانییەو بەمانای "گواستنەوە" دێتو بۆ یەکەم جار ئەرستۆ بەکاریهێناوە، واتە سیفەتێکی شتێك دەگوێزینەوە بۆ شتێکی تر یان بۆ مرۆڤ، یان لە سرووشتەوە بۆ مرۆڤو بەپێچەوانەشەوە. ئەمە گرنگترینو بڵاوترین ڤیچەری زمانە، کە تیایدا یەك شت، بیر، یان کارێك بە وشەو دەربڕین دەگەڕێندرێتەوە بۆ شت، بیر، کارێکی تر، چونکە هەندێ خەسیەتی هاوبەشیان هەیە. لە میتافۆردا بەشێوەی وێنە بەکاردێت، بەڵام لە چواندندا ڕاستەوخۆیە. زۆرجار بەکرداریش پێکدێ: دەڵێین: بەهرەی کراوەتەوە. هەروەها میتافۆر دوومانی هەندێ دیاردەی سرووشتە.. بۆنموونە:

ئاسمان دەموچاوی داوە بە یەکدا.

وەخت هەر لە خۆیەوە دەڕوا..

دوایی ئەمە بووە هۆی ئەوەی، نەك هەر بۆ دیاردەکانی سرووشت بەڵکو لە ناسکوێژیدا بۆ دەربڕینی بیری ئەبستراکت بەکاربهێنرێو بۆ ئەو پرۆسانەی کە لە هۆشو زەینو گیانی مرۆڤدا ڕوویان دەدا: "خەم خواردمی"، "هیوام کوژایەوە"...هتد.

دەتوانین دوو جۆری بنەڕەتیی میتافۆر دەستنیشانبکەین:

یەکەم- لەو پرۆسانەی وشە پێکدێن، کە لەناو سرووشتدا ڕوونادەن، بەڵکو ئەندێشەو هەستونەستی خەڵکە، هەندێ جار کە ئەم میتافۆرانە بەکاردێن، ئەو مانا زمانییەی هەوەڵ لەدەست دەدەنو مۆرکێکی ئەدەبی وەردەگرنو دەوری ئامێری دەربڕین دەبینن. بەم جۆرەیان دەوترێ میتافۆری لێکسیکی- وشەیی.

دووەم- لەگەڵ ئەم میتافۆرانەدا کە لە هەستونەستی مرۆڤ دەدوێن، لە زماندا جۆرێکی تر هەن، کە ئەم هەستو نەستە دەچوێنن بە شتەکانی دەوروبەرو جیهانی مادی- دەتوانین بە پارێزەوە ئەم میتافۆرانە ناوبنێین- میتافۆری شت. لەسەرەتاشدا ناسکویژی ئەمانە زانراون، بەڵام وردەوردە کزو لاوازبوون، یان نەماون، بۆنموونە دەڵێین: "بیری تیژە"، "کابرایەکی ڕەقە"، یان "سەرسەختە" و "باوەڕی پۆڵایینە" و "هەستی ناسکە"، "خەمی قووڵ"، "خەمی قورس"، "بەگەرمیی پێشوازیی کرد".. دەربڕینی تریش هەیە وەك: "کابرایەکی نادیار"، "زمانی پاراو".. هەندێ لەم میتافۆری شتانە، دیاردەکانی سرووشتو دنیای مادی لەڕووی لێکچوونیانەوە بە مرۆڤ یان گیانلەبەرو ڕووەك دەچوێنرێن.. دەڵێن: "زمانی ئاگرەکە"، "قاچی کورسییەکە"، دەستکی دەرگا، ملی قاپ، لووتی کەشتییەکە،...هتد. دواتریش هەندێ میتافۆری تر لەگەڵ گەشەسەندنی بیری ئەبستراکدا هاتنە کایە، کە بە گوێرەی هەندێ پرۆسەی سرووشتو دیاردەکانی ژیانی مادی، بەپێی وێکچوونیان پێکدەگیرێن، دەڵێین "زنجیرەی ڕووداوەکان"، ڕەگی شەڕ"، "چەرخی چەپگەرد...هتد".

هەروەها میتافۆری تێکەڵیش هەیە کە سیفەتو خەسیەتی بێماناو گاڵتەجاڕی دوور لە لوجێکی تێدا ئامێتە دەکرێن، وەك ئەوەیە کە هەوڵبدەین دوو میتافۆر بخەینە خزمەتی یەك شتەوە:

Those vipers stabbed us in the back.

ئەو مارانە لەپشتەوە ئێمەیان گەست (پێیانەوەداین).

یان ئەم نموونەیەی جۆرێکی تری میتافۆر:

The <u>road</u> of <u>life.</u>

Vehiel tenor

(بیرەکە) (هۆی گەیاندنی بیرۆکەکە)

ڕێگای ژیان.

ژیان بۆ خۆی شتێك نییە لەبەرچاوماندابێ، بەڵام ڕێگا شوێنەو دەیبینین، وەك ئەوە وایە کە ژیان درێژبووبێتەوە لەکاتدا، چۆن ڕێگا ئاساییەکە لە شوێندا درێژدەبێتەوە.

(vehiel) - (tenor)

بیرەکەیە - بەهۆیەوە دەگوازرێتەوە.

یان چواندن- چوێنراو- پێ چوێنراو، ئامرازی پێ چواندن

که ئه‌مانه هه‌مووی هه‌بوون ئه‌وکاته میتافۆر (خواستن) نییه‌و چواندنه.. به‌ڵام که ئه‌ندامێکی بنه‌ڕه‌تیی- چوێنراو، یان پێچوێنراوت لابرد، ئه‌وا (خواستن)ه..

بۆنموونه: شێره‌که‌م له حه‌مامدا بینی. (خواستن)ه.

ئه‌و پیاوه وه‌ك شێر وایه، له ئازایه‌تیدا. (لێکچوون)ه.

Metonymy- [met-on-îmi]

درکه

شێوه‌یه‌کی ئاخاوتنه، که جێگه‌ی ناوی شتێك به‌ناوی چه‌ند شتێکی تر ده‌گرێته‌وه، که یه‌کسه‌ر ئه‌وت بیرده‌خاته‌وه، بۆنموونه بوتڵ‌و خواردنه‌وه، ڕۆژنامه- ڕۆژنامه‌نووس، ته‌نووره‌و ژن، مۆزارت- بۆ مۆسیقای مۆزارت...

میتۆنیمی له‌سه‌ر بنه‌مای په‌یوه‌ندی‌و لێکچوونی نزیك داده‌مه‌زرێ، به‌ڵام میتافۆر نییه، که ئه‌م هه‌ر له‌سه‌ر بنه‌مای لێکچوون پێکدێ.. په‌یوه‌ندیی میتۆنیمی جۆرێکه که له‌سه‌ر بنه‌مای خزمایه‌تی یان په‌یوه‌ندیی ڕاسته‌قینه‌وه داده‌مه‌زرێندرێ.. زۆر له‌و ده‌ربڕینانه‌ی ڕۆژانه‌مان میتۆنیمن، بۆنموونه که ده‌ڵێین: "من مۆزارتم خۆشده‌وێ"، مه‌به‌ستمانه بڵێین: "مۆسیقای مۆزارتم خۆشده‌وێ"، په‌یوه‌ندیی نێوان مۆزارت‌و مۆسیقا زۆر ئاشکراو نزیکه.. یان که ده‌ڵێین: "په‌رداخێك بخۆره‌وه، مه‌به‌ست له شله‌ی ناو په‌رداخه‌که: ئاو، شه‌ربه‌ت..هتد نه‌ك خودی په‌رداخه‌که.. دیسانه‌وه په‌یوه‌ندییه‌که نزیکه..

یه‌کێك له جۆره گرنگه‌کانی میتۆنیمی Synecdoche- "خوازه‌ی به‌ره‌ڵایه" که به‌شێکی ناوه‌که واتای هه‌مووی ده‌گرێته‌وه، بۆنموونه "ده‌ست- بۆ کار". تیۆریای تازه‌ی ئه‌ده‌بی به‌شێوه‌یه‌کی فراوان میتۆنیمی به‌کارده‌هێنێ، بۆ ئاماژه‌کردنی پرۆسه‌ی بیرکه‌وتنه‌وه، به‌تایبه‌تی ئه‌و شتانه‌ی په‌یوه‌ندیی نزیکیان به‌یه‌که‌وه هه‌یه... بۆنموونه:

- ئه‌و (یه‌سه‌نین- شاعیری ناوداری ڕووس)ی هه‌موو له‌به‌ره، واته شیعره‌کانی ئه‌وی له‌به‌ره،.. یان شاره‌زای هێمنگوای بووه {واته هی به‌رهه‌مه‌کانی}.

- یان دەڵێ: من لە ئاڵتووندا دەخوارد.. نیشانەیە بۆ دەوڵەمەندییەتی، چونکە ئاڵتوون بەهادارو بەنرخە.. یان لە شتی ڕۆژانەدا {ئامێر، یان ئەندامی لەش}: چاوێکی تیژی هەیە {وردبینە}، قەڵەمی بەبڕشتە {خاوەن بەهرەیە}.

- یان ناوی تایبەتییەو بەمانایەکی گشتی بەکاردێت:

| | |
|---|---|
| * خۆی بە پوشکین دەزانێ | لێرەدا ناوی کەسەکان |
| * خۆی بە گۆران دەزانێ | جێی ناوی پیشەکە- |
| | شیعریان گرتۆتەوە.. |

* درامانووسمان زۆرە، بەڵام شکسپیرێکمان نییە.. واتە درامانووسێکی لێهاتوومان نییە.*

* بۆ ئەم بەشەش هەر سوود لە ئەسڵی کتێبەکە وەرگیراوە بەڵام بەسەرچاوەکانی تر بەپێز کراوە.

ئێمە لە ژیاندا دەتوانین هەندێ شت بەراورد بکەین‌و بیهێنینە بەرچاومان، بۆنموونە دەڵێین: "ڕێگای ژیان"، ئێمە لێکچوونێك دێنینە پێش چاوی خۆمان لەنێوان "ڕێگا"- شتێکە بە چاو دەیبینین‌و "ژیان"دا کە هەرگیز توانای بینینیمان نییە، بەڵام دەتوانین ئەوە لە زەین‌و ناخماندا وەك "کێشمانێك لە کاتدا" بەرجەستە بکەین هەروەك چۆن "ڕێگا" هەیەو لە "شوێن"دا دەیبینین، ئاواش- ڕێگای ژیان لە کات‌و ڕۆژگاردا درێژدەبێتەوە.

ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی زاراوەی "زمانی بەوێنە" بێتە ئارا. ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە لیریك زۆر جەخت‌و کار لە ڕەنگن‌و بەپێزکردنی زمان دەکا، بەتایبەتی لە داهێنانی وێنەی شیعری یان بەواتایەکی تر زمانی بە وێنەدا، لەبەرئەوە ئەمە زۆر گرنگ‌و بایەخدارە لەسەرەتای (١٩٠٠)ەکاندا، "imagist"ەکان، (ناوەکە لە وشەی لاتینیی imago وە هاتووە، کە بەواتای وێنە دێ)، ئەم چەمکەیان کرد بە جەوهەری بزووتنەوەکەیان‌و هەموو شتێ بە دەوری زمانی بەوێنەدا دەسووڕایەوە، بەتایبەتی وێنە بەناوبانگەکەی شاعیری ئەمەریکایی ئەزرا پاوەندیان بە نموونە دەهێنایەوە کە دەڵێ:

The apparition of these faces in the crowd,
Petals on a wet, black bough

دەرکەوتنی ئەو ڕووخسارانە لە قەرەباڵغیدا
تۆقی گەڵای دارە بە لقێکی تەڕی ڕەشەوە

لەم شیعرەدا دوو وێنە لەسەر بنەمای لێکچوون بەتەنیشت یەکەوە دانراون، وێنەی یەکەم: ڕووخسارەکان لە قەرەباڵغیدا، وێنەی دووەم: تۆقی گەڵای دار بە لقێکی تەڕو ڕەشەوە کە ئەمە (میتافۆر- خواستن)ە. {یان بە بۆچوونێکی تر لێکچوونی وێنە بەوێنەیە}.

وەنەبێ هەر لە زمانی شیعریدا ئەم وێنەو لێکچوون‌و میتافۆرانە هەبن، بەڵکو زۆرجار لە زمانی ئاسایی ڕۆژانەو لە لێکۆڵینەوەشدا دەبن. هەندێ جار زەحمەتە هێڵێکی ڕەهاو دیار لەنێوان ئەوەی کە بەمانای "ئاسایی"و ئەوەی کە بە "وێنە"

بەکارهاتووە بکێشین. واتە یا هەر بەمانا مەنتیقییەکەی یان هونەرییەکەی بەکارهاتووە. ئێمە دەڵێین "قاچی کورسی"، لەڕاستیدا ئەوە پارچە تەختەیەکەو "قاچ" نییە، بەم جۆرە دەوترێ، میتافۆری بەسەرچوو- ساردبووەوە. ئەم ئاڵوگۆڕە لەمبەرەوە بۆ ئەوبەر واتە: لەنێوان مانای ئاساییو هونەریدا ڕوودەدات، هەندێ نموونەی وەك: زمانێکی تیژ، یان بیرتیژ، چاوتیژ، بیری قووڵ...هتد.

بێگومان ئەمانە لەو وێنانەن کە دێنە بەرچاومانو بەرجەستە دەبن، بە ئینگلیزی پێی دەڵێن: "visual". ئەمە لە زمان خۆیدایەو بەهۆی زمانەوە دەبێت. ئێمە بە وێنە بیردەکەینەوەو دەتوانین لێکچوونو لێکنەچوونو پوختەی بیرۆکەکە هەست پێ بکەین. بەهۆی ئەمەوە دەتوانین گەلێ جار، پەیوەندیو گریمانەی وا پێکەوە ببەستین کە لە چوارچێوەی لۆجیکیی ڕوواڵەتی دەردەچێ.

ئێمە لەمەوپێش لە میتافۆر دواین، وەك بەشێکی زمانی بەوێنە، جاری واش هەیە، زمانی بەوێنەو میتافۆر وەك دوو وشەی هاوواتا سەیردەکرێن، بەڵام هۆی بەجێ هەیە بۆئەوەی وەك دوو چەمکی جیاواز سەیربکرێن، چونکە زمانی بەوێنە چەترێکە کە چەردەیەك دەربڕینو شیکردنەوەی هەمەجۆر لەژێر خۆیدا کۆدەکاتەوە. میتافۆر یەکێکە لەو هونەرانەی کە بەهۆیەوە زمانی بەوێنە دادەڕێژرێو لەسەر بنەمای پەیوەندیی "لێکچوونیش" ئەم هونەرە بونیاد دەنرێت.

ئێمە بەو نموونە شیعرییەی ئەزرا پاوەند دەڵێین: میتافۆر- خواستن، چونکە دوو ڕیز وەسپکردنمان لەسەر بنەمای لێکچوون بەرانبەر یەك داناوە، هەردووکیان لەسەر بنەمای پاشخانێکی تاریك، مەبەست لە تاریکیی تونێلەکەو ڕەشیی لقی درەختەکە ڕۆنراون. بەڵام لە زمانی بەوێنەشدا وێنەی وا هەیە کە -وەك بەزەیندا هاتن- لەسەر بنەمای لێکچوون نییە. هەر لەکۆنەوە چوار جۆری بنەڕەتیی زمانی بەوێنە دەستنیشانکراوە:

١- میتافۆر- خواستن، وەك وترا لەسەر بنەمای لێکچوون پێکدێت.

٢- Ironi- خواستنی بە پلار {گاڵتەئامێزی}- بە جیاوازیو لەیەك نەچوون پێکدێ.

٣- Mytonymi- درکە، کە لەسەر پەیوەندیی نزیك پێکدێ.

٤- -Synekdoke خوازەی بەرەڵا، کە دەربڕینێکە بە بەشێك لەباتی هەموو، یان بەپێچەوانەوە دەردەبڕدرێ.

لەڕاستیدا هەموو کاتێ مەرج نییە بتوانرێ کە زۆر بەوردیو تەواوی ئەم زاراوانە بەکارببرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە ئامێرێکی گونجاوی شیکردنەوەی تێکستی ئەدەبین. وەك یاساو ڕێسایەکی خوێندنەوەی ئەدەبیش، هەمیشە ئێمە یارییەکی ترمان هەیە کە لەنێوان تێکستو خوێنەردایە. ئەمانەش {واتە ئەم ڕەگەزە هونەرییانە} زیاتر تایبەتمەندیی لیریکن. ڕەنگە کاردانەوەو چێژی خوێنەرو چاوی خوێنەر لە چۆنیەتیی وەرگرتنی وێنە شیعرییەکاندا جیاوازبێ. مرۆڤ کە دەبینێ، مانای وایە بیردەکاتەوە، هەموو بیرکردنەوەیەکیش لە ئەنجامی ئەزموونو کارامەییەوە دەبێ. هەمووکەس دەتوانێ خاوەنی ئەزموون بێ، بەڵام لەهەموو کاتێکیشدا ئەمە شتێکی شەخسییە. لەبەرئەوە خوێندنەوەی بەرهەمی لیریکیش بەشێکی هاوبەشە لەنێوان مرۆڤەکانداو بەشێکی شەخسییەو تایبەتە بە تاکەکەس بەواتای ئەوەی ڕەنگە مامەڵەو کاردانەوەی کەسێك لە خوێندنەوەی دەقێکی لیریکیدا جیاوازبێ لە یەکێکی دی..

ئەوەی کە پەیوەندیی بە میتافۆرەوە هەبێ، جۆراوجۆرە. جاری واهەیە بە ئاشکرا لە تێکستەکەدا دەردەکەوێ، هەندێ جاریش ئاسان نییە بخرێتە ڕوو. یەکێك لە هەرە جۆرە ئاسانەکانی میتافۆر، کە بە شێوەیەکی زمانەوانی دەردەکەوێ. "لێکچوون"ە، کە لە چوار شت پێکدێ: لێچوو، لەوچوو، ئامرازی لێکچوون، شێوەی لێکچوون. ئامرازی لێکچوون: وەك، چون، ئاسا، دەڵێی، وێنەی، چەشنی...هتد

شاعیرێك بەناوی گاسپارامستامپاس (کە لە ١٥٠٠ەکاندا ژیاوە)، دەڵێ:

ژیانی من وەك داربەڕوویەك وایە بە تاشێکی بەرزەوە

ژیانی شاعیرەکە — داربەڕوو

ئامرازی لێکچوون — وەك

شێوەی لێکچوون — ژیانی شاعیرو داربەڕوو، لە بەهێزیو بەرزیدا لێکدەچن.

{هەرچەندە ئەمە لە تێکستەکەدا نەوتراوە}

زۆرجار ئێمە لەیەك میتافۆردا بە زیاتر لەیەك ئۆرگانی هەست لە ماناکەی دەگەین، بۆنموونە شاعیری فەرەنسی پۆل ڤێرلین (١٨٠٠ەکان)، لە شیعرێکیدا دەڵێ:

ئەو گۆرانییە خۆڵەمێشییە..

ئەمە بە (بیستن) و (بینین) دەبێ.

ئەم جۆرە دیاردە زمانییەی میتافۆر پێی دەڵێین (Sinnesanalogi)، بیرکەوتنەوە، هەست ئامێز، لەڕێگەی هەستەوە بەراوردکردنە.

لایەنێکی تر هەیە کە بە زاراوەی (گیان بە بەرداکردن) ناودەبرێت، شیعرێکی شاعیری ڕۆمانتیکیی سویدی جولیا نیبیرگ هەیە، دەڵێ:

بای بەهارە پاکە،

یاری دەکاو فیکەی دێ

لەو مێرگانەی دەوروپشتدا، وەك دوودڵدار

لێرەدا ڕەگەزەکانی سرووشتمان وا لێکردووە، وەك ئەوەی مرۆڤ بن. ئەوانمان چواندووە بە مرۆڤو هەڵسوکەوتی مرۆڤو لەسەر بنەمای لێکچوون، میتافۆرمان درووستکردووە.

جۆرێکی تریش هەیە personifikation- ئەمانەش بە دەوری دیاردەو شتی کۆنکرێتدا ناسووڕێنەوە، بەڵکو زیاتر دیاردەی ئەبستراکتی مرۆڤانەی وەك: کامەرانی، مردن، جوانی، خەم...هتد دەردەبڕن. لێکچوونەکەش لەنێوان دیاردە ئەبستراکتەکانو باڵاو ڕووخسارێکی کۆنکرێتیی مرۆڤانەدا دەبێ.

شاعیری سویدی نیلس ڤێرلین لە شیعرێکدا دەڵێ:

کاتێ جوانی هاتە گوندەکە. {جوانی} سیفەتێکی ئەبستراکتە بەڵام لە ژنێکدا بەرجەستەبووە.

یان: عەقڵ (ژیری) کابرایەکە ئاوا وردو ژیرە.

لەمەیاندا ئەوەی شتەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەوەیە کە وەسپی عەقڵ لەڕێگەی کابرایەکەوە دەکات، کەواتە شتێکی ئەبستراکتی وەك "عاقڵی" لەڕێگەی وێنەی کۆنکرێتیی مرۆڤێکەوە دەربڕدراوە.

یان شاعیرێکی تر دەڵێ: "گوێ لە نزام بگرە، ئەی ئەفرۆدێتی نەمر!.." لێرەدا خوای خۆشەویستی کراوە بە شتێکی کۆنکرێت وەك ئەوەی مرۆڤێك بێ و گوێ بگرێ، لەڕێگەی ئەویشەوە هەستێکی ئەبستراکتی وەك خۆشەویستیی دەربڕیوە. کەواتە مرۆڤاندنی خۆشەویستییە بەیارمەتی ڕووخسارێکی خوایانە.. بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤاندن پێویستی بە شیکردنەوەیەکی زۆر بەهێز نییە، لەلایەن خوێنەرەوە بۆئەوەی

دەرك بەماناكەی بكات. زۆرجار هەر بە نیشانە زمانییەكان هەستی پێ دەكەین (ژێری كابرایەكە)، یان كولتوورییە وەك ئەفرۆدێت وەك خوای جوانی. ڕەنگە زەحمەتێك لەزاراوەی allegori (خوازە)دا هەبێ. لەڕووی etymologi- بنەوانی وشەو ئەلیگۆری ماناكەی تەقریبەن ئاوایە: "كە شتێكی تر بڵێی".* ئەمەش پێناسەیەكی زۆر بەرفراوانە لەئەدەبدا لەم دەیانەی دواییدا بەشێوەیەكی گشتی وەك زاراوەیەك بەكاردەهات كە تایبەتمەندیی زمانی بەوێنەی دەگرتەوە، بەڵام لەڕووی مێژووییەوە، نزیكە لە مرۆڤاندن- كەساندن (personifikation).

بەپێچەوانەی میتافۆرەوە كە لەسەر بنەمای لێكچوون درووست دەبێ. (ironi)- خواستنی بە پلار لەسەر بنەمای گاڵتەو تەوسو جیاوازیو لێكنەچوون پێكدێ، بەزۆر شێوەش بەكاردێو تەواو پێچەوانەی میتافۆرە. هەر لێكچوون هەبوو ئەوە میتافۆرە، بەپێچەوانەشەوە كە جیاوازی بوو، ئەوە (ironi)یە.. لەڕاستیدا هیچ چەمكێك و {واتایەكی} زمانی نامانباتەوە سەر (ironi) بەڵكو هەندێ شت كە لەسەری ڕێككەوتووین دەبێ وابێ. كاتێ دژ بەمانای ڕاستەقینەو نەگونجاو بوو، بەپلارەوە وترابوو، ئەوە خواستنی بەپلار- (ironi)ە..

سێیەمیان: mytonymi- دركەیە، كە لەسەر بنەمای پەیوەندیی نزیك پێكدێ. پەیوەندی نزیكیش مانایەكی بەربڵاوی هەیە، چونكە دەكرێ ئەو پەیوەندییە نزیكانە زۆربن، بەتایبەتیش بەهۆی لێكچوونەوەیە. ڕەنگە مرۆڤ جاروبار میتافۆرو میتۆنیمی لێ تێكبچێ، بەڵام جۆری پەیوەندییەكەی میتۆنیمی "خزمایەتی" یان "پەیوەندی واقیعی"یە. هەندێ لە دەربڕینی ڕۆژانە میتۆنیمین، بۆنموونە دەڵێی:

من مۆزارتم خۆشدەوێ {تۆ مۆسیقای ئەوت خۆشدەوێ} ئەمە نموونەیەكی میتۆنیمیی پراكتیكییە..

---

* بۆ نموونە پوشكین دەڵێ : دیسانەوە هەورەكان بەسەر سەرمەوە ڕاوەستاون.
شاعیر مەبەستی لە هەوری ڕاستەقینە نییە، بەڵكو مەترسیی سیاسییە كە هەڕەشەی لە شاعیر كردووە.
زۆرجار لە زەینی خەڵكدا كۆمەڵێ شت هەن، یان هەندێ سیفەت هەن، كە لە گیانلەبەراندا بەرجەستەكراون:
بۆنموونە دەڵێن: فلان كەس ڕێوییە.. (ڕێوی) لێرەدا بەمانا خوازەییەكەی بەكارهاتووە. هەندێ گیانلەبەری تریش بوون بە سیمبۆلی هەندێ سیفەت كە وەك خوازە بەكاردێن، لەم نموونەیەدا ڕێوی بۆ فێڵبازی بەكارهاتووە.

یان پەرداخێکم خواردەوە.. مەبەست ئاوی ناو پەرداخەکەیە، پەیوەندییەکی واقیعیو نزیك لەنێوان پەرداخو ئاو یان شلەی ناو پەرداخەکەدا هەیە.

ڕەگەزی چوارەمی زمانی بەوێنە (وێنەدار)، Synekdoke- خوازەی بەرەڵایە. هەندێك پێیان وایە ئەمە جۆرێکە لە میتۆنیمی، بەڵام تایبەتمەندییەکەی ئەوەندە ئاشکراو ڕوونە، کە وەك جۆرێکی تایبەت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. لە دەربڕینی (خوازەی بەرەڵا)دا، بەش لەبری هەمە، یان بەپێچەوانەوە دەبێ. بۆنموونە هەرگیز چاوەڕێی ئەوە مەبە کە لە فیلمێکی ئەمەریکیدا بڵێ: "nice car" (قەمەرەیەکی جوان)، بەڵکو دەڵێن: "nice set of wheels" (شێوەیەکی جوانی ویلْ) ویلەکە بەشێکە لە ئۆتۆمبیلەکە، بەڵام لەم جۆرە هونەرەدا، تەنیا ناوهێنانی بەشێکی گرنگ، دەبێتە ناوهێنانی سەرجەم شتەکە. لە شیعری لیریکیشدا ئەم جۆرە هونەرە بەکاردەهێنرێ.

هەر لە ڕەوتی ئەم باسەدا مرۆڤ دەکرێ باسی (سیمبۆل)یش بکات، هەرچەندە ئەگەر مرۆڤ زۆر بە جدیو وردی باسی بکا، سیمبۆل ناچێتە چوارچێوەی زمانی بەوێنەوە، چونکە جیاوازییان هەیە، هەرچەندە چەمکی ئەلیگۆریو سیمبۆل پەیوەندییان هەیە، بەڵام دیسانەوە ناشێ سیمبۆل بە ڕەگەزی زمانی بەوێنە دابنێین. زمانی بەوێنە زۆر ڕاشکاوانەو بەهەموو مانای وشە، بەشێوەیەك لە شێوەکان (visual)ە، بەرجەستە دەبێ: چونکە لەسەر بنەمای لێکچوون، جیاوازیو پەیوەندیی لێك نزیك بونیاد دەنرێت بەڵام سیمبۆل بەپێچەوانەوە، بەدەستی یەکەم Konventionelt لەسەری ڕێککەوتن کراوە، ئەمەش زۆر بە دیققەتو وردی دیاریکراوەو جیاکراوەتەوە، هەرچەندە لەگەڵ ڕۆژگاردا دوور نییە کە بچەسپێو بەجۆرێك لە جۆرەکان مرۆڤ نەتوانێ بیباتەوە بنەوانی ئەو ڕێککەوتنە کە بە چ مانایەکی دیاریکراو ڕێکەوتنی لەسەرکراوە.

لە کولتووری ئەورووپاییدا "گوڵی سوور" سیمبۆلی خۆشەویستیو "خاچ" سیمبۆلی مەسیحییەتە، لەبەرئەوەی بەسەدان ساڵ ئەم دوو شتە بەهەمان واتا دووبارەبوونەتەوەو بەشێوەیەکی قووڵ ڕەگیان لە زەینی مرۆڤی ئەورووپاییدا داکوتاوە ئیتر بوونەتە دوو سیمبۆل بەو مانایەی وتمان. خۆی وشەی سیمبۆل symbol لە وشەیەکی یۆنانییەوە symballein وە هاتووە، بەمانای "پێکیانەوە گرێدەی، یەکیان

بخەی"، ئەوەشی مایەی فیتنەو بەڵایە- شەیتانە، کە وشەیەکی پێچەوانەی سیمبۆلە یۆنانییەکەیە diaballein بەواتای "لێکیان جیابکەیتەوە، دووربخەیتەوە". ئەوەی کە دەبێتە هۆی جۆرە سەرلێشێوانێك ئەوەیە کە مانای سیمبۆل لە پەیوەندییدایە بە میتافۆرو میتۆنیمیەوە، ئەمە هیچ سەیریش نییە، بۆنموونە میتافۆرێکی سەرکەوتوو ئەوەندە بڵاودەبێتەوەو لای هەمووکەس مانای ئاشکرا دەبێت، هەمووکەس لەسەری ڕێکدەبن ببێتە سیمبۆلێك. خۆشەویستی دەکرێ مایەی دڵخۆشی بێ، دەشبێ مایەی خەمو ئازاربێ، گوڵەباخیش بەهەمان شێوە، ڕووالەتێکی جوانو بۆنێکی خۆشی هەیە، بەڵام دەبێ ئاگاشت لە دڕکەکانی بێ، بۆنموونە شاعیرێکی ئینگلیز (ساڵەکانی ١٧٠٠)، ڕۆبێرت بورنس دەڵێ:

خۆشەویستەکەم، دەڵێی گوڵێکی سوور، سوورە،
ئەو تازە لەمانگی حوزەیراندا گەش دەبێتەوە،
خۆشەویستەکەم لە میلۆدیایەك {گۆرانییەك} دەچێ
کە بەشێوەیەکی زۆر شیرین ئاوازە دەداتەوە..

ئەم شیعرە هەم میتافۆرەو هەم سیمبۆلی تێدایە، لێکچوون لەنێوان خۆشەویستیو گوڵەباخو میلۆدیای خۆشدا هەیە، بۆ کەسێ شارەزای ئەمانە بێ. هەر مەودای سیمبۆلیی (گوڵەباخ)یش بەهەموو شێوەیەك سەلمێنراوە، تەنانەت میلۆدیاش، ئەو مۆسیقا جوانە، هەر بەشێوەیەك وێنەیەکی خۆشەویستییە، بەڵامماناو مەودا سیمبۆلییەکەی ڕەنگە تا ئەو ساتە نەچەسپابێ.

هەروەها دەکرێ "خاچ" میتۆنیمی بێت بۆ مەسیح، حەزرەتی عیسا، چونکە ئاشکرایە ئەو بەگوێرەی ئینجیل لە خاچدراوەو بەئازارەوەو شەهیدکراوە. دیارە پەیوەندییەکی میتۆنیمی لەنێوان ئەم دووانەدا، مەسیحو خاچ هەیە، خۆ بەهەزاران کەسی تریش تا مردن ئازاردراون، بەڵام بەهۆی دووبارەبوونەوەی ناوهێنانی شەهیدبوونی مەسیحەوە، بەتەنیا بووە بە سیمبۆلێك بۆ مەسیح. هەرچەندە هەندێ پەیوەندیی زمانی هەیە، هیچ پەیوەندییەکی لێکچوون لەنێوان شێوازو ماناکەیدا نییە، بۆنموونە دەنگی (s) و شێوازەکەی دەکرا لەباتی (s) لەسەر شێوازی (t) بۆ هەمان دەنگی ئێستای (s) ڕێکبکەوتنایە.

دوو چەمکی تر هەن، هەرچەندە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە زمانی وێنەدارەوە نییە، بەڵام لە تایبەتمەندیی visualی لیریکەوە نزیکن. مەبەستمان لە antites ئەنتی تێزو paradox پارادۆکسە. هەردووکیان دوو دیاردەی زمانین، کە پەیوەندییان بە وێنەو بونیادی فیکرەوە هەیە، بەرانبەر یەك دادەنرێنو هەردووکیان بۆ لیریك زۆر گرنگن.

ئەنتی تێزی زۆر هەن، بەڵام دوای شیکردنەوەیان سەرنجڕاکێشو بایەخدار دەبن، دوای ئەوەش چەمکی paradox دێتە جوغزی یارییەکەوە. کاتێ مرۆڤ ئەنتی تێزێك دەبینێ کە زۆر بەهێزو ئاشکرا دێتە پێشەوە، یان پێناسەیەك دەبینێ کە ناکۆکییەکی ناوەوەی تێدایە، هەروەها لە یەکەیەکی {زمانیی} قووڵدا یان ڕاستیدا جێگەی خۆی دەکاتەوە، بەڵێ! ئەوکاتە لە جوغزی پەرادۆکسدایە. پارادۆکس ناکۆکییەکی ناوخۆی زۆر ئاشکراو دیارە، شتێکی نەگونجاو کە دوای تۆزێك بیرکردنەوە یەکسەر شتێکی بەنرخ دەربارەی واقیع دەڵێ. پارادۆکس بەم شێوەیەو هەمیشە ئەنجامی شیکردنەوەیەکە، پیترارك (١٣٠٤-١٣٧٤) لە شیعرێکدا دەڵێ:

ئا ئەمە خۆشەویستی نییە، کە من هەستی پێ دەکەم؟

ئەگەر خۆشەویستییە، دەبلێ چییە!

خۆشییەکە، کە مرۆڤ ئازاردەداو لەناوی دەبا؟

ئازارێکە، کە بە بلێسەیەکی وا خۆش {مرۆڤ} دەسووتێنێ؟

ئەنتی تێزی ئەم شیعرە {خۆشی- ئازار}ە، بەڵام زمان خۆشیو ئازار بەشێوەیەکی جارزکەر دەبەستێت بەیەکەوە: ئەمە هەمان دیاردە- خۆشەویستییە، کە بەهۆی پرسیارکردنەوە ئەم دوو شتە دژ بەیەکە وەسپ دەکات. بەهۆی دەقاودەق شیکردنەوەی زمانیشەوە یان زانستی ئاساییەوە ناتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئازار- خراپەو جوانیو شیرینی- باشە، یان بەپێچەوانەوە. بەڵام کاتێ بە وردی خەریکی ڕاڤەکردنیان دەبین وەك paradoxێك دەردەکەوێ ناتوانین خۆشەویستی بەهۆی عەقڵەوە شیبکەینەوە، کاتێ پارادۆکسیش دەدان، بۆ زیاتر جەختکردن، بەچەند وشەیەکدا دەنێ، ئەوکاتە پێی دەڵێین oxymoron بە دەربڕینی سویدیی "خۆشەویستییەکی بەئازارو شادیبەخش"، یا {ژیری- بێ عەقڵی} ئۆکسیمۆرۆنە.

زاراوە دەمانگەیەنێتە چەمك، چەمك دەمانبەستێتەوە بە ئەزموونەوە، ژیانی ئێمەش هەر لە ئەزموون پێکدێ. ئێمە بەهۆی زاراوەکانەوە دەتوانین بزانین کام ڕەگەزی زمانی بەوێنە لە تێکستە شیعرییەکەدا هەیە. وێنەکان هەمیشە بەشێوەیەك لە خودی تێکستەکەدان، بەڵام دوا ڕووالەتو مانایان لای تۆ وەك خوێنەرێك دەخولقێ. هەرچەندە لەبەرکردنو زانینی هەندێ زاراوەو چەمك مانای ئەوە نییە، مرۆڤ بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەتوانێ هەموو شیعرێك هەڵمژێتو دوایی لەهەندێ وەسپی بابەتیدا دایڕێژێتەوە. بایەخی ڕاستەقینەی زمانی بەوێنە لەوەدایە، کە وامان لێ دەکات، کە جیهانو واقیعو خۆمان بە چاوێکی تازەوە ببینین، زمانی وێنەدار وامان لێ دەکات کە بە هەستو سۆزەوە بیربکەینەوەو بیرکردنەوەمان هەستو سۆزداربێ. هەرچەندە دەکرێ هەر شیعرێك بە شێوازی جیاواز بخوێنرێتەوەو واتای جیاجیای تێدا بدۆزرێتەوە.*

* ئەمە بەشێکی کورتکراوەیە لە کتێبی: Lars Elleström. Lyrikanalys. En introduktion, Lund (Sweden), 2006, s. 80-94.

## دروستکردنی وێنە بە ڕێگەی سینتاکسی

### ڕێکخستنی ئاوازەی ئاخاوتنی هونەری

وێنەی دەربڕدراوی ئاخاوتن، دەبنەهۆی بونیادنانی تایبەتیی فرازو ڕستە، کە بە ڤیگەری سینتاکسی، هەروەها بەفیگەری ستایڵ (شێواز)و شیعرییش ناودەبرێن. هەرە بنەڕەتییەکانی ئەمانەن:

- (inversion): وشەیەکی لاتینییە بەمانای لەڕستەدا {بەمەبەستی هونەری} پاشوپێش خستن دێ، بۆنموونە لە زمانی کوردیدا زۆربەی کات بکەر پێشدەکەوێو کردار دوایی دێ، دەڵێی: "من نامەکەم نووسی." دەتوانرێ بشوترێ: "نامەکەم نووسی من، یان نامەکەم من نووسی." پاشوپێش کردن بڕشتو وزەو هێزی بیرو جۆشو سۆز بە دەربڕینو شێوازی دەربڕین دەدات، بۆنموونە:

سپی دەکاتەوە بایەوانێکی تەنیا
لە تەمی دەریای شیندا!..
بەدوای چیدا دەگەڕێ لە وڵاتێکی دووردا؟
چی ئەوێ لە زێدی {خۆی} دوورخستەوە؟ {ل٨١-٨٢}

یان (مەحوی) بۆهەمان مەبەست دەڵێ:
لەسەر تۆم دوژمنە دنیا، قەزییەم (مانع الجمع)ە
کە تەرکی تۆ نەکەم، تەرکی هەموو دنیا نەکەم چی بکەم،
{دیوانی مەحوی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ل٢٣٤}

ئاشکرایە لەم بەیتەدا بەمەبەستی چنینو داڕشتنو هێنانە ئارای سەداو ئاوازەی پیت، وشە، پاشوپێشیان پێ کراوە. بەمەش هێزی جوانیو وزەی کاریگەریی دەربڕینی وشەو ڕستەکان زیاتر دەبێ، بەتایبەتی ئەمە زیاتر لە دووبارەکردنەوەی هەندێ وشەو فرازدا دەبێ، کە بونیادێکی یەکجۆرییان هەیە.

- gradation- ڕیزبەستنو بەدوای یەکداهاتن: ئەمە وشەیەکی لاتینییە، یەکێکی ترە لەم ڤیگەرە سینتاکسیانە، لەوکاتانەدا بەکاریدێنین کە

پێویستمان بەوەبێ کە دەربڕینی وشەکان تایبەت بێ، ئەویش بەهۆی ئەم پێکهاتە سینتاکسییەوە، کە هەر وشەیەکی داهاتوو {یان کۆمەڵەوشەیەك} هێزو پێزی وشەکانی پێشووتر زیاددەکەن، ئەم نموونەیە لەشیعری شاعیری ڕووس (س.یەسێنین) دێنینەوە:

ناخوازم، بانگ ناکەم، ناگریم
هەمووی دەگوزەرێ، وەك دووکەڵ لە سێوێکی سپییەوە. {ل٨٢}

یان ئەم بەیتەی (نالی):

هەناسەم زولفەکەی لاداو مەیلێکی نەکرد چاوی
نەسیم ئەنگوتو شەو ڕابوورد، دوونەرگس هەر لەخەودایە
(دیوانی نالی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ل٥٥٩)

لێرەدا بەهونەری "پێچانەوەو کردنەوە"ی ڕەوانبێژی وێنەکان ڕیز دەبەستنو جۆرە گونجاندنێکی هونەریو هارمۆنیایەك درووست دەکەن، کە هەریەك لە کۆدەکانی نیوەبەیتی یەکەم: هەناسە، زولف، چاو..

کلیلی کردنەوەیان لە نیوەبەیتی دووەمدا بۆ دۆزراوەتەوەو بە هەردوولایان تابلۆکەیان نەخشاندووە: نەسیم، شەو، دوونەرگس، ئەمەش بەپێزکردنو ڕەنگو سێبەر کردنە بۆ وێنە شیعرییەکان.

- antithesis- دژوپێچەوانە: ئەمە وشەیەکی یۆنانییە، بۆ دەربڕینی وێنەی شتو دیاردەکان، هی ئەو شتانەی دژ بەیەکن، یان ناکۆکییەکی ناوەکییان لەڕووی ماناوبیرەوە هەیە، بۆیە ئەم ڤیگەرەیان بۆ بەکاردێنین، بۆ جوانکردنو خەملاندنی زمانی شیعری، بۆنموونە کاتێ (پووشکین) باس لەدوو کاراکتێری ڕۆمانە شیعرییەکەی- "یڤگێنی ئەنێگین" دەکا، ئەنتیتێز بەکاردێنێ:

ئەوان ڕێککەوتبوون، شەپۆلو بەرد
شیعرو پەخشان، سەهۆڵو بڵێسە
زۆر ئەوەندەش جیاواز نەبوون.. {ل٨٣}

لەکوردەواریدا کە باس لە دژایەتیی دووشت، دوو دیاردە، دەکرێ، دەوترێ: شەووڕۆژن، ئاسمانو ڕێسمانن.. (نالی) شیعری خۆی چواندووە بە (هەودا)و هی خەڵکی بە (پەتك)... شێخ ڕەزا باسی تیغی زبانو تیغی دەبانی کردووە،..

یان (گۆران) له "گەشتی هەورامان"دا دەڵێ:

سەرپووشی لووتکەی بەفری زۆرسپی
به دارستان ڕەش ناو دۆڵی کپی (دیوانی گۆران، ل۱۲۷)

دژایەتی لەنێوان "لووتکه" و "دۆڵ" بەرزیو نزمی هەیە، هەروەها لەڕەنگدا "بەفری زۆرسپی" و "دارستانی ڕەش".

- oxymoron- وشەیەکی یۆنانییه، بەواتای فەرهەنگی {ژیری- گێژی}، ئۆکسیمۆرۆن- ڤیگەرێکی ستایلییه که هەندێ وشەو دەربڕینی تێدا بەکاردێ، که لەڕووی واتاوه زۆر دژبەیەکن بۆنموونه: "تەرمێکی زیندوو"، ئەمەش دەبێته هۆی بەدانسقەو دەگمەنکردنی ئەو نائاسایەتییەو لەگەڵ دیاردەو ئەندێشەو ئەزموونەکەدا دەگونجێ، (پوشکین) دەڵێ:

ئای چەند بەئازارەوه لەگەڵ تۆدا بەختەوەرم (ل۸۳)

یان (لێرمەنتۆڤ) دەڵێ:

ئا، جوانییه ناشیرینەکانیان
من بەخێراو نهێنی بەدەستم هێنا (ل۸۳)

یان (هەردی) دەڵێ:

له کانی قووڵی دڵما که بۆته گۆڕی ئاوات
ڕژاوه نەقشی باڵای بڵندی ئاڵو واڵات (ڕازی تەنیایی، ل٦٥)

له شیعرەکەی پووشکیندا بەختەوەره بەئازاری خۆشەویستی، لای لێرمەنتۆڤ جوانیی ناشیرین، لای هەردیش "قووڵیی دڵ" بۆته "گۆڕی ئاوات" نەقشی "باڵای بڵندی ئاڵاو واڵای" تێدا ڕژاوه. جوانی- له نائومێدیدا، لەگۆڕی هیواو خۆزگەدا دژایەتییەکی ڕووالەتی لەواتادا هەیە، بەڵام بۆ قووڵکردنەوەی بیرو سۆزی شاعیره.

- بێئامرازی: هەروەها هێزی دەربڕین پابەندی ئەوەیە، که چۆن ئامراز، سا هی پەیوەندی بێ، یان هی تری تێدا بەکاردێ. ئەگەر ڕستەو فرازەکان بەبێ ئامرازی پەیوەندی بونیادبنرێن، ئەوکاته ئاخاوتن، (بەتایبەتیش ئەگەر دەربڕینو ڕستەکان کورت بوون، خێرا دەبنو مەودایەکی دینامیکیو درەوشاوه وەردەگرن)، (پووشکین) دەڵێ:

ڕۆژهەڵات به بەربەیانێکی نوێ دەگرێ،

له دەشتەکاندا، لەسەر گردەکان،
ڕەشاشەکان هارەیان دێ،
دووکەڵێکی ئەرخەوانی
بە ئەڵقە تا ئاسمان دەڕوا... (ل٨٣)

یان (نالی) دەڵێ: ئەو شەربەتە، ئەو جامە شەراوە لەبی ناوە
بۆ (نالی)یە ئاخر کە خودا بەئەوی داوە (دیوانی نالی، ل٥٣٢

یان (گۆران) دەڵێ: دە ژیانم، گیانم، هەستیم،
هیوام، تاسەم، شادیم، مەستیم،
بیرم، هۆشم... هەرچیم هەیە
بەهرەی جیلوەی ئەو زوهرەیە (دیوانی گۆران، ل٣٩)

- زۆریی ئامراز: کاتێ ئامرازەکان زۆربن، ئاخاوتنەکە ئەسپایی‌و هێواشی‌و ڕەوانییان پێوەدیارە، بە تەدارەك‌و شکۆ دەبن، هێزی مانایی هەندێ وشە زیادەکەن، مەبەست لەوانەیە کە بەهۆی ئامرازەکانەوە لێك جیاکراونەتەوە، پووشکین دەڵێ:

ناوبانگی من‌و {دەربارەی من} بەهەموو ڕووسیای گەورەدا بڵاودەبێتەوە
ناوی من دەڵێتەوە، هەر خاکێك کە زمانی تێدابێ {لێ بێ}،
نەوە سەربەرزەکانی سلاڤیان، فینەکان، و ئەوەی ئێستا
{کێوییە} - تونگوس، و هاوڕێیەکی هەردەکانی "کالمیك" (ل٨٤)

یان (گۆران) دەڵێ: دارستانی سەروەو سنەوبەری سەوز
شەو ڕووناکەو چاوم یاخی لە وەنەوز (دیوانی گۆران، ل١٨١)

- پرسیاری ڕەوانبێژی: ئەو دەربڕینی ئاخاوتنەیە کە لەشێوەی پرسیاردایەو کلیلی بیرە جەخت لەسەرکراوەکە دەدا بەدەستەوە: "کام ڕووسەیە حەز لەوەناکات بەخێرایی {ئەسپ} تاودات؟".. هەروەها بەو پرسیارەش دەڵێن، کە وەڵامی ناوێ، بەڵام تەوژمی هەست‌و نەستی دەربڕینەکە بەهێزدەکات.

(پووشكین) دەڵێ:

بەرەوكوێ قەڵەمباز دەدەی، ئەی ئەسپی سەركەش،
لەكوێ دەست دەكەی بە سمكۆڵ؟ (ل٨٤)

یان (گۆران) دەڵێ:

بەكوڵ گریان لەچاوم دێ، گوڵی لاولاوی ڕەنگ،
لەبەرچی سیس ئەبێ وا زوو؟ چییە ئەسبابی ژاكانت؟ (دیوانی گۆران، ل٢٢٣)

- سەرسووڕمانی ڕەوانبێژی: بەو دەربڕینە دەوترێ كە تۆنێكی (بەرزیونزمیی دەنگ بەئاوازەوە) سەرسووڕمانی پێوەیە. سەرسووڕمانی ڕەوانبێژی بیرو بایەخی ئینفیعالیی ئەو وشانە زیاددەكا كە شێوەی وتنەكەیان بە سەرسووڕمانەوە بەردەكەوێ.. شاعیری ڕووس ئا.بلۆك دەڵێ:

ئەی شۆڕشگێڕ هەنگاو هەڵهێنەوە!
دوژمن وەنەوز نایباتەوەو هەرگیز ناسرەوێ! (ل٨٤)

گۆران دەڵێ:

كوڕی خۆم، كۆرپەلەم! میوانی دنیای تازە خولقاوم!
ئەدا گریەت بە زەربەی چز لە ڕۆحی پڕگلاراوم!
چییە ئەم گریە بێ غایە، كڕووزەی نیوەشەو خورپێن؟
چییە ئەم قەترە وردانەی لەچاوت بێ مەئال ئەڕژێن؟ (دیوانی گۆران، ل٢٠١)

- ڕووی دەم تێكردنو بانگكردنی رەوانبێژی: ئەمە ئامێرێكی تری هونەرییە كە ڕوو لە شتو بوونەوەرانێك دەكات، كە لە واقیعدا توانای وەڵامدانەوەیان نییە، لێرمەنتۆڤ دەڵێ:

ئەی هەورەكانی ئاسمان، ئەی گەڕیدە ئەبەدییەكان! (ل٨٤)

گۆران دەڵێ:

مەگەر تۆ ئەی گەلاوێژ، ئەی بزەی لێوی سەحەرگاهان،
مەگەر تۆ بسرەوێنی قوڵپی ئێشی قەلبی بێ سامان! (دیوانی گۆران، ل١٧٣)

• بێدەنگی: دەربڕینێکە لە ئاخاوتندا، کە ڕستە یان دەربڕینێك تاکۆتایی هەمووی ناوترێو بە ناتەواوی دەمێنێتەوە. ئەوکەسەی قسەدەکات یا دەنووسێت، لەکاتێکدا پەنا بۆ ئەم جۆرە هونەرەی دەربڕین دەبات، کە بەتەواوی شڵەژاوەو تێکچووە یان ناوێرێ قسەکەی بەتەواوی بۆ گوێگرەکان {تەنانەت بۆ خۆشی} بکات. بۆنموونە لەدرامای "باریس گۆدۆنۆڤ"ی پووشکیندا، یەکێك لە پاڵەوانەکانی دراماکە، باسمانۆف، کەوتۆتە دڵەڕاوکەی ناپاکی لە قەیسەرکردن، بەڵام ناوێرێ ئەمە بۆخۆشی بدرکێنێ، بەڵام بەهۆی ئەم ڕەگەزە هونەرییەوە دەربڕدراوە، دەڵێ:

چی من؟ ئاخر من! لە خاوەن شکۆی خۆشەویستم

نەء، مردن، نەء، نەء دەستەڵات.. نەء کارەساتی میللییە (ل٨٥)

• Elleipsis: ئیللیپسیس- هونەرێکی تری نزیکی (بێدەنگییە)، کە یەکێ لە پێکهاتەکانی ڕستە، وشەیەك یا چەند وشەیەکی لێ فڕێدەدرێ، یان باز بەسەر هەندێ بەشیدا دەدرێو ناوترێ، بەڵام نەك کارناکاتە سەرماناکەی، بەڵکو زۆر چڕتری دەکاتەوە.. بۆنموونەی ئاسایی دەتوانین ئەم دوو ڕستە ئینگلیزییە بهێنینەوە:

If (it is) possible (you) come early

The man (whom) I saw

ئەو وشانەی ناو کەوانەکان نانووسرێنو هیچ کار لەماناکەش ناکاو توندوتۆڵتری دەکاتەوە، ئەم شیعرەی ڤ.مایکۆفسکیش (باشە). باس لەوکاتانە دەکا، کە کۆشکی زستانەی قەیسەر بە سەربازو کرێکار گەمارۆ دراوەو سەرۆك وەزیرانی حکومەتی کاتی، کرێنسکی لەوێدا گیری خواردووە، مایکۆفسکی دەڵێ:

دەنگ — دەگمەنە

بە چپە،

بە ئاماژە،

– کرێنسکی لە چ شوێنێکە؟

– ئەو؟

– بەدوای کازاکەکاندا چووە-

– و سەرلەنوێ بێدەنگی

- و تەنیا دەمەوئێوارە:
- کوا پرۆکۆپۆڤیچ؟
- ئەو دیار نییە. (ل٨٥)

ئەم ڤیگەرە سینتاکسییانە بەتایبەتی بەشێوەیەکی فراوان لەبەرهەمی لیریکیدا بەکاردێن، کە ئاخاوتن هێزی ڕۆحیو دەربڕینی تێدا زیاددەبێت. یان لە پەخشاندا زیاتر لەوکاتانەدا کە پاڵەوانەکان زۆر توند دڵیان دەگوشرێتو هەستو نەستیان دەئاڵۆسکێو تووشی خەمی گیانی دەبن، بۆنموونە لە بەرهەمەکانی ف.م.دیستۆیڤسکیدا.

هێزی دەربڕینی وێنەی زمان تەنیا بەبیرەکەیەوە نەبەستراوە، بەڵکو بەوەشەوە چۆن ئاوازە دەداتەوەو بونیادی فۆنەتیکیی چۆنە. زمانی هونەری بۆ گوێگرە، بۆیە هەر وشەیەك لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا دەبێ بەشێوەیەکی مۆسیقایی دەربڕدرابێ، کێشو ڕیتمێکی وای هەبێ، کە پێداویستیی بونیادی مۆسیقایی دەربڕینەکەیە.

کار دەربارەی ئاوازەی پێکهاتەی زمانی هونەری لەوەوەیە کە نووسەرەکە دەیەوێ دارشتنو ڕێکخستنی وشەکانی سەرکەوتووبن، واتە دەربارەی چاکیو ڕەوانیی وتنیان. هەندێ جار دووبارەکردنەوەی هەندێ ئاواز کە لەجێگای خۆیدا نەبێت، دەبێتە گرێوگۆڵ بۆ بەرهەمە هونەرییەکە. لەگەڵ ئەوەشدا یەکێك لە ڕێگای تایبەتیی دەربڕینی مۆسیقایی زمانی هونەریش دووبارەکردنەوەیە.

زۆرجار دووبارەکردنەوەی ئەم دەنگانە بەشێوەیەك بەکاردێن، وەکو ئەوەی دەنگی ئەو شتانەبن کە لە بەرهەمە ئەدەبییەکەدا باسیان دەکرێت.

لای هەموو شاوەستاکانی وشە، ئامێری دەنگی ئاخاوتن، هەمیشە بە یەکێتیی بونیادەکەیەوە بەندە. هەرچەندیش ئەم ئاوازدانەوەیە بە ڕوواڵەت جوان بێ، بەلام ئەگەر بیری هونەرمەندەکە، پارچە هونەرییەکەی شێواندو تاریكو لێڵی کرد، هونەرمەندی ڕاستەقینە وازی لێ دێنێ.*

---

* ئەمە بەشێکە لە کتێبی: م.ئا. پالکین، مەسەلەکانی تیۆریی ئەدەب، مۆسکۆ، ١٩٧٨. ناوی سەرچاوەکە بە رووسی لە پێشەکییەکەدا هەیە.

## سەردەم و ڕێبازە ئەدەبییەکان

سەردەم یان قۆناغ چەمکێکە وەك ژانر دەبێ ڕێكوپێکیو پاڵفتەیی مانا لەناو فراوانیی ئەدەبدا ببەخشێ. ئەم مەسەلەیە وەك مێژووی ئەدەب یان دەربارەی مێژووی سیاسی وایە، کە زریانێکی بەردەوامی ڕووداوەکانەو هەموو سنوورکێشانێك تیایاندا ئازادە. لەگەڵ ئەمەشدا سەختە بتوانین لە چەمکی ڕۆژگار {باسکردن} دوورکەوینەوە، ئێمە پێویستە ئەگەر لەبەر هۆی پراکتیکیو پەروەردەیی نەبێت، لەگەڵ بەشی کرۆنۆلۆگی {واتە: زنجیرەی مێژوویی بەدوای یەکدا هاتنی ڕووداوەکان..}دا مامەڵە بکەین. هەموویش لەسەر ئەوە ڕێکین- تەبیعی- کە پێناسەکردنی قۆناغێکی ئەدەبی دەبی تەنیا بەگوێرەی پێوانە ئەدەبییەکان بێ، یان لەگەڵ Wellek و Warrenدا بلێین: "قۆناغێك بەم شێوەیە، مەودای کاتێکە کە سیستمێکی نموونەو شێوەو هاوڕاییەکی {هونەری} تێدا زاڵە، کە دەتوانین هێنانەوەو بڵاوبوونەوە، نموونە جۆربەجۆرەکان، گەشەسەندن، لاوازبوونو نەمانی {ئەو شێوە ئەدەبییانەی} تێدا بدۆزینەوە".

باسی دۆزینەوەو ساچاندنی پێوانە ئەدەبییەکان ئاسانترە تا ئەوەی جێبەجێ بکرێن، لەبەرئەوە مرۆڤ قەناعەت بەوە دەکات کە بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆگی باس لە سەدەی حەڤدەو بیستی ئەدەبی سویدی بکەین. ئێمە لە سوید بەوە ڕاهاتووین کە شیعری ئەم دواییانەمان بە دەیەکان جیابکەینەوە. باسی هەشتاکانو نەوەدەکان دەکەین، بەڵام هەر بەردەوامیشین لەسەر بەکارهێنانی چلەکان، پەنجاکانو شەستەکان. ئاساییشە کە ئێمە ئەو سەردەمانە "دەیانە" وەك سنوورێکی کوتومتی کات بەکارناهێنینو وەك یاسایەك دەیانبەستینەوە بە جۆرە نیشانەو تایبەتمەندییەکی ئەدەبیی هاوبەشی ئەوکاتانەوە، کە زۆر گشتیو نادیاریکراون.

لەهەمان کاتیشدا لە مێژووی سیاسییەوە بۆ ئەدەبەکە دەڕوانینو لەگەڵ چەمکی زلهێزی سیاسیی سەردەم یان شیعری گوستافی یان ئەدەبی نێوان هەردوو جەنگی ئێمەدا، باسی دەکەین. ئێمە گریمانەی ئەوەش دەکەین، کە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ قۆناغە سیاسییەکە کاریگەریی خۆی لەسەر داهێنانی ئەدەبی بەجێ دەهێڵێ.

مێژووی ئەدەب لە دابەشکردنی قۆناغەکاندا زاراوەی وەك چاکسازی، هەروەها لەمێژووی کەنیسە، یان مرۆڤایەتی، کە زیاتر چەمکێکی ماریفەتی مێژووییە، یان ڕۆشنگەری، ڕەچاودەکات، ئەم زاراوانە زیاتر ڕێبازی کولتووریی گشتین.

مرۆڤ ئەوکاتە، لەهەمان حاڵدا، شتێکی هاوبەش‌و نزیکی دەربڕینی ژیانی ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمە بەهەند وەردەگرێت.

هەمیشە ئەوە بیر مرۆڤ دەخرێتەوە، کە مێژووی ئەدەب ڕەوتێکی نەبڕاوەیەو هەموو بە قۆناغ دابەشکردنێك لەوەیە ڕەخنەی لێ بگیرێ. ئێمە بەوە ڕاهاتووین کە وەك چەمکی قۆناغێکی دیوار لە بەیندا کراو سەیری ڕۆشنگەری‌و ڕۆمانتیك بکەین. لەبەرئەوەی هەندێ پێوانەی گۆڕراو دەهێنرێنە پێش، کە هەردوو قۆناغەکە بە دژایەتییەکی توندی یەکترەوە بەرانبەر یەك قووت دەکرێنەوە. بۆیە شتێکی دژ لەناونیشانی کتێبێکی وەك "ڕۆژگاری ڕۆمانتیکی ڕۆشنگەری" (١٩١٨-١٩٢٠)دا بەدیدەکرێت. لەم کارە گەورەیەدا مارتین لامم لە ڕێبازە ژێرینەکانی سۆفیگەری‌و سۆزداری ئەو سەدە گەورەیەی عەقڵانییەتی کۆڵیوەتەوە. عەینەن ئەوەش نیشان دەدا، کە هەندێ ڕووخسار کە بەشێوەیەکی باو دەدرێنە پاڵ ڕۆمانتیك لە قۆناغی ڕۆشنگەریشدا هەن، هەرچەندە مەبەستی لەمە ئەوەش نەبووە، کە قۆناغ دابەشکردن بخاتە بەرپرسیارو بەرپەرچی بداتەوە. ئەوەی دەبێتە بنەمای قۆناغێکی ئەدەبی‌و هۆی دامەزراندنی، ئەوە هەندێ تایبەتمەندیی جیا نییە هەریەکە بۆخۆی، بەڵکو کێش‌و قورسایی ناوەوەو لەیەکدی کارکردنیانە. چەمکی بونیادیش لێرەدا بایەخی خۆی هەیە. ئەو نموونە سۆفی‌و سۆزدارییانەی کە لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا دەکرێ دەستنیشان بکرێن، لە ڕۆمانتیکدا ئەرکێکی نوێ‌و بنەڕەتییان هەیە.

کاتێ بەردەوام بەرەوپێشەوە چوون لە نموونە سەرجەمییەکاندا بە ئاشکراو ڕوونی بەدیدەکرێت، ئەوکاتە مرۆڤ پاساوی ئەوەی لا پەیدا دەبێ کە باس لە سەردەمێکی نوێ بکات. ئەمە خاڵی هەڵێکی‌و خێراییە. بەشێکی زۆری، تەبیعی، پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە مرۆڤ لەو پرۆسە ئەدەبییەدا کام ئان‌وساتانە بە خاوەن بایەخ‌و کێش دەستنیشان دەکات. ئەمەش ئەو پرسە بەدوای خۆیدا دێنێ، کە کام شاعیر زیاد لە هەمووان نوێنەری نوێخوازییە. باس لە کەم‌و زۆری هەڵبژاردنی مەنتیقیی پێوانەیە. پابەندی ئەوەشە کە چۆن ئەم هەڵبژاردنە کراوە، چونکە سیمای

ڕۆژگارە ئەدەبییەکە لەوەیە کە ڕەوتێکی ئێجگار گۆڕراو بگرێتەبەر. تەنانەت ئەگەر مرۆڤ لە پێناسەکردنی قۆناغیشدا هاوڕابێ، پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرێ- تا چەند بەشێوەیەکی گونجاو ئەمەی کردووە- و حسابی ئەوەش بکات، کە (بەشێکی کەمی بەرهەمی) شاعیری جیای قۆناغەکە دەگرێتەوە یان هەر نایگرێتەوە. ئەمە پەیوەستە بە سرووشتی شتەکەوە، کە بە قۆناغکردنو تایبەتمەندیی سەردەمە ئەدەبییەکان، بابەتێکن کە هەمیشە تاقیکردنەوەو پشکنینیان لەگەڵدا ئەنجام دەدرێت.

یەکێك لە سەختییە تایبەتییەکانی قۆناغ جیاکردنەوە، لەڕوانگەی جیهانییەوە، ئەوەیە کە تەوژمی کرۆنۆلۆگی دەربارەی هەمان بزووتنەوەی گەورە، بەشێوەی جیا لە وڵاتی جیادا دەردەکەوێتو سەیردەکرێت. تەنانەت ئەمە کەمتر بۆ بزووتنەوەی ڕۆژگارە کۆنەکان وا نییە، کە هەموو شێوەکانی پەیوەندی بە بەراورد بە سەردەمی ئێستاوە زۆر لەسەرخۆو سستربوو، لەوەبوو کە گەیشتنی {ئەو ڕێبازو دیاردانە} بۆ کونو قوژبنی ئەورووپا، بۆنموونە وڵاتەکانی (North)- باکوور- سکاندناڤیا، زۆر بەبایەخ بوو.

بۆ نموونەی شیعری سۆناتەی ئیرۆتیکی (جنسیی) بەشێوازی پیترارك (ئیتالی) (١٣٠٤- ١٣٧٤)، کە شێوە شیعرێکی زۆر باوی سەردەمی ڕینیسانس بوو، لەشیعری لیریکی سویدیدا سێسەدساڵ دواتر پەیدابووو زانرا، ئەویش بەبڵاوبوونەوەی کۆمەڵە شیعری Wenerid کە بەنازناوی Skogekär Bergbo وە ساڵی ١٦٨٠ بڵاوبوویەوە، دانەرەکەشی ئاماژەی بەوە کردبوو کە سی ساڵ پێشتر ئەو شیعرانەی نووسیووە، کلاسیزمی فەرەنسی (١٦٠٠) ەکانی کۆرنێل، مۆلێرو ڕاسین لەسەردەمی دواتردا، لەگەڵ بزووتنەوەی ڕۆشنگەریدا لەوڵاتی ئێمەدا پەیدابوو. دالین تەنیا یەکەم تراژیدیای {لەشێوەی} کلاسیکی فەرەنسایی ئێمەی بە Brynida (١٧٣٨) نەنووسی، بەڵکو بە Then Swānska Argus (١٧٣٢- ١٧٣٤)، هەفتەنامەیەکی ئەخلاقیی- تەنزی هێنایە ئارا، کە ژانرێکی تایبەتو باوی سەردەمانێکی زووتری ڕۆشنگەری بوو. تەنانەت لەو وڵاتانەشدا کە بەپێشڕەوی کولتووری دادەنرێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان جاروبار تەوژمو ڕێبازو ڕووالەتی جیاوازیان هەبووە، ئەمەش بۆ نموونە پەیوەندیی بە ڕۆمانتیکییەتەوە هەیە لەئەڵمانیا، ئینگلتەراو فەرەنسا کە جیاوازیی هەلومەرجی نەتەوەیی هەر وڵاتەو جێ پەنجەو کاریگەریی خۆی لەسەر بزووتنەوەکە دیاریکردووە،

لەکەش‌و هەوایەکی وادا زۆر زەحمەتە، کە بۆ سەرجەم سەردەم، قۆناغێکی ئەدەبی پێناسەیەك بکەی، کە بەتەواوی هەرهەمووی بگرێتەوە، بەبێ ئەوەی کە تەنك‌و زۆر کەم بایەخ بێتە پێش چاو.

کارل- ئێریك لوندەڤال لەنامەیەکدا کە ۱۹۵۳ بەناونیشانی "لەهەشتاکانەوە بۆ نەوەدەکان" دکتۆرنامەیەکی نووسیووە، هەوڵێکی زۆر جدیی‌و بەجۆشی داوەو لەسەر بنەمایەکی فراوان‌و بەشێوەیەکی سیستماتیك، تایبەتمەندیی قۆناغی ئەدەبیی چەسپاوی خەملاوی دەست نیشانکردووە. ئایا شیعری سویدیی هەشتاکان "هەشتاییەکان" وەهایە وەك ئەوەی ئێمە بەشێوەیەکی گشتی سەیری دەکەین؟

لوندەڤال سەد کتێبی نووسەرانی ئەو ڕۆژگارەی هەڵبژاردووە کە لەهەمووی سەرنجڕاکێشترن‌و بەڕای هەمووانیش سەر بەڕێبازە ئەدەبییەکانی هەشتاکانن، لەم کارەیدا نەبزی ڕێزێك ڕوواڵەتی جیاواز دەگرێ‌و هەڵدەبژێرێ. لەژێر ناونیشانی "ڕێبازی ئەدەبی"دا جیهانبینییان، گیانی مەسیحیانەیان، چەمکەکانی ژیانبینی‌و نیگارکێشانی کۆمەڵایەتی‌و ڕوانگەی سیاسییان هەڵدەسەنگێنێ‌و دەنرخێنێ. لەبەشێکیدا کە بەناونیشانی "شیعری واقیعییە" گفتوگۆ دەربارەی هەندێ باسی وەك چۆنیەتیی نیشاندان‌و ڕانان، نیگارکێشانی سرووشت‌و هێڵکاریی مرۆڤ دەکا، هەروەها کەمتریش لایەنی نیگارکێشانی هونەریی نەگرتۆتەوە، دوائەنجامی ڕاڤەکردنەکەی ئاوەهایە.

لەگەڵ جیاوازیی زۆریشدا لەڕوانین‌و ڕاناندا بەشی سەرەکی ئەوە نیشان دەدا، کە ڕێبازە سەرەکییەکانی بەرهەمی نووسەرانی هەشتاکان لەو دەیەیەدا بەشێوەیەکی ڕاژەیی لەدوو ڕەوتی بنەڕەتیدا یەکدەگرنەوە: بابەتی ڕەخنە لەکۆمەڵ گرتن‌و بەشێوەی جیاجیا مانیفێستی لە واقیع نزیکبوونەوە. بەشێکی زۆری ئەو نووسەرانە ئەم دوو جۆرە کاریگەرییەیان پێوە دیارەو لای ئەوانی تریش کاریگەریی ئەم یان ئەویانیان لا دەردەکەوێ.

کلیلە وشەی ئەم چەمك‌و بیرەش- ڕەخنەگرتن لەکۆمەڵ‌و لەواقیع نزیکبوونەوەیەو چاك لەگەڵ تابلۆی ئاسایی ئەدەبی هەشتاکانماندا یەکدەکەوێتەوە.

لوندەڤال لەگەڵ ئەوەشدا پێی وایە لەساڵانی(۱۸۸۰- ۱۸۸۹) دا پەنجا کتێب چاپ بوون، کە تەقریبەن وەك کتێبە هەڵبژاردەکانی ئەو دەتوانرێت بخرێنە ناو تاقمی

هەشتاکانەوە لەهەمان کاتیشدا ئەوە بیردەخاتەوە کە ئەو کارە زیادبووانە کە (١٥٠) بەرهەمن "جوغزێکی تەسکی سەرجەمی بەرهەمی داهێنانەو یەك لەپێنجی بەرهەمی تازەچاپکراوی نووسەرە سویدییەکانە". لەگەڵ ئەوەشدا دەوترێ "هەشتاییەکان" کە بەشێوەیەکی بەرچاوو زاڵ "ڕێك لەڕووی چەندییەوە"، ئەگەر مرۆڤ لەڕووی هونەرییەوەو لەڕووی مەبەستی ئیدیاڵیی شیعری خۆماڵییەوە سەیری بکاتو هەڵیسەنگێنێ. لوندەڤالو ئەوانی تریش تەنیا ئەوانەی لەدواییدا ناویان هات، لەڕووی تایبەتمەندییەوە، سەر بەشێوازی سەردەمەکەیان دەزانی.

لەواقیعیشدا مرۆڤ، لەچەمکی قۆناغە ئەدەبییەکاندا، ڕووبەڕووی ئاڵۆزی دەبێتەوە، وەك یاساو ڕێسایەکیش، دوورە لەوەوە کە هەموو بەرهەمی ئەو سەردەمە بگرێتەوە کە باسدەکرێت. بەپلەی یەکەم ئەو نووسەرو ڕێبازانە دەگرێتەوە، کە سەرباشقەنو بەشێوەیەکی تایبەت لە ڕەخنەو دەمەتەقێ ڕەسمییەکاندا لەبەرهەمەکانیان دەدوێن. شتێکی نائاسایش نەبوو، کە شیعری نایابو بەرزی (١٩٠٠)ەکان بەڕاگوزاری بەبەرپەرچدانەوەیەکی گشتی دژی ڕێبازەکانی ڕۆژگاری پێشوو، کە زیاتر ڕێبازی واقیعیو سرووشتیی زاڵبوو بەسەریاندا، دابنرێت. بێگومان مرۆڤ کەمتریش دەربارەی نموونەی ئەدەبیی دیاری گەشەسەندووی ئیکسپریسیونیزمو سوریالیزم، بیرناکاتەوە. بەڵام ئەو ئەدەبە زۆرو بەربڵاوەی fiction، کە هونەری ڕازگێڕانەوەیە لەشێوەی ڕۆمانو نۆڤێلدا، هەمیشە وەك ئەدەبێکی ڕیالیستیی بەرفراوانی نیگارکێشانی واقیع، کە جێگەی مشتو مڕە، زیاتر دێتە پێشەوەو پەرەدەسێنێ. لەهەموو ڕۆژگارێکدا بەشێوەیەکی گونجاو شیعری تەقلیدی، بەبێ ڕکابەر، لەهەموو بابەتەکانی تر، بەرهەمی زیاترە. وەك دژێك بێ پەروا ئەدەبی پێشڕەوانەو ئەزموونکارانە ڕووبەڕووی دەوەستێ، هی ئەو نووسەرە پێشڕەوانەی- تیاتر یان فیلم- کە بەپێشڕەوو نوێنەری، یان خۆی وا خۆی پێشکەش دەکا، ئەم سەردەمە تازەیە بێ.

لەکاتی خۆیشیدا دەبێتە بزووتنەوەیەکی دەگمەن، ئەمە لەسرووشتی شتەکەدایە. بەڵام ئاساییشە، کە وردە وردە بیرەکانی بڵاوبێتەوەو کەم یان زۆر ببێتە بەرهەمێکی گشتی. لەشوێنێکدا لەنێوان ئەم ڕێبازە دژبەیەکانە: لەلایەکەوە شیعری تەقلیدیو لاسایکەرەوە، لەلایەکەوە ئەدەبی پێشڕەوانەدا، مرۆڤ دەبێ بەدوای نیشانەو تایبەتمەندییەکانی سەردەمەکەدا بگەڕێ.

ڕوانگە بەکێش‌و بایەخەکان بۆ لێکۆڵینەوەی قۆناغەکە، بەرنامەی جیاجیاو مانیفێست‌و گۆڤار بۆ ڕێبازە ئەدەبییە نوێکان پێشکەش دەکەن. بۆ نموونە دەتوانین باسی Atterboms و ئۆرگانی نوێ ڕۆمانتیکی سویدی phosphoros (١٨١٠-١٨١٣) بکەین، یان نامیلکەی Renässans (١٨٨٩)ی هێیدنیستام، هەروەك نووسینە هاوبەشەکەی ئەم‌و لێڤەرتین Pepitas brōllop "شاییەکەی پیپیتاس"، کە هەردوو نووسەر گاڵتەیان بە "skomakarrealism" ڕیالیزمی (پینەچییەتی) دەکردو پێناسەی بەرزو نموونەیی جوانیناسیی نوێی نەوەدەکانیان هێنایە کایە. لەسەردەمی خۆیشماندا دەتوانین ناوی یەکەم بانگەوازی سوریالیستی (١٩٢٤)ی ئەندریێ برتیۆن بهێنین، کە خۆی یەکێك بوو لەشاعیرە پێشڕەوەکانی سوریالیزم. ئەمە هەر خۆشی ئەوە دەگەیەنێ کە مرۆڤ ناتوانێ بێ قرەو بەئارامی لەگەڵ بانگەشەو بەرپرسی ئەم جۆرە بەرنامە نووسراوانەدا پاڵی لێ بداتەوە، کە ئیلتیزامی هەمیشەی ئەم پرۆگرامە نووسراوانە یەك لایەنەو جێگەی دەمەتەقێن‌و پێویستیی خۆ بەزلزانین دەبێتە هۆی دارِمانی گەشەسەندنەکەو نرخاندنێکی زیادپێوەنراو لای خاوەنەکانیان. لەهەموو حاڵەتێکدا دەبێ بەیاننامەو تیۆری بکەوێتە بەربەرەکانیی پراکتیکی ئەدەبی داهێنان. هەر لەوێ ستایڵی سەردەم وێنەی کۆنکرێتیی خۆی وەردەگرێت.

لەم ماناو مەبەستەی ئێمەدا باس لەوە ناکەین کە لەنزیکەوە بچینە ناو قوڵایی نموونەی جیای وەکو چەمکی قۆناغی گەورەی ڕینیسانس، بارۆك، کلاسیزم یان ڕۆمانتیکی فەرەنسی بۆ ئەوەی تەنیا ناوی گرنگەکانیان بهێنین. زیاتر ئەوە ڕانانێکی مێژووی ئەدەبییە. حاڵەتەکە پێویستی بەوەیە کە ئەو هۆ زۆر بەرانبەرانەی بەدیهێنەری گۆڕانی سەردەمەکانن کەناربخرێن- لەو ئاستەدا کە بتوانرێ ناوی هەندێك لەوانە بهێنرێن. ئەوەی کە لێی دەکەوێتەوە تەنیا بابەتەکەیە، کە هەندێ ئەزموونی هەڵبژاردەی ئەو ڕوانگانەی کە هی چەمکی سەردەمن دەمەتەقەیان لەبارەوە بکرێت.

## Barock باڕۆك

لەم سەدەیەماندا باڕۆك- زاراوەیەكە كە كێشو قورساییەكی ئیتمۆلۆگیی (بنەچەی وشە) زۆر دیاریكراوی نییەو ماوەیەكی دووررودرێژە لە چەقی توێژینەوەكانی سەردەمدایە.

باڕۆك زیاتر خۆی لەبەرانبەر ڕێنیسانسدا دەنوێنێ. بەزۆری وا پێناسە دەكرێ وەك گەوهەری جووڵانەوەیەكی كولتووری، دوورە لەوەش كە بەشێوەیەكی گشتی (تەنیا) لە شیعر نووسین یان كاری هونەریدا سنووردار بكرێت. بەشێوەیەكی ڕاشكاوانەو كوتومت باس لە "مرۆڤی ڕێنیسانس"ی سیكولارو تاككەوتوو دەكرێ لە دژی كەنیسەو سەرلێ شێوانی "مرۆڤی سەدەكانی ناوەڕاست" كە خەسڵەتێكی هەرەوەزیی زاڵو بەدەسەڵاتی هەبوو بۆ ئەو شاعیرە خاوەن دەنگانەی ڕێنیسانس، لەگەڵ ئەمەشدا، ئامانج ئەوەبوو كە بەهۆی ئانتیكو كەمتریش نا لاتینەوە، وەك نموونەو سەرمەشقێك، مۆدێلی ئەدەبی نەتەوەیی بە زمانی زگماك بخولقێنرێ. سەرەتا لە ئیتاڵیاوە لەگەڵ پیتراركدا (١٣٠٤-٧٤) وەك ناوێكی ئێجگار دیار دەستیپێكرد. لەوێوە ئیدیاڵی وریابوونەوە هەموو ئەورووپای گرتەوە. بەڵام لە وڵاتەكانی (Nord) (باكوور- ئەسكەندناڤیا) وەك زۆرجار هەروابووە، لە ڕۆژگارێكی دواتردا پەیدابوو. (بڕوانە ل١٠١ی ئەم كتێبە).

بەرنامەی ڕینیسانس بایەخی بە گەلێ لایەنی ئەدەبی دەداو بەشێوەیەكی كارا دەسنووسی پۆیەتیك (دەربارەی هونەری شیعر) دەنووسران. شیعری ڕابەرانە، تایبەتمەندییەكی زانایانەی هەبوو لە سۆنگەی كەشوهەوای خولقاندنی شیعری كلاسیكیی ئینسانی (هومانیستی)یەوە، هەروەها ڕوواڵەتێكی جیهانیشی پێوە دیاربوو. بەواتای ئەوەی شاعیرێكی وەك Lucidor دەیتوانی لە بۆنەیەكدا شیعری بە یۆنانی، لاتینی، فەرەنسی، ئەڵمانی، ئینگلیزیو هۆڵەندی بنووسیایە.

مرۆڤ دەیتوانی سنوورەكان ببەزێنێو سوود لە گەنجینەی هاوبەشی ژانرە شیعرییەكان، ڕێبازی بیرو پێناسەكانیان بۆ دەربڕین وەربگرێت. بایەخدان بە زمانی شیعرو لایەنی ڕوواڵەتی لە ئاستێكی بەرزدابوو. ئەمە وایكردبوو كە زمانی زگماك

خزمەت بکرێتو {ئاستی} بەرزبکرێتەوەو ببێ بە زمانێکی گەڵاڵەکراوو ساودراو. گەشەسەندنی {تەوژمی} ڕووەو باڕۆك وا دەردەکەوێ، کە گرنگیی زۆری بە ئامێری دەربڕین دەداو زیاترو زیاتر دەکەوتە ناوجەرگەی بایەخ پێدانەوە.

مرۆڤ زیاتر پەنا بۆ کاریگەرییە بەهێزەکان دەبات. ئەمە وەك ئەوە وایە بلۆف لە خوێنەر بدەی، هێزی خەیاڵو هەستی بخەیتە جمووجوولێکی بەجۆشەوە بەوەی کە بیهێنیتە گۆو ڕۆشنبیریی دابین بکەیتو بیرو هۆشی چڕی بهەژێنی. نموونەی جیای نائاسایی ئەم جۆرە نووسەرو ڕێبازانە کەسانی وەك: Marini (١٥٦٩-١٦٢٥) لە ئیتاڵیا، Gongora (١٥٦١-١٦٢٧) لە ئیسپانیا، یان ئەوەی لە ئەڵمانیا پێی دەوترێ قوتابخانەی شلێسی Schlesiska و نوێنەرەکەی نووسەرێکی وەك هۆفمان ڤۆن هوفمان سوالداو (١٦١٧-٧٩)یە. شیعری بەبایەخی ئەم سەردەمی زلهێزانەی ئەمرۆی ئێمەش هەروەها بەرهەمێکی جۆری باڕۆکە.

شایەتیی ئەمەش نموونەی لێکۆڵینەوەکانی گوونەر کاسترینە "شیعری سەردەمی زلهێزەکان" (١٩٠٧)، کە تیایدا بەشی ستایلی ئەزموونێکی دەوڵەمەند دەربارەی بابەتەکانی وەك میتۆلۆگی، نووسینەوەو (باسکردن) بەشێوەی جۆراوجۆر، زمانی بەوێنە، ئەنتیتێز، یاریی بە وشەکردن، بازدان بەسەر وشەی هاوواتا یان دەربڕینی ئەنالۆگیدا، کۆکردنەوەی بەرانبەرەکان بوێرانە پێشکەش دەکا. وردەوردە بەرپەرچدانەوەی شۆڵ لێ هەڵکێشانی پێشڕەوانە دەستی پێکرد، کلاسیزمی فەرەنسایی (١٦٠٠)ەکان ستایلێکی تۆکمەو سانای هێنایە ئارا. بەڵام سنوورەکانی کات بۆ بەرو بۆ دوا، تەبیعی، زۆر ناسەقامگیربوو. لێرەش وەك هەموو ڕاوێژو دەمەتەقێیەك دەربارەی سەردەمە ئەدەبییەکان مرۆڤ دەبێ سنووری بەرینی قۆناغی پەڕینەوە {لە قۆناغێکەوە بۆ یەکێکی دی} لەبەرچاو بگرێ.

باڕۆك هەمیشە بۆ هونەرەکەی بەرگی بەرگری دەپۆشێ، هیچ زەحمەت نەبوو کە کابینەیەکی ترسێنەری ئەو وێنانە دابنرێ، یان بێ چێژو زەوقیی کە ماوەیەکی زۆر {شاعیر} لێی گەڕاوە، قووت بکرێنەوە، بۆنموونە {شاعیری} ئێمە گوننۆ داهلستیرنا، وێنەی مانگی وەك "مێخەکەی زیوینی ئاسمان" یان گوللەی تفەنگ وەك "مردن هاوەر" دەربڕیوە. سەردەمێکی زۆر مرۆڤ لە شیعری باڕۆکی وەك نیشانەی ڕووخان، یان لە ناوچوونی شیعری بەرزی ڕینیسانس دەڕوانی، بەڵام لە ڕۆژگارەکانی دواتردا، وەك

وترا، چاوخشاندنو نرخاندنێك هاته كايەوە. مرۆڤ هەوڵی دەدا لە بارۆك بگات، نەك وەك پاشخانێكی گاڵتەجارانەی كلاسیزمی فەرەنسایی، بەڵكو وەك دەربڕینی كۆشش {داهێنانی} ستایڵ یان ژیان بینینێكی دیاریكراو. بێگومان هەقەو بەرداریشە كە ڕێبازێكی ئەدەبی لەڕوانگەی خاڵە سەرئەنجامیەكانییەوە هەڵسەنگێنی.

شتێكی تریش ئەوەیە كە مایەی گومانو مەترسییە ئەو خاڵە سەرئەنجامییانە تۆماربكرێنو لە جوغزو لەژێر ناوێكی هاوبەشی سیكۆلۆگیدا ئەم ڕێبازە جیاوازانەی ستایڵ كۆبكرێنەوە. بەتایبەتیش لە چوارچێوەی ئەو توێژینەوە چالاكەی بارۆكی ئەڵمانییەوە، كە نرخاندنو بەرزكردنەوەی بایەخی سەردەمەكان تا {ئاكارێكی} دوور ڕۆیشتووە، كە مرۆڤ لەبەردەم گشتگیری دەربارەی بارۆكو موزایەدە دەربارەی هەمووی یان كێشی "مرۆڤی سەردەمی بارۆك"دا نوشتاوەتەوە {پەسەندی كردووە}.

ڤ. ڤیدیل ساڵی ١٩١٤ لە گۆڤاری Edda دا باسێكی بەناونیشانی: "digteriska" ستایڵی بارۆك لە دەوروبەری ١٦٠٠ دا" بڵاوكردووەتەوەو بەشێوەیەكی فراوانو دەوڵەمەند هەوڵی داوە سینتێزی بارۆكی جیهانی ڕوون بكاتەوەو شرۆڤەی لایەنی جیاجیای وەك نیشاندانێك دەربارەی یەكەی هەڵبژاردەی ستایڵ بكات. تەواوەتی، هێزو جموجووڵ نیشانەی بارۆكە لەهەموو مەیدانەكانی هونەردا: نیگاركێشان، ئاركیتیكتۆرا، شیعر. ئەم تەقلیدە كەم لای شابالای بارۆكی وەك ڕۆبین (١٥٧٧-١٦٤٠) نابزوێ: وەك شێوازی هەڵئاوسان {هەڵتۆقین}و ڕەنگی درەوشاوە، تەبیعی، سوور یان ئاڵتوونی، بزووتنی پڕتوندوتیژی، بە مۆتیڤی هەڕاوی وەك ڕاوكردن، بەیەكدا هەڵپرژان، بڕیاری حەددی، قوبەی دەرەوە، بزوانو جموجوولی لەش، كاریگەرییەكی زۆر. بە ڕای ڤیدیل لە هەموولایەك مرۆڤ لە شیعری فەرەنسایی‌و ئینگلیزی ساڵانی ١٥٥٠ و ١٦٥٠ دا ستایلێكی شیعری بارۆكی وا بەدیدەكات، كە لەگەڵ نیگاركێشانی ڕۆبیندا ڕێكدەكەوێ.

شاعیری بارۆك هەموو سەرچاوەكانی زمانی خستۆتە ژێر ڕكێفی خۆیەوە. ڕۆنسارد (١٥٢٤-٨٥) لە فەرەنسا لە شیعری خۆیدا، وشەی قورسو (كامڵ) گەیشتوو بەكاردێنێت، دەیەوێت بەشێوەیەكی سەرسووڕهێنەر لەگەڵ وشەگەلێكدا ئەمە بكات، هەروەك ڕابیلیاسی (١٤٩٤-١٥٥٣) هاوزێدی لە پەخشاندا ئەمەی كردووە. مرۆڤ هاووێنەی ئەم كۆششە لای شاعیرێكی ڕۆژگاری ئێلیزابیسیی وەك سپینسەر (نزیكەی

١٥٥٢-٩٩) یان مارلۆی (١٥٦٤-٩٣) دەبینیّ. لەڕوانگەی ڤیدیلەوە شکسپیر (١٥٦٤-١٦١٦) نموونەیەکی لەخۆوەی ئەم ڕێبازەیە، ڤیدیل نموونەی تەواوی بۆ ئەم مەبەستە هێناوەتەوەو باسی ئەوە دەکات چۆن لەکاتی وشەڕۆناندا هەموو هۆیەك بەکاردێنیّ بۆئەوەی دەربڕینێکی وا بخولقێنیّ کە جۆرە موگناتیسییەتو زالّییەکی تێدابیّ. بۆ هەموو شێوەکانی ناو، ئاوەڵناو، فەرمان، شکسپیر پەنادەباتو بەم شێوەیە بەهێزی دەکات، {بەوشەی} وەك: خۆشەویستی، قووڵ، تەواو، بەرز، دەولّەمەند بەکاردێنیّ.. هەروەها زۆر بایەخ بە وشەی "بەرز" دەداتو دووبارەی دەکاتەوە، پڕاوپڕ وەك "ترش" "بەرز" لای ڕۆنسارد. شکسپیر فەرمانی فووپیاکردنو بەرزبوونەوە زیاتر پەسەند دەکات هەروەك هەڵناوسان لای ڕۆنسارد. تەنیا با، چارۆکەدار، گوڵەباخ نییە بەڵکو وەڕسی، بوێری، شانازیو ناوبانگیشی لا بایەخدارە. ئەمە واتای گەشەسەندنو گۆڕانی هێزە، هی خۆشەویستیو دینامیکییەتە. وێنە بۆ لەدایکبوونو خۆراك پێدان زۆر ئاساییو باوە لای، مرۆڤ بەخۆشییەوە باسی ئاوسبوون لە هەردوولاوە لە نیشانەی تایبەتیو گواستنەوەوە، دەکات.

دەربڕینی وریاکردنەوەو درەوشانەوە شەپۆل دەدات. بۆ هەردوو بەشەکەی مرۆڤ هاوبەشیی دەبیّ، تۆزیّ توندوتیژی، گرمە، درەوشانەوەیەکی بەهێز، کە لەژێر هەورەگرمەدا دەردەپەڕیّ، بدرەوشێتەوە، کە سوودی لیّ وەردەگیریّ وەك هەورەبرووسکەو ڤیژاندن، هەروەها بۆ شادیو ناخۆشی، خۆشەویستیو ڕقیش دێت، ئاڵتوون بە عەزیزییەکی نەخشێنراوەوە پێی دەوتریّ، eclater. شکسپیر زۆرجار وشەی "گەشانەوە" بە هەردوو ماناکە بەکاردێنیّ. فەرمانەکە دەکریّ وەك ڕوواڵەتێکی درەوشاوە، هەروەها بەمانای کەشخەییو پڕوپۆشتەیش بەکاربهێنریّ، زوڕنا، وەك گۆڕانی هێزی خۆیی ژیان بەکاردێت. زوڕنا یەکێکە لە ئامێرە مۆسیقاییە دڵگیرەکانی سەردەم چ لە واقیعو چ لە شیعریشدا. ڕۆنسارد ئاوا دەستریّ (ئەو ئاگادارکەرەوە پاڵەوانانەیە). شکسپیر زمان بە زوڕنای لەش ناودەباو باسی ئەو دەکات کە زوڕنای خێروشەڕی خۆت بیت.

چێژ بۆ هەندیّ وشەی وەك {ئەمانە هەیە}: درەوشانەوە، بڵێسە دەسەنیّ، ڕووناکی، شەوق، شکۆیی، سوور لە شیعری بارۆکدا وەك لای ڕۆبین ڕەنگێکی لەبەردڵانە. بۆ شاعیرێکی فەرەنسی شەڕ "ئەو زریانە سوورەیە"، لای شکسپیریش هەر

جۆرە دەربڕینێکی {وەك فەرەنسییەکە} هەیە "زریانی سووری تۆخ". لای شکسپیر ئەمانەش دەبینی: "تووڕەیی سوور"، ئاگرو بڵێسە، دەریاو شەپۆل، باو باهۆز، باڵو کۆچ، شیعر دادەپۆشنو جموجووڵو دڵەڕاوکەو سۆزو خرۆشی دەدەنێ. ئەمانە ڕەگەزنو زۆرجار بەوێنە دەردەبڕدرێن. یەکێك لە شەخسییەتەکانی شکسپیر باسی "دڵە لە تەنووردا سووتاوەکەم دەکات" "خەڵووزی بەزەیی ئاگری سنگمی گەشاندووەتەوە" لە پێناسەیەکی دیاردا (شالیر) هەست دەکات "بەرەو ڕووی جوغزی ئاگربۆتەوە"..

هەروەك لەمەوبەر باسمانکرد کارو کردەوەی پڕ زەبرو زەنگی وەك ڕاوو جەنگ بابەتی دڵگیری هونەری شیعری سەردەمی باڕۆك بوون. ئەمانە هەلیان دەڕەخساند کە شانۆی بەوێنەو باڵای کاریگەری پڕ لە هێزو بزووتن نیشان بدەن، پرۆسەی پۆلاییینی، کەرەسەی زۆر جوان، بەردی بەنرخ (گەوهەر)، شەرەف، دەستەڵاتو پاشایەتی هەندێ لە ڕوواڵەتو لایەنەکانی تری باڕۆك بوون. یەکێك لە هونەرەکانی ئەو ڕۆژگارە ئۆپێرابوو کە بە ئامێتەکردنی کۆمەڵێ ئامێری هونەریی جیاواز پێکدەهات: وشە، مۆسیقا، سەما، دیکۆرو جلوبەرگ، ئاهەنگێك بۆ هەموو جۆرەکانی هەست.

هەموو ڕەگەزەکانی باڕۆك لەو زمانە بەوێنە جەسوورو نامۆیەدا، کە گەلێ جار دێتە بەرچاومان، بەیەکدەگەن، کە بەوتەی ڤیدیل ڕەنگە لە هەموو شتێکی تر مانای زیاتربێ بۆ ستایلی شیعری سەردەمەکەی: "وێنەکە دڵگیرە وەك پۆشین، ڕاز، وەك بەرزکردنەوەو زاڵیی سەر واقیع".

ڤیدیل وەك دەردەکەوێ، لەناو ئەو شتانەدا کە ئاماژەیان پێ دەکا، بۆئەوەی شیعری سەردەمەکە بداتە بەر ڕۆشنایی، نیگارکێشانی سەردەمی باڕۆکە. زاراوەی باڕۆك لەمێژە لە هونەری نیگارکێشاندا بەکارهێنراوە، بەڵام لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا {تازە} باڕۆك بەشێوەیەکی گشتی لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا بەکاردەهێنرێ.

هەروەها هاندانێکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی باڕۆك بەرهەمەکەی هینریش ولفلین "چەمکی بنەڕەتیی مێژووی هونەر، ١٩١٥، بڕوانە وەرگێڕانەکەی لە ١٩٥٧دا" ئەمە کار لەگەڵ ڕیزێ چەمکی وادا دەکات کە پێی وایە، بەشێوەیەکی ئەنتیتێز پێناسەو دژایەتیی بونیادی هونەری ڕینیسانسو هی باڕۆکیشی لەگەڵدا دەکات. ئەگەر ڕینیسانس فۆرمێکی ئەنجامدراوو تەواو، گرووپی هاوجووتو گونجاو نیشان بدا، ئەوا باڕۆك فۆرمێکی کراوەی بونیادێکی ناهاوجووتی

لاپەسەندترە.لەبەرانبەر ئەم هێڵی ئەرکە ئەدەبییەی ڕینیسانس لەگەڵ کونتوری ئاشکرای باڵای وێنەکانو بابەت، لەبەرانبەر بارۆك نیگارکێشان لە ڕۆشنیو ڕەنگدا وەك ڕەگەزێکی سەنگینی وێنە، پەسەند دەکات. ئەنتیتێزێکی تری وەها- کە ڕێبازی پێشووی تایبەتمەندیی ڕینیسانسەو دواتر هی بارۆکە- ئەوەیە ڕوو- قووڵایی، جۆراوجۆری- یەکیەتی، ئاشکرایی- نائاشکرایی، کە زاراوەکان تەبیعی تەنیا هی تایبەتمەندین نەك هەڵسەنگاندنو نرخاندن. ئەم گوتانە لەلایەن توێژەری ئەدەب، ئۆسکار والزەل ەوە خێرا گوێزرانەوە بۆ هونەری شیعرو نزیکتریش بۆ شانۆگەرییەکانی شکسپیر بە بونیادە ناهاوجووتەکەیەوە...هتد کە ئەمانە هی ناو بارۆکیش بوون. "ڕۆشنکردنەوەیەکی ناوەوەی کاری هونەری" {بەرهەمێکی} ئاوا هەروەها ئەو هاوتەریبییانەی لەنێوان نیگارکێشانو شیعردا لە سەردەمێکی دیاردا، زۆر ڕاشکاوو ئاشکرابوون. بەڵام ئەنالۆگییەکان دەبێ زۆر بە پارێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. ئەو کارە هونەرییانەش، بەش بە حاڵی خۆیان، بەشێوەیەکی سەرومڕ پابەندی هۆکارو نێوەندەکانی تواناو دەرفەتو ترادیسیۆنی خۆیانن. سەر، ڕوو- قووڵایی جۆراوجۆریو یەکیەتی، ڕوونیو نادیاری، تاسەر لە هونەری وشەو هی وێنەدا وەك یەك نین.

ئەم هێڵکارییە ڕووبەڕووبووانە، وەك ناساندنێك لێی تێ دەگەین بۆ گەشەسەندنێکی ڕیتمی لەمێژووی ئەدەبدا لەنێوان زیاتر "کلاسیك" ڕۆشنو ستایلی هارمۆنیی زیاترو "ناکلاسیکی" تەماویو ناهارمۆنی. ولفلین لە لێکۆڵینەوە بە نامێکەی خۆی (کلاسیزمو ڕۆمانتیکی ئەڵمانی یان تەواوبوو و کۆتایی نەهاتوو ١٩٢٢)دا بەشێوەیەکی دیار بەڵگە دێنێتەوە، هەروەها فریتز ستریچ باس لە "لەدایکبوونەوەی نادیاریی گەورە، ڕینیسانسی ستایڵ" دەکاتو دەربارەی "گەڕانەوەی بەردەوامو کێشو بایەخی مرۆڤایەتیو خولقاندنی هونەرن، لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە، کە دوو جۆرە جووتی دژ بە یەکیشیان هەیە: ساکار- سۆزدار (شیللەر)، ئاپۆلۆنی- دیۆنیسی (نیتچە)، کلاسیکی- بارۆك) (ولفلین)، ئەبستراکت- دیار (ورینگەر، مێژووی هونەر). ستریچی مێژووی هونەرزان بۆ کلاسیزمی ئەڵمانی (گوتە، شیللەر) بە ئەنتیتێزی ڕۆمانتیکەوە- کامڵبوونی کۆتایی نەهاتوو هەڵدەبژێرێو ئەم بەشێوەیەکی ژیرانە گۆشەنیگای خۆی پەرە پێ دەدا لە چەند ڕووخسارێکی جیاوازدا، لەوانە زمان. هەروەها بەشێوەیەکی خشتەیی ڕەنگە ئەم دژبەیەکییە بنەڕەتییانە بتوانرایە ئاوا

دەربڕدرێ، کە {شاعیری} کلاسیکی دەگەڕێو ئەبەدییەت لە هەر چوارچێوەیەکدا بێ، دەیبینێ. بەڵام ڕۆمانتیك لە دەری ئەم سنوورانەوە کێشمان بەخۆی دەدا. بەگوێرەی ستریچ جووتە چەمکەکانی ئەو نوێنەری بێ کاتی "جەمسەرەکانی ناخی گیانە کە جووڵێنەری هێزی دەربڕینی دەرەوەیە بە هەموو گەشەسەندنی گیانیو مێژووەوە، هەروەك بەردەوام پێویستە بانگی خۆی لە گەشەسەندنو گۆڕانی ڕیتمی ستایڵدا، بدا".

تایبەتمەندیو ڕوانگەکانی لەم شێوەیە وەك وولفلین و والزەڵو ستریچ تاقی دەکەنەوە، ئەوە بیردەخاتەوە کە زاراوەی بەبایەخی سەردەمەکان دوو جۆر ئەرك بگرنە ئەستۆ:

نەك هەروەك ناوهێنانی ڕێبازە ئەدەبییەکان لە سەردەمێکی دیاریکراودا بەڵکو گەلێ جار بەشێوەیەکی گشتیو کەمتر پابەندبوون بە کاتەوە. زاراوەی ناتۆرالیزم "سرووشتی" بە پلەی یەکەم پابەندی قۆناغێکی دیاریکراوە، با بەشێوەیەکی نادیارو تەماوی سنووردارکرابێ، ئەمە بیرمان بۆ لای ئیمیل زۆلاو بەرنامەکەی بۆ شیعرێکی ناتورالیستی دەبا. بەڵام شتێکی نائاساییش نییە، کە باسی ناتۆرالیزم یان ئەرکی ناتورالیستی لای شاعیرێکی سەدەکانی ناوەڕاستی وەك ڤیلون یان بەرهەمێکی شیعری ئێمەی سەردەمی زلهێزەکانی وەك هی هێرکولێس بکرێت.

من لێرە لە کۆتاییدا دەمەوێ گفتوگۆ لەسەر دوو ڕێبازی تر بکەم، کە لە سەرەتاوە بە هەلومەرجێکی مێژوویی دیاریکراوەوە، بەستراونەتەوە بە ڕێبازی هونەریی دیاریکراوەوە، بەڵام دواتر زۆرجار بەمەبەست و خەسڵەتێکی گشتی بەکارهێنراون. ئەمە پەیوەندیی بە دوو چەمکی بەرانبەر یەکەوە هەیە وەك Impressionism "سەرنجی زاتی دەربڕی" (ئینتیباعییەت) و Expressionism "دەروون دەربڕین لە هونەردا" (تەعبیرییەت).

## Impressionism ( ئینتیباعییەت )

زاراوەی ئیمپریسیونیزم پێشتر لە هونەری نیگارکێشاندا بەکاردەهێنرا. بیری ناونانی "ئیمپریسیونیستەکان"- لە بنەچەدا بەمەبەستی گاڵتەو ڕەخنەگرتن بووە، لە تابلۆیەکی Claude Monets ەوە "کاریگەرییەك لە هەڵهاتنی ڕۆژەوە" هاتووە. کە ساڵی ١٨٧٤ لە پێشانگایەکدا لە پاریس ڕانرا. ئیمپریسیۆنیزم لە نیگارکێشاندا مانای ئەوەی دەدا کە هەوڵبدرێ یەکسەر کاریگەریی دیمەنەکانی سرووشت بقۆزیتەوە: هونەرمەند پێش هەموو شتێك دەبێ ببینێ، بێ ئەوەی خۆی سەرقاڵی ڕاڤەکردنو گەڵاڵەکردن بکات، ئەوە عەکس بکاتەوە کە چاوی دەیبینێ. مۆنێت بەهەمان شێوە لەوەدا کە خۆی بە زنجیرە ناوی دەبا، نیگاری جووتێ شارا، چەند چنارێك، تەوێڵی کەنیسەی ڕۆون کە هەموو لە هەمان گۆشەنیگاوە لە تۆقی درەوشاوەی ساتی جیاجیاوە دەکێشێ. ئەمە مانای ئەوە نییە کە ڕووناکی و ڕەنگ هەوەڵ شتن لە وێنەداو لە نیگارکێشان ئازادکراون، هێڵکارییەکان زۆرتر تەماوی‌و نادیاربوون. مۆتیڤەکە بەشێوەیەکی وا هەڵبژێردراوە کە بونیادەکەی شێوەیەکی گونجاوی هەبێ، هەروەك ئەوەی بە ڕێکەوت بێ، کە هاوکێشێکی ڕاشکاوی لەواقیعەوە هاتوو بێ.

بەهەمان شێوە ئیمپریسیونیزمی ئەدەبی بەدوای ئەوەدا دەگەڕا کە زمان لەڕووی بینین‌و کاریگەیی نەخش‌و نیگارەوە بەهێز بکات. ئەمەش بەهۆی ناتورالیزم (سرووشتی)وە بونیاد دەنرا، کە بە ڕێك‌و ڕەوانی کامڵ دەبوو. ناتورالیزم شیعری بە کەرەسەی جۆراوجۆری واقیعی دەوڵەمەند دەکرد، بەڵام لەوەش بوو کە ببێ بە شتێکی شێواو و قورس بەسەر ڕەوتی بەدوای یەکدا هاتنی کاری ناتورالیستەکانەوە، بۆنموونە بەو شێوازەوە کە ئەوان نەخشی دەوروبەریان پێ دەکێشا. هەروەها نووسەرە ئیمپریسیۆنیستەکانیش ڕیالیست بوون، بەڵام بایەخیان بە جۆراوجۆریی جیهانبینی دەداو مەبەستیان ئەوە نەبوو کە واقیع بەشێوەیەکی بە بەڵگەوە بە قەبارەو قورساییەوە بەرهەم بهێنن. ئامانجیان ئەوەبوو کە نەبزی ژیان دەرببڕن‌و بخولقێننەوە. وەك ڕابەری ئەدەبیی ئیمپریسیۆنیزم کە ناوی برایان Edmond و Jules de Goncourt (١٨٢٢-٩٦ و ١٨٣٠-٧٠)ی دەهێنا. بەڵام هەرگیز ئەمە بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو نەبوو. عادەتەن زاراوەی ئیمپریسیۆنیزم سیمایەکی سەرسووڕهێنەری پەخشانی هونەریی دوا دەیەکانی ساڵانی ١٨٠٠ بوو. سڤێن مولەر کریستینسن لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەربارەی

پەخشانی ئیمپریسیۆنیزمی دانیمارکی ساڵانی ١٨٧٠-١٩٠٠ باس لە کارەکانی هۆڵگەر دراچمان، ج.پ.یاکۆبسن، هیرمن بانگ، هینریك پۆنتۆ پیدان، یوهانیس یورگینن‌و هیلگەرودە دەکات. دەربارەی ئەدەبی سویدی لەهەمان قۆناغدا هیچ لێکۆڵینەوەیەك نییە، بەڵام لەو سەردەمەدا لە ئەدەبی سویدیدا، تایبەتمەندیی ئیمپریسیۆنیزم بۆنموونە لە پەخشانی ستریندبێرگ لە "ژووری سوور" ەوە یان لا هێیدنیستام لە "ساڵی کۆچ‌و حەجکردن"دا دەبینرێ.

توێژەری ئەڵمانی Luise Thon ستایلی ئیمپریسیۆنیزم لەژێر چوار ناونیشانی سەرەکیدا کۆدەکاتەوەو نیشان دەدا: هونەری پێکگەیشتن، خاو خلیچکی، رێککەوتن- چەقبەستن‌و رکبەری کردن- گومان‌و نادیاری.. ئەو (ژنە) دەیەوێت رێبازەکانی ئیمپریسیۆنیزم لە شیعردا ئاوا {نیشان بدات}: کە دەربڕینی بەئیلهام لە سەفەردا راوبکات، هەست‌و ئەندێشەی خۆی رێکبخاو تۆماریان بکات وەك ئامێرێکی هەستیار (تۆماس مان باسی خاو خلیچکیی ئیمپریسیۆنیزمی کردووە "کاری هێورکردنەوەو بەخشینەوەی هونەر"). ئەوەندەی لە تواناداا هەبێ دەربڕین بجولقێنرێتەوە لەو بەدواکەوتنەدا تا دەگاتە هۆش، تەنانەت تا ئەو ئاستەش کە مرۆڤ لۆجیك‌و دەستوورەکانی زمان دەشکێنێ، بەشێوەیەك نیگاری واقیع بکێشێ، کە لەڕووی فیزیکی‌و دەروونییەوە، لەوێنەی دەستکردێکی نادیار کە ئەندێشەو ئەزموونە دەروونییە خێراکانی ئێمە هەیەتی. گونجاندن- لە بەشە شیاوەکاندا- لە تیۆریاو پراکتیکی نیگارکێشانی ئیمپریسیۆنیستیدا سەرسووڕهێنەرە. لای سڤێن مولەر کریستینسن شێوەی ئیمپریسیۆنیستی کاردانەوەی هەست‌و نەست بەشێوەیەکی سەنگینی دەربڕینی ئەوەیە کە ئەو پێی دەڵێ: "بەرزکردنەوەی دیاردەیی"، نموونەی ئەمەش پێشەکیی نۆڤێلی Mogen ی ج.پ.یاکوبسنە.*

هەست‌و نەست دەربڕین لێرەدا وردەوردە کە دێتە پێشەوەو خۆی قووت دەکاتەوە هەستی پێ دەکرێ. خوێنەر دەبێ خۆی هەست بە بارانەکە بکات. خێراتر دەبێ، زیاتر بە دوای یەکداهاتنی "ئیمپریسونیستی" دەبێ، لەوەی ئەگەر نووسەرەکە هەر لەسەرەتاوە ئەوەی بگەیاندایەو جەختی لەسەر ئەوە بکردایە کە بارانێکی کەم

---

* ئەم نووسەرە دانیمارکییەو نموونەکەش هەروەها، بۆیە نەمانتوانی بیکەینە کوردی. وشەی mogen بە سویدی "گەییو، پێگەیشتوو" دێ.

خایەن بەڕێوەیە. لەگەڵ بەرزکردنەوەی دیاردەییدا، جاری واهەیە خۆشەویستییەکی بەدوادا دێت کە وای لێ بێ سیمای بەرچاوکەوتووی شتێك یان کەسێك ببێتە نوێنەری (کل- هەمە).. دیارە بۆ ئەم چەمکە میتۆنیم- درکە- بەکاردێت، کە لە ڕەوانبێژیی کلاسیکیدا بە pars pro toto ناودەبرا، بەشێك لەباتی هەموو.

"ژووری سوور" ڕیزێك نموونەی تێدایە. کاتێ (پاستۆر) قەشە Skare پێشکەش دەکرێ، لەناو ئەو شتانەدا دەوترێ، کە بەسەر ئەو ملپێچە سپییەوە دەمامکی ڕووخساری کاپیتانێکی دەریاش هەیە، کە بەڕاستی ڕووخسارەکە لە چەکمەج یان یەغانێکەوە هاتۆتە دەرەوە. دوای ئەمە لەهەموو ئەو بەشەدا لەباتی ناوهێنانی پاستۆر هەر دەوترێ "دەمامك" دەمامك لای ئۆرگێلەکەوە (جۆرە ئامێرێکی مۆسیقایە) دانیشتووە...هتد لەبەرئەوەی جگەرەشی بەدەمەوەیە بەشێوەی (درکە) دەوترێ: "جگەرەکە بەردەوامە لە قسەکردن، لەلایەکی تری ژوورەکەوە لای کۆرسی گۆرانییەکەوە ئولە مۆنتانس سەری بەرەو تیغەکە بردووەو "لەوساتەدا لە سەگێك دەچێ، کە هەڵتووتابێ‌و پاسی ئیسقان بکات". دوای چەند لاپەڕەیەکی تر لێکچوونەکە دەبێتە درکە "سەری سەگەکە لەسەر تیغەی کۆرسەکەوە وا پڕ هەڕەشە دیاربوو، وەك ئەوەی پاسی ئێسقانەکەی بەردەمی بکات".

ئەگەر هونەرمەندە ئیمپریسیۆنیستەکان حەزیان لە هێڵکاری بوو و کردبوویان بە هەڵبژاردەی بنەڕەتیی نیگارکێشانیان، ئەوا نووسەرەکانیش لەلایەن خۆیانەوە زمانی نووسینی سینتاکسی تەقلیدییان واز لێ هێنابوو بەمەبەستی ئەوەی هێزی وەهمی ستایلێ زیادبکەن. بۆیە زۆرجار بەدوای یەکدا هاتنی لۆجیکی ڕێزمانیان پشتگوێ دەخست بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دیارترو بەهێزتری داهێنان بۆ نیشاندانی وێنەی واقیع بهێننە کایە. هیپۆتیز (گریمانە)ی دارشتنی ڕستە دەگوازرایەوە بەکێشمانێکی زۆری پاراتاکتیکی. ڕانانەکان بەشێوەیەکی والاتر ڕیزدەکران‌و ڕێکدەخران، ڕستەکان فراوانتر دەبوون، بەشێوەیەکی گشتی چەمکی وەبیرخستنەوە بەسەر هی شیکردنەوەدا زاڵ دەبوو. خەمخواردنی ئەوەی کە زۆر خێراو بەشێوەیەکی تەواو ئەوەندەی لەتواناذا هەبێ، دەربڕینێکی ئاڵۆز، ڕەنگینی سێبەرێکی ناسك یان باڵدار بقۆزێتەوە، کەوا خۆی لەهونەری هەندێ وشە ڕۆنانی بەرێکەوتدا، دەردەخاو دەبزوێنێ: "خامۆشییەکی سەهۆڵین" (ئولاهانسۆن)، "ئێوارە ڕوونەکانی هاوین" (هێیدینستام)، "بایەخێکی

شەرمن" (فرۆدینگ)، لەنزیکی ئەم جۆرە بەرانبەرکردنەوە- بەراوردی بکە بەو نموونەیەی فرۆدینگ کە هێنامانەوە- هەندێ وەرچەرخان درووست دەبێ، ئاوەڵکارێکی ئاوەڵناوی، ئاوەڵناوێکی تر تۆکمەو نایاب دەکات: "چنارێکی ژەهراوی"، "دڵپاکییەکی خەمناك" لای (هێیدینستام) "جددییەتێکی سەرسوورهێنەر"، "ترسی فێڵبازانە"، "خاوییەکی ناسکی شاعیرانە"ی (فرۆدینگ)..

ئاشکرایە لە ڕۆمانە کۆنترەکاندا ڕازگێڕەوە- نووسەر بەهێزو زاڵترە. ئەو تەبیعی، بەناوی خۆیەوە هەندێ وشەی لەگەڵ خوێنەردا دەگۆڕییەوەو وەك دەزگای هەمووشت زان، تەعلیقی لەسەر ڕووداو کەسایەتییەکان دەدا. نووسەرانی پەخشانی ئیمپریسیونیستی خۆیان لەنموونەی شکاندنی شێوازی وەهمی دووردەخستەوە. ئەوان دەیانویست ئەو دەربڕینانەی کە بوونیانی لەچیرۆکەکەدا دەردەخست نەهێڵن، ئەمە وا دەکەوتەوە کە گەمەیەك لەگەڵ خوێنەردا بکەن. یەکێك لەهەرە ئامێرە دیارەکانیان کە بگەنە کاریگەرییەکی وەها، قسەی ڕاستەوخۆ، دیالۆگ، هەندێ جار بەدوای وەهمێکی وادا دەگەڕان کە قسەی هەمان کاتی کۆمەڵێ کەسیان بۆ بڕەخسێ: وەڵامەکان لەوەبوو بێ سەروبەربن‌و پڕ ئاژاوەبن. ئاماژەکانی دەرهێنەر بەکورتی لەنێوان ئامانجی ناونیشانەکاندا دەبوون‌و هەواڵەکانیشی دەبوایە زۆر کورت بکرانایەتەوە. ئەمە نزیکبوونەوەی دەگەیاند لەشێوازێکی درامی: مرۆڤ پەخشانە ڕازێکی وەك ئەوە هەست پێدەکرد، کە شانۆگەرییەك ببینێ.

لەشوێنێکدا کە قسەی ڕاستەوخۆ، لەبەر هەندێ هۆ، لەوە نەبوو جێگەی شایانی خۆی بگرێ، ڕازگێڕەوەکە دەرفەتی ئەوەی هەبوو بەئامێرێکی کورت‌و چڕ بەقەولی مولەر کریستینسن "بابەتێکی خوازراو"ی شێوازی ڕانان بخولقێنێ.

بۆئەوەی کە ئاوازەو هەناسەیەکی جەسوورانە بۆ وەسپکردنەکەی بهێنێتە ناو، ئەو وشەو ئاوازە هونەرییانە بەکاردێنێ، وەك ئەوەی لەو کەسەوە یان تۆقەو دەست پێ بکرێ، کە باسدەکرێن، بەواتایەکی تر شوێنی هەیە، وەك ستافان بیۆرك ئاوا مانای لێکدەداتەوە "سەرنجڕاکێشی‌و جوانی لە کەرەسەوە بۆ شێواز". جاروبار شێوەکەی وای لێدێ، کە جەختکردنێکی گاڵتەجاڕانە بداتە چیرۆکەکە. هێرمن بانگ نووسیویەتی:"بابی دەیویست کەیفی قنج بێ، چوو بۆلای ماری‌و ئەویش شووشەیەك شەرابی پورتڤینی پەیداکرد".

ئەمە پشکنەری ئێستگەکە، بابی، خۆی ئەم دەربڕینەی سەرەوە بەکاردێنێ، ئەم جۆرە ڕانانە ڕاستەوخۆیە "بالآکەمان نیشان دەدات لەباتی ئەوەی بۆمان باس بکاتو زۆرجاریش لەگەڵ تەکنیکی بەهێما گوتنی ئیمپریسیۆنیستیدا دەگونجێ، لەهەمان کاتدا داستان گێڕەرەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دواوە" (مولەرکریستنسن).

ئەو دوو جۆرە چەمکی ستایلەی لێرەدا بەنموونە هێنامانەوەو وادەبینرێ کە نیشانەی شێوازی نووسینی ئیمپریسیۆنیستیان پێوە دیارە، وەك قۆناغێك کە ڕێبازی هونەریی سەردەمێکی دیاریکراوبێت. ئەوەی گرنگو ساغکەرەوەیە ئامادەییو هێزو ڕەنگی دیاریانە، کارو ئاوێتەبوونی ناوخۆییانە، کوللییەتی هونەرییانە کە ئەو ئامانجەیەئەوان هەیانە. ئەگەر بتەوێ لەسەر بنەمای جۆری ستایل، ڕێبازە ئەدەبییەکان جیا بکەیتەوەو سنووریان بۆ دابنێیت، بەشێوەیەکی گشتی ئەوەندە ئاسان نییە، گرانییەکەش لەوەوە زیاددەکات کە ئەو یەکە ئیمپریسیۆنیستیانە کە ڕەنگە سەروەختێ بەشێوەیەکی بەهێز کەوتبێتنە بەرچاوو سەرنجیان ڕاکێشابێ، بەڵام ئێستا هێدی هێدی خۆگونجاندنیان لەگەڵ زمانی ئەدەبیی گشتیدا کردووە، بۆیە بە هەڵسەنگێنەرێکی ئەمڕۆ بەهەمان زەقییەوە ناتوانرێ دەست نیشان بکرێن، لەلایەکی تریشەوە شیعری ئیمپریسیۆنیستی هەبووە، زۆر لەپێش ئەوەوە کەباس لە ئیمپریسیۆنیزم وەك زاراوەیەکی هونەریو مێژووی ئەدەبی هەبێ. نامەکانی فریدمان ڕواڵەتێکی ڕاستەقینەی ئەدەبی ئیمپریسیۆنیستیە. مرۆڤ دەتوانێ بیر لەپەخشان بکاتەوە لەنامەی (٣٣)دا، ئەو ڕستە کورتانە لێك جیادەبنەوە، بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی ناوخۆییان هەبێ بێ ئەوەی قسەکەرەکە ئاشکرابێ.

## تەعبیرییەت Expressionism

ئیکسپریسیۆنیزم چەمکێکی تەواوکەری ئیمپریسیۆنیزمە. ئەم چەمکە بە هۆشیارییەوە هەڵبژێردراوە بۆئەوەی لە ئیمپریسیۆنیزم جیابکرێتەوە، ئامانجی ئەوەیە کە ئەو هەوڵو کۆششەی ساڵانی ١٩٠٠ لەنێوان ڕەگەزە جیاجیاکانی هونەردا نیشان بدات. ئەمیش هەر زوو، وەك ئیمپریسیونیزم بۆ نیگارکێشان بەکارهێنراوە، لەهەمان کاتدا لەگەڵ شیعری نووسەری نەمسایی هیرمان باهر گونجێنراوە کە لەکارەکەی خۆیدا ئیکسپریسیۆنیزم (١٩١٦) تایبەتمەندیی ئەم ڕێبازە تازەیەی دەستنیشانکردووە.

گەشەسەندنی ئەدەبی ئیکسپریسیۆنیزم، لەنزیکەی ساڵانی ١٩١٠ تا سەرەتای ١٩٢٠ دەگرێتەوە. ئەم بزووتنەوەیە ڕەگێکی قووڵی لەئەڵمانیا هەبوو، کە بووە هۆی دەرکردنی هەندێ گۆڤارو مانیفیستو لێکۆڵینەوەی تیۆریی ئیکسپریسیۆنیزم پێش هەموو شتێك، بەشێوەیەکی فراوان بەرپەرچدانەوەی ماتیریالیزمو بە ئامێرکردن بوو. لەنێوان هۆشیارکەرەوە نزیکەکاندا دەتوانین تاکگەرایی نیتچەو فەلسەفەی پێشبینی کردن (حدس)ی بێرگسون لەڕەتکردنەوەی هەموو فەلسەفەیەکی ناتورالیزمدا باس بکەین. دیارە ئەزموونەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی، بووە هۆی تیژکردنەوەو ڕادیکاڵ کردنی هەندێ پرۆسە لای ئەم ڕێبازە تازەیە.

لەڕووی هونەرییەوە ئیکسپریسۆنیزم بەوە دەناسرایەوە کە دژایەتییەکی سەختی کاردانەوەی ناتورالیستیانەی واقیعی دەکرد. دژی ئەو هونەرەی کە مرۆڤ بەشێوەیەکی زۆر خاوو خلیچك تۆماری کاریگەریی دەوروبەر لەسەری دەکاو شیعرێك دادەنێ کە بەشێوەیەکی چالاك قورسایی ناخی خۆی لە "ڕۆح"و "گیان"ی تێدا دەردەبڕی. لە شیعرێکی شاعیری سویدی (پیرلاگەر کڤیست): "خەم، خەم میراتی منە" لە کۆمەڵە شیعری "خەم"دا (١٩١٦) ئەو سرووشتە ڕووتو بێهوودە بەشێوەیەکی واقیعی دەرنەبڕدراوە، بەڵکو ستایلێنراوە، مرۆڤ دەتوانێ بڵێ شێوازی شیعرەکە شێوێنراوەو لەگەڵ ڕەوتی ژیانی شاعیردا ساچێنراوە. لەوێ "ئاسمانی باراناوی، لەدەستی زبری شەودا، دەیبەستێ". منی شیعرییش "دەستی بەرزکراوەی لەدژی پەڵە هەورە تەزیوەکان تا خوێن لێهاتن بریندار دەکا".

ئاخ، من نینووکەکانم لەپەنجەکانم دەردێنم،
دەستم زامداردەکەم، بەئازارەوە،
لەڕووی چیاو دارستانە ڕەشەکاندا،
لەڕووی پۆڵای ڕەشی ئاسماندا
و لەڕووی ئەم زەمینە ساردەدا!

ئەم بزووتنەوە بەجۆشە، ئەم چالاکییە بزێوە، زۆرجار بەشیعری ئیکسپریسیۆنیزمەوە دیارە، "باهۆزی گیان" زمان لەگەڵ خۆیدا هەڵدەتەکێنێ. بۆئەوەی قورسایی‌و هێزی ناوەندی ئەو وشە تاکانە زیادببێ، وشەی بچووکی وەك ئامرازو ئارتیکڵ...هتد پشتگوێ دەخرێ. پێویستی دەربڕین دەتوانێ خۆی لەزنجیرەیەکی بەرانبەریەك کراودا ڕێکبخا. ئێلمەر دیکتۆنیۆس لەشیعری "پیاسەیەك بەناو سرووشتدا" ئەمە ئاوا ڕوون دەکاتەوە: "پەڕی چۆلەکەی کلووی بەفر/ فیکەی زیڕە/ بەهارە"، مرۆڤ ڕستەکان لەگەڵ یەکدی، بەبێ هەواڵ پێدان، یەکدەخا "چیتر بەراڕەوی شێوەیەکی لۆجیکی یان بەسرێشی نەرمی دەروونناسی بەیەکەوە نابەسرێنەوە" (کاسیمیرئیدچمید).

ئیکسپریسیۆنیزم دەیویست بەرەو مرۆڤایەتییەکی ساکارو گشتی بەرەو پێشەوە بچێ، دەیویست وێنە کەسایەتییەکانی خۆی لەکۆت‌و پێوەندی شارستانیەتی مادی، لەیاریی بەرێکەوتی کۆمەڵایەتی ڕایی‌و ئازاد بکات. مرۆڤ دەیویست بکەوێتە دەرەوەی هەموو بەش بەشکردن‌و پێناسەکان، تەنانەت دەری تاکگەراییش. لەوێ بەڕووت‌و قووتی، لە دەردی گران ئازاد دەبێ. لەوێ مرۆڤ بەهێزێکی گەورەو نوێ‌و هەموو هەست‌و نەستییەوە دەبێ. بەم شێوەیە کێشە بنەڕەتییەکانی مرۆڤایەتی‌و پەیوەندییەکانی شیعری ئیکسپریسیۆنیزم دەخەملێنێ. لەدرامادا دیارە مرۆڤ لەنێوان کەسایەتییە عادەتی‌و بێ ناوبانگەکاندا خۆی دەبزوێنێ: باوك، دایك، کوڕ، کچ. سەرئەنجامێکی سرووشتی‌و ئاسایی ئیکسپریسیۆنیزم ئەوەیە سنووری نەتەوەیی دەداتە دواوەو دەیبەزێنێ. لەهەمان کاتدا لەتیۆری‌و پراکتیکدا دەرفەتی جم‌وجوولی ئازاد دەدا بە "من" بەشێوەیەك کە بەئیدیالی هەرەوەزیی جۆش‌و خرۆشەوە گۆرانی بۆ برایەتی هەموو مرۆڤ بڵێ. ئەم جووڵانەوەیە خۆی بۆ خۆی بەم بڵاوبوونەوە نادیارو ئامانجە

بەرانبەر یەك قووت کراوانەیەوە، جێگەیەکی وا بۆ شاعیر فەراهەم دەکات کە خەسیەتی جۆراوجۆری تێدابێ. لەم چوارچێوەیەدا ڕێكو ڕەوان هەستی ئایینیو جۆشو خرۆشێکی ڕادیکاڵیی کۆمەلاّیەتی کۆدەبنەوەو دەساچێنرێن.

ئیکسپریسیۆنیزم لەم یاخیبوونە گشتییەدا لەدژی ناتورالیزم، هەندێ خاڵی هاوبەشی لەبەرنامەی هونەریدا، لەگەڵ کۆششە مۆدێرنەکانی تری هەمان قۆناغی وەك: فۆتۆریزم، کوبیسم... هتددا هەبوو. باشترین خستنەسەری سەرنجڕاکێشی لە دراما‌دا هەبوو. بەتایبەتی تیاتر توانی {ئامانجی} هونەریی ئەم جولاّنەوەیە دەربڕێ.

لەدژایەتییەکی هۆشیارانەی تیاتری ناتورالیزمدا، مرۆڤ شانۆیەکی بەهێزی ساکاری لە ئەبستراکتی خاوەن خەسیەتێکی گشتگیر بونیاد نابوو. هەموو شتێ - تەنانەت دیکۆر، ڕەنگکردنو ڕووناکی — هەمووی بۆ ئەوەبوو کە پێداویستییەکانی ناخ، نەك هی ڕووکەشو دەرەوەی واقیع، دەربڕێ. ماکس ڕینهارد ڕێگاخۆشکەری ئیکسپریسیۆنیزم بوو لەشانۆی ئەڵمانیدا. بەڕانانی هەندێ شانۆگەری لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، لەوێنەی "خەونە یارییەك" (١٩٠٢)و "ژووری مۆسیقا لێدان"، "سۆناتەی خێوو قوو" (١٩٠٧)، ناوبانگی دەرکرد.

دراماکانی دوایی ستریندبێرگ تەوژمێکی کاریگەری دا بەشانۆی ئیکسپریسیونیستی ئەڵمانیا. هەروەها بووە خاڵێکی سەرکەوتنی سرووشتی بۆ پێرلاگەرکڤیست، کە یەکێك لەهەرە نوێنەرە دیارەکانی ئیکسپریسیۆنیزمە لەئەدەبی (Nord) باکووردا. لەبەرهەمەکانیدا: هونەری وشەو هونەری وێنە (١٩١٣)و تیاتر (شانۆ) (١٩١٨)دا، بەرنامەیەکی بۆ شیعری نوێ داڕشت. ئەمیش دژی هونەری ناتورالیستی بوو، پێی وابوو کە ئەرکی شاعیر ئەوەیە "واقیع بگوشێو ناخی هونەری پالّفتە بکاو بهێنێتە ئارا". ئەمە پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە شێوازێکی ساکارو ڕەوان بۆ (بەها) مرۆڤایەتییە بایەخدارەکان بڕەخسێنرێ.

کۆمەڵە شیعری "خەم" کە لەمەو پێش هێنامانەوەو یەکێکە لەداهێنانە گەورەکانی لاگەرکڤیستو یەکەم بەرهەمیشە لەئەدەبی ئێمەدا ڕواڵەتێکی ئیکسپریسیۆنیستی هەبێ. بەرهەمە درامییەکانیش نزیکایەتییان لەگەڵ گیانی ئیکسپریسیۆنیزمو بایەخ بە ستایلّ داندا هەیە، بەلاّم بەبێ دوگمای زمانی ساکار.

نەویستیی سیکۆلۆگاندنو حەزێکی زۆر بۆ کێشە گەورە مرۆڤایەتییە گشتییەکان تایبەتمەندیی {ئەم ڕێبازەبوون}.

لە لیریکی سویدی هەروەها ئەدەبی سویدیی- فینلەندیدا شاعیرە ڕابەرە مۆدێرینستەکان: گونەر بیورلینگ، ئیدیس سویدەرگران، ئێلمەر دیکتۆنیۆس، ڕاببە ئینکل. بیرگەرشێوبیرگ شێوازێکی بەرزی تایبەتیی شیعری ئیکسپریسیۆنیستی هەیە وەك "خەنجەرو تاج" (١٩٢٦).

ئەم زمانە بەجەسارەتو نامۆیە وەڵامی ئەو بێ ڕێزییەیە بۆ پێداویستی دەربڕین، دژی ئەوەی کە خۆی ناوی لێ دەنێ: "داوایەکی ترسناك بۆئەوەی چڕ بکرێتەوە".

ئیکسپریسیۆنیزمیش تەبیعی هەروەها تۆزێك وەك هەموو ئەدەبێکی نوێ، هەر یەکجار نوێ، بۆخۆی، ئەگەر مرۆڤ سەیری ڕەگەزەکانی بکا، هەریەکەو بۆخۆی، کەمتر {بەهێزی دەکا}.

ئەمە بەڕەوتێك یەکدەخاو بەهێزی دەکا، کە زیاتر بڵاوە یان کەمتر سەرنج ڕادەکێشێ، چونکە لەشیعرەکانی زووتردا هەن. بۆنموونە لەڕاکردن بەدوای پێداویستی دەربڕیندا دەتوانین لەگەڵ قۆناغی پێش ڕۆمانتیکی ئەڵمانیدا "Sturm und Drang" (شاڵاو و تەنگ پێ هەڵچنین)دا بەراوردی بکەین. لەلایەکی تریشەوە ئەم خۆی واهاتووە کە وەك هەوێنی ئەدەبی دواتر خۆی بنوێنێ. لەسەرەتادا وەك بەڵگەی بزووتنەوەیەکی مێژوویی سنوردار هاتەپێشەوە. زاراوەی ئیکسپریسیۆنیزم جاروبار کەم بەمەبەستێکی گشتی بەکارناهێنرێت.

ئەوەی کە لەزاراوەی ئیمپریسیۆنیزمو ئیکسپریسیۆنیزمدا دیاری نەکراوە، قەت ناتوانرێ بشارێتەوە، چونکە بەقووڵاییو باتەقای زاراوەی هونەرن، هەموو شیعرێك دەبێ هونەری "ئینتیباعو کاریگەریی"و "هونەری دەربڕین" بێ، تەنیا کێشو هەڵسەنگاندنەکە دەتوانێ جیابێ. لەم ڕووەوە (مەدلوول)- واتای ئیمپریسیۆنیزمو ئیکسپریسیۆنیزم بەلای زۆرەوە ڕێبازی بنەڕەتیی کۆششی هونەرین، ئەمانە جەمسەرەکان لەدەشتی هێزدا دەستنیشان دەکەن.

## زانستی ئەدەب: چەمك و میتۆدەكانی

### دەق و ڕەخنەی دەق

مرۆڤ هەلومەرجی ئاشكرای لێكۆڵینەوەی ئەدەبناسی لەسەر بنەمای تێكستی ئامادە دادەمەزرێنێ، ئەم فەزایەش مەرج نییە بەئاسانی بێتەدی. پێش هەموو شتێكیش، تەبیعی، ئەمە ئەو ئەدەبە دەگرێتەوە كە پێش پەیدابوونی چاپ لەناوەڕاستی (١٤٠٠)ەكاندا هەبووە. لە سەدەكانی پێشترو ناوەڕاستەوە بەیازی تاقانەمان لەبەردەستدا هەبووە، ئەم جۆرە دەسنووسانە (بەیازانە)ش كێشەی خۆیان هەیە. زۆر كەم دەسنووسی نووسەرەكان خۆیان دەمێننەوەو دەپارێزرێن. ئەوەی كە ماوەتەوە زۆربەی تەنیا لەبەر دەسنووسی ئەسڵی یان دەسنووسی تر نووسراونەتەوە- ڕەنگە سەدانساڵ پێشتر، ئەسڵەكە ون بووبێت. ئەم بارو زرووفە بێگومان ناوچەكانی باكوورو ڕازەكانی ئایسلاندیش دەگرێتەوە. دەسنووسە جیاوازەكانی كارێكی ئەدەبی هەمیشە كەم تا زۆر لەیەك دووردەكەونەوە، جیاوازییەكەش جاری واهەیە لە تاكە پێناسەیەكدایەو، دەشبێ زۆربن. دیارە هۆی ئەمەش دەستاودەست كردنە لە نووسینەوەیاندا. دەبێ حسابی ئەوەش بكرێ، كە ڕەنگە بەیازنووسێك لەبەرئەوەی دەسنووسەكە خراپ نووسراوەتەوەو باش لێی تێنەگەیشتووە، كەوتبێتە هەندێ هەڵەوە. یان بەیازنووسەكە هەستی بەرپرسیارییەتی نەبووە كە مافی نووسەرە ئەسڵییەكە بپارێزێ‌و بە ئەمانەتەوە بینووسێتەوە، هاتووە لەڕووی جیاجیاوە دەسكاریی كردووە. ڕەنگە چەردەیەك وشەی دەسكاریكردبێ، لەبەرئەوەی بەكۆنی زانیون. هەروەها ڕەنگە زیاتر لە تێكستەكە وردبووبێتەوەو تێیدا قووڵ بووبێتەوە، هەندێكی كوژاندۆتەوە، خەتی بەسەر هەندێكدا هێنابێ‌و یان بە پێچەوانەوە شتی خۆی هێنابێتە ناو تێكستەكەوە. ئەمەی دواییان بە شتی خۆترنجاندنە ناو تێكستی {یەكێكی ترەوە} ناودەبرێت.

ئەم جۆرە گرێ‌وگۆڵ‌و كێشانە، كاری ڕەخنەگری تێكستەكەیە سەرودەریی بكات. ئەمە لقێكی لێكۆڵینەوەیە لەلایەن زانایانی زانستی ئەلكساندەرییەوە دامەزراوە، كە خەریكی توێژینەوەی ترادیسیۆنی (تەقالیدی) دەقەكانی هۆمیرۆس بوون. ئەگەر چەردەیەك دەسنووسمان هەبوو، ئەوا ئەركی سەرەكی ئەوەیە تەمەن‌و پەیوەندییان بەیەكەوە دەستنیشان‌و دیاری بكەین. ئەمە قۆناغێكی زۆر تایبەت‌و

ئالۆزە کە ئەوەندەی بکرێ لە ڕووالەتی دەسنووسەکە (ئارکیتیپ) نزیک دەبێتەوە. ناوەرۆکی دەسنووسە جیاوازەکان ڕەنگە بەشێوەی جیاجیابێت. ئەگەر دوو دەسنووس لەڕووی شوناسەوەو لە نووسینەوەی هەڵەوە وەك یەکبوون، دیارە ئەوە بەم یان ئەو ڕێباز پابەندی یەکتربن،و لەهەمان چاپخانەوە هاتوون،و لە هەندێ یەکەدا وەك یەك نین ئەنجامی ڕانان،و لێ وردبوونەوەکە لە شەجەرەیەکدا کە stemma ی پێ دەڵێن، نیشان دەدرێ.

هێڵکاری، کە جێگەی هەریەکە لەو دەسنووسە جیاوازانە لە ترادیسیۆنی تێکستەکاندا دەستنیشان دەکات. ئەم دەسنووسانەش هەر بە A, B, C ... هتد دیاریدەکرێن، لەکاتێکدا هێڵە نەناسراوەکان کە پێویستە بهێنرێنە ناو بۆئەوەی هەندێ گریمانەی دەسنووسەکانی پێشوو ڕوونبکەنەوە بە × ێك ئاماژەیان بۆ دەکرێ، وەك لەم نموونەیەدا نیشانی دەدەین.




ئەم شەجەرەیە دەشتوانرێ وا بخوێنرێتەوە کە گرووپی دەسنووسەکانی A, B, C و هەروەها D, E, F, G نوێنەری ڤێرشنی جیاوازی لێك جیای دەسنووسە ئەسڵییەکەن، وەك لەبەر نووسینەوەی ڕاستەوخۆی دەسنووسی A لەوەیە دەسنووسی B و C نرخێکی ڕەخنەی تێکستۆلۆگی سەربەخۆی نەبێ، ئەمە بەنیسبەت F و G بە بەراورد بە E یشەوە ڕەنگە هەروابێ. A بەگوێرەی شەجەرەکە ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە سەر دەسنووسە ئەسڵییەکە، بۆ D و E حسابی ڕایەڵێکی فەوتاوی × دەکرێت. لەبەرئەمە زۆر شیاوبوو کە A وەك ڤێرشنی جێگری دوای ئارکیتیپەکە حساب بکرێ.

بەڵام ئەگەر × دەسنووسێکی زۆر تەواو و متمانەپێکراوبوو، تەنانەت لە A جێی بڕواتربوو، هیچ شتێ ڕێگر نابێ لەوەی کە D و E- بەتەنیا هەردووکیان بە گەلێك خاڵ کە پارێزگاریی هونەری خوێندنەوەی ئەسڵەکەیان کردبوو، جێی متمانەتر بن تا A.

لە چاپە زانستییەکاندا مرۆڤ خۆی لەقەرەی ئەوە نادات کە دەقی دەسنووسی جیاجیا تێکەڵ بکات. وا باوە، ئەو دەسنووسەی زیاتر سەنگو قورسایی هەیە لە نموونەی A، لەو دەسنووسانەی ناومان بردن، هەڵدەبژێردرێ. هەروەها بەهەمان بەدوای یەکدا هاتنی ئەلفوبێ دایاندەنێ، هەرچەندە ڕەنگە هەندێ لە دەسنووسەکانی تر لە ئەسڵەکە زیاتر بچنو لێی نزیکتربن. لەیەکێك لە بەیازی ڤێرشنەکاندا تۆماری جیاوازیو دوورکەوتنەوەی لە هەندێ لە دەسنووسە جێی متمانەکاندا لە دەسنووسە ئەسڵییەکە دەکرێ.

جۆرە خوێندنەوەیەکی تایبەتی لەدەسنووسە پلە دووەکاندا- لەوێنەی B و C هەروەها F و G لەشەجەرەکەی ئێمەدا، عادەتەن، دەخرێنە لاوە. چونکە لەهەموو حاڵەتێکدا هیچێك ناخەنە سەرئەوەی کە ڕوواڵەتی دەسنووسە ئەسڵییەکە ڕۆشن بکەنەوە. لەکاتی لێدوانو گفتوگۆدا دەربارەی هەندێ تێکستی کەم تا زۆر باش نەپارێزراو، ئاساییە زۆرجار، گەر توێژەرەکان ئەو شوێنانە کە بەئاشکرا دیارە شێوێنراون، ڕاستییەکەی بدۆزنەوەو دیاری بکەن. دەتوانن بەگوێرەی دەستوورو چۆن ڕێگە پێدراوە، بۆنموونە ڕاستکردنەوەی خوێندنەوەی هەڵەو نەگونجاو بۆچوونو پێشنیازی خۆیان، کە ڕەنگە بەلای ئەمانەوە، لەئەسڵەکەدا وابووبێ دەخەنە ڕوو- بۆنموونە داستانە شیعری سکەندناڤیو باڵادی سەدەکانی ناوەڕاست، لەم جۆرە پێشنیازانەیان بۆ کراوەو گوێیان لێ گیراوە.

کێشەی ڕەخنەی دەق دوای پەیدابوونی چاپکردنی ئەدەبیاتیش هەرمابوو. توێژەرانی {بەرهەمەکانی} شکسپیر باشترین نموونەی ئەم مەسەلەیەن. چاپی یەکەمی "هاملێت" لەسۆنگەی فۆڕمی چاپەکەیەوە کە ساڵی ١٦٠٣ دەرچووە ناونرابوو چاپی چارەکی. بەڵام ئەمە وەك دەڵێن چاپێکی چەتەگەرانە یان دزانەبوو، لەوەشەوە بەهۆی نووسینەوەوە یان سیتنۆگرافییەوە رەنگە لەکاتی ڕانانی پارچە نووسینەکەدا {هەڵە} ڕوویدابێ. هەروەها دیارە ئەمەش کەموکووڕی هەیە.

ساڵی ١٦٠٥یش بەپێچەوانەوە بەشێوەیەکی تەواوتر هەر بەچارەکە فۆڕم بەڵام بەشێوەیەکی باشتر دەرچوو وەك لەناونیشانی بەرگەکەیەوە دیارەو لەسەری نووسراوە: "According to the true and perfect coppie" (بەگوێرەی کۆپییەکی ڕاستو زۆر تەواو).

ڤێرشنێکی تری تێکستەکە کەوتۆتە ئەوەی کە پێی دەوترێ چاپی تەواوی سەرجەمی بەرهەمە درامییەکانی شکسپیر کە ساڵی ١٦٢٣ دوای مردنی خۆی، هەردوو هاوڕێی ج. هێمینگەو هـ. کۆندێل چاپیان کردووە. "هاملێت" بەقەد یەکێك لەشانۆگەرییەکانی دەست نووسی {شکسپیر} خۆی بچووکە. دوای ئەمەش زەحمەتە کە تێکستەکە لەنێوان چاپی دووەمی چارەکەو سەرجەمی بەرهەمەکاندا هەڵبژێری. وەك تاقیکردنەوەیەکی چاك زانراوی جیاوازییەکانی ناوەوەی {تێکستەکان}، {دەتوانین} بەو مۆنۆڵۆگەی هاملێت لەدیمەنی یەکەمی پەردەی دووەمدا دەست پێبکرێت، لەچارەکە چاپەکەدا ئاوا دەست پێدەکات:

O that this too sullied flesh would melt.
Thaw and resolve itself into a dew.

لێرەدا لەچاپە سەرجەمییەکەدا "solid" (چەسپاو) لەباتی Sullied پێسبوو (هەیە). (لەواقیعیشدا Sullied لەهەردوو چاپە چارەکییەکەدا هیچ مانایەکی گونجاوی تێدا نابینرێ، هەر وەك هەڵەیەکی نووسینەوە یان چاپ حسابی بۆ کراوە“ Sullied ئەگەر بە وشەیەکی تر بیلێین ڕاستکراوەتەوە، با بەدڵنیاییەوە بەشێوەی پراکتیکی وەرگیرابێ). هەردوو جۆرە خوێندنەوەکە ڕوونکەرەوەی زمانیی خۆیان هەبووە. ئەوانەی لێکیان داوەتەوە، بەپلەی یەکەم، لەنزیکترین کۆنتێکستدا بەدوای پاڵپشتیی ڕایەکەی خۆیاندا دەگەڕێن، هەروەها زۆرجار دەیانویست کە مانای تەواوی لێکدانەوەکەیان لەناوەڕۆکی داهاتووی {بەرەوپێشەوە چوونی} تێکستەکەدا ببینن. جۆرە ڕەخنەیەکی تێکستی ئاوا کە لەسەر بنەمای "ناوەوەی" تێکستەکە بنیاتنراوە، تەبیعی، زۆر یان کەم بیانووی باشیان بۆ ئەم یان ئەو ئەلتەرناتیڤ هەیە. بەڵام وەك دەستووریش لەوەیە کە لەواقیعدا ئەوەش نەبێ کە کاتی خۆی نووسەرەکە نووسیویەتی.

لەم حاڵەتەی شکسپیردا ڕەنگە زرووفی تێکستەکە بەشێوەیەکی نائاسایی بە کونوکەلەبەربێ. هەروەها لەوانەیە ئەمە پابەندی دراماتورگ (شانۆکار)و شانۆنووس

بیّو پاساوی بە کەش‌و هەوای ئەو ڕۆژگارە وەك لایەنی پراکتیکی چاپ‌و... هتد بۆ بدرێتەوە. لێرەدا ڕەخنەی تێکست پێویستی بەشارەزایی هەیە لەکاری چاپ‌و چۆنیەتی حینجەکردن‌و هەڵە ڕاستکردنەوەو ئەم شتانەدا.. تەنانەت بۆ ئەم ڕۆژگارەی خۆشمان، کە شاعیرەکان بەرهەمەکانیان دەبینن‌و لەلایەن هەڵەگرەوە ڕاستدەکرێنەوەو بڕیاری لەچاپدانیان لەلایەن خۆیانەوە دەدرێ، بەڵام هێشتاکەش هەر ڕەخنەی تێکست بایەخی خۆی لەدەست نەداوە. هەڵە لەچاو دەسنووسی نووسەرەکەدا دوور نییە هەر دزە بکاتە نێو تێکستەکە، یان ڕەنگە نووسەر خۆی دەسکاریی نووسینەکەی کردبێ، یان بێ ویستی ئەو لەچاپەکانی دواتردا ڕوویاندابێ.. هتد. ڕەخنەی دەقی ئەدەبی {کە ئێستا چاپ هەیە} هەردەمێنێ بەڵام لەئاستی پێداویستیی سەردەمە کۆنەکاندا نییە. تەنانەت لەو حاڵەتانەشدا کە دوا دەسکاریی تێکستەکەش کرابێ‌و ئەو بەهایەی تۆژینەوەشی نەمابێ، بەڵام ئەمە ئەرك‌و گرنگیی ڕەخنەی دەق هەڵناوەشێنێتەوەو ڕەنگە بەهای کەمتر لەجاران بێ، بەڵام هەردەمێنێ. بەتایبەتیش ئەگەر ڤێرشنی جۆراوجۆر هەبێ‌و دەسکاری کرابێ‌و کۆمەڵێ سەرنج‌و تێبینی وردی لێ هەڵبهێنجرێ، کە ببنە کەرەسەیەکی سەرنجڕاکێش‌و ڕوواڵەت‌و گوژمێك بداتە پرۆسەی کاری هونەری لەبەرەوپێشەوە چوون‌و گەشەسەندنی بەرهەمی شیعریدا. بەدوور نازانرێت کە ئەم کارە هاریکاریی ڕاڤەکردن‌و لێکدانەوەی کارە چاپکراوەکە بکات، لەپلەی یەکەمیشدا لەچوارچێوەی خۆیداو لەسەر بنەمای خودی تێکستەکان دەبێ لەبەرهەمەکە بکۆڵرێتەوە. بەڵام لەکێشەی لێکدانەوەی گومانایی تۆژینەوەی کەرەسەی دەسنووسەکەداو لەباشترین حاڵدا بەیازی تێکستەکە مەبەستی نووسەرەکە زیاتر ڕووندەکاتەوە. بە ئەم یان ئەو هۆ لەوەیە لەقۆناغەکانی سەرەتای کارەکەدا {نووسەری دەقەکە} ڕوونتر تەعبیری لەخۆی کردبێ. توێژەری ئەدەبی پێویستە جاروبار بەزانستی ڕەخنەی تێکست، سا هی خۆی یان خەڵکی تر، بیروبۆچوونی خۆی بنیادبنێ، دیارە بۆ هەندێ مەسەلەش پێویستە خۆی ئاست‌و توانایەکی زمانەوانی هەبێ، دیارە مەبەست هەر لەو تێکستانەش نین، کە بەزمانی بێگانەن. ڕەنگە قۆناغە پێشین‌و کۆنەکانی زمانی زگماك لای ئێمە بووبێتنە جیهانێکی نامۆ. ئەمە زۆر ئاشکرایە بۆ هەموو نموونەیەکی وەك ستێرن هێلم لە (١٦٠٠)ەکاندا. ڕەنگە زمانی ئەدەبی ساڵانی (١٧٠٠)کان- هی دالین، بێلمان، یان کێلگرێن بەڕووکەش بەئاسانی خۆی بدا

بەدەستەوە، بەڵام لەم حاڵەتەدا ئەمە دەربڕینێکی ناڕوونو تەماوی سەرلێشێوێنە. گەلێ یەکەی هەڵبژاردنی وشەو دەربڕین هەن، کە زانیاری دەربارەی شێوازو ڕێسای زمانی ئەم کاتە هەیە بۆ ئەوەی لە ڕواڵەتێکی ڕاستو گونجاودا بخرێنەڕوو. بۆئەوەی وشە پیشان بدەی، لەوەیە هەڵبڕین {دواخستنێکی} دیارو بەرچاوی بەخۆیەوە دیبێ، وەك لەم {شتە} ناسراوەی {لیدنەر}دا "بێکەڵکێك ماوە، ئەمە هاوڕێی منە، برامە" (١٧٨٣) ئەمە زۆر ساکارانەیەو زوو بەسەرچووە. ئەوەی بابەتی ترە، ئەوەیە کە گەلێ ناسکیی شاراوە {تێهەڵکێشی}و وردەکاریی ستایل لە گەنجینەو فەرهەنگی وشەدا ڕوویانداوەو هەندێ جار تەنیا بەوە جیا دەکرێنەوە هەیە خۆی زۆر بە قووڵی وەفادارە {پابەندە} بەو دەوروبەرە زمانییەی ئەو کاتانەوە.

## لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و تیۆری

هەر لەڕوانگەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی خۆیەوە، تەبیعی، ڕەخنەی تێکستو زمانەوانی، هەروەك ژانرە تایبەتییە زانستییەکانی تر، بەناچاریو وەك ئامێرێکی بەکەڵكو یارمەتیدەر پێویستن. زانستی ئەدەبناسی تایبەت بەکێشەو میتۆدەکانییەوە بۆ خۆی دیاردەیەکە. گفتوگۆو دوان دەربارەی تیۆریی شیعر بەشێوەیەکی نایاب لەکتێبەکەی ئەرستۆ "poetic-هونەری شیعر"ەوە دەست پێدەکات (هەر ئەم سەرچاوەیە ل٥). بەڵام هاتنە کایەی بابەتەکە زۆر دواترەو هەر زیاتریش بەگیانێکی نموونەئاساوە وەك کۆی هەندێ یاساو ڕێساکانی ژانرەکانی شیعر وەك ئەوە بڕیارێك بێ‌و بۆ هەمووان بەیەکجار بدرێ‌و زانیاری دەربارەی شاعیرو شیعرەکانی کۆکراونەتەوە، بەڵام بەلای زۆرەوە ئەمە ڕانانێکی بەدوای یەکداهاتن‌و بێ سیستیم بوو، بەبێ ئەوەی ڕوانگەی (دیاریکراو)و میتۆدیان تێدا بخرێتەکار.

هەروەها لێرەدا لەمەیدانی لێکۆڵینەوەی زانستەمرۆڤایەتییەکانی تردا ڕۆمانتیکییەت وەرچەرخانێکی لەگەڵ خۆیدا هێنایە کایە. ئەم گۆڕانکارییانە لەفەرەنسا کەمتر نەبوون، چونکە لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا {فەرەنسا} دەورێکی پێشڕەوانەی لەژیانی ئەدەبیی ئەورووپا، هەروەها لەشیعرو ئەدەبناسیدا هەیە. ڕەخنەگرێکی تەقلیدیی چالاکی مێژووی ئەدەب نیشاندەری وەك La Harpe (١٧٣٩-١٨٠٣) دەیتوانی جەختی ئەوەبکات کە "جوان ئەوەیە کە لەهەموو ڕۆژگارێکدا هەیە، لەبەرئەوەی پێ ناچێ سرووشتو ئاوەزا بگۆڕێ". بەڵام گەنجێکی هاوزێدی ئەو Mme de staël ئەم ڕوانگە ستاتسکییە "ئەژمارییە"ی واز لێ هێنا، ئەو کاتەی لەکارە بەناوبانگەکەیدا (دەربارەی ئەدەب بەپەیوەندییەکانییەوە لەگەڵ دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا، ١٨٠٠) ئەو ئەرکەی خستبووە ئەستۆی خۆی کە لەکاریگەریی یاساوڕێساو داب‌و ئاینەکان لەسەر ئەدەب‌و هی ئەدەب لەسەر داب‌ونەریت‌و ئاین بکۆڵێتەوە.

ڕانان‌و پێشکەشکردنی ئەم جۆرەیارییە شتێکی تازەنەبوو، بەڵام ئەو ئەنجامانەی ئەم پێی گەیشتبوون‌و نیشانی دابوون، قەت پێشتر بەو شێوەیە بەدینەهاتبوون. سانت بیڤ (١٨٠٤- ١٨٦٨) ڕووالەتێکی زیاتر بەپەلەی کۆمەڵایەتی‌و دەروونناسی گەلیی هێنایە ئارا- پۆرترێتی شاعیرەکە لەنێو ئەو

شتانەدابوو کە لەبەرهەمە بلاوکراوەکەیدا بوون، لە "måndagskåserier": Causeries du lundi (١٨٥١- ١٨٥٧)و (دووشەممە تازەکان، ١٨٦٣- ١٨٧٠)دا بە لەبەردەستدابوونی هەموو زانیارییەك دەربارەی ژیانی نووسەرەکە، کە بێ بەرپرسیارییەتیو گیانی نوکتەبازییان تێدابوو، هەوڵی دەدا بەشێوەیەکی نوێ کەسایەتیی {نووسەرەکە} بکێشێ، کە زۆر جیاوازبوو لەوانەی کە ناسکبێژیو وەبیرهێنانەوەی بەخۆ شانازی بوون. لەپاشخانی تایبەتیی شاعیرو تێکەڵکردنی لەگەڵ کەسایەتیی سەربەخۆی ئەودا، سانت- بیڤ کلیلی کارە هونەرییەکەی دەدۆزییەوە. ئەم تێکەڵکردنەی ژیانو شیعر، ئەم پۆرترێتە هونەرییەی لایەنی سۆزو ژیاننامەو دەروونناسی بووە ژانرێکی لەرادەبەدەر سەرسووڕهێنەرو ڕەوان لەچوارچێوەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیو وتارنووسیدا.

بەرانبەر سانت بیڤ، هیمپۆلیتە تاینە (١٨٢٨- ١٨٩٣) چەمکێکی ئیمپریسیۆنیستی بەسیستێمێکی وردو سەختو بە سەرمەشقیی زانستە سرووشتییەکان گەشەپێدا. ڕووەکناس بەهەمان بایەخەوە لەسێو سنەوبەرو درەختی (غار)و چنار دەکۆڵێتەوە. بەهەمان ئاستو شێوە دەبێ توێژەرەکان مامەڵە لەگەڵ داهێنانی گیانیی مرۆڤ، لەوانە لەشیعر بڕوانن "وەك فاکتەرو بەرهەم، دەبێ ئەو بەرهەمانە بچەسپێنن‌و بەدوای سۆنگەو هۆکانیدا بگەڕێن‌و هەر ئەمەندەش‌و زیاتر نا". زانستێکی لەم شێوەیە "دەنووسرێتەوە، پاساو دەدرێ، یان دەبێتە هۆ: وردەبێتەوەو ڕوون دەکاتەوە". (تاینە) لەم کارەیدا: (مێژووی ئەدەبی ئینگلیزی- ١٨٦٣) ئەو سێ هۆکارە چاك زانراوە ڕادەنێ، کە ئەو پێی وایە بوونەتە هۆی پەیدابوونی بەرهەمی شیعری: ڕەگەز، بنەچە (ئەسڵ) وەك چەردەیەك لە هاوزادەی حاڵەتێکی ئیرسیو بۆماوە، دەوروبەر وەك هەلومەرجێك کە گەلێك بە هەموو پێکهاتەکانییەوە فرێدەدرێتە ژێری.

ئەو ساتە هەنووکەییە وەك نیشاندانی بارو زروفی تایبەتو ئەو دەوروبەرەی کە بەرهەمەکەی تێدا هاتۆتە ئارا. سەرەڕای ئەمانەش تاینە کاری لەسەر ئەو چەمکی سیکۆلۆگیی تاکەکەسییەوە کرد کە زاڵە بەسەر بەرهەمەکەدا: ئەو نیشانە تایبەتمەندییەی ڕەنگدانەوە دەروونییەی کە لێیەوە هەموو کارە بایەخدارەکانی مرۆڤی لێوە پەیدادەبێتو بەرهەمەکەی دەچێتەوەسەری.

خشتەکەی تاینە ڕەنگە بەدوای یەکداهاتووو ساچاو نەبێ، هەروەها لەڕووی چێژی ناسەقامگیری‌و هەواداریی‌یەوە گونجاو نەبێت، بەلاّم ئەوەی گرنگ‌و بڕیاردەرە خودی ئەو چەمکەیە کە لەشاعیرەکەو شیعرەکەی دەڕوانێ وەك بەرهەمانێك کە دەشێ کۆمەڵێ هۆی پەیدابوونی ڕوون بکاتەوە. دەکرا میتۆدەکە مۆدێلی لێ دروست بکرێ‌و بونیادبنرێ، بێ ئەوەی بنەڕەتەکەی بشێوێ. کاتێ بەم شێوەیە لەکاتی خۆیدا لێکۆڵینەوەی مارکسیستانەی ئەدەبی لەبەر ڕۆشنایی جیاوازیی چینایەتیدا شیعری لێکدەدایەوە، ئەمە زۆر سەخت گیرانەبوو، تەنیا یەکێك لەو ڕوواڵەتانە بوو، کە تاینە ناوی دەوروبەری لێ نابوو. دەتوانرێ بوترێ کە مۆدێلە ڕوونکەرەوەکەی ئەو {واتە هی تاینە} بەشێوەیەکی گشتی بووە نموونەی ڕاهێنەری بەشێکی زۆری زانستی ئەدەبناسیی ڕۆژگاری دواتر.

بەرپرسیارێتی بەکەم تا زۆری یەکلایکەرەوە دەیتوانی شیعر ڕوون بکاتەوە وەك بەرهەمی کۆمەڵێ هۆکاری بڕیار لەسەردراو- کە ئەمە خاڵی جەوهەریی سیستمەکەی تاینە بوو تەنانەت ئەمەش وردە وردە ڕووبەڕووی وەرچەرخانی بەهێز بووەوە. یەکێك لەڕابەرە دژەکانی ئەم دژە بزووتنەوەیە فەیلەسووفی ئەڵمانی ویلهێلم دیلثی بوو (١٨٣٣- ١٩١١). ئەم بەشێوەیەکی کاریگەر لەمەیدانی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا ڕاناو شێوازو تیۆریای زانستیی خۆی هێنایە ئارا.

ئەگەر زانستی سرووشتی بەزاراوە هۆو کارەکەی ڕوون بکاتەوە، ئەوە ئەرکی زانستە مرۆڤایەتییەکانە کە بەرهەمی کولتووریی وەك دەربڕینی ژیانی گیانی ڕاڤە بکەن. لە هەموو ئەمەش ئەوەی بنرخێندرێ، ئەوەیە کە (دیلثی) لێرەدا بەشێوەیەکی بابەتی‌و جیاوازییەکی دەگمەنەوە نیشانی داوە. ئەم چەمکی ڕوونکردنەوەی (تاینە) چۆن ئێستا لەجیاوازی تاکدا دەساچێنرێت- دەکرێ ببێتە لۆجیکی ئەقڵی‌و زانستی، بەلاّم ئەوەی کە ئەستەم‌و سەختە ئەوەیە کە بەرهەمی کولتووری، بەتایبەتیش بەرهەمی تایبەتمەندی وەك شیعرو مانای لێکبدەیتەوە.. تەنانەت چەردە گوژمێکی فیزیکیی ئاڵۆز، با بڵێین چوون بەرەو مانگ، کە بێ وچان دەکرێ بەهۆی هەندێ هۆوە ڕوونبکرێتەوە. هەندێ لایەن لەشیعردا بەدڵنیاییەکی کەم یان زۆرەوە ڕابنرێن‌و بەهۆی هۆکاری سۆسیالی‌و دەروونناسی‌و هۆکانی ترەوە شیبکرێنەوە بەلاّم یاریی ئەم ئەرکە لە هەمەیەکی نوێدا، ئەوەیە کە مانایەکی بڕیاردەر هێنراوەتە ئارا، هەرزوو دەکشێتەوە

کە ئێمە هۆ ڕوونکردنەوەکانی هەڵبسەنگێنین. لێرەدا تەنیا بەگیانی (دیلثی)یەوە ئێمە دەتوانین ڕاڤەبکەین‌و تێیبگەین، بەشێکی زۆری چەمکی ئەدەبناسی‌و دەمەتەقێی ئەدەبناسی، هەمیشە لەنێوان ڕوانگە دژ بەیەکەکاندا دەبزوێن‌و دەجولێنەوە کە لەلایەن (تاینە)و (دیلثی)یەوە ناسێنراون.

تەقریبەن بەهەمان ڕێبازی وەك ئەوەی (دیلثی)یەوە هەرچەندە لەڕوانگەیەکی ترەوە ئیرنست کاسیرەر (١٨٧٤- ١٩٤٥) گوڕو تینێکی بەهێزی دا بەزانستی ئەدەبناسی، بەتایبەتیش بەکارە هەرە بەناوبانگەکەی (فۆرمە سیمبۆلییەکانی فەلسەفە ١٩٢٣- ١٩٢٩). بیرێکی پێشڕەوانەی وەك "فۆرمی سیمبۆلی"ی وەك زمان، ئەفسانەو هونەر بەیاساو ڕێساکانی بونیادی ناوەوەیان دەڕۆن بەرێوە نەك "واقیع"ێکی تر. فۆرمێکی سیمبۆلیی وەك شیعر بێجگە لەیاساو ڕێساکانی خۆی، لەدەری فۆرمی خۆیەوە، بەهیچ شتێکی تر ناکرێ لێی بدوێ‌و لێکی بدەیتەوە. لەگەڵ فۆرمەکەشدا واقیعێکی تایبەت‌و نوێ‌و ئازاد دەخولقێنرێ. "ئەم مانایەش لەوەدا نییە کە دەریدەبڕێ بەڵکو لەخودی دەربڕینەکەدایە، شتە خۆداهێنراوەکانی‌و یاساو ڕێساکانی ناوەوەی".گۆشە نیگاکانی کاسیرەر جۆرە خزمایەتییەکی لەگەڵ کۆدە- ڕەمزە دەروونناسییەکاندا هەیە. بەپێچەوانەی بیرهاتنەوەی دەروونناسیی ئەتۆمییە کۆنەکەوە، باڵا دەروونناسەکانی ئەمڕۆ (ویرپیمیر، کۆهلەر، کۆففکاو ئەوانی تر) جەخت لەسەر کوللییەت، لەسەر وێنەی ئەزموونمان دەربارەی جیهان دەکەنەوەو نرخێکی زۆری بۆ دادەنێن. لەباتی "پەیوەندییەکی ڕووالەتیی ڕووکەشی هاو وجودیی" مرۆڤ پێداویستییەکی ناخ‌و دەروونیی پوختەی ئەو ساتە پێشنیاز دەکرێت (داڤید کاتز). دیارە ئەم جۆرە پێناسە نزیکانە لە فەزای چاودێریکردن‌و بەتایبەتی لەبونیادی دەربڕینی بینینی. بەڵام وەك پرینسیپ بەکەڵك دێن بۆ دیاردە ڕۆحییە ئاڵۆزەکانیش. ڕوانگەی دەروونناسی وێنەیی (باڵایی) ئاشکرایە دەشێت هەروەها لەئاستێکی بەرزدا (لەوێ) بساچێنرێت- بۆئەوەی قسە لەگەڵ کاتز بکرێ بە "مۆچیاریی ناوەرۆکی هۆ هێنانەوە". شیعر بەم زاراوەسازییە وەك وێنەیەکی بەرزی ڕێکخستن سەیردەکرێت. لەڕاستیدا ئەمە سەرسووڕهێنەرە، تاچەندێ وێڵك‌و وارن لە گیستالتدەروونناسییەوە، لەجیاکردنەوەدا لەنێوان "کەرەسە"و "بونیاد"دا نزیکدەبنەوە. (هەر ئەم سەرچاوەیە، ل٣٠) ئەگەر کەرەسەی بەرهەمی شیعری بەم شێوەیە- بۆئەوەی جارێکی تر کاتز بەنموونە

بهێنینەوە- بەنیشانەی "پەیوەندییەکی تەواوی ڕووکەشی هاو وجوودی" بزانرێ ئەوا بونیادەکە وا دەردەکەوێ وەك "ڕێکخستنێکی ناوەوەی وێنەیی"، "ئەو پێداویستییەی ناوەوەیە لەگەڵ ڕەوتی ساتەکەدا". دیارە ئاساییە، توێژەرانێکی لەوێنەی وێلێك و وارن کە بەشێوەیەکی سەختگیرانە دان بە فۆرمی شیعردا لەم شێوە سیمبۆلیو تایبەتەدا دەنێن، وەك واقیعێکی ئۆتۆنۆمو سەربەخۆ، هەروەها ڕوانگەی توێژینەوەی شیعریش لەڕووی لێکۆڵینەوەیەوە بەگوێرەی بونیادو مانای یاساو ڕێساکانی ناوەوەی {بەرهەمە ئەدەبییەکە} زاڵ دەبێ، نەك ئەو خاڵی پەیوەندییانەی کە سەر بەشێوازەکانی تری واقیعی وەك: ژیننامە، دەروونناسی، کۆمەڵایەتی... هتدن.

ڕواڵەتە (جەوهەری- ناوەکی)یەکان زیاتر بایەخیان پێ دەدرێو دەخوێنرێنەوە، تا (نا جەوهەری- دەرەکی)یەکان، بۆئەوەی (ئەنتی تیز)ێکی تر کە لەکتێبی "تیۆریی ئەدەب"ی و وێلێکو وارندا بڵاوبووەوە، بیباتەوەو زاڵ ببێ. ئەگەر بەشێوەیەك لێکۆڵینەوەی ئەدەبی وەك ڤیگەرێکی ناوەندی لەخودی شیعر دوور کەوتبێتەوە، ئەوا دوای چەند دەیەیەك ڕووبەڕووی بەرەیەکی فراوانی بەرەنگاربوونەوە بووەوە، لەگەڵ چارەسەرێکی ئانگلۆ ساکسۆنیی وەك "ڕەخنەی تازە"دا، کە ڕێبازێکی "خوێندنەوەی داخراو"ی دەقە ئەدەبییەکانە.

لەهەموو قۆناغەکانی بەرهەمی شیعریدا جیاوازیی نێوان هەردوو ئاستەکە- وەسپو ڕاڤەکردن، وەك دوو چەمکی بەهاو مانادار دەکرێ. با ئێمە وەك خوێنەر یان توێژەر بۆ نموونە خۆمان لەبەردەم بەرهەمێکی پێرلاگەر کڤیستدا: "مێوانێك لای واقیع" -١٩٢٥، دانێین. ئێمە دەتوانین بەگەورەیی یان بەبچووکی کەشو هەواو دەوروبەری کتێبەکە، گالێریی کەسایەتییەکان، دیمەنە جیاوازەکان تۆماربکەینو دەشکرێ بەشێوەیەکی چاكو پلەیەکی بەرز هەموو ئەم شتانە بەشێوەیەکی بابەتی وەسپ بکەین. ئێمە تەنیا باسی شتی چەسپاوی تێکستەکە دەکەین، لەبەرئەوەی دەبێ هەموو هاودەنگو بیروڕابین لەسەری. بەڵام ئێمە چ وەك خوێنەر، چ وەك توێژەر، بەدەگمەن یان هەرگیز هەر بەنموونەی وەسفیی پلانەکەوە ڕاناوەستین، ئێمە بەرەوپێشەوە دەچین، کەم تا زۆر بەدوای مانایەکدا دەگەڕێین، ڕاڤەی کارەکە دەکەینو هەڵیدەسەنگێنین، ئەوە یەکەمجار دەبێ لەو ئاستەدا بتوانین باس لەقۆناغێکی زیاد خەملاوی تێکستەکە بکەین. لەهەمان کاتداو لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ واز لەبەرپرسیی

بابەتییەت‌و جێی متمانەیی بهێنین. ناوەرۆکی بەرهەمە شیعرییەکە زۆرجار تێکچرژاوە وەك یاساش لەگەڵ ئەم یان ئەو هێڵکاریی ڕاستەقینەی ناو تێکستەکە وێك ناکەوێتەوە. زۆرجار لێرەدا دەرفەتی بۆچوونی جیاوازو لێکدانەوەی جیاجیا هەیە، بەڵام دەشێت یەکێکیان- تەبیعی- بەبنەمای باشەوە داڕێژرابێ‌و زیاتر لەڕاستییەوە نزیکبێ.

هەروەها وەسفکردن‌و ڕاڤەکردنیش لەڕووی مەبدەئییەوە دەبێ وەك دوو چالاکیی جیاواز سەیربکرێن. مۆریس وێتز لەبەرهەمی "هاملێت‌و فەلسەفەی ڕەخنەی ئەدەبی" (١٩٤٦)دا، بەشێوەیەکی سیستێماتیك دەربارەی توێژینەوە لە "هاملێت" جیاوازییەکی زۆر لەنێوان "وەسف"و "لێکدانەوە"دا دەکات. لەحاڵەتی یەکەمیاندا نرخاندنێکی چەسپاو هەیە، کە ڕاستەوخۆ دەتوانرێ لەسەر بنەمای بەڵگەو فاکت لەگەڵ یان دژی بێ، بەڵام لەحاڵەتی دووەم- لێکدانەوەدا ناشێ ئەنجامێکی بڕاوەی وای هەبێ.

لەڕووی تیۆرییەوە جیاوازیی نێوان "وەسف"و "لێکدانەوە" بەئاشکرا دیارە. بەڵام لەپراکتیکدا زۆر ئاڵۆزە کە ناوەرۆکی هەموو ئەمە نرخاندنی ڕاستی بۆ بکرێ. با گریمانەی ئەوە بکەین کە هەندێ کەس بەهەمان پاشخان‌و تواناوە ئەرکی ئەوەیان دەخرێتە ئەستۆ کە یەکی بەدوو لاپەڕە باسی "میوان لای واقیع" بکەن‌و هەڵیسەنگێنن. ئەگەر خاڵ بەخاڵ شوێن ڕەوتی تێکستەکە بکەون‌و وەسپی بکەن، لەڕووی جەوهەرییەوە زۆر لەیەك جیاوازنابن. لەم حاڵەتەدا ئەمە پابەندی ئەوەیە هەڵسەنگاندنی ئێمە چەندێ واقیعی‌و بابەتی بێ، بەڵام هەرزادەی بۆچوونمانە دەربارەی ناوەرۆکی تێکستەکە. وەسفکردنیش بەواتایەکی تر جۆرە ڕاڤەکردنێکە- لێکدانەوەیەکە کە لەسەر بنەمای بۆچوونێکی شەخسی نرخاندنێکە دەربارەی شتێکی کەم یان زۆر نرخدار.

لەگەڵ هەموو ئەمەشدا زۆر سەختە کە هێڵێکی جیاکەرەوەی {ئاشکراو دیار} لەنێوان وەسپ‌و ڕاڤەکردندا بکێشی، بەڵام لەڕووی میتۆدەوە زۆر گرنگە کە لەیەکیان جیابکەیتەوەو بزانی کە تۆ خەریکی کامیانی. ئەم هۆشیارییە دەبێ لەسەر بنەمابێ بۆ هەرکارێکی زانستی قۆناغی ئەدەبی.

## هێرمینیۆتیك- مەسەلەی لێکۆڵینەوەی دەق

دیارە چەردەیەك ڕوانگەی تایبەتیی ئەدەبناسیو میتۆد دێنە پێشەوەو دەبێ ڕابنرێن، پێشتریش هۆی ئەوە هەیە کە دەبێ لەبەشێك لە دوو کێشەی گرنگو گشتیی توێژینەوەی شیعر بکۆڵینەوە. لەناو ئەمانەشدا ئەمە دەربارەی قووڵبوونەوەی تیۆریی بەشی نزیکی پێشووە کە ڕوونکردنەوەی هەندێ خاڵی گەشەسەندنی ئەدەبناسی گرتبووەخۆ.

زاراوەی hermeneutic وشەیەکی یۆنانی (hermeněuein- لێکدانەوە)یە کە زانستی لێکدانەوەو ڕاڤەکردنەو لە (١٩٧٠)کاندا هێنرابووە پێشەوەو بەشێوەیەکی فراوان گفتوگۆو لێکۆڵینەوەی دەربارە دەکرا. لەگەڵ ئەمەشدا لەچاو خۆیدا لەئەدەبناسیی سویدیدا شتێکی نوێیە، هەرچەندە، تەبیعی، ئەم چەمکە خۆی زۆر کۆنو زانراوە. لێکدانەوەی تێکست هەمیشە بابەتی لێکۆڵینەوەی A و O دەبێ.

ئەوەی کە هێرمێنیۆتیك وەك زاراوەو چەمك دەگەڕێتەوە بۆ ئانتیك، بەڵام ئێستا زۆر بەشێوەیەکی بەهێز بەرچاو دەکەوێ، مانای ئەوەیە کە خودی ئەو فەزا تیۆریو فەلسەفییانەی شیکردنەوەی دەق بەشێوەیەکی نوێ تاقیدەکرێنەوە.

هەڵگیرساندنەوەی دوان دەربارەی هێرمێنیۆتیك لەئەمڕۆدا لەلایەن فەیلەسووفو توێژەری ئەدەب (ویلهێلم دیلثی)وە بوو. ئەو جیاوازییەی ئەو لەنێوان زانستی سرووشتی- فیزیکی کە مەبەست لێی (ڕوونکردنەوە)یەو زانستە مرۆڤایەتییەکان کە زیاتر پەنادەبەنەبەر (تێگەیشتن)، کێشەیەکی سەرەکیی هێرمێنیۆتیکە. هەرچەندە هەردوو زاراوەکە زۆر دوورن لەوەوە کە تەنیا مانایەکیان هەبێو پێویستیان بەدیاریکردنی ورد هەیە.

دەربارەی ئەوەی یەکەمیان لەگەڵ ئەوەشدا بەدووودڵییەوە ڕەنگە فرمانی ڕوونکردنەوەو تێگەیشتن بن، وەك ئێمە بەشێوەیەکی ئاسایی لەزمانی ڕۆژانەدا تێیان دەگەین، بەڵام بەشێوەیەکی سەرجەمی دژی یەك نین.

ئەوەی پێشەوەیان بەلای زۆرەوە تەعبیرێکە لە چالاکییەکی هۆشیارانە، بەڵام ئەمەی دواییان بەپێچەوانەوە دەربڕی هاندەرێکی خێرایە. با وابڵێین کە ئێمە لە لایەکەوە تەقینەوەی بورکانێکمان هەیە، لەلایەکی ترەوە مرۆڤێکی تووڕەو ڕق هەستاو کە خاوەنی هەندێ هەڵسوکەوتو مامەڵەیە. بێ کاردانەوە لەهەردوو لایەنەکە،

بەشێوەی جیاواز تێیدەگەین. بەڵام بەشێوەیەکی هۆشیارانەو بەتەگبیر ئێمە دواتر تەقینەوەی بورکانەکە بەگوێرەی یاسای گشتیو هۆو زانیاریمان، دەربارەی دیاردەیەکی سرووشتیی وەها، ڕووندەکەینەوە. بەڵام تووڕەبوونو ڕق هەستانەکە، بەپێچەوانەوە، بەلای کەمەوە لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتنماندا لەمرۆڤو زیندەوەرێکی کۆمەڵ دەبینین. ئێمە بە empati {کە وشەیەکی لەیۆنانییەوە هاتووە enpathos} بەمانا هەستو سۆز دەجولێینەوە، مرۆڤ "خۆی دیسان لەیەکێکی دیدا دەناسێتەوە".. ئەم تێگەیشتنە خێرایە ئەو هەلومەرجە دێنێتە ئارا، کە بەتوانایەکی لێکدانەوەی زیاترەوە بتوانین ڕاڤەی ئەزموونو کارامەیمان بکەین. هەروەها ئەوە دەبینرێت کە لەلایەکەوە زۆر بەباشی ڕوونیبکەینەوەو لەلایەکی ترەوە ڕاڤەی بکەین، ئەو ناوەرۆك- مەبەستەمان دەداتێ کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی بتوانین مامەڵەی جیاکردنەوەی ئەوە بکەین لەنێوانی ئەوەدا کە بەزانستی سرووشتی دەزانین، یان ئەوەی تریان کە کۆمەڵایەتییە. دەتوانین بڵێین ئەم دووانە نەك یەکدی بەتاڵ ناکەنەوە، بەڵکو یەکدی تەواودەکەن. هەروەها ئاساییەو دەکرێ کە تووڕەبوونیش بەزاراوەو هۆی ڕوودانی ڕوونبکرێتەوە، کە لەوەیە فیزیۆلۆگی، دەروونناسی، یان کۆمەڵایەتی بێ. بەڵام لێرەدا تایبەتمەندیی لایەنی مرۆڤانە ئەم لێکدانەوەیە ڕوون دەکاتەوە. لەلایەکی تریشەوە ڕەنگە لەکۆمەڵێکی سەرەتاییو ساکاردا لەتەقینەوەی بورکان وا بگەین، کە پەلاماری ڕووخێنەرانەی هێزی شەڕبێ، ئەم چالاکییەش ئەو کاتە لەگەڵ ئەنالۆگیو هەڵسوکەوتو {بیرکردنەوە} مەبەستی مرۆڤانەی {ئەو کۆمەڵەدا} لێکدەدرێتەوە. بەڵام ئەمە جیاوازیی نێوان دنیای لێکدانەوەی فەزای سرووشتو مرۆڤ {کۆمەڵ} لەبنەڕەتەوە لەناونابات.

تایبەتمەندی لەنێوان ڕوونکردنەوە لەبەر {ڕۆشنایی} زانستی سرووشتیو لێکدانەوەی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕێکدەکەون بەڵام ئەمە هەر خراویشەتە بەر پرسیارەوە، چونکە بۆ دەستەڵاتدانە بەتیۆریایەکی هێرمێنیۆتیکی بۆهەموو زانیارییەكو زانستێك. هەروەها مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کە لەپێش ڕواڵەتی پێش زانستەکەشدا دەتوانێ ئەو توێژینەوانە بهێنێ، کە دەربارەی هەموو جیهانەکەی ئێمە کراون- چ هی سرووشتو چ کولتووریش- وەك دەربڕینی پێداویستیی ئێمە بۆ ئەوەی لەو دەوروبەرەدا کە تێیدا دەژین، بەرپێی خۆمان ببینینو ڕێبازێکمان هەبێ. لەبەرئەوە زۆر ئاساییە زانست بەبێ دەرهاویشتن پابەندی تێگەیشتنو ڕاڤەکردنی هەلومەرجی

ئێمەیە وەك مرۆڤ، بەڵام شتێکی هەر یەکجار جیاواز مەسەلەو مەرجە تیۆرییەکەیە، بۆئەوەی لەئاستێکی زیاتر پسپۆڕانەی تایبەتدا توێژینەوە ئەنجام بدەین. یەکسەریش هەلومەرجێکی جیاوازی سەختگیرانە بۆ زانستی سرووشتیو هەم زانستە مرۆڤایەتییەکانیش والادەبێتو قووت دەبێتەوە.

لە هەموو ئەوەی کە لەمەوپێش وترا، دەگەینە ئەو ئاستەی کە بڵێین هێرمینیۆتیك بۆ هەموو لایەنەکانی {ژیانی} مرۆڤ گونجاوە، هەرچەندە ئەگەر لە شیکردنەوەی دەقیشدا- سنووردار کرابێت- بەشێوەیەك کە پێشڕەوێکی هێرمینیۆتیکی ئەم سەردەمەی ئێمە مارتین هایدگەر (١٨٨٩-١٩٧٦) لە کارە سەرەکییەکەی خۆیدا "Sein und Zeit" (بوون و کات، ١٩٧٦، سەیری تەرجەمەکەی بکە، ١٩٨٢)، پێش هەموو شتێك خەریکی ژیانی ئێمەو ئەزموونمانە لەگەڵ "دنیای ژیانمان" کەمتر بەلای "زانین"و چەمکی ڕۆشنبیرانەی بونیادناندا دەڕوا تا ژیانی لەخۆوەی "وجوودییانە"و فەلسەفەی ئێمەدا- "بوونمان لەدنیادا".

ئەوەی کراوە کە دەربارەی کێشەی لێکدانەوەی دەقە ئەدەبییەکانە، بەپێچەوانەی {بۆچوونی} هاوزێدێکی هایدگەرەوە کە هانس- گیۆرگ گادەمەرە (لە ١٩٠٠ دا)، بە بەرهەمە گەورەکەی خۆی (ڕاستیو میتۆد، ١٩٦٠)، ئەو ڕانانێکی سەرەکیی هەموو ئەو گفتوگۆو مشتومڕە گەرمانە دەکا، کە دەربارەی هێرمینیۆتیك کراون.

ئەڵقەی هێرمینیۆتیکی- پرسیارەکە هی کێشەی بنەڕەتیی هێرمینیۆتیك- لێکۆڵینەوەی تێکستە، چۆن ئەمە وا دەکەوێتەوە کە ئێمە "تێبگەین"و خۆمان لە مانای تێکستێك نزیکبکەینەوە کە هۆشو زەینی کەسێکی غەریب هێناویەتە ناو. لە چ کەشوهەوایەکدا ئێمە بە "ئامێتەبوونو توانەوە"ی نێوان "ئەوی تر"و خۆمان دەگەین؟ مەبەست لە زاراوەی ئەڵقەی هێرمینیۆتیکی لای مرۆڤ ئەو پرۆسە عەقڵییەیە کە لەکاتی تێگەیشتنو لێکدانەوەی تێکستدا دێتە ئارا. دەربارەی ئەو بەرەوپێشەوەچوونو گەڕانەوەی ئەو "جموجوولەیە" کە لە بەشەکانی سەرجەمێك پێکبێ، کاتێ بۆمنوونە کە مرۆڤ خۆی دەخزێنێتە دەقێکی ئەدەبییەوە. تێگەیشتنێکی هەڕاوی کوللەکە بەرەوپێشەوە ئەرکی بەشە جیاجیاکانی دیاریدەکات. قۆناغێکی نزیکی بەشەکان لە تێگەیشتنو لێکدانەوەی کوللەکەوە فەراهەم دەبێت، کە بە دەوری

خۆی بەشەکان لە ڕووالەتێکی نوێدا نیشاندەدا...هتد لەڕووی پرینسیپەوە ئەمە بزووتنەوەیەکی قەت تەواونەبووە، کە زیاتر لە زەمبەلەکێکی کراوە دەچێ تا ئەلقەیەکی داخراو. بەوهیوایەی کە ئەمە بگاتە شتێك کە "زۆر گرنگو بەبایەخ" نا بەڵکو لە هەر حاڵەتێکدا بگاتە لێکدانەوەیەکی زیاتر بەیەکەوە گونجاوو بەدوای یەکدا هاتوو. هەروەها سەرجەمی کارێك، تەبیعی، بۆخۆی وەك بەشێك لە کوللێکی فراوانترو گەورەتر سەیردەکرێت- سەرجەمی نووسینی نووسەرێك یان ژانرێك- بەگوێرەی چەمکی ئەلقەیی هێرمینیۆتێکیش لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێکهاتە گەورەیەدا لێکدەدرێتەوە.

گادامەر: ڕوانگەی مێژوویی، نەریت، "ئاسۆی بیر" "نرخاندن" هەندێکن لەو چەمك‌و گۆشەنیگا گونجاوانەی گادامەرو لایەنی مێژوویی‌و هەلومەرجی لە لێکدانەوەی تێکستە کۆنەکاندا، دەخوێننەوە. ئەم ئەو بەشە زانستییە ڕەتدەکاتەوە کە بەگوێرەی ئێمە وەك توێژەر- با بڵێین- بە لاپەڕەیەکی نەنووسراوەوە بچینە ناو دەقی خەڵکی ترەوەو ناوەرۆکی تایبەتمەندیی مێژوویی {دەقەکە} لە خاڵێکی دیاریکراودا بە مەرجی خۆمان بونیادو مشت‌ومالْ بکەین. ئێمەش بێ سێ‌و دوو پابەندی تێگەیشتنی هاوکاتی ڕوانگەی بیرکردنەوەی خۆمانین. ئێمە ئەوەی خەڵکی تر بە ڕستەو مانا لێکدانەوەی هەڵسەنگاندنی خۆمان پێشوازیی دەکەین. دەبێ ئاماژەی ئەوەش بکرێ ئەم زاراوەیەی گادامەر {ئاسۆی بیر} نابێ بە نەرێنی وەربگرین‌و دەبێ زۆر لامان تەبیعی بێ، بە دەرك پێکردنی ئەزموون، بە ڕاناو نرخاندنمان لەهەمان کاتدا، هەر لەبەرئەوەی لە وەرگێڕانە سویدییەکەدا لەباتی "سەرزەنشت" "حوکمی پێش وەخت" بەکارهاتووە.

بەشێکی بەگوێرەی گادامەر تراویلکەیەکە، بەوەی کە ئێمە دەتوانین خۆمان لە "حوکمی پێش وەخت"ی سەردەم ئازادبکەین، بەشێکی تر- وەك ئەو بۆ شتەکان دەڕوانێ- دەرفەتێك بۆ لێکدانەوە بڕەخسێنێ. لە ڕوانگەی تێگەیشتنی خۆمانەوە بەتایبەتی، دیارە ڕاستییەکەی دەرفەتی ئەوەمان هەیە کە ڕووالەتی تازەی تێکستەکە بخەینەڕوو، کە هەرگیز بەتەواوەتی لەهەندێ هێزی مانادار خاڵی نەبۆتەوە. زۆر ئاسانیش نییە کە تێبگەین چۆن گادامەر بیری لەوجۆرە گەشەسەندنە سەرکەوتووەی مانای ناوەرۆکی بەرهەمەکە کردۆتەوە. بەڵام بۆئەوەی بڵێین- با نموونەیەکی تۆزێ تایبەت وەربگرین- ئێمە دژ بەو تایبەتمەندییەی تۆڵەسەندنەوەی خوێناویی ناو ڕازە لە

یەك نزیکە ئەفسانەییەکانی ئیسلاند دەوەستینەوە، لە ڕوانگەی کاتی ئێستامانەوە بەحوکمی "پێش وەخت"ی خۆمانەوە دوای هەزار ساڵ لە داهاتنی جۆری بیرکردنەوەی مەزهەبیی مەسیحیانە، دەتوانین لە دوورەوە تۆڵەسەندنی خوێناوی ببینینو هەروەها ڕەنگە لەبەرئەوە بە هێڵکاریی ڕوونتر لەوەی ئەوکاتەوە، بتوانین لە ڕوانگەی خۆمانەوە ئەوە بەو داکۆکیی "حوکمی پێش وەخت" مەشرەبەوە، زۆر یان کەم دیاردەیەکی ڕوونو ئاشکرا بێ لامان. ڕەنگە ئەمە شێوازی "تێگەیشتنێکی" نوێ بێ.

ئەم زەینی خراپ بردنە لەبەردەستدایەو مرۆڤ بەم گۆشە نیگایەوە مەیدانەکە بە کراوەیی دەهێڵێتەوە بۆ هەموو شیکردنەوەیەکی خودیو زەبری خودی. بەڵام گادامەر تەبیعی زۆر {دید}و بۆچوونی ڕوونە بەرانبەر ئەو هەڵسەنگاندنە ناشایانانە، ڕەنگە زۆربەی لەبەرئەوەی "حوکمدانی" تەبیعەت شەخسی، مەزهەبی یان بەشێوەیەك پێکەوەنو ئەمەش ئابلۆقەی تێگەیشتنەکە دەداتو {دەبێتە کۆسپ لەڕێگەیدا}.

بۆئەوەی جارێکی تر تۆڵەسەندنەوەی خوێناوی دووبارەنەبێتەوەو نەیهێڵین، پێویستمان بە شیکردنەوەیەکی گونجاو هەیە چونکە ئێمە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێین کە خۆمان بۆ خودی ئاسۆی بیری ڕازەکان بکەینەوەو ئەو شێوەیە تێبگەین کە هێڵکارییەکی ڕاستی هەیە وەك ڕێنماییکەرێك بۆ ئیدیۆلۆگیای بەرفراوانو ژیانبینییەکەیان {واتە هی ڕازەکان}. بەشێوەیەکی گشتی ئەمە ڕوانگەیەکی گرنگی گادامەرە، کە ئێمە دەبێ هۆشیاربین لە حوکمداناو بەشێوەیەکی دیسپلیندار جڵەویان بگرینەدەست.

لە تێگەیشتنی مێژوویی‌و خانەی ڕاڤەکردندا ئاسۆیەکی ئامێتەبوونو لەیەکداتوانەوە هەیە- ئەمە کلیلەچەمکی ڕانانی گادامەرە. ئەم زۆر وردو بەئاگایە لەوەی ئاماژەی ئەوە بکات کە شتێك نییە بتوانێ ئاسۆی بیر بێنێتە ئارا. ئاسۆی بیری هاوکاتی ئێمە لە جموجوڵو گۆڕانێکی نەبڕاوەو بەردەوامدا خۆی دەبینێتەوە. "لەو ئاستەدا کە ئێمە هەمیشە دەبێ هەموو حوکمدانەکانمان تاقیبکەینەوە". ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیەش کەمتر لەوەدا نابێ "کە بەو پێشکەوتنو تێگەیشتنەی تەقالید بگەین، کە ڕەگمان تیایاندا داکوتراوە". ئەو ترادیسیۆنەی کە ئێمە تێیدا دەژین ئەنجامی درووستبوونی ئامێتەبوونی ئاسۆکانی بیرە. "لەبەرئەوەی لەوێدا بەردەوام

کۆنونوێ بەیەکەوە گەشەدەکەن بۆ واقیعێکی زیندوو، بەبێ ئەوەی ئەم یان ئەویان لە دەربڕیندا لەیەکدی جیاببنەوە".

ئەمە شتێکی ڕێکەوت نییە کە ڕووبەڕووی چەمکی ترادیسیۆن، جار لەدوای جار، لەم ڕارەو و لەوی تردا- دەبینەوە. ترادیسیۆن لای گادامەر ڕۆڵێکی یەکلایی کەرەوەو پایەیەکی بەرزی لە هێرمینیۆتیکیدا بە باری ڕەوتە مێژوویییەکەیدا هەیە. ئەوەی لای ئەو وەك گەرانتییەك وایە نەك تەنیا بۆ ناوەرۆکەکەی بەڵکو هەروەها بۆ شیاویی تێگەیشتنی مێژوویی ئێمە. ئەمە متمانەی ئەوە بە ترادیسیۆن- هەروەك نزیکیو ڕێزی بۆ "کلاسیکی"– هەڵسەنگاندنێکە وەك بڕیارێکی ناڕەخنەیی کۆنسێرڤاتیزم (کۆنپارێزی)، بادانەوەیەکە کە زۆر خێراو لەنزیکترەوە ڕۆشندەکرێتەوە.

نرخاندنی بەرزی گادامەر بۆ "بنەوانو ترادیسیۆنێکی بەردەوامو پڕ، کە بۆ ئێمە ماوەتەوەو {کەلەپوور} لەبەر ڕۆشناییدا، خۆی نیشان دەدا"، ئەوە بەشێوەیەکی نەرێنی بێمتمانەیی بەتوانای ئێمە دەردەخا، کە نەتوانین لەم سەردەمە بگەینو هەڵیسەنگێنین. هەروەها بەپێی بۆچوونی ئەو "نرخاندنی هونەری ئەمڕۆ و بەگومانو دڵەڕاوکەیە لە هۆشیاریی زانستی".

دەوترێ ئەمەش بەهۆی ئەو حوکمدانە پێش وەختە دابیننەکراوەوەیە "کە بەشێوەیەکی یەکجار فراوان دەستەڵاتی بەسەر ئێمەدا زاڵە بەبێ ئەوەی ئێمە پێی بزانین". لەگەڵ ئەوەشدا "ئەو داهێنانە هاوکاتەش بەشێوەیەکی زیادپێوەنراو هەڵدەسەنگێنرێ، کە لەگەڵ ناوەرۆکی ڕاستەقینەو بایەخی ڕاستەقینەشدا وێکناکەوێ". یەکەمیش ئەو "مەسافە کات ئامێزەیە" کە پێوانەی مسۆگەریمان پێشکەش دەکا، وادەکا "مانای ڕاستەقینە لای یەك شت بە تەواوەتی دەرببڕدرێ".

ئەوان لەو پەرەگرافانەدا جەختیان لەسەر وشەی- ڕاستیو دڵنیایی کردبۆوەو بە خەتێکی جیاوازو دیار نووسیبوویان کە بە دەوری خاڵێکی زۆر ڕەهادا دەسووڕێتەوە، شتێکە کە کەمتر تووشی سەرسووڕمانمان ناکا، کاتێ بیر لەوە دەکەینەوە کە گادامەر بەپێچەوانەوە زۆر بەهێز جەخت لەسەر ئاسۆی بیرە هەمیشە گەشەسەندووەکان دەکاتەوە. لەوەش کە تەنیا دووریی کات ڕێگە دەدات کە "مانای ڕاستی لە هەموو شێوەیەکی نادیاری بێتە دەرەوە" بەوەش کە تەنیا "ئەو حوکمدانە بمرێ کە سرووشتێکی تایبەتمەندی هەیە"، بێجگە لەوەی وادەکا کە ڕێگەی تێگەیشتنی

ڕاستەقینەو ئەم جۆرە دێنێتە پێشەوە". ئەمە خۆی لەخۆیدا گۆشەنیگایەکی نائاسایی نییە. دووری لە کاتدا وا بۆی دەڕوانرێ کە بژاری شتی ناتەبیعی دەکاتو {فرێی دەداتە دەرەوە}و هێڵکارییەکان ڕوونتر دێنێتە پێش چاو. بەڵام ئەمە لەگەڵ ئەوەشدا وا دەکەوێتەوە کە ئەنجامێکی بەپەلە بێ، کە کات- ئاوا زیاتر بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبینرێ- بتوانێ ئەو هەڵسەنگاندنو نرخاندنانە ڕامالێ کە بۆ بۆچوونێکی سەرلێ شێوێنو خراپ حاڵی بوونمان دەبات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانە بهێڵێتەوە کە بەپێزو بەرهەمن. ئایا شایانی بیرکردنەوە نییە کە ئاسۆی بیری ئێستای ئێمە لەگەڵ ئەو ئەزموونو "حوکمدانی پێش وەختە" تایبەتەدا کە دەیگرێتەوە، هەروەها لەواقیعیشدا دەرفەتێکی دەگمەنو نایابی تێگەیشتنو لێکدانەوەمان دەربارەی ئەدەبو هونەری هاوچەرخ بۆ دەڕەخسێنن، ئەو دەرفەتانەی کە لەگەڵ کاتدا زیاترو زیاتر کەمدەبنەوەو لەناودەچن؟ نزیکیی کات بەتەنیا هەر ئەوە لەگەڵ خۆیدا ناهێنێ کە مەترسیی "زۆر بەرزنرخاندن"ی حاشاهەڵنەگرە، بەڵکو لەگەڵ هەموو حوکمدانێکدا بەهەمان شێوەو لە ئاستێکی بەرزدا، لە پرۆسەی هێرمینیۆتیکدا هۆیەکی ئەرێنییە. چەندێو چەندجار ئێمە خۆمان لە تێگەیشتنی ئەدەبی کۆن دڵنیانین، ڕاستو ڕاستیش لەبەرئەوەیە گەواهیی ئەوەمان لەبەردەستدا نییە کە لەکاتی خۆیداو لە چوارچێوەی ڕوانگەیەکی تایبەتیدا- چۆن تێیگەیشتوون.

ڕەخنە لە هێرمینیۆتیکی گادامەر: هابیرماس- وەك وترا، بە ڕاشکاوی چەمکە هێرمینیۆتیکییەکانی گادامەر خراونەتە بەر گفتوگۆو مشتومڕ. یەکێك لەو کەسە هەرە دیارانەی ڕەخنەیان لێ گرتووە فەیلەسوفو سۆسیۆلۆگ یورگین هابیرماسە (١٩٢٩ لەدایکبووە).

ئەگەر گادامەر وەفادارو گوێڕایەڵی ترادیسیۆن بێ، ئەوا هابیرماس نوێنەری ستراتیجی لێکدانەوەیە، "هێرمینیۆتیکی قووڵ" یان "هێرمینیۆتیکی دوودڵ" (بەدگومان)ە، کە لەسەر بنەماو ڕوانگەی لێکدانەوەی مارکسییانەی کۆمەڵو ڕاڤەکاریی دەروونیی فرۆید- بونیادنراوە. بەواتایەکی تر ئەم تێکست، زیاتر وادەبینێ نەك وەك ئەوەی خۆیان نیشاندەدەن کە هەن، یان یەکسەر دەردەکەون، بەڵکو وەك نیشانەی {دەرەکیی} شتی ژێرەوەن، کە دەرنەکەوتوونو ڕەنگە هی بۆچوونی بێئاگایانەش بن. ئا لەم گۆشەنیگایەوە ئەم ڕەخنە لەوە دەگرێ کە گادامەر باوەڕی بە

"ترادیسیۆنێکی لێکچوو" و تێگەیشتنی لەسەر بنەمای "ئیدیالێکی ئاسانو ئازادی هارمۆنیی گۆڕینەوەی بیر" هەیە. ئەم ڕوانینە بە لێك تێگەیشتنی بنەڕەتیی هێرمینیۆتیك بە بیروڕای هابیرماس ڕاستە، بەڵام بە مەرجێ کە ئێمە دڵنیابین لەوەی کە بەبێ "زەبرو شێواندنی" پەیوەندیی زمانی، دروستبووە. بەڵام "ئەو ئەزموونە قووڵە هێرمینیۆتیکییە" وایە کە هەر "بابەتییەتی زمان" نییە کە خۆی لە "دۆگمای فیکرەی تەقلیدی"دا دەردەخا، لەوێ کە زەغتێکی دەستەڵاتیش خۆی دەشارێتەوە، کە تێگەیشتنی نێوان خەڵك "دەشێوێنێ". هابیرماس زۆر بە ڕوونی دەبینێو دەڵێ کە گادامەر بەشێوەیەکی زۆر خاوخلیچك مامەڵە لەگەڵ ترادیسیۆن دەکاو لەگەڵ ئەوەشدا "دژی هێزی کاردانەوەیە"، کە وا لەخۆی دەکا کە کەڵك گربێو هەروەها بەرپرسیارییەتی ترادیسیۆنیش ڕەتبکاتەوە". ئەمە ئەرکێکی قووڵی هێرمینیۆتیکییە کە ترادیسیۆن ڕۆشندەکاتەوەو ئەو "درەوشانەوەی بێ زەبرو زەنگییە" ساختەیە لەقاو دەداو بەدوای "پەیوەندی پچڕاودا دەگەڕێ تەنانەت لەنێوان تێگەیشتنە بنەڕەتییەکانو ئەو هەڵسەنگاندنانەشدا کە بەشێوەیەکی گشتی دانیان پێدانراوە". گفتوگۆی گادامەرو هابیرماس دەربارەی ترادیسۆنو ئاوکتۆریتێت (دەستەڵاتی زاڵ) لەوەیە کاریگەربێو وای دەربخا کە ئەو دژایەتییەی نێوانیان زۆر لەوەی لەواقیعدا هەیە گەورەترە. بەلای کەمەوە لەهەندێ لایەنەوە وا دەردەکەوێو لەوەدا بنجی داکوتاوە کە ئەمان هەر یەکەو لایەنێکی جیای هێرمینیۆتیکی گرتووە.

هابیرماس لایەنو ڕەوتی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی گرتووە. ئیتر ڕوونە کە مەترسیی "بەزۆرو دەست هەڵبەستن" یان "شێواندنی پەیوەندیی زمانی ڕۆژانە"، ڕەنگە لە پەیوەندییەکی سیاسیی کۆمەڵایەتیدا بایەخداربێ. بەڵام توێژینەوە هێرمینیۆتیکییەکانی گادامەر بەگوێرەی بیروبۆچوونی خۆی لە ڕوانگەی زانستی هونەرو فەلسەفی- مێژووییەوەیە. لەم مەیدانەدا هەلومەرجەکە بۆ پەیوەندییەکی ئازاد لە ناچارکردن زۆر ڕوونو ئاشکراترە.

ئەو تەوژمی بیرگۆڕینەوەیە کە لە ڕەوتی ڕۆژگاردا دەربارەی تێگەیشتنو لێکدانەوەی بۆنموونە (هاملێت) و (دۆنکیخۆت) دەکرێ، دەشێو ئاساییە وەك پرۆسەی "ئامێتەبوونی ئاسۆکانی بیر" لە دیالۆگێکی ئاسایی تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەدا

سەیربکرێ کە هیچ مەرجیش نییە کە بە دژوەستانی دوو بۆچوونی جیاواز کۆتایی نەیەت.

گادامەر: چەمکی بەکاربردن- لە یاساو ڕێسای توێژینەوەی گادامەردا کێش‌و قورسایی بە بەکاربردن‌و گونجاندن دەدات. ئەم ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە لە ترادیسیۆنی کۆنی هێرمینیۆتیکدا نەك هەر دەربارەی "تێگەیشتن" و "لێکدانەوە" قسەکراوە، لەوێ کە "لێکدانەوە" یان "ڕاڤەکردن"و پەیوەندییان بە تێگەیشتنەوە، نەك هەر "پرۆسەیەکی بە ڕێکەوت‌و پلە دووەمە بەڵکو "شێوازی ڕاڤەکردنی" ساکاری تێگەیشتنە. وەك تاڵە داوێکی هۆیەکی سێیەم "گونجاندن"یش هاتۆتە کایە، کە ساتێکە، بەئاشکرا خۆی دەخاتە چوارچێوەی یاساناسی‌و تیۆلۆگی {زانستی ئاینەوە}، کە تیۆری پراکتیکی هێرمینیۆتیك زۆر لەمێژە بە بەهێزی تیایاندا چەسپاون. یاسایەك لەگەڵ باوەڕدا هەر تەنیا بۆ ئەوە نییە ڕاڤەی بکەیت‌و تێی بگەیت. هەروەها ئەمانە لە هەندێ بارو زرووفی تایبەتیدا وەك فەرمان یان هەڵسوکەوتی ئاینی‌و ئەخلاقیی بڕیار لەسەردراون.

وا دەردەکەوێ کە ئەم شێوەیەی بەکاربردن، لەگەڵ مەبەستێکی ڕاستەوخۆی نموونەییدا، لەوەیە کەمتر بۆ هێرمینیۆتیکی زانستە مرۆڤایەتییەکان شیاوبێ تا بۆ تێکستی داهێنانی هونەری. گادامەر لەگەڵ ئەوەشدا خوازیاری ئەوەیە کە ئەو نزیکی‌و پابەندییە لە بنەچەدا لەنێوان هێرمینیۆتیکی زمانەوانی‌و یاساو زانستی ئاینیدا هەبووە، بیگێڕێتەوە. تێزی ئەو ئەوەیە کە هێرمینیۆتیکی مێژوویی دەبێ لە ڕووخسارێکی گونجاودا جێگەی بۆ بکرێتەوە "چونکە مانایەك بایەخدارە کاتێ بەو دەربڕین‌و هۆشیارییەوە ئەو ماوە زەمەنییە مانایە بونیاد دەنێ کە توێژەرو دەقەکە لێك جیادەکاتەوە، هەروەها ئەو بەغەریبکردنە دەباتەوە، کە تووشی تێکستەکە بووە. وا دەکەوێتەوە کە سەخت بێ هەروا بەئاسانی ئەم تێزە پەسندبکەین، لە هەر حاڵەتێکدا کاتێ مرۆڤ جیاوازیی نێوان هەندێ جۆری لە ڕووی چەمکەوە جیای بەکاربردن نەکەین.

بەگەڕخستن‌و گونجاندنی مەیدانی یاسای ئێستا لە دادگاییەکدا شتێکە، بەڵام کاتێ مێژوونووسانی داد بۆنموونە خەریکی ڕاڤەکردنی یاساکانی سەدەی ناوەڕاست دەبن دەربارەی بڕیاردان لەسەر تاوان، "تێگەیشتنی" مێژوویی {ئەو یاسایانەو}

پاڵنەرەکان، بێگومان لە ئێستادا بەهەمان شێوە بەکارنایەن‌و گونجاونین. ئەگەر مرۆڤ هەر دەربارەی خستنەگەڕ بدوێ دەبێ خۆی لە شتێکی زۆر گشتی تردا ببینێتەوە- فراوانکردنی چوارچێوەی سەرچاوەمان یان جۆرەکانی هەر هەمان شتە بۆ خوێنەرێکی ئاسایی یان توێژەرێك کاتێ لەگەڵ (هاملێت) یان (دۆنکیخۆت) دا بەیەکدەگەن.

دیارە مەبەستمان خستنەگەڕی یاسایی یان تیۆلۆگی لەڕووی مانای پراکتیکییەوە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ دەتوانێ بڵێ، کە تێگەیشتن‌و ڕاڤەکردن لێرەدا یەکدەگرن، سا بە ئەم شێوەیە بێت یان ئەو، ڕەنگە بۆ ئێمە بەوپەڕی بێئاگاییەوە کار لە "جیهانی زیندوو"مان بکات. دەبوایە گادامەر لەم ڕێگایەدا بیری لە شتێك بکردایەتەوە، کە باس لە ڕاستەقینەیی‌و {ڕەسەنی} دەقێك دەکات لە ڕوانینیدا بۆ خستنەگەڕ کە ناوەرۆکێکی وجودیانەی هەیەو لەوەیە زۆر لە فەلسەفەی هایدگەر "بوون — لە — دنیادا" نزیکببێتەوە.

لە جەختکردنی خۆیدا دەربارەی "ئاسۆی بیری" مێژوویی بەمەبەستی ئامێتەکردنی‌و هەروەها بە خودی پێکگەیشتنی نێوانی تێکست‌و خوێنەر- ڕاڤەکەر، هێرمینیۆتیکای گادامەر هۆشیاریی داوەتە ڕێبازێکی لێکۆڵینەوە، کە بەم دواییانە ناوی "ئیستێتیکی تەعریفی" لێ نراوە. ئەمە شتێك دێنێتە پێشەوە لە بابەتێکی دواتردا (بڕوانە ئەم سەرچاوەیە ل١٨٧).

<u>پاول ڕیکۆر دەربارەی جوغزی هێرمینیۆتیکی-</u> دیارەو ڕوونە بۆ ئەدەبناس لە ئاستی جیاجیادا- لە تازە دەستپێکردووەوە تا توێژەری ئاستێکی باڵا- گومانی ئەوەی هەیە کە پێویستی بە هێرمینیۆتیکی فەلسەفی هەبێ بۆ ئەرکە کۆنکرێتییەکانی. بەشێوەیەکی گشتی ڕەنگە بەسوودبێ وەبیربهێنینەوە، یان ڕەنگە پێویستیش نەبێ بیڵێین، کە لێکدانەوەی تێکست کارێکی بێ کێشە نییە، ئەمە کاریگەریی هەندێ مەرجی بنەڕەتی لەسەرە، کە هی ڕوانگەیەکی گەورەی پرینسپین. هۆشیارییەکی قووڵ دەربارەی ئەم هەلومەرجە ڕوواڵەتێکی بەردەوام‌و بەرەوپێشەوە دەداتە کاری ڕۆژانە.

بەڵام هێرمینیۆتیکی تیۆری بەشێوەیەکی سەرجەمی دەبێ لەگەڵ ڕێنیشاندەرێکدا بێ، بۆ ڕاڤەکردنی دەق لە پراکتیکدا. بە چ شێوەیەك توێژەرێك بۆنموونە ڕەوایەتی بدا بەو مامەڵەیەی لەگەڵ جوغزی "هێرمینیۆتیکی" یان "زەمبەلەکی" و وا لەو ئەنجامانە بکات کە پێیان گەیشتووە. خەڵك متمانەیان پێ

بکات؟ کێشەیەکی سەرنجڕاکێش هەیە کە دڵەڕاوکەی بۆ هەندێ لە هێرمینیۆتیکە پێشڕەوەکان درووستکردووە، بەڵام بۆ توێژەرانی ئەدەب گرنگترو هەنووکەیی ترە.

یەکێك لەوانەی کە دەربارەی ئەم کێشەیەی دوایی دواوە پاول ڕیکۆرە (١٩١٣ لەدایکبووە). دەربارەی ئەوەی قسەی لەسەر "نەخشەو هێڵکاری" کردووە بۆ مانای تێکستەکە لە جوغزی نیشانەی هێرمینیۆتیکیدایەو ناوی وایە، جۆرە ڕاڤەکردنێکی بەم پلانو هێڵکارییە "وەك پێداویستی" "دەبێ پەنابەرێتە بەر خەملاندن"، دەبێ ئەوە:

کەم تا زۆر جێگەی متمانە بێ، بەڵام هەرگیز ڕاستەقینە نییە. ئەوەی کە زۆر جێگای متمانەیە: (١) تۆماری ژمارەیەکی زۆر هۆو سۆنگەیە کە وەڵامی تێکستەکە دەداتەوە، کە ئەویش دەلالەتی بنچینەیی زۆر گەورە دەگرێتەخۆیو (٢) لێکچوونێکی لەڕووی چۆنییەتییەوە باشتر پێشکەش دەکات لەنێوان ئەو هێڵکارییانەدا کە بایەخیان پێ دەدات. دەشێ بوترێ کە لێکدانەوەیەکی خراپە یان ئەوەیە زۆر لاوازە یان زۆر بەدواداگەڕانی دەوێ.

بە بیروڕای ڕیکۆر لێکدانەوەیەکی باش دوو چەمکی باش دابیندەکات، "یەکێکیان دەربارەی وێککەوتنەوەیەو ئەوی تریان دەربارەی تەواوییە"، ئەم چەمکەی دواییان ئەوە دەگەیەنێت، کە جەوهەری "هەموو ئەو هۆو دەلالەتە بنچینەییانەی کە پابەندی کێشەکەن دەشێ بە هەند وەربگیرێن، شیعر مانای هەموو ئەو شتانە دەگەیەنێت کە دەبێ بیگەیەنێ". جۆرەکان لێرەدا- تەبیعی لە هەندێ گۆشەنیگای جیاوازەوە هەروەها لە زۆر لایەنی ترەوە قووت دەبنەوە، جیا لەوەی لای ڕیکۆر هەیە- ڕوونو ئاشکرایە کە لاوازن، گونجاندنو بەکارهێنانیان لە ئاستێکی بەرزدا پابەندی تەنیا هەلومەرجی توێژەرەکەیە. سەلماندنی زۆر زەحمەتە بەشێوەیەکی ئاوا لە شتێکی تردا بێو کەم تا زۆر لە هۆشیاریی گشتیدایە لەنێوان هەڵسەنگێنەرانی (بەتوانا)دا، لەو ئاستی تێگەیشتنی هێرمینیۆتیکییەدا کە گادامەر لێی دەدوێ.

ئەو هەلومەرجە ساکارتر نابێ لەوەی کە چەمکی لێکدانەوە خۆی ئاوا وەڵام و ئەنجامی جیاواز هەڵدەگرێ. ئێمە لە ئاستی جیاجیادا جموجووڵ دەکەین. بەشێوەیەکی زمانەوانی لێکدانەوەی تێکستێك لە فەزای پلانی نووسراودا جۆرێك لە "تێگەیشتنێکی وەها مانایەکی هەیە، بەلای کەمەوە کە لێکدانەوەیەکی سەرەتاییە" (ئەم سەرچاوەیە ل١٣١).

ئەو ڕووالەتە "هێرمینیۆتیکییە قوولانە، شیکاری دەروونناسیو جۆرەکانی تر دەکەنو دەیانسەلمێنن، کێشەکە دەبەنە ئاستێکی ئالۆزترو ئەمە دەبێتە هۆی هێورکردنەوەی ئەرکەکە، بۆ بە کێشمانیو پەسندکردنی پێشنیازی جیاجیا، بەلام هەروەها لەوەش کەمتر نا بۆ ورياييەكو سەرنجی وردی هەموو ورکو بیانوویەك کە حوکمدانی پێش وەخت، یان پوختە تاوانبارکردن، مەیدانێکی ئازادی جموجوولی دەستدەکەوێ.

## بونیادگەری، زانستی نیشانە Strukturalism. Semiotik

جار دوای جار پێشتر وشەی Struktur بونیاد بەکاردەهات (بە لاتینی struktura بەمانای یەکخستن، لێکدان) دێو بەمانایەکی گشتی بونیادنانو داڕشتن دەگەیەنێ. ئیتر باسی ستروکتورالیزم- وەك زاراوەیەکی تایبەتی کە بەم دەیانەی دوایی بەربلاوییەکی فراوانی بەخۆیەوە دیوە- دەکرێ. ئەمە لە زانستە مرۆڤایەتیو کۆمەلایەتییەکاندا ڕێبازێکی توێژینەوەیە، کە لە کولتووری ڕووالەتیی زۆر جیاوازی وەك (زمان، ئەدەب، وێنە، دابونەریت، ئەفسانە...هتد) دەدوێو بەدوای جیاکردنەوەی مۆدێلێکی بنەڕەتیی هونەرێکی گشتیدا دەگەڕێ کە سەرجەم ئامادەیە، سا یان زیاد کراوە، یان زیاد شاراوەیە.

هەروەك هێرمینیۆتیك ئاواش ستروکتورالیزم، لە مەیدانی تایبەتیی زانستی ئەدەبناسیدا بەشێوەیەکی بەربلاو، گونجاندنێکی زۆری تێدایە. بەم شێوە هاوچەرخەی- وەك گۆشەنیگایەك زۆر پێشتر نەزانراو بووە، لەگەل ئەمەشدا ستروکتورالیزم نزیکترین بنەوانی خۆی لە لێکۆلینەوەی زمانەوانی، لە زمانەوانیی بونیادگەرانەدا، دەبینێتەوە. داهێنەرو دامەزرێنەری ئەم کارەش زانای زمانەوانی سویسری فردیناند دی سۆسێرە (١٨٥٧-١٩١٨) لەو بەرهەمەیدا کە بەناوی (کۆرسێك دەربارەی زمانەوانیی گشتی، ١٩١٦، بڕوانە وەرگێڕانی سویدییەکەی، ١٩٧٠)یەوەیە.

سۆسێر: زمان وەك سیستێمی نیشانە- سۆسێر خودی زاراوەی ستروکتورالیزم بەکارناهێنێ بەلام بەهەمان بیرۆکەوە دەربارەی سیستیمۆلۆگی دەدوێ. ئەم جیاوازیی گرنگ لەنێوان زمانێکی دیاریکراو لەلایەکەوە دەکا وەك سیستمێکی یاساو ڕێسای

ڕێزمان‌و فەرهەنگی وشەو، لەلایەکی تریشەوە ئەو تایبەتمەندییەی کە تاکەکەسێك لە چوارچێوەی ئەو سیستێمەدا دەریدەبڕێ. لەڕوانگەی یەکەمەوە زمان بە La languge ناودەبات‌و لەوەی دووەمیشیانەوە بە La parole. La languge بەم شێوەیە بنەمایەکی گشتیی ئەبستراکتی زمانییە، کۆدێکی گشتگیرە کە لەگەڵ la parole ئاخاوتندا خراوەتە یارییەکەوە، کە توانای ڤێرشنی کۆتایی نەهاتوو پێشکەشی بەکارهێنەری زمان دەکا. سۆسێر زیاتر بایەخ بە تایبەتمەندیی خودی سیستمی زمان دەدا (la languge). ئەم وای دەبینێ وەك تۆڕێکی چڕی هاوشێوەیی‌و دژایەتی لە ئاستی جیاجیای زماندا، کە لە ناوەوە بەیەکەوە پەیوەندن‌و یەکدی دیاریدەکەن.

هەروەها زمانی زیندوو لەکاتدا گەشەدەسەنێت، ئەمە مەودایەکی مێژوویی هەیە. بۆنموونە زمانی سویدی لە ١٥٠٠، ١٧٠٠، ١٩٠٠ دا لە گۆشەنیگای سۆسێر- "diacronisk" (دیاکرۆنیسك) (لە وشەی یۆنانی dia لەنێوان‌و chronos کات)ەوە لێی بکۆڵرێتەوە. زانستی زمانەوانیی مێژوویی ئەمە دەکات. ئەگەر مرۆڤیش سەیری زمان بکات "syncronisc" (لە یۆنانییەوە بەمانای syn لەگەڵ خۆیدا) دیاردە زمانەوانییەکان وەك ڕەگەزێکی ئێستا لە چوارچێوەی سیستێمی زمانەکەدا لە قۆناغێکی دیاریکراوو دەستنیشانکراودا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ. لەبەرئەوە نابێ پێچەوانەی کرۆنۆلۆگیی جیا تێکەڵ بکرێن، لەبەرئەوەی کەم تا زۆر ئەوانە لە چوارچێوەی خۆیاندا سیستێمی جیاوازیان هەیە. ١٧٠٠ی سویدی شتێکی تر نییە بێجگە لە کارێکی زبری هەمان سیستێمی (١٩٠٠)ەکان، لە هەمووی کەمتریش لێکسیکییە. من وشەی usling "مرۆڤێکی نابەختەوەر"ی بێنگت لیدنەر (بڕوانە، ل١٢٦ لەمەوبەر) وەبیردێنمەوە، وشەیەکی لەم جۆرە مانای خۆی بۆ وشەی ئاسایی ئێستا دەگۆڕێ، ئەمەش تەنیا مانای ئەوەیە لەخۆیەوە نەبووە، بەڵکو سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، ئەمەش مانای بردنە پێشەوەی ئەم خاڵە نییە لە ڕووی لێکسیکیی (فەرهەنگی وشە)وە. لەهەمان کاتیشدا هەموو وشەکان لە چوارچێوەی مانادا- وەك وشە- دەکەونەبەر {تەوژمی} بونیادنانەوەوە. سیستێمی وشە بە هاوسانی‌و دژایەتیی (وشەکانەوە) دەکەونە بەر کاریگەرییەوە. ئەگەر وشەی usel لە سەردەمی لیدنەردا دژە ماناکەی وشەی {بەختەوەر} بوویێت، ئەوا جاروبار (دژە ماناکەی) نزیکترە لە god (باش)ەوە.

بێگومان چەمکی سیستێم، دیاکرۆنیو سینکرۆنی، کێشمانێکی زۆریان بۆ گونجاندنو بەکاربردن هەیە. بەم شێوەیەو لە ئاستێکی بەرزدا لەبارو شیاون بۆ توێژینەوەی چەمکی قۆناغی ئەدەبی. پێشتر ناوی کارە مەزنەکەی Martin Lamm هات "ڕۆمانتیکی ڕۆشنگەری" (ل١٠٠). ئەم شوێن ئەو ڕەگەزە ڕۆمانتیکییانە کەوتووە بە یاساو ڕێسایەکی کرۆنۆلۆگیی ئاوەژووکراو و نیشانی داوە، کە چۆن پەیدابوونەتەوە یان هەڵسەنگێنراونەتەوە لە قۆناغی پێش ڕۆمانتیکدا. ئەمە ڕوواڵەتێکی دیاکرۆنییە. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ گومانێك نییە لەوەی کە ئێمە لەڕووی بیرەوە مامەڵە لەگەڵ قۆناغی زۆر جیاوازدا دەکەین. لە ڕوانگەیەکی پوختی بونیادگەرانەوە لەوەیە ئەکسێنت شەددە (نبرە) بخرێتە سەر ئەرکێکی جیاوازی وەك "هەمان"ی شێوازی ڕۆمانتیکی لە چوارچێوەی سیستێمی جیاوازدا. لە سینکرۆنیی بەرانبەردا لەکاتی ڕۆشنگەریو هەروەها ڕۆمانتیکیشدا لەوەیە دەرکەوێ، کە ئەو ڕەگەزە ڕۆمانتیکییانە لە هەموو نموونەکانو لەچوارچێوەی هەردوو سیستێمەکەدا، لە پەیوەندییەکی دووردان لەگەڵ یەکتری، هەروەك لەگەڵ ناوەوەی هەریەکەیانو بەگشتیش لەگەڵ سیستێمەکە.

هەروەها کارەکەی سۆسێر دەورێکی بڕیاردەری لە گۆڕانی Semiotik (لە وشەی یۆنانیی Seme’ion نیشانەوە هاتووە) زانستی نیشانەو سیستێمی نیشانەدا- بینی.

شتێکی زۆر ئاساییە کە زاراوەی semiologi کە ئێستاش هەروا بەکاردێ، هەر لەلایەن سۆسێر خۆیەوەو کەمتریش نا لە تێکستە فەرەنسییەکاندا- بەکارهێنراوە. (پێویستیشە ئەم دوو زاراوە لەیەکچووە لەگەڵ semantic زانستی واتادا تێکەڵ نەکرێن).

جیهانێك لەشێوازی جیاجیای "نیشانە"، چ لە سرووشتو چ لەو کولتوورەشدا کە خۆی دروستیکردووە، دەوری مرۆڤی داوە. لەنێو نیشانە کولتووریەکاندا وشەی زمان بێ هاوتا گرنگترینە. سۆسێر لە نیشانەی زماندا (وشەی signe) بە شێوەو ناوەرۆك جیادەکاتەوە. لەشی فیزیکیی وشە، نەبرەی تیژی دەنگی یان بە پلەی دووەم نووسینو بینراو {بەرجەستە} بە signifant (واتابەخش، "دال") ناوەرۆكو چەمکەکەی بە (مەدلول) signifie (نیشانەی ئەوەبوون، مانای ئەوەدان) ناودەبات.

شێوەی نیشانەی زمان بەگوێرەی بۆچوونی سۆسێر لەخۆیەوەیە، وەك ئەوەی بڵێی هیچ پەیوەندییەکی سرووشتی ئاسایی لەنێوان signifié دا نییە. کاتێ ئێمە بە حەیوانێکی چوارپێ دەڵێین: ئەسپ، هیچ لێکچوونو یەکسانییەك لەنێوان وشەو دیاردەکەدا نییە. هەروەها ئەم وشەیە لە زمانەکانی تردا لەڕووی شێوازو دەنگەوە هەر زۆر جیاوازە لەمە، بۆنموونە: equus، cheval، horse، pferd. بە جیاو دەرهاوێژراو لە دەستوور، وشە شیعرییە ئۆنۆماتۆکان (ناوی کەسو شت) کە ڕاستەوخۆ جۆرە دەنگی ئاوا دێننە ناو: bä-bä، vo-vo، bruma، kraxa، بەڵام ئەمانە دیاردەیەکی جیاوازی la langueان وەك سیستێم.

بێگومان مرۆڤ دەبێ جیاوازی لەنێوان signifie و ئەوەی پێی دەگوترێ ڕیفیرێنتی بنەوانی نیشانەی زمانیدا بکا. لە حاڵەتێکی زۆر ئاساییدا ئەوە پەیوەندیی بە بابەتێکی کۆنکرێتەوە هەیە لە واقیعی دەربڕیندا. کاتێ ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەدا دەڵێین: "دەرگاکە داخە!" ئەوکاتە وشە/ نیشانەکە- دەرگا- وەك هەمەیەك لەگەڵ دال/ مدلول و هەروەها ریفیرێنتێك کە دەرگایەکی دیاریکراوە خۆی دەبینێتەوە. ئەگەر ئەم دەربڕینە لە ڕۆمانێکدا بەهەمان شێوە بەرچاو بکەوێ، دەشێ ئەو وەختە کێشەداربێ، چونکە هەموو ڕۆمانەکە کە خولقێنراوی فەنتازیاو خەیاڵە، ناتوانرێ ئاماژەی شتو کەسایەتییەکانی لەواقیعدا بکرێ. "بوونی" ئەوان تەنیا لە دنیای نیشانە زمانییەکاندایە. لەلایەکی ترەوە لەوەیە گونجاوبێت کە بوترێ لەسەرجەمی ڕۆمانەکەدا، تەبیعییە، کە سیستێمی ڕیفیرینسێك هێنراوەتە کایە. ئەم دەربڕینە "دەرگاکە داخە!" بەشێوەیەکی گشتی هەر دەربڕینێکی زمانیی ئاسایی نییە. ئەمیش لەچوارچێوەی ڕۆمانە بەخەیاڵ بونیادراوەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ دەرگایەکی دیاریکراوی ناو ڕۆمانەکە.

پێشتریش سۆسێر بۆخۆی، زمانی تەنیا وەك سیستێمێکی نیشانەی ڕاستەقینە سەیردەکرد. بیری لەوەش کردبۆوە کە سیمیۆلۆگی بە زانستی داهاتوو دەربارەی کولتووری نیشانە ناوبنێ لەهەموو مەیدانەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، هەروەها سیستێمێکی ئاواش بە هێڵکاریی سیمبۆلی، شێوازێکی ناسك لە پەیوەندیدا، هەروەها نیشانە سەربازییەکانی شێوەی جیاجیا...هتد. دەکرا کە ئەمە بە کەڵکی ئەوەش بێ کە لە کەتیگۆرییە تایبەتمەندەکانو ئەو یاساو ڕێسایانەش کە بەڕێوەیان دەبات بکۆڵێتەوە.

بیرو بۆچوونی سۆسێر دەربارەی سیستێم، دیاکرۆنیو سینکرۆنی، تەبیعەتی زمانیی نیشانە، بەشێوەی جیاواز لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بەردارو سوودمەند بووە، لەنێویشیاندا زانستی ئەدەبناسی کەمی بەرنەکەوتووە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەمیشە ناتوانرێت بەشێوەیەکی ڕوون کاریگەریی تایبەتیی ئەو لە تەوژمەکانی تری لەم شێوەیەدا جیابکرێتەوە. بەم جۆرە لەڕاستی دەچێ، وێنەی پسیکۆلۆگی (بڕوانە ل١٣٠، لەمەوبەر) لەگەڵ ددان نان بە سەرجەمیو نموونە (مۆدێل) بوونەتە هۆی گواستنەوەی بایەخ بەهەمان ڕێبازی وەك بونیادگەری یان سیستێم ئامێزی، دیارە ئەگەر بشمانەوێ هەر سوود لە زاراوەکانی خۆی {واتە: سۆسێر} وەربگرین.

<u>ڕۆمان یاکۆبسۆن: مۆدێلی پەیوەندیی زمانی، "ئەرکی شیعری"</u>- دەمانەوێ ئێستە هەندێ تایبەتمەندیو هەڵسەنگاندن کە پەیوەندیی بەو توێژەرە ڕووسە- جوولەکەیە- ڕۆمان یاکۆبسۆن (١٨٩٦-١٩٨٢)وە هەیە- بخەینەڕوو، کە یەکێکە لە پێشڕەوە هەرە دیارەکانی ئەدەبناسی کە "پۆیەتیك- هونەری شیعر"ی لەسەر بنەمای زمانەوانی دامەزراندووە. ئەو لەپێشدا نوێنەری شێوەخوازەکانی ڕووس بوو، وا ڕێبازێکی توێژینەوەی هێنایە ئارا، کە بەشێوەیەکی ڕەچاوکراو و وردچنراو، شیعری وەك هونەری وشە، کرد بە سێنتەری لێکۆڵینەوەکانی. بزووتنەوەکە لەماوەی پانزە ساڵێکدا بەشێوەیەکی چالاك گەشەی سەند تا ساڵی ١٩٣٠، دواتر لە یەکێتیی سۆڤیەت کەوتنە بەر شاڵاوی سەرکوتکردن.

بەڵام خێرا لە وڵاتە سلاڤییەکانی تردا برەوی پەیداکرد. لەم ساڵانەی دواییدا لە شێوازی مۆدەی جیاجیادا حوزوورو برەوی لە گفتوگۆدا لەهەموو جیهاندا هەیە. تەنانەت خودی ڕۆمان یاکۆبسۆن کەوتە بەر تەوژمو کاریگەریی بونیادگەریو نیشانەگەری. بەگوێرەی ڕوانینی ئەو نابی بۆ تایبەتمەندیی ئەدەبیو شیعری لە پسیکی {دەروونی} نووسەردا بگەڕێین، بەڵکو لەو ڕاستیەدا کە "وشەو بونیادی واتاکانی، شێوازی ناوەوەو دەرەوەی، کێشو بەهایەکی لە خودی هونەرییی خۆیدا هەیە". ئەوە پەیوەندیو ئەرکەکانییەتی لە بونیادی وشەدا، وەك شیکردنەوەیەکی مۆرفۆلۆگیو بونیادگەری دەبێ بخرێتەڕوو.

بۆئەوەی لە نزیکەوە ڕوانگەی یاکۆبسۆن دەربارەی "ئەرکی شیعری" بخەینەڕوو و شیبکەینەوە، لێرەدا خشتەکەی خۆی دەربارەی ئەرکی زمانی دەخەینەڕوو:

نێرەر                    کۆنتێکست {دەوروبەر، سیاق}                    وەرگر

نامە، ڕاسپاردە

پەیوەندی

کۆد

یاکۆبسۆن پەراوێز بۆ ئەم خشتەیە دەکات، هی ئەم هۆکارانەی لە پەیوەندیی ئاخاوتندا ناتوانرێت دەستیان لێ هەڵبگیرێت:

نێرەر نامەیەك دەنێرێ بۆ وەرگر. بۆئەوەی نامەکە کاربکاو بەکەڵك بێ پێویستی بە کۆنتێکستێك هەیە کە ڕووبەڕووی ببێتەوە /.../، ئەوەی لە جەمسەرێکەوەیە بۆ وەرگر، کە ئاخاوتنە یان دەشێ کە بپەیڤینرێ. کۆدێك کە هەمووی یان بەلای کەمەوە بەشێکی هاوبەشە لەنێوان نێرەرو وەرگردا /.../، لە کۆتاییشدا پەیوەندییەك، ڕایەڵێکی فیزیکی یان دەروونی کە نێرەرو وەرگر پێکەوە گرێدەداو وایان لێ دەکا کە پێکەوە بکەونە پەیوەندیکردنو لەسەری بەردەوامبن.

هەریەکە لەو شەش فاکتەرەی خشتەکە ئەرکێکی زمانیی تایبەتی هەیە بەڵام یەکێك یان گەلێك تەنانەت ئەگەر تەنیا یەکێك لەو ئەرکانەش زاڵبوو، زۆربەی جار لەگەڵ ئەوانی تردا هاوئاهەنگیو هاوکاری دەکات.

ئەگەر ڕەوتەکە ڕووبەڕووی کۆنتێکستەکە ببێتەوە، لە حاڵەتێکدا پێش هەموو شتێك کە شتێك بگەیەنێ، ئەوا ئەرکەکە سەر بە سەرچاوەو بنەوانە، بەتایبەتیش هەر ئەم ئەرکەیە، کە ئەرکی زمانە: دیاردەکان دیاری بکاتو چاوساغیی ئێمە لە جیهاندا بکات، هەر لەوەشە کە ئەرکێکی بنەڕەتیو ناوەندی بێ.

ئەرکی emotive هەست- سۆزداری (ئینفیعالی) یان دەربڕین، پابەندی نێرەرەو دەربڕی ئەو هەڵسوکەوتەیەتی کە دەربارەی دەدوێ. "ئەمە ئەو هەستە دەربڕدراوە سا ئەگەر ڕاست بێ یان هەڵبەستراو بێ" دەهێنێتە ئارا.

ئەرکی conative یش کە ڕووبەڕووی وەرگر دەبێتەوە (conatus، کۆشش، مەبەست)ە، کە دەربڕینی پوختی ڕێزمانیی خۆی لە vokativ هی بانگکردنو فەرمان دەرکردندا imperative دەبینێتەوە. ئەمەش لەوەیە کە زیاتر ڕاستەوخۆ ڕووی دەم کردن یان سەرکەشی کردن بێ.

ئەوەش کە کاری بە خودی پەیوەندییەکەوە هەبێ، ڕاسپاردەیەکە کە "دەبێتە هۆی چەسپان، درێژکردنەوە یان پچڕانی پەیوەندییەکە، دەبێ ئاگاشت لەوەبێت، ئاخۆ کەناڵەکە کاردەکات" — "هەلاو، گوێت لێمە؟" واتە: وەك بنەوانو سەرچاوە دەژمێردرێ. (ئەمە وا دەردەکەوێ وەك ئەوەی ئەرکەکە خۆی لەو زمانە هەڵقورتێنێ کە قسەی پێ دەکرێ. بەڵام ئەمە بەلای کەمەوە بە نووسین نیگاری دەکێشرێ.

ڕازگێڕەوەیەك ڕووی دەمی، بە پرسیارێکی پەیوەندیی ئامێز، لە خەڵکەکە دەکات: "تێدەگەن من مەبەستم چییە؟"، لە ڕۆمانەکەی مارتین.ئا.هانسندا "درۆزن" (١٩٥٠)، گێڕەرەوەکە هاوار لە هاودەمێکی وەك زۆربەی جار بە خەیاڵ درووستکراو دەکا: "ناتانێل، تۆ مەبەستت ئەو مێژووەیە؟").

مرۆڤ لە چوارچێوەی لۆجیکی هاوچەرخدا بە "زمانی بابەت"، کە دەربارەی شتو جیهانو "ئەودیو زمانەکان" دەدوێ، وەك تاڵەداوێکی پێکەوەگرێدان بەدوای پاڵپشتدا دەگەڕێ، کە دەربارەی خودی زمان دەدوێ.

(metaspråk)- "ئەودیو (نێوان) زمانی" بەدەستی یەکەمو ئاسایی وا لێی تێدەگەین وەك ئامێرێك بۆ مەبەستی زیاتر ئەبستراکت، ئامادەکاریی چەمكو ئاوا... بەڵام هەروەها لە کارێکی ئاسایی ڕۆژانەشدا بەکاردێ، وەك ئەوەی کە "نێرەر یان وەرگر پێویستی بەوە هەیە کە لێی عەیان بێ ئاخۆ هەمان کۆد بەکاردێنن" و ئەوەش تاقیبکاتەوە ئەو نامەیەی (ڕاسپاردەیەی) نێردراوە مانای چییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئاخاوتنەکە فۆکوسیرە (تیشکۆ)ی کۆدەکە دەکاتو "ئەرکێکی نێوان زمانی {واتە شیکردنەوەو ڕوونکردنەوە} دەبینێ".

لەکۆتاییشدا ئەرکی شیعریی زمان مانای تیشکۆکردنی نامەکەیە وەك خودی خۆی: "بەهۆی بەرزکردنەوەی چەسپاویی نیشانەکەوە ئەم ئەرکە dikotomin ی بنەڕەتیی نێوان نیشانەو شت"ەکە قووڵدەکاتەوە. لەگەڵ زاراوەی dikotomi (لە یۆنانییەوە هاتووە لە dicha- دوو، و temnein بەش) دووانەیی نیشانەکە یان "دوانەیی" دەبینرێت کە سۆسێر بە signifie و significant ناویان دەبات. یاکۆبسۆن پێی وایەو جەختی لەسەر دەکاتەوە، کە ئەرکی شیعری تەنیا شت نییە لە هونەری ئاخاوتنندا "بەڵکو ئەرکی زاڵو بڕیاردەرە" لەلایەکی ترەوە ئەرکی شیعری وەك هێڵکارییەك {توێژاڵێك} بێتەوە ئارا لەو نامەیەدا کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی

ئەركەكانی تری تێدا ڕەنگدەداتەوە. "هەموو هەوڵێك بۆئەوەی ئەركی شیعری {بەزۆر} بهێنرێتە كەش‌وهەوای شیعرەوە یان ئەركی شیعری لە شیعر هەڵقورتێنرێ ئەوە بردنی كێشەكەیە بە ئاقاری سادەكردنەوەو سەرلێ شێواندا".

وەك تەواوكارییەكی خشتەكەی پێشووی ئەو شەش فاكتەرە گرنگەی پەیوەندیی زمانی، دەتوانین خشتەیەكی لەهەمان شێوە بۆ ئەركەكانی تر بخەینەڕوو:

Referentiell (مەرجەعی)

سەرچاوەیی

Emotiv　　　poetisk شیعری　　　Conativ

سۆزدار (ئینفیعالی)　　　Fatisk بنەوان　　　ویست، ئارەزوو

(بەهەست)　　　ئەودیو (نێوان) زمانی

Meta språk

بۆ ڕۆشنكردنەوەی پێناسە قورسەكەی یاكۆبسۆن دەربارەی ئەركی شیعری كە ئاسان نییە مرۆڤ تێی بگا، هەر نموونەیەكی خۆی دەهێنینەوە. ئەم بانگەوازێكی سیاسی وەبیردێنێتەوە: "I like Ike"، كە لەكاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆكایەتیی ئەمەریكادا بۆ ئێیزنهاوەر Dwight (Ike) بەكاردەهێنرا. بەشێوەیەكی سەرەكی ئەمە ئەركێكی emotive سۆز- هەستدارە، ئەمە هەستی "نێرەر" دەردەبڕێ، كە دەیەوێ بیگەیەنێ بە ئەوانی تر. لەگەڵ ئەو نووسینە چڕو پڕدەنگ‌و ئاوازەدا كە یاكۆبسۆن خۆی نووسیویەتی، ئەوە دەگەیەنێ كە ویستویەتی شێوازی نامەكە سەرنجڕاكێش بێ. ئەمە بەشێوەیەكی بەهێز "چەسپاویی نیشانەكە" بەدیاردەخا، تا ئەو ئاستەی كە دەبێتە شتێك لەناوخۆیدا، لێرەدا ئێمە بە بڕواو تێگەیشتنی یاكۆبسۆن نموونەیەكی "ئەركی شیعری" مان لە شێوازی ئاخاوتندا هەیە، كە بەشێوەیەكی تەقلیدی لەوەیە وەك شیعر سەیرنەكرێت.

ئاشكرایە بەشێوەیەكی گشتی جێگەی گومانە كە ئەم بڕیارەی یاكۆبسۆن دەربارەی ئەركی شیعری چۆن دەكەوێتەوە. دیارە بۆ جۆرە شیعرێك كە خەسڵەتێكی دیاریكراوی هەبێ، بەتایبەتیش ئەوانەی بەشێوەیەكی ڕێك‌وپێك پابەندی كێش‌و بە ئامێرێكی بە ئاوازەی جم‌وجوولّی وەك ئەلیتراشوون (لەیەكچوونی دەنگی چەند وشەیەكی سەرەتای ڕستەیەك)و جۆرە قافیەیەكی تایبەت. هەموو ئەمە دەشێ

تیشکۆی بایەخ بە شێوە بدات لە نامەکەدا. بەڵام ئەی "هونەری ئاخاوتن" لە بیرۆکەو بایەخی دواتردا چۆن دەکەوێتەوە؟ دەربارەی حوکمدان لەم ڕووەوە، یاکۆبسۆن بەخۆیو پێناسەی ئەرکی شیعرییەوە لەوە بەرپرسیارە کە هەموو هونەری شیعر تەنانەت پەخشانی هونەریش بگرێتەوە کە دەکەوێتە جوغزی تواناو لێهاتوویی "هونەری شیعر"ەوە. بەڵام وەك پرینسیپیش بۆنموونە دەشێ ڕۆمانێك یان نۆڤێلێك بەگشتی زۆر بەچاکی بنووسرێ بەبێ ئەوەی تیشکۆی نامەکەش بکرێ، بە فرمانێك بەهەموو مانایەك لە پەخشانی ڕیفیرینتال (سەرچاوەیی) بچێ. کاتێ قسە دەربارەی "ئەرکی شیعری" بکرێ، کە هەموو جۆرە گونجاندنێکی بوێ، پێویست نییە کە پابەندی هەندێ تایبەتمەندیی هونەریی "شیعری" بکرێ، بەڵکو بەهێزی خەیاڵو فەنتازیای گێڕانەوەو "ئەدەبیات" وەك خۆی چۆنە، تایبەتمەندیی تێکست بگرێتەوە، کە جیهانێکی سەربەخۆی کۆتایی هاتووی "نیشانە" بێ.

یاکۆبسۆن لەچەردەیەك لێکۆڵینەوەی شیعردا، شێوازە بونیادگەرییە زمانەوانیی سیمیۆتیکییەکەی خۆی لەتوێژینەوەی هەندێ تێکستی شیعریدا خستۆتەگەڕ. نموونەیەکی هەرە دیاری ئەم هەوڵەی لەشیکاری سۆناتەکەی شاعیری فەرەنسی بۆدلیردایە، کە ناونیشانەکەی Les chats "پشیلەکان"ەو لەدیوانە شیعری Les fluers dumal "گوڵەکانی شەڕ"دایە.. ئەم کارەی بەیەکەوە لەگەڵ ئەنترۆپۆلۆگو توێژەری ئەفسانە ساکارەکانی فەرەنسی کلاودی لیڤی شتراوس (لەدایکبووی ١٩٠٨)دا کردووە، کە ئەمیش خۆی لەمەیدانێکی تایبەتدا یەکێکە لەپێشڕەوە هەرە دیارەکانی بونیادگەری. بەشێوەیەکی سیستێماتیکی هەرە باڵاو وردەکارییەکی زۆرەوە Les chats یان لەئاستی زمانەوانی جیادا پۆلێن کردووە. لەو توێژینەوەیەدا شیعرەکەیان بەسەر دیاردەکانی وەك: بزوێن، کەتیگۆرییە ڕێزمانییەکان، تاك، کۆ، ناوو ئاوەڵناو، نێرومێ، بایەخو نیشانەی زیندوو هەروەها مردوو... هتد دا دابەشکردووە. هەروەها کەتیگۆرییەکانی وەك ئاسۆییو ستوونیشی تێدا خراونەتە کار. بەشێوەیەکی گشتی تێکستە شیعرییەکە بە گیانێکی بونیادگەرانەوە وەك سیستێمێکی ناوخۆیی هاوتاییو دژایەتی سەیرکراوە.

ڕەخنەیەکی مەبدەئیو سەنگین لەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە گیراوە. یەکێك لەو خاڵە ڕەخنەییانەی لێی گیراوە ئەوەی کە لەڕووی بونیادی زمانەوە تێکستەکە

قرتەبڕکراوە، بەڵام ئەم جۆرە شیکارییە دەکرێ ڕەتبکرێتەوە چونکە نەبۆتە هۆی تەواوکردن‌و نیشاندانی کامڵیی تێکستەکە، هەروەها هیچ هاوئاهەنگییەکی ناوەوەی تێکستەکە تەنانەت لەئاستی جیای زمانداو چۆنیەتی تەواوکردن‌و چەسپاندنی هەمەلایەنەی {تێکستە شیعرییەکە} نەخراوەتە ڕووو هەست بەکەمووکووڕی دەکرێ لەم ڕووەوە لەشیکارییەکەدا. بەکورتییەکەی وێنەیەکی تەواوبووو {ڕوونی} چۆنیەتیی هاوئاهەنگیی نێوان ڕەگەزەکانی تێکستەکەی پیشان نەداوە. هەمووی کەم یان زۆر گرنگن، بێگومان حاڵەتە {شیعرییەکەش} بەو شێوەیە نییە. ئەوەی لێرەدا دەکرێ حوکمی لەسەر بدرێ ئەو سەختییە مەبدەئییەیە کە لەزۆربەی توێژینەوەی لەم جۆرەدا هەیە.

هەروەها بەدوای یەکداهاتن‌و ڕەوتی وەرچەرخاندنی سینکرۆنیی توێژینەوەکەو پشتگوێخستنی ڕواڵەتی مێژوویی تێدا بەرچاوە، کە کۆششی سرووشتیی وشەکانی شیعرەکەو یاری‌و وەرچەرخانیانی تێدا ونبووەو دەرنەخراوە. بۆدلێر وەك هەر شاعیرێکی تر لە چوارچێوەی ترادیسیۆنێکدا کاریکردووە، پاشخانێکی پێشتری تێکستە کۆنەکانی هەبووەو وشەکانی خۆی پێ "زاخاوداوەتەوە" و "چرکردۆتەوە". بۆدلێر خۆی ڕەنگە خاڵ بە خاڵی نا، بەڵام ئاگاداری ئەو پەیوەندییە تەبیعییە بووە {واتە لەنێوان تێکستی خۆی‌و تێکستەکانی پێش خۆیدا. (و)}، بەڵام یاکۆبسۆن‌و لیڤی شتراوس بەمەبەستەو لە سۆنگەی بایەخی پوختی مەرامی میتۆدەکەیانەوە، تا چەند بلێی ئەم لایەنەیان پشتگوێخستووە. هەروەك دەوترێ، هەر تێکستێك "ئاوازەدانەوەو گواستنەوەی هەندێ تێکستی ترە". ئەم "دەقئاوێزانییە"، بۆئەوەی سوود لەم زاراوەیە وەربگیرێ کە بەم دواییە داهاتووەو زانیاری‌و تێگەیشتنێکی کۆنە، ئاشکراو ڕوونە کە پێویستە ببێتە بناغەی هەموو ڕۆشنکردنەوەیەکی هەر تێکستێکی ئەدەبی، تەنانەت بۆ ڕێبازە بونیادگەر ئامێزەکانیش.

<u>یاکۆبسۆن: پارادیگم‌و سینتاگم، چەمکی میتافۆرو میتۆنیمی.</u> یاکۆبسۆن ئەم دوو زاراوە زمانەوانییەی کە بەرانبەر یەك دەوەستنەوە: سینتاگمی‌و پارادیگمی بۆ دەورەدانی ئەرکی شیعری‌و خستنە ناو جوغزیەوە، خستۆتە کار. زاراوەی یەکەمیان دەربڕی چەمکی ئامێتەکردن {تەرکیب کردنە} کە گۆڕانی ئاسۆیی تێکستەکەیەو وشەو ڕستەی تێدا ئامێتەدەبن‌و شێوازی هاتنەگۆو دەربڕینێك دێننە کایە. ئەمەی

دواییان، به چەمکی هەڵبژاردنییەوە، وشە بە خاڵی جیاجیاو لە ڕەوتی بەدوای یەکدا هەڵدەبژێرێ، نموونەیەکی ئاسایی سینتاگم دەشێ ڕستەیەك بێ کە لە بکەرو کردارو تەواوکەر پێکهاتبێ، وەك: "پیاوەکە ئۆتۆمبێلەکەی خستە ئیش". هەریەکە لەم بەشانەی ڕستەکە لە ئەرکی هەڵبژاردنی پارادیگمیدا بە یەکێکی تر بگۆڕدرێن‌و ناوەڕۆکەکەش لەگەڵ ئەم دەسکارییەدا دەگۆڕێ، بەبێ ئەوەی بونیادی بنەڕەتیی ڕستەکە هیچ گۆڕانێکی بەسەردابێت: "ژنەکە ماسییەکەی پاککرد" یان "کوڕەکە کتێبەکەی فڕێدا". هەروەها مرۆڤ باسی یەکسانی‌و هاوتایی نێوان ئەو شتە کۆنکرێتیانە دەکات کە بەشێوەی ئەبستراکتی ڕێزمانی هەریەکەو بۆ خۆیان پڕدەکرێنەوە: بکەر (پیاوەکە، ژنەکە، کوڕەکە)، کردارەکە (خستە ئیش، پاککرد، فڕێدا)، تەواوکەر (ئۆتۆمبێلەکە، ماسییەکە، کتێبەکە).

هەموو دەقێکی بەرهەمهێنراو لە هەردوو حاڵەتەکەدا: سینتاگمی (ئامێتەیی)ی پارادیگمی (هەڵبژاردەیی)و ئەرکیان دەگرێتە ئەستۆ. بەڵام قورسایی‌و زاڵیی بۆ کام ئەرکیانە، ئەوە بەگوێرەی چۆنیەتیی دەقەکە دەگۆڕێ. بەم شێوەیە گونجاوە ئەگەر پێمان وابێ، کە گەشەسەندنی ئەرکی سینتاگمی دەورێکی باڵای لە پەخشانی گێڕانەوەی "ئاسۆیی"دا هەیە، بەڵام لیریك چەمکی پارادیگمی بەسەریدا زاڵە. زۆرجار یاکۆبسۆن بۆ دەربڕینی ئەم مەسەلەیە پێناسەیەکی ئاوای دەهێنایەوە: "ئەرکە شیعرییەکە چەمکی هاوسەنگیی خۆی لە ئەرکی هەڵبژاردەییدا لەسەر ئەرکی ئامێتەیی ڕێك‌و سفت دەکات. هاوسەنگییەکە تا چەمکی بنەڕەتیی بەدوای یەکدا هاتن بەرزدەکرێتەوە".

بەدوور لەو تەمومژەو ئەم جۆرە دەربڕینە ماتماتیکییەش کە وەنەبێ زۆر وردو ڕاست بێ، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو پێناسەیە تا ئاستێك ڕوونە. ئاشکرایە کە چەمکی هاوسەنگی، هاوتایی، هاوسانی، خۆی زۆر ڕوونتر لە شیعردا دەردەخا، بەتایبەتیش کە زیاتر تەقلیدی بێ، بۆنموونە شیعرێکی کێشدار ستڕۆف لەدوای ستڕۆف بەهەمان شێوە دووبارەدەبێتەوە، "ستڕۆفەکان" بەشێوەیەکی ڕوون "هاوسانن"، دەشێ ئەم هاوسەنگییەش هەروەها لە ئاستی جیای زمان: ڕێزمان‌و سیمانتیکدا هەبێ. بۆنموونە شیعرەکەی کارل فیلدت Sub Luna "لەبەرمانگدا" ، لەو پێنج ستڕۆفەدا لە ئەرکی سینتاگمیی خۆیدا ئامێتەییەك پێشکەش دەکاو لەگەڵ گۆڕانی بەرەوپێشەوەدا،

خاڵی قورسایی لەهەموو حاڵەتێکدا ناکەوێتە سەر قەبارەی ڕووداوەکە. بەڵام ناوەرۆکی سترۆفەکان بونیادێکی هاوشێوەیان هەیە، نەك هەر لە شێوەی هاوبەشی سترۆفەکەداو لەهەندێ وشە دووبارەکردنەوەدا. هەموویان بە سیستێمی "ئەنتیتێز" بونیادنراون، "جووت" پێناسەیی، وەك دەستوور لە شێوەی میتافۆردا خۆیان دەنوێنن: لە بووك {کچ}ی یەکەمدا کە: "لە ئێوارە تاریکەکاندا دەسووتێ" و "وەك سەرلەبەیانی فێنك دەبێتەوە"، لە بیرکردنەوەو زەردەخەنەکانی تردا وەك "پەڕەی چەرم دەبزوێ"، / وەك گەڵای ئاڵتوون لە ڕێگاکاندا لوول دەخوا"، لە گۆرانیی سێیەمدا دەڵێ: "کاتی خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆ دواوەو سەرڕێژدەکا، پیرو پڕلەئازار گەنج"، لە شیعری چوارەمدا: "کامەرانە بۆئەوەی ئازار بچێژێو لە ژیانی دنیایی، بەپێوانەی تەواو چێژ وەربگرێ"، لە شیعری پێنجەمدا وەك ئەوەی بەرەو ڕووی مردنێکی ئاشکرا ببێتەوە" لە بستە زەوییەکی بێناوەوە، یان لە باو دەریاوە". هەروەها " پارادیگم"ێکی بنەڕەتی، یەك زنجیرە "یەکسانی" ڤێرشنی دیمەنی جیا لەهەمان چوارچێوەی گشتیدا.

ئاشکرایە پێناسەکەی یاکۆبسۆن دەربارەی "چەمکی هاوسانی" هەروەك ڕەوتی تیۆریی پەیوەندیی کە لەوەوپێش هێنایەوەو تایبەتە بە ئەرکی شیعرییەوە، ئەمە پڕ بە پێستی وشە زیاترو تایبەت بۆ شیعر گونجاوە، بەپێچەوانەشەوە لە ئاستێکی کەمترو بەدەگمەن بۆ شێوەیەکی "ئەدەبیی" وەك هونەری پەخشان دەس دەدەن.

هەروەها یاکۆبسۆن ویستویەتی جیاوازی لەنێوان میتافۆرو بەرانبەرەکەیدا- میتۆنیمدا وەك دوو پەیامی چەمکی جەمسەریدا وەك دوو هاوتای پارادیگمیو سینتاگمدا بکات. هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێین، کە ئەو میتافۆرو میتۆنیمی وەك دوو زاراوەی تایبەت بە دوو "ڤیگور"ی شیعری وەریان ناگرێت، بەڵکو بەشێوەیەکی سەرجەمی زیاتر گشتیی وەك دەربڕینی چەمکی لێکچوونو نزیکیی سەیریان دەکات. ئەو بەشێوەیەکی ڕوون دەیخواست کە هەواداری بۆ ئەم یان ئەویان وەك نیشانەی دوو حاڵەتی دەروونیی جیاواز لای مرۆڤ بەگشتی وەربگرێ. ئەگەر کەسێك بە وشەی وروژێنەری وەك کوخ، خانوو، زنج، ماڵە شڕەیەکی بیربکەوێتەوە، ئەوە هەواداری بیری میتافۆرو لێکچوونە. ئەگەر بەهەمان وشە بیری لە وشەکانی پیر، پیرەژن، پشیلەی ڕەش، فڕنێکی کراوە کردەوە، ئەوا دنیابینی ئەو چەمکی میتۆنیمیی پەیوەندیی نزیکی زاڵە بەسەریدا.

بەشێوەیەکی سەلمێنراو چەمکی میتافۆرو میتۆنیمی لای یاکۆبسۆن بۆئەوەیە کە شیعرو پەخشان لێك جیابکاتەوە. شیعر، بەتایبەتیش لە چوارچێوەی ڕێبازەکانی وەك ڕۆمانتیكو سیمبۆلیزمدا "پرۆسەی میتافۆر تیایاندا زاڵو باڵادەستە". بەڵام پەخشان لەلای خۆیەوە "تەبیعی بەهۆی نزیکییەوە کاردەکات". "بەم شێوەیە کە باس لە شیعر بکرێ ئەوە میتافۆرە، بەڵام لە پەخشاندا میتۆنیمی وەك تیپێکی بەرانبەر دێتە کایە".

<u>بونیادگەریو هونەری گێڕانەوە:</u> بونیادگەری لە توێژینەوەی هونەری گێڕانەوەشدا کەمتر دەورو گونجانی نەبووە. پێشڕەوێکی دیاری ئەم مەیدانە فۆلکلۆریستی ڕووس ڤلادیمیر پرۆپە {بەگیانێکی} نەریتی باوی شێوەخوازەییەوە. لە بەرهەمێکیدا بەناونیشانی "مۆرفۆلۆگیای ڕازو ئەفسانەکان، ١٩٢٨"دا کە (١٩٥٨) کراوە بە ئینگلیزی، لە سەدان ڕازی فۆلکلۆری کۆڵیوەتەوە. ئەو بەردەوام دووبارەبوونەوەی هەمان مۆتیڤی لە ڤێرشنە جیاجیاکاندا بینیوەتەوە، بەتایبەتی ئەم نموونانەی خوارەوە:

أ) پاشایەك هەڵۆیەك بەدیاری دەدا بە پاڵەوانێك، هەڵۆکە پاڵەوانەکە دەبا بۆ مەملەکەتێکی تر.

ب) پیاوێکی پیر ئەسپێك دەدا بە سوچینکۆ، ئەسپەکە سوچینکۆ دەبا بۆ مەملەکەتێکی تر.

ج) سیحربازێك بەلەمێك دەدات بە ئیڤان. بەلەمەکە ئیڤان دەبا بۆ مەملەکەتێکی تر.

د) شازادەیەك ئەنگوستیلەیەك بەدیاری دەنێرێ بۆ ئیڤان. لە ئەنگوستیلەکەوە هەندێ کوڕی لاو پەیدا دەبنو ئیڤان دەبەن بۆ مەملەکەتێکی تر.

هەرچەندە پڕکردنەوەی دەرەوەی خشتەکە زۆر لەیەك جیاوازە، بەڵام وەبیرهێنانەوەو لێکچوونێکی ئاشکراو ڕوون لەنێوان هەر چوار هەلومەرجەکەدا هەیە، ناوو پلەوپایەی کەسایەتییەکان گۆڕاون، هەروەها هەڵسوکەوتیان، بەڵام ئەرکیان لە سەرجەمی مامەڵەکردندا هەمان شتە. ئەرکی ئاوا دەربڕی ڕەگەزێکی چەسپاوە لە ڕازەکانداو جۆراوجۆر نابێت، بەڵام تێکستی تەنیای مۆتیڤی هەر دەقە جۆراوجۆر دەبێت، پرۆپ لە لێکۆڵینەوەی ڕازە فۆلکلۆرییەکاندا سیانزە جۆر ئەرکی جیاو گۆڕاوی

دیاریکردووە. هیچ پێویست نییە کە هەموویان بەیەکەوە لەیەك تێکستدا هەبن، بەڵام هەمیشە ئەوانەی کە هەن تەرتیبی ناوەوەیان هەمان شتەو وەك یەکە. بە بەکارهێنانی ئەو دوو زاراوەیەی پێشتر بەکارهاتن مرۆڤ دەتوانێ بڵێ، کە لێکۆڵینەوەکەی پرۆپ هەندێ لەو ئەرکانەی دەقی جیایان هەیە، ئەوە لە ئەرکی پارادیگمیدایەو ئەوانەشی کە هەمان ڕایەڵیان هەیە ئەرکی سینتاگمیان هەیە:

توێژینەوەی بونیادگەرایی فەرەنسیش کەمتر پابەندی توێژینەوەکانی پرۆپ نییە، بەتایبەتی کارەکەی ئا.ج.گرێیماس Semantique structurale. لەگەڵ مۆدیلاندنی جیای توێژینەوەکانی پرۆپدا، مرۆڤ بۆئەوە دەچێ، کە پێناسەیەکی بەهێزی فۆرمالیستی بەشێوەیەکی گشتی لە پەخشاندا بونیاد بکات، هەروەها بناغەیەکی "ناراتۆلۆگی- هونەری گێڕانەوە"ی زانستی دابنێ، ئاستی ئەبستراکتی شیکردنەوە ناراتۆلۆگییەکان بەشێوەیەکی دەگمەنو نائاسایی بەرزن. مرۆڤ هەست بە نادڵنیایی دەکا لەوەدا کە زۆرجار ئامێری تێگەیشتنیان قورس دێتە دەستو لەوەیە بە لایەکی تردا بێ تا ئەرکی گشتیی بەرهەمی شیعری.

هەروەها ئەوەش دەرکەوتووە، کە ناراتۆلۆگەکان زۆر لەجێگەی خۆیدا، ئەرکە ئاساییەکانو بەیەکەوە بەستنیانیان دیاریکردووە، ئەمەش ماوەی گۆڕینەوەی زۆر دەدا بە هەموو ژانرەکان بەتایبەتیش لە بەراوردکردنی ڕازە تەنیاو هاوشێوەکاندا، کە لەسەر شێوەی کۆنو تەقلیدی دارێژراون. بۆ هونەری گێڕانەوەی زیاتر کەسیو ئاڵۆز، ڕەنگە لەگەڵ نەفەسێکی قورسو درێژدا، لە نیگارکێشانی کەسایەتیو حاڵەتی دەروونیاندا ئەمە دەست نادات و زیاتر بۆ {گێڕانەوەی} قەبارەی ڕووداوەکان وەك ئەوەی هەیە، ئەم جۆرە ڕوانگەیە دەست بداتو کەمتر ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە سوودمەندن {مەبەست لەو لێکۆڵینەوانەن کە بۆ ڕازە سادەکان دەست دەدەن}.

<u>هێرمینیۆتیكو ستروکتورالیزم، وەسفیی شیکاریو بونیادگەری دوو چەمکی جیای یەکدی تەواوکەر</u>- لەمەوپێش وترا، کە هێرمینیۆتیكو ستروکتورالیزم کە ڕاستەوخۆ لە هەندێ لایەنی گشتیی ڕوانینیانەوە بۆ بەرهەمی شیعری، ڕووبەڕووی یەك وەستاون. لەواقیعیشدا لەڕێگەی نوێنەرایەتییانەوە وا لێکدەدرێتەوە کە لەنێوانیاندا ململانێو کێبڕکێ هەبێ، هەروەها دژی یەك وەستانیشیان جاروبار وا دەکەوێتەوە، کە زەحمەت بێ توێژەرێکی ئەدەبی هەبێ ئەمە نەیگرێتەوەو پەیوەندیی پێوە نەبێ، واش

دەکەوێتەوە بەشێوەیەك لە شێوەکان بۆ هەموو شتێ بشێ، ئەوەشی کە میتۆدێکی زۆر تایبەتی زانستی ئەدەبناسییە کە دەگونجێنرێت.

یەکێك لەو توێژەرانەی کە هەوڵی ئەوەی داوە کە هەردوو ڕێبازەکە ڕێکبخاو ئەرکەکانیان لە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی شیعردا دەربخات، پاول ڕیکۆرە کە پێشتر لە (ل١٤١)دا ناوی هات، ئەم لەوێدا بیری دژە ناوەرۆکیی هێرمینیۆتیکی نێوان شیکردنەوەی (زانستە مرۆڤایەتییەکان)و ڕوونکردنەوەی (زانستە سرووشتییەکان) دەخاتە بەر پرسیارەوە، کە زیاتر لەلایەن ویلهێلم دیلثی لە (ل١٤٢)دا باسیکراوە.

بەگوێرەی ڕیکۆر لە شیعردا "جەمسەری هەیە لەنێوان ماناو سەرچاوەدا، مەبەستەکە ئەوەیە، کە دەشێ جیاوازی بکرێ لەوەی کە لە ڕستەکەدا وەك سەرجەم وتراوە، دەربارەی چی شتێك وتراوە". ماناکە لە خودی تێکستەکەدا دەچەسپێ، ئەو سەرچاوەی خۆیەتی. بەڵام تێکستەکە سەرچاوەیەکی واقیعی هەیە، لەوێدا خۆی دەکاتەوەو خۆی دەبەستێتەوە بەواقیعی دەرەوەی زمانەوانییەکە، کە دەربارەی ئەوەی دەیڵێ‌و چی دەڵێ؟!".

لەم پلانەی دواییدا دیارە قسە لەسەر تێگەیشتن‌و شیکردنەوەیە: "کە شوێن دینامیکییەتی بەرهەمەکە بکەوێ، جموجوڵی دەربارەی ئەوەی دەیڵێ تا ئەوەی، دەربارەی چی دەڵێ". لێرەدا ئەوەیە کە "خوێنەر لەبەردەم تێکستەکەدا لەخۆی دەگات لەبەردەم دنیای بەرهەمەکەدا". ئەو تێگەیشتنەش تەبیعی بە هەموو ساتە ناسەقامگیرەکانی جوغزە هێرمینیۆتیکییەکان" بارکراوە. (بڕوانە ل١٤١ی ئەم کتێبە).

ڕیکۆر چەمکی ڕوونکردنەوە ڕەوانەی سەرچاوەی خودی ناو تێکستەکە دەکات. لێرەدا خۆی پابەندی درووستبوونی تیۆریی بونیادی زمانەوانی دەکا. لەوەیە تێکستەکە وەك بابەتێکی هەبوو پێناسە بکرێت، سیستێمی نیشانەی تەواوبوو، بەبێ خۆتێکەڵکردنی تێگەیشتنی کەسی، لێرەدا وەك باوە جاروبار لەڕوانگەی بونیادگەری-نیشانەگەرییەوە دەوترێ، کە ئەو بونیادە زمانەوانییانە لە ئێمەدا بیردەکەنەوە، زیاتر لەوەی ئێمە لە ئەواندا. بەم سیستێمە سەرچاوەی خودی تێکستەکە، زۆر ڕوونە، کە بەگوێرەی ڕیکۆر ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر جەخت لێکراو ددان پێدانراو دەگونجێنرێت، کە پێچەوانەی تێگەیشتن‌و شیکردنەوەیە. لەگەڵ ئەمەشدا پرسیارەکە ئەوەیە لەم

حاڵەتەدا باس لە ڕوونکردنەوەی بونیادگەرانە نییە. بونیادگەرەکان دەیانەوێ کە وەسفکردنێکی تێکست لای ئەوان ببینین- بابڵێین ڕۆمان یاکۆبسۆنو کلاودی لیڤی شتراوس کە پێشتر لە (ل١٥٢)دا باسمانکردن. ئەوان شیکاریی شیعری Les chats ی بۆدلێریان کردووە بەشێوەیەکی زیاتر زانستی تا ئەوەی شیکردنەوەبێ (شیکردنەوە کارێکی زیاتر کەسیی ڕەخنەی ئەدەبییە).

لەواقیعدا شیکردنەوەیەکی بونیادگەرانەی ئاوا ئەگەر بایەخێکی هەبێ، بە تێگەیشتنی تێکستەکە، یان تێگەیشتنی ماناکەی- ئەگەر ئاوا سەرەتاییو جێگەی بێ متمانەیی نەبێ. بۆنموونە مۆدێلی فۆنەتیکی لە دەقێکی شیعریدا ناکرێ وەك بونیادێکی سەربەخۆو راستەقینە بەبێ کاری شیکردنەوەکە سەیربکرێت. بەواتایەکی تر شێوەی تێگەیشتنو شیکردنەوە هەمیشە نموونەیەو حاشاهەڵنەگرە. ئەگەر ئەمە ئاوا بچەسپێ، ئەوکاتە شیکاریی بونیادگەری، وادەکەوێتەوە کە هەرگیز ناتوانێ لە ئاستێکی بالآدا بەرپرسییەتی زانستی وەربگرێ، بێجگە لەو شیکارییەی کە تەبیعی بەدوای پشتگیرییدا دەگەڕێو نوێنەرایەتیی دەکا.

شتێکی تر ئەوەیە، کە شیکاریی بونیادگەرانە وەك کۆنترۆڵێك وایە کە کارێکی زۆر بەنرخی لەئەستۆدایە لە تاقیکردنەوەو وردکردنەوەی شیکارییەکاندا لە جوغزی هێرمینیۆتیكو خۆیدا. بێجگە لەمەش پۆل ڕیکۆر وایدەزانی کە هەمیشە لەسەر هەقە، کاتێ دەیگوت هێرمینیۆتیكو ستروکتورالیزم کەمتر ناکۆکنو زیاتر یەکدی تەواودەکەن. ئەمان نوێنەری دوو جۆر ڕوانگەی هونەریی جیاوازن. بەڵام ناکرێ نە ئەم نە ئەویان وەلابخەین، کاتێ مەسەلەکە پەیوەندیی بە ڕاستکردنەوەی ناوەڕۆکی تێکستەکەوە هەبێ، کە ئامانجی گشتیی هەموو توێژینەوەیەکی ئەدەبناسییە.

دواتر هەندێ لە ڕێبازو میتۆدەکانی ئەدەبناسی، هەریەکەیان بەتەنیاو سەربەخۆ، دێنە بەرباسو توێژینەوە. هەروەها دەبێ مرۆڤ ئەوەش لەبیرنەکا، کە هیچ میتۆدێك لەکاتی بەکارهێناندا تەواو پوخت نابێتو بەڵکو زۆرجار بە هاوکاریی ئەوانی دی دەڕوا بەڕێوە.

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری یان بەیەکگرتن بەشێوەیەکی گشتی مانای ئەوەیە، کە ئەدەبێك بە بونیادی خۆیەوە بە ئەدەبێکی تر بگری. لە ئاستێکی ئاوادا، ئەمە دەربارەی میتۆدی ئەدەبناسی (par préférence)ە، مەبەست لەوەیە هەموو خوێندنەوەیەکی جیاوازی چۆنیەتیی بەرهەمێکی شیعری، هەمیشە دەتخاتە سەرکەلکەڵەی ئەوەی بەئاگا یان بێئاگا ئەو ئەزموونە ئەدەبییەی تا ئەوکاتەت بەرانبەر ئەم بەرهەمی ئەدەبی یان ئەوی دی قووت بکەیتەوە. {مەبەست لەوەیە ئاخۆ کاریگەریی چ بەرهەمێکی لەسەرە} . ئەوە هەروەها پەیوەندیی لەهەموو شتێ زیاتر بە شیکاریی جەخت لەسەرکراوی "ناوەوەی بەرهەمەکەوە" هەیە. بەڵام تەبیعی بایەخی بەراوردکارییەکە ئاشکراو بڕیاردەرە، بەتایبەتی مێژووی لێکۆڵینەوەی قۆناغو ژانرەکان. لێرەدا توێژەر خەریکی هەندێ کاری جیاجیادەبێ- زۆرجاریش سنووری نەتەوایەتی دەبەزێنێ- بۆئەوەی بەرانبەر یەك بیانگرێو بەگوێرەی هەندێ پێوەری بڕیار لەسەردراو هەڵیانبسەنگێنێ. عەینەن ئەم ڕەوتە نێونەتەوەییە، توێژینەوەی پەیوەندییە ئەدەبییەکانی نێوان وڵاتی جیاواز جاروبار نیشانەی ئەدەبی بەراوردکارییە بەواتایەکی سنووردار. پێشڕەوێکی دیاری ئەم ڕێبازە لە فەرەنسا فیرناند باڵدانسپێرگەر (١٨٧١-١٩٥٨)، لەنێو ئەو شتانەدا کە بەم شێوەیە نووسیویەتی: "گۆتە لە فەرەنسا (١٩٠٤)"، کە بابەتێکی سەرەکیی توێژینەوەی بەراوردکارییە. کارێکی زۆر بەناوبانگی سویدی، لەم ڕووەوە هی ئانتۆن بلانکە، کە ڕانانێکی بەرفراوانی "رینیسانسی باکوور" {واتە وڵاتانی ئەسکەندناڤی}ی ئەدەبی (١٧٠٠)ەکانە، ساڵی ١٩١١ بە گیانو ڕێبازێکی گشتگیریی ئەورووپاییەوە نووسیویەتی.

گەلێ جار توێژینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری زیاتر بەرەو ئەوە دەبرا کە لێکۆڵینەوەی کاریگەریی ڕاستەوخۆبێ. بێگومان تەبیعی بوو کە بەڵگەیەکی ڕاستەقینەی ئاوای کاریگەری هەبێ، یان بەلای کەمەوە لەوەبێ هەبێ، ئەمەش دەورێکی یەکلاییکەرەوەی دەبینی. هەروەها لێرەدا کێشەیەکی میتۆدیی بایەخدار قووتدەبێتەوە، چ مەرجێك دەبێ هەبێ، کەوا لێکچوونێکی لەم یان لەو شێوە-بیرۆکەیەك، خودی پێناسەیەك لە پەرەگرافێکی تایبەتدا، یان بەکارهێنانی جۆرێك لە شێوازی لەیەکچوو- دەبێتە شایەتیی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی دوو بەرهەمی ئەدەبی یان نووسەرایەتی؟ ڕاستییەکەی ئەمە بەشێوەیەکی بەهێز کەشوهەوای ساغکردنەوەی نووسەرمان بیردەخاتەوە، کاتێ دەمانەوێ دەسنووسێکی بێناو بدەینە پاڵ نووسەرە دەستپێشکەرەکەی، کە بەرهەمە ڕەسەنەکەی کەرەسەیەکی گونجاوی بەراوردکاریمان دەخاتە بەردەست. تا چ ئاستێ دەبێ لێکچوونەکان وەك یەك بن، دەبێ چەند گەورەبن، چۆن مرۆڤ دەتوانێ هەڵیانسەنگێنێو بەشێوەیەکی جیاوازی بابەتی بیانخاتەڕوو؟

پرسیارێکی زۆر بەجێ ئەوەیە، کە بەچی دەوترێ لێکچوونو کاریگەریی قووڵ. جۆرە خاڵێکی پابەندی ڕەنگە هەمیشە جێگەی مشتومڕنەبێ، بەڵام لەهەمان کاتدا ڕووالەتی دەرەوەش، لەڕوانگەی سەرجەمی کارەکەوە ئەو بایەخەی نەبێ. لەپێش هەموو شتێکدا ئەم حاڵەتە هەندێ جار ڕاوی دوای "کاریگەری"یەو ناوبانگێکی باشیشی نییە. لەلایەکی ترەوە، ڕەنگە کارێکی پێشتر لەوەیە دەورێکی بڕیاردەرو کاریگەری هەبێ بۆ بەرهەمێکی شیعریی تر، بەبێ ئەوەی ئەو کاریگەرییە بەڵگەی دەربڕینی ڕاستەوخۆ بدات بە دەستەوەو بەم شێوەیە بۆ توێژەرێك زۆر زەحمەت دەبێت، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم کێشەیە دوو نموونەی زۆر شیاو و لەبار دەخەینەڕوو:

سەرەتای نامەی ژ (٨٠) Bellman "وەك کچە شوانێ بە شکۆو تەدارەکەوە بەرگی پۆشیوە"...هتد ئەمە وا دەردەکەوێ کە جێ پەنجەی سەرەتای گۆرانییەکی Boileau "L’art poetique"ی پێوەبێ، کە ناونیشانەکەی "وەك ئەو کچە شوانە لە جوانترین کاتی پیرۆزدا"...هتد لەگەڵ ئەمەشدا بێجگە لە خودی ناونیشانەکە هەردوو شیعرەکە هیچی هاوبەشیان بەیەکەوە نییە. خاوەن چێژو سەلیقەی کلاسیزمی فەرەنسایی لەبەردەم ئەوانی تردا {مەبەست لە Boileau}ە، بەهیچ شێوەیەك ئەو شاعیرە نییە کە بە پلەی یەکەم Bellman بیری مرۆڤ بخاتەوە. وەکوتر هەر حاڵەتێکی

ڕووکەشەو هەندێ وەرگرتنی کەمی ڕاستەوخۆی ئەدەبی لە نامەکاندا بەدیدەکرێ، کە ئاساییەو مرۆڤ دەبێ هەمیشە ئاگاداری ئەو ئەگەرانە بێ، کە شێوەیەکی سەرنجڕاکێشی بەرزی لێکچوون دەشێ لە هەلومەرجی هاوشێوەدا بێتەدی، {واتە: بەبێ کاریگەریی ڕاستەوخۆی تێکستێك لەوی دی، بەڵکو تەنیا هەلومەرجەکان لێك دەچن}. لەو نموونەیەی ئێمەدا لەگەڵ ئەوەشدا هەمووکەس دەبینێ کە کاریگەریی Boileau هەیە، بەڵام تەنیا ڕووکەشە. (ڕەنگیشە بەلای زۆرەوە ئەم قەرزکردنە تەواو بەئاگا بووبێ، بڕوانە: ل١٦٣ی ئەم کتێبە).

نموونەیەکی تری پەیوەندی دەشێ نیشان بدرێ، بەڵگەیەکی بەرهەمی (هاڵدۆر لاکسنیس)ە، کە چۆن لە دەیەیەکی هەرەتی لاویدا لەبەر کاریگەریی کەم تا زۆری سترێندبێرگدا بووە:.... لە شێوەی (لێگێندەر) و (ئینفیرنۆ) کە لەیەکدەچن‌و لێك ناچن، "ژووری سوور"و زەواجیان، لە مندا لەو پلەیەدا هەژان‌و خرۆشی پەیداکردووە، هەموو لایەنەکان، لە ڕۆمانێکدا کەمن لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا لە سیسیلیا نووسیومەو بەڕاشکاوی بە کاریگەریی پوخت‌و ڕاستەوخۆی ستریندبێرگ، بەڵام هەمان .... کاریگەریی بەهێزی .... کە لە ئەمەریکا لەسەرم بووە ساڵی ١٩٢٨ نووسیومە.

هەڵسەنگاندن‌و نرخاندنەکە- پەیوەندیی بە (ئەو جۆلا گەورەیەی کشمیر ١٩٢٧ەوە هەیەو هەروەها (کتێبی گەل، ١٩٢٩) ئاسان نییە هەندێ ناڕەزایی بجوولێنێ. ئەمە وا دەکەوێتەوە، کە دەبێ سەرجەم ڕاستی نیشان بدەی، لەوەیە کە ئەمە زیادەڕۆیی‌و ساکارکردنەوەبێ. بەڵام ئەوەی لەم پەیوەندییەدا بۆ ئێمە بایەخدارە ئەوەیە کە توێژەرێك بەتوانای خۆی زەحمەت بوو، ئەگەر لاکسنێس خۆی جەختی لەسەر کاریگەریی بەهێزی سترێندبێرگ لەسەر بەرهەمەکەی نەکردایەتەوە، ئەمە ڕوونبکاتەوەو نیشانی بدا. سەرەڕای ئەمەش پەیوەندییەکە خۆی بەئاشکرا هاوار نەکات‌و لەوەش نییە کە بەئاسانی خۆی بدات بەدەستەوە. هەروەها دیارە کە جۆرە خاڵی لێکدان‌و بەیەکگەیشتنیشی هەیە. بەڵام بەیەکگەیشتن لەگەڵ سترێندبێرگ کێشێکی زیاترو {ڕەوتێکی} دوورتری داوە بە هێزی هونەریی تایبەتی ئەو نووسەرە لاوەو ئازادیکردووەو بەرەو بیرێزی‌و ڕەخنەیەکی توندو زبری بردووە. ئەوەی کێشەکەش زیاتر دەشێوێنێ زۆر زەحمەتە کاریگەریی لەم جۆرە بدۆزیتەوەو بیسەلمێنێ، تا کاریگەرییەکی ئاشکراو ڕوون‌و ڕواڵەتی دەرەوە.

لەڕوانگەی پوختی مێژووییەوە هەروەها تەبیعییە بەجۆرێکی تر خاڵی پەیوەندی نرخی زانستیی خۆی بسەلمێنێ‌و ببێتە هۆی چەسپانی پەیوەندیی کرۆنۆلۆگی (بەدوای یەکدا هاتنی مێژوویی). بەڵام وەکو تر خودی توێژینەوەی بەراوردکاری بە پلەی یەکەم بەدوای لێکچوونی قووڵ‌و بناغەداردا دەگەڕێ، ئەوەی کەم یان زۆر کرۆکی بەرهەمی شیعری- ڕواڵەتی گرنگی بونیادو ستایلی پێکدێنێ. لەگەڵ ئەمەشداو کەمتریش، کە خۆی لەوە بەدووربگرێ کە ڕەنگە لە زۆر حاڵەتدا نەشیاوبێ باسی ئەوە بکەین کەی‌و لەکوێوە هەندێ لەو دەربڕینانەو بە چ هۆیەکەوە هاتوونەتە ناو. ئەگەر جاروبار بەرهەمی شاعیرێك هەندێ لێکچوونی لەگەڵ بەرهەمی والت وێتمان، هێمینگوای یان کافکادا هەبێ، مەرج نییە کە ئەو بەرهەمی ئەوانی خوێندبێتەوە. ڕەنگە هەر ئەوەندەبێ، کە ئەویش بەشێوەیەك لە شێوەکان شوێن ڕێچکەی ترادیسیۆنی ستایلی ئەوانەی پێش خۆی کەوتبێ. ئەگەر بیخەیتە هەڵوێستێکی ئاواوە، ئەوەش دەبێتە پێناسەیەکی گرنگ‌و پێویست‌و بابەتێکیشە کە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری دەست دەدا.

تۆزێ لەمەوپێش ئاماژەی نامەی (ژ ٨٠)ی فریدمانمان کرد وەك نموونەیەکی لەبار بۆ قەرزێکی بەئاگا لە Boileauوە، بەگوێرەی ڕای ئانتۆن بلانك ئەمە "وەرگێڕانێکی ئاشکرا"یە. ڕەنگە بیلمان خۆی ئەوەی بەهەند وەرگرتبێت، کە ڕەنگە بەلای کەمەوە هەندێك لە خوێنەرەکانی ئەم وەهمەیان لا درووست بووبێ‌و واشیان هەڵسەنگاندبێ وەك لێهاتوویی‌و زۆرزانییەکی تایبەتیی ئەدەبی. کەم یان زۆر لەنێوان نووسەران‌و نووسینی جیاوازدا، لەوەیە ئەم جۆرە پەیوەندییە هەبێ‌و زۆر بەقووڵی‌و فراوانیش. جاری واش هەیە شیعرێك هەر دەڵێی وەڵامی ڕاستەوخۆی شیعرێکی ترە. (هێنریك پۆنتۆ پێدان) لە چیرۆکەکەیدا "کۆچی هەڵۆ، ١٨٩٣) بەم شێوەیە لە هەڵچوون‌و داچوونی گۆشەنیگای ئەخلاقیدا، کەوتۆتە بەر کاریگەریی ڕازێکی هـ.س.ئاندەرسنەوە، "ئەو مراوییە بلحە، ١٨٤٣" کە پەنجا ساڵ پێشتر نووسراوە. ڕازەکەی ئاندەرسن هاڵاوی ئومێدی لێ هەڵدەستێ‌و باوەڕێکی پتەوی بە سەرکەوتنی چاکەو خێر تێدایە. ئەو قووە نەناسراوەی باغچەی مراوی لە کۆتاییدا، بە ئاهێکەوە دەڵێ: "ئەوە دڵنیاییە کە لە باخچەی مراویی کێویدا لەدایکبوویت، کاتێ یەکێك لەناو هێلکەی قوودا بووبێ". بۆ هەڵۆکەی پۆنتۆ پێدان لە هەلومەرجێکی بەرتەسکی

ئاوادا، خراپتر دەکەوێتەوە، کۆپیی ڕاستەوخۆی ئاندەرسنەو بەم شێوەیەیە: "بۆ ئەمە هیچ سوودێکی نییە، کە یەکێك لە هێلکەی هەلۆدا بووبێ، بەلاّم لە باخچەی مراوییە کێویدا گەورە بووبێ". مرۆڤ دەتوانێ ئەگەر بیەوێ ناوەرۆکێکی گشتی تر بدا بەم دژایەتییەو وەك دوو ڕوانگەی جیاوازی بیرکردنەوەی دوو سەردەمی جیاواز: یەکێکیان زیاتر ڕۆمانتیکی- ئیدیالی و ئەوی تریان بەدگومانی سرووشتی.

لە حاڵەتی ئەو "بێچوە مراوییە بلّحەو کۆچی هەلۆدا" بە ئاشکرا باسی لەسەر کراوەو جەختی لەسەر کراوەتەوە. ئەم چیرۆکەی دوایی بە پلەی یەکەم واتای تەواوی خۆی لە پاشخانی ئەوەی پێشوو وەرگرتووە. هەروەها شتێکی لەم بابەتەش تەبیعی هەموو شێوەکانی لاساییکردنەوەو لاسایی گاڵتەجاڕی دەگرێتەوە. بۆئەوەی گۆڕینەوەیەکی تەواومان دەستبکەوێ دەبێ خوێنەر ئەوە بزانێ کەچی لاسایی کراوەتەوە یان گاڵتەجاڕ کراوە.

لاساییکردنەوەی گاڵتەجاڕانە Corydon till chole چێژی زیاتر دەبێ ئەگەر مرۆڤ زۆرتر دەبارەی مۆتیڤو ستایلی (١٧٠٠)ەکانی ڕازی شوانانە بزانێ. دەستپێکەکەی کێلگرین دەربارەی بانگهێشتی شەڕەبەفری پۆستی- ستۆکهۆلّم ڕۆژی ٢٦ی مارتی ١٧٨٢ بۆخۆی ڕەنگە خوێندنەوەیەکی پڕبایەخ بێ. بەلاّم ئەم حاڵەتە هێزێکی کۆمیدیی جیاواز پەیدا دەکات وەك پارچەیەکی دژە لاساییکردنەوەی ئەو توانجەی Thorild کە چەند هەفتەیەك پێشتر (٤ مارت) لەهەمان ڕۆژنامەدا بلاّوبووبوەوە. گووتە شەخسیی و تەرخانکراوەکەی ئەو {بۆ ئەم مەبەستە} وەك ئاوێنەی پێکەنین لەپێشەوە دانرابوو، لەبەرئەوەی بۆ بابەتێکی ئاوا ساکاری وەك شەڕە تۆپەڵ تەرخانکرابوو.

هەموو ئایقونەیەکی لەم جۆرە- ڕوونترو ناڕوونتر، نزیكو دوور- بە پلەیەکی بەمەبەست، دەربڕینێکە بۆ ئەو پەیوەندییە لقو پۆپ دارەی ناو دنیای تایبەتیی شیعرەکە خۆی. ئەمەش یەکێکە لە ئەرکەکانی توێژینەوەی بەراوردکاری کە دەبێ بە هەندی وەربگرێو تۆماری بکات.

لە چوارچێوەی بەراوردی توێژینەوەی فراوانی شیعردا، تەبیعی جێگا بۆ چەمکی ڕوانگەو شێوازی شرۆڤەکردنی جیاواز هەیە. توێژەرەکە ڕەنگە مۆتیڤی مێژوو بخاتە کارو دوایی شوێنی هەندێ ستۆفو مۆتیڤ بکەوێ (ئەم کتێبە ل٧٠ پێشتر) لە

قۆناغێك یان بەشێكی ئەدەبدا. كاری لەم شێوەیە بەرهەمەكەی كارڵ فیهرمان: شاعیرو مردن (١٩٥٢)ی یان كارەكەی لویس ڤینگە بەناونیشانی: بابەتی نێرگز لە ئەدەبی ئەورووپای ڕۆژئاوادا تا سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم (١٩٦٧). جۆرێكی تری نائاسایی ئەم بابەتە نامەی دوكتۆرای نیلس ئۆكە شێوستیدە بەناونیشانی "سۆرین كێركگرادو ئەدەبی سویدی". لە فریدرێكا بریمەرەوە تا هێڵمەر سویدەربیرگ (١٩٥٠)، كە ڕێبازێكی بیری مێژوویییە. ئا بەم شێوەیە زۆر بە چاكی لەژێر هەمان ناونیشاندا كۆبكرێتەوە.

## میتۆدی بیری مێژوویی Idéhistorisk metod

زانستی ئەدەبناسیی بیری مێژوویی لە زۆر شتدا هەمان كێشەكانی توێژینەوەی ئەدەبی بەراوردكاری هەیەو ڕاستییەكیشی تێدایە كە وەك لقێكی ئەمەی دواییان {واتە ئەدەبناسیی بەراوردكاری} سەیردەكرێت: بەشێكی زۆری بیر لەڕێگەی ئەدەبەوە، لە نووسەرەوە بۆ نووسەر، لە نووسینەوە بۆ نووسین- دەگوازرێتەوە. نموونەیەكی پوختی توێژینەوەی ئەدەبیی میتۆدی بیری مێژوویی كتێبەكەی ئالبێرت نیلسۆنە بەناونیشانی "ڕۆمانتیكیی سویدی" (١٩١٦)، ژێرناونیشانێكی هەیە "ڕێبازی پلاتۆنی (ئەفلاتونی)" بەم باسە: "لە پلاتۆنەوە بۆ شیللینگ" دەست پێدەكات، هەروەها لەسەر گەشەسەندنو خەملاندنی بیری پلاتۆنییە لای بیرمەندانی جیاواز. دواتر بەشێكی قووڵو بەرفراوانی دەربارەی ئاتەربووم، ستاگینلوس، تێگنەرو دواییش ڕیدبێرگە. لێرەدا هەروەها تۆزێكیش دەربارەی ژیننامەی هەندێ لەو نووسەرانەی كە مامەڵەیان لەگەڵدا كراوە هەیە، بەڵام هیچ شتێك دەربارەی ئەو كۆمەڵەی تێیدا ژیاون نییە. شیعرەكە لە ڕووی پراكتیكییەوە وەك هەڵگری هەندێ بیر سەیركراوە كە خۆی لەخۆیدا، بەهەمان شێوە، یان بەشێوەیەكی باشترو ڕوونتر- لەوەبوو لە جۆرە نووسینێكی تردا: وەك وتار یان كاری فەلسەفی دەربڕدرانایە. لەگەڵ ئەوەشدا پلاتۆنیزم بەدرێژایی مێژووی خۆی هەمیشە لەگەڵ شیعردا تێكئاڵاوبوون، خزمایەتی لەگەڵ پێشبینیو ئەفسانەدا هەبووە، هەر لەكاتی پلاتۆن خۆیدا دەربڕینی هونەری وێنەو سیمبۆلی تێدابووە.

شایانی باسە، گەلێ جار چ لای شاعیرو چ لای توێژەریش، سکاڵای ئەوە کراوە کە {توێژینەوەکە زیاتر} ئاراستەی ڕەگەزی بیرو هۆشیاریی شیعرەکە کراون. جۆرە لایەنێکی ئاوا هی ڕەتکردنەوە نییە، لەهەموو ئەمەشەوە پەیوەندە بەوەوە کە توێژەریش لەلای خۆیەوە حوکم دەداو کار لەگەڵ چەمكو کاتیگۆریی لۆجیکی دەکاو لەئەنجامیشدا ئەمانە کارەکەی بۆ دەخەنە بەردەستو ئاسانتری دەکەنو ئەویش ئەو جۆرە پێوەرانە دەخاتەگەڕ کە بۆ {توێژینەوەی} کەرەسەکەی بەردەستی دەگونجێن.

لەلایەکی تریشەوە ئاشکرایە کە توێژەری ئەدەبناس ناتوانێ لێکۆڵینەوەی شیعر لە بیرو بنەماکانی فەلسەفە بەدووربگرێت. بەرهەمێکی وەك "کۆمیدیای یەزدانی"ی دانتی بە هەناسەو {گیانێکی} ئاینیو میتافیزیکیی سەدەکانی ناوەڕاستەوە نووسراوە. ئەمانە کەشو هەوایەکی پێویستی هەموو بناغەو بونیادی هونەریی {بەرهەمەکەیان} ڕەخساندووە.

گوتەکانی تێگنەر لە "ئەوەی نەمر"دا دەربارەی ڕاستو دروستیو جوانی وەك پێوەرێکی هەتاهەتایی، یان وەك ماسی ڕاوکردنی خۆمان بەدوای مسقاڵە ئاڵتوونی جوانیدا لە "تەوژمی ڕۆژگار"دا، هەروەها لەوەیە تاڕادەیەك نادیاربێ، لە حاڵەتێکدا کە ئێمە نەتوانین لەبەر ڕۆشنایی سیستێمی فەلسەفیی ئەفلاتووندا، لەگەڵ بەرانبەر وەستانی بنەڕەتیی نێوان بیری ئەبەدیو دنیای واقیعی ڕۆحماندا- ببینین.

شتێکی تریش ئەوەیە کە تێگنەر مامەڵە لەگەڵ بابەتەکەی خۆیدا وەك فەیلەسووفێك ناکا، بەڵکو ڕێك وەك شاعیرێك. ئەم توێژینەوەو موناقەشە ناکات. ئەو بە هونەری شیعرەکەی، بە ئەنتیتێزەکانی، وێنەکانیو سیحری وشەکانی بیرمەندمان دەکات- هەروەها بەهەموو شێوازی خۆی بۆئەوەی بونیادی شەخسی بداتە کەرەسەکانی بیرو بیرکردنەوە یان بۆئەوەی سەرلەنوێ بیر لە وتەکانی بێرتل مالمبێرگ بکەینەوە کە پێشتر لە (ل٢٩)دا ئەم هەڵسەنگاندنەی کردووە: "تەنیا لە دەربڕیندا بە زمانی خۆی، لە بەکارهێنانی دەستەڵاتی هونەریی خۆیدا، لە تافو تەوژمی ڕەنگو پەیوەندیی هونەرمەندانەی خۆیدا، بیری شاعیرێك لەواقیعدا هی خۆیەتی". ئەوە ئەو "دەستەڵاتە هونەرییە"یە، ئەو دەربڕینە شەخسییەی بیرو رەنگدانەوەیەتی لای {هونەرمەند}، کە کاری توێژەری ئەدەبناسە لێی بکۆڵێتەوەو شی بکاتەوە.

ئاشكرایە كە شیعر لە جۆری جیاجیا، ئامادەیی جیاوازی تێدایەو بەكەڵكی لێكۆڵینەوەی بیری مێژوویی دێ، هەروەها بەشێكی گەورەی لیریكی هاوچەرخیش دەگرێتەوە. مرۆڤ هۆی خۆی هەیە بۆ ئەوەی كە جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان شیعرو بیر دان پێدا بنێ. بەم جۆرە شاعیرەكان پێشەكی بەشێوەیەكی گشتی ئەوەیان لەپێش چاو بووە، كە شیعر بۆ ئەوە نەكراوە كە بە پێوانەی لۆجیكو عەقڵ "لێی تێبگەین". هەروەك لەمەوپێش گفتوگۆی لەسەركرا.

بۆنموونە زمانی بەوێنەی شیعری نوێتر ناكرێ "وەربگێڕدرێ" بۆ پەخشانی ئاسایی- كە ئەمە لەگەڵ بەشێكی زۆری شیعری كۆندا دەكرا. بوونی ئەم زمانە بەوێنەیە هەمووی زادەی بەهرەی تایبەتیی شاعیرەكە خۆیەتی، بەبێ ئەوەی كە بۆ بناغەی لۆجیكی، بۆ جۆرێكی تر لە "واتا" بێجگە لەوەی خۆی بگەڕێتەوە. لە هەموو ئەمانەوە كە هێنامانەوە باشترە ئەو دێڕانە بهێنینەوە كە شاعیری لیریكی ئەمەریكایی ئارشیباڵد ماكلیش شیعرەكەی خۆی Ars poetica (ساڵی ١٩٢٤) پێ كلۆمكردووەو دەربڕی حاڵەتێكی ئاوایە، دەڵێ:

A poem should not mean
But be.

ئەو شیعرەی كە "واتا" نادات بەڵكو زۆر بەئاسانی "هەیە"و بێگومان سەختە كە لە ڕوانگەی ڕۆشنبیرییەوە ڕاوی بكەیتو بیگریت.

## میتۆدی بیۆگرافیی- پسیکۆلۆگی
Biografisk-psykologisk metod

لێکۆڵینەوەی ئەدەبناسیی بیۆگرافی- پسیکۆلۆگی توێژینەوەیەکە بە شێوەیەکی باش چەسپاوە. لە مەیدانی ئەدەبیدا پەیوەندییەك نییە کە وا دەربکەوێ روونو ئاشکراتربێ لەوەی کە لەنێوان شاعیرو بەرهەمەکەیدا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ رووالەتی جیاواز هەیە کە توێژەر دەخاتە بەردەم پرسیاری سەختی مەبدەئیو میتۆدییەوە. ئێمە لێرەدا بەبێ گوێدانە بیۆگرافیای شاعیرەکە، وەك هێلکارییەکی گشتیی ژیانی کەسایەتییەکی بایەخدارو دیار، ئەو بەڵگانەی دەربارەی کارەکە هەن زیاتر وەك داتایەك لەنێو ئەوانی تردا {بایەخ پێ دەدەین}و باڵادەکەن. کێشە تایبەتییەکانی زانستی ئەدەبناسی دەبنە {کێشەی} هەنووکەیی یەکەم، کاتێ توێژەر بەدوای ئەوەدا دەگەڕێ کە پەیوەندییەکی قووڵ لەنێوان شیعرو شاعیرەکەدا بچەسپێنێو وا تەماشای دەکا کە جۆرێك گفتوگۆو پەیوەندی لەنێوانیاندا هەیە.

لەڕوانگەی تیۆریی ئەدەبەوە جاروبار {توێژەر} لەوە وریادەکرێتەوە کە ئەزموونی شیعری، کەشوهەوا، گۆشەنیگا لەگەڵ هی شەخسیی شاعیردا بەشێوەیەکی تەریبیی ڕاستەوخۆ دادەنرێن. مرۆڤ بەهیچ شێوەیەك نابێ ئەو حسابە بکات کە کاری نووسەرێکی خاوەن بیر- کێشەی درامیی لە وێنەی ستریندبێرگو بەرهەمی "مایستەر (مامۆستا) ئولف" یان "گیانی کێویی" ئیبسن- وا خۆیان بناسێنن وەك کەسێکی موعەیەنو ناسراو لە شانۆگەرییەکەدا، لەگەڵ چۆنیەتیی هەڵسوکەوتو ڕەفتارو دەمو دوویان.

بەڵام ئایا ئەو (من)ەی کە لە شیعری "فێرکردن، ڕۆشنکردنەوە"دا، بەهیچ شێوەیەك خودی ئێریك ئاکسیل فیلدت نییە؟ بەشێوەیەکی سەرجەم ئەوە وایە. بەڵام ئەمە هەرگیز لەوەش بەدەرنییە، کە شاعیرەکە مافی تەواوی خۆیەتی کە هەندێ لاپەڕەی بوونی خۆی بە ناسکبێژی بنەخشێنێو دەورێکی لیریکی ببینێ کە ڕەنگە مەبەستی نەبووبێ وا هەست بکرێ کە ئەمە دەربڕینی کەسییەتی خۆیەتی. ئەو

ڕازگێڕەوە بەجۆشەی کە بەشدارە لە "ئەفسانەی یوستابیلینگ"دا کە لەسەر ڕۆژگارەکە دەدوێ‌و ڕووی دەم دەکاتە مرۆڤەکانی- ئایا ئەوە سەلما لاگەر لۆف نییە؟ {ژنە نووسەرێکی سویدیی بەناوبانگە}، تەبیعی، بەڵام ڕەنگە ئەو (من)ە هەروەها لە ئاستێکی دیاریکراودا دانانی دەورێك بێ، کە نووسەرەکە خۆی دەیبینێ بۆئەوەی ئەو چیرۆکە بگەیەنێ‌و بیگێڕێتەوە.

چەندێ جێگەی گومان‌و مەترسییە کە لە شیعرەکەوە بڕیار بدەیت‌و هەندێ ئەنجام بخەیتەڕوو دەربارەی زرووفی شەخسیی شاعیرەکەو کەش‌وهەوای هەست‌و سۆزی ئەو، ئێمە دەتوانین بە نموونەیەك ڕوونی بکەینەوە کە چۆن کارل فیلدت دەسنووسی بەرهەمەکەی دەگۆڕێ. شیعری "گەڕیدەیەك لە گۆرانییەکانی فریدۆلیندا"، کە ئەو ئەزموونە باسکراوەی ژیانە لەو وشە پڕناسۆرانەدا: "ئەوە وەرزێکی فریودەرو حەزێکی بێهودەبوو". بەڵام وەك یۆران میۆبێرگ نیشانی داوە، گۆڕانی بەسەرداهاتووە لە دەسنووسە ئەسڵییەکەدا ئاوایە: "ئەوە حەزێك بوو (گۆرانی دەگوت)و گڕی خۆشەویستی بوو". لە حاڵەتی یەکەمدا وێنەی نائومێدییەکی قووڵە دەربارەی ژیان، بەڵام لەئەوەی تریاندا ڕوانینێکی گەشبینانەیە" کێ دەوێرێ ئەوە ساغ بکاتەوە کە بیرکردنەوەی کامەیان "ڕاستی" یان "ڕەسەنی" کارفیلدتیان دەربڕیوە؟ ئاخۆ ئەمە ڕایەڵەی نێوان دوو هەستی دژ بەیەك نەبێ کە لە ناخیدا کۆبوونەتەوە؟ کامیان لەئەنجامدا لە شیعری "گەڕیدەیەك"دا حوزووریان هەیە، ڕەنگە مەسەلەیەکی ڕێکەوت بێ- ڕەنگە بەهۆی هەلومەرجێکی زۆر سادەو ساکارەوە بێ کە پێناسەی دوا ڤێرشنی سینتێزەکە بەهۆی باڵادەستیی ئیستێتیکیی سەردەرکردنی {نووسەرەوە بووبێ} لە هونەری وشە. بۆ هەر حاڵەتێکیان بێ ڕەنگە پەلەکردن بێ کە لە شیعرێکدا وا کۆتاییەکەی بە ڕەشبینییەکی گشتی یان بێزاری‌و بێتاقەتییەوە بێ لای خاوەنەکەی. ئەگەر شیعر لەبەر ڕۆشنایی ژیننامەدا بخوێنینەوە ڕەنگە زۆر خراپ سەرمان لێ بشێوێ، لە حاڵەتێکدا کە مرۆڤ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی تری نەبێ بۆ ئەوەی بەراوردیان بکا. بەشێوەیەکی گشتی تواناو دەرفەتێکی زۆر کەممان هەیە کە ئەم یارییە ئاڵۆزەی نێوان ئەزموونی کەسی‌و ئەو پرۆسە دەروونییەی لەپشت ئەفراندنی شیعرێکی تایبەتەوە هەیە- بخەینەڕوو.

وێرنەر ئاسپیرنستروم جارێك هەندێ وشەی ناكۆك بەڵام وردبیرانەو قووڵی دەربارەی شیعرو ژیان وتووە:

هەمیشە ئەوە ترسی گەورە نییە، هەروەها كامەرانیی گەورەش نییە كە ئێمە دەیكەین بە شیعر. لەوانەیە زۆرجار هەندێ ئەزموونی قەبارە ڕێكخراوی ترە كە دەبێتە شیعرێك یان هاوپێچی شیعرێك دەبێ- لەبەرئەوە شیعر بۆ پەیوەندیی خۆی پێویستی هەر بەم وێنەی بینراو یان ئەو وێنەی لەبیردا ماوە دەبێ. ڕەنگە كەسێك بە منداڵی مارمێلكەیەكی گۆشتخۆر گەستبێتی، ئەمە ڕووداوێكی زۆر نائاساییە، بەلای كەمەوە كە مرۆڤ بیرلەمە بكاتەوە كە ئەو جۆرە مارمێلكەیە دوای سەردەمی (جوری) {ڕۆژگارێكی مێژووییە لەناوی چیای جورای سویسری- فەرەنسییەوە هاتووە} نەمابێ. لەڕوانگەی بیۆگرافی (ژیننامە)وە ئەم رووداوە زۆر گرنگە، دەبێ مارمێلكەكە بەشێوەیەكی زۆر تیشكدار لە یادی كەسەكەدا ببریسكێتەوە. بەڵام ئاشكرایە، ڕوون نییە ئاخۆ شیعرەكە پێویستی بەوجۆرە یادەوەرییە هەیە، حاشاهەڵنەگرە كە شیعرەكە ئەو زۆریو گەورەییەی {بریسكانەوەكە} فڕێدەدا.

بەواتایەكی تر دەبێ بڵێین، ڕەنگە شاعیرێك هەبێ كە مارمێلكەیەكی وا گەورە گەستبێتی، بەڵام بێ ئەوەی بووبێتە هۆی نووسینی تاكە دێڕە شیعرێك.

لە ڕوانگەی توێژەرەكەوە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت كە هێزی پاڵنەری ئەفراندنی شیعر بەلای زۆرەوە لای ئێمە شاراوەیە. هەروەكو چیا سەهۆڵێنەكانی ناودەریا كە ئێمە نۆ لەدەی بارستاییان نابینینو لەژێر ئاودا شاراونەتەوە، ئێمە ناتوانین چاودێرییان بكەین. ئێمە ڕەنگرێژی بیۆگرافی- پسێكۆلۆگی خۆمان بەو یەك لە دەیەی لێمانەوە دیارە بونیاد دەنێین، دەبێ ئەوەش بە هەند بگرین، كە ڕەنگە بەشێكی زۆری سەرچاوەكانمان هەڵەو زەحمەتە جێی متمانە بن.

گۆشەنیگایەكی بایەخدار بۆ پەیوەندیی نێوان ژیننامەو شیعر لای ئاسپینستروم دەبریسكێتەوە، كاتێ ئەوە بیردەخاتەوە كە شیعر "بۆ پەیوەندیی خۆی" پێویستی بە ئەزموونی كەسی هەیە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ كە ئەم جۆرە هێڵكارییە لە چوارچێوەی بونیادی شیعرەكەدا ئەركێكی نوێ دەگرێتە ئەستۆو تەبیعەتیشی دەگۆڕێ. هەروەها گەلێ توێژەری تریش ڕاشكاوانە باسی جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان ژیانو شیعریان كردووە. بەشێوەیەكی هەڵە وێڵكو وارن وای بۆچوون كە شیعر دەبێ

"کوتومت دەربڕینێکی شەخسیو گواستنەوەی هەستو ئەزموونی شەخسی بێ"، "کۆپییەکی ژیان" بێ. بێگومان لەگەڵ ئەمەشدا مرۆڤ دەتوانێ ئەو هێڵکارییە بیۆگرافیانە بناسێتەوە، هەرچەندە ئەم کێشمانو گۆڕانە ڕەتدەکەنەوە"و هەموو مانای تایبەتیی شەخسی دەدۆڕێننو بەتەواوی دەبنە کەرەسەیەکی کۆنکرێتیو ڕەگەزێکی گونجاوی تەواوکەری شیعرەکە پێکدەهێنن".

لەم حاڵەتەدا کەس لاری لەوە نییە، کە لێکۆڵینەوەی مێژووی شەخسی جاروبار هەروەها نرخێکی زیادی هەیەو ڕەنگە کلیلێکمان بداتێ بۆ شێوەیەکی تری ئەو وەرچەرخانو پەیوەندییە ئاڵۆزو بەئاسانی ڕوون نەکراوانە. بەڵام وەك یاساو ڕێساش شتێکی ئەوتۆمان دەست ناکەوێ ئەگەر ژیانی شاعیرو بەرهەمەکەی دژو پێچەوانەی یەك بن- بەلای کەمەوە بۆ شیکردنەوەی بەرهەمەکەی. بەپێچەوانەوە جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی ئاوەها زۆرجار پرۆسەی کاری شیعری ڕۆشن دەکاتەوە، ئەو شێوازەی کە شاعیرەکە چۆن توانیویەتی ساتەکانی ئەزموونی خۆی لە نووسیندا دابڕێژێ.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژەی ئەوەبکرێت کە دەروونناسەکان بەجۆرێك میتۆدی دیاریکراو شیکارییەکی بە سیستێمی شاعیرو شیعرەکەیان کردووە. بەم شێوەیە ئیرنست کریتشمیر لە کارەکەیدا "بیری بلیمەتانە" (١٩٢٩) تیۆرییە ناسراوەکەی خۆی "بونیادی لەشو کاراکتەر"ی بۆ توێژینەوەی کۆمەڵێ نووسەری گەورە بەکارهێناوە. بەشێوەیەکی تر گەلێ جار باس لە شێوازی جیاوازی شیکاریی دەروونی کراوە، کە خودی خۆیان لە بنەواندا لە شیعر نەبزو بزووتنیان وەرگرتووەو بە دەوری خۆیان بایەخێکی دەگمەنو بەرچاویان بۆ ئەدەبی ڕۆژگاری دواتر هەبووە. مرۆڤ بەم جۆرە (هاملێت)ی شکسپیری دیوە-و هەروەها خودی شکسپیر خۆشی- شیکاریی دەروونییان بۆکراوە (ئێرنست یونس). جۆرە توێژینەوەیەکی دەروونناسی زانستی ئاوا بێگومان بیری بەنرخ دەداتە شیکردنەوەی شیعر، بەڵام زەحمەتە ئەمە وەك جۆرە میتۆدێکی بنەڕەتیی زانستی ئەدەبناسی بژمێردرێت. شیعر لێرەدا بە پلەی یەکەم ئەفراندنێکی هونەری نابێ، کە فۆرمێکی سیمبۆلی خۆیی بێ، بەڵکو مانیفێستێکە بە هەندێ حاڵەتی دەروونییەوە، کەرەسەیەکی لێکۆڵینەوەیە کە بە میتۆدی دەروونناسی گشتی یان پسیکۆلۆگیی نائاسایی کاری لەسەردەکرێ.

لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی سۆسیۆلۆگی دوو ڕواڵەتی سەرەکیی هەیە. بەڕای یەکێ لە تیۆریستەکانی، هانس نۆربێرت فوگین، لایەنێکیان کار لەگەڵ "ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە دەکا کە بەرهەمە ئەدەبییەکە دێنێتە کایە"، لایەنەکەی تری "بەهۆی کارە ئەدەبییەکەوە ڕێگای هاتنە پێشەوەی هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکە خۆشدەکا"، مەبەست کاریگەریی ئەدەبە لە خوێنەرو کۆمەڵ. هەردوو ڕواڵەتەکە لێك نزیکن و لەواقیعی کاریشدا لە زۆر لایەنەوە پابەندی هەلومەرجی یەکترین. لێرەدا جارێ لەپێشدا باسی ئەوەی یەکەمیان دەکەین.

لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە تەبیعی شەخسی شاعیرەکە ڕەگەزێکی گرنگە لە مەیدانی هێزی ئەدەبەکەدا. بەڵام ئەو {واتە شاعیرەکە} ئیتر تایبەتمەندیی خۆی وەك کەسێکی تاك نابینێتەوە- وەك ئەوەی کە لە توێژینەوەی بیۆگرافی پسیکۆلۆگی ئامێزدا هەبوو- بەڵکو دەبێتە جۆرێك، یان نوێنەری تاقم یان چینێك. ئەدەبی سۆسیۆلۆگی بەم شێوەیە لەو زرووفە کۆمەڵایەتییانە دەکۆڵێتەوە، بۆنموونە هی ئابووری، کە لە سایەیدا شاعیرەکە کاری ئەدەبیی خۆی بەرهەم دێنێ. سەدەکانی ناوەڕاست بۆنموونە نیشاندەرێکی چاکی نووسەرەکانە لە ئاستێکی فراوانی کۆمەڵایەتیی جیاوازدا:

قەشەیەك لە ژوورەکەی خۆیدا خەریکی نووسینە، ترۆبادۆر یان شایەرەکان لە سایەی دەستەڵاتی دەرەبەگدا دەژین، یان شاعیری گەڕاڵ و سەوداسەری بۆهیم مەشرەب هەن. لە قووڵایی باکوور {ئەسکەندناڤیا}دا مرۆڤ شاعیری گوندیی وا دەبینێ، کە خۆی لە هیچ کارێکی ڕەسمییەوە بەهیچ شێوەیەك نەئاڵاندبێ و لای پاشایەك بووبێتە شاعیری دەربار. دیارە مەسەلەکە ئەوەیە کە هونەری بەرهەمی شاعیرەکە لە هەلومەرجێکی ئاوادا ڕواڵەتێکی بەهێزی ئەو ئومێدو چاوەڕوانییەی پێوەبوو کە باتەقای ئەمە بکات.

پابەندییەکی چەسپاوی زیاتر لەنێوان شاعیرو جۆرێك لە دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکە یان کۆمەڵی چینایەتی بێگومان لەگەڵ ڕەوتی ڕۆژگاردا زیاتر بەپێت دەبوو و گەشەی دەسەند. ئەو گەشەسەندنە هاوکات بوو لەگەڵ چەسپانی دیموکراتی و ئەو توانا ئەدەبییەو فراوانبوونی بونیادناندا. "پێداویستیی ڕۆشنبیری" هەر هی

سەرچینێکی گوزەران باش نەبوو. وەك جۆری پیشە، نووسەرەکان هەرگیز بەشێوەیەکی ڕوون پابەندی دەوروبەری کۆمەڵایەتیو ژینگەیەکی دیاریکراو نەبوون. ڕەنگە ئەگەر بەشێوەیەکی ورد بیڵێین جۆرە تاقمێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت بوون. ئەم بارەش لە کێشە بەدەر نییە: وا دەکەوێتەوە کە شاعیر خۆی وەك کەسێکی ناشایانو پشتگوێخراو لە دەرەوەی کۆمەڵی سەردەمدا، دیبێ.

یەکێك لە ئەرکەکانی لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆگی ئەوەیە کە دەستنیشانی بنەچەی کۆمەڵایەتیی نووسەرەکان بکات، کە لە چ چینو توێژێکنو لە چ قۆناغێکداو لەوە بکۆڵێتەوە تا چەند ئەم هەلومەرجە کاری لەسەر کەشوهەوای ئەدەبیی ئەو ڕۆژگارە کردووە، بۆئەوەی نموونەی نزیك بۆ ئەمە بهێنینەوە، مرۆڤ دەتوانێ ناوی کۆمەڵێك نووسەر بهێنێ کە جێگە دەستیان بە شیعری (١٩٣٠)ەکانەوە دیارە: جان فرێد گۆرد، ئەیڤیند یۆهنسۆن، ئیڤارلۆ- یۆهانسۆن، ئارتور لوندکڤیست، هاری مارتینسۆن، ڤیلهێلم مۆبێرگو هەندێکی تر. هەموویان لە چینی جووتیارو دەوروبەرێکی پرۆلیتارییەوە هاتبوون- یوهنسۆن لە نۆرلاندی هەژارو، فرێد گۆردو لۆ یۆهانسۆن لە سمۆلاندی مەڵبەندی ڕەنجبەرانەوە. لەنێو ئەو شتانەدا کە هێنایانە ئەدەبەکەی ئێمە چەردەیەك بەرهەمی واقیعیی دەوڵەمەندبوو کە پێشتر لای جەماوەری خوێنەر- تاڕادەیەکی زۆر- نەناسراو بوو.

هەموویان سوودیان بۆ نووسین لەو دەوروبەرەی تێیدا گەورەبووبوونو لە ژینامەی خۆیان وەرگرتبوو و لە بەرهەمەکانیاندا بەکاریانهێنابوو: بۆ نموونە یۆهانسۆن لە "ڕۆمانێك دەربارەی ئولوف (١٩٣٤-١٩٣٧)، فرید گۆرد لە گوڵە ڕەیحانەکان (١٩٣٥)و هەروەها ڕێگای دەرچوو (١٩٣٦)دا. هەموو ئەو شتانەی نیگاریان کێشابوو، شتێکی جیابوو لەوەی کە ترادیسیۆنی نووسەرە پێشڕەوەکانی ئێمەبوو. ئیڤینید یۆهنسۆن باسی ئەوەی کردبوو لەکاتێکدا "ئۆدیسە"ی خوێندبۆوە پرۆژەی سازدانی فیلمێکی بەخەیاڵدا هاتبوو دەربارەی بیۆگرافیایەکی ساکار لەسەرووی نۆرلاند. ئەمە گۆشەنیگایەکی هەر تەواو جیاوازی بابەتەکەیە، لەوەی کە مرۆڤ لای خوێندکارێکی ئامادەیی یان لە تاقیکردنەوەی {کۆرسی} خوێندکارێکی مێژووی ئەدەبدا بەرچاوی دەکەوێ.

مرۆڤ لەبەردەم تۆقێك نووسەری ئاوا بەتواناو دەسترەنگیندا پرسیارێك دەكات، ئایا بنەچەی كۆمەڵایەتیی ئەوان چ بایەخێكی بۆ ئەدەبی ئێمە هەبووبێ‌و بێجگە لەبابەت‌و مۆتیڤی تازە هێنانە ناو؟! ڕەنگە هۆشیارییەكی مەزنی كۆمەڵایەتی، ڕوانگەیەكی ڕەخنەگرانەی كۆمەڵایەتی، ئەوە ڕاستییەكە كە ئەوان لە ڕۆتینی درێژخایەنی قوتابخانە بەدووربوون‌و ئەمەش وای لێ كردبوون كە كراوەتربن بۆ وەرگرتنی نەفەسی تازەو ئەزموونی نوێ لەو شێوازە ڕووالەتییە؟ ئایا ئەمە رێكەوتە كە ئانتۆلۆگیایەكی مۆدێرنانەی پێنج لاوەكە (١٩٢٩)- ئیریك ئاسكلوند، یوسف كێلگرێن، ئارتور لوندكڤیست، هاری مارتینسۆن، گوستاف ساندگرین- هی تاقمێك شاعیر بوو كە سەرجەمیان لەدەرەوەی ترادیسیۆنی ئەكادیمی بوون؟ ڕۆشنكردنەوەیەكی سۆسیۆلۆگی لەم جۆری پرسیاركردنە دەبوایە دەمەتەقێیەكی بگرتایەتەوە كە ئاخۆ ئەم ڕێبازە تازەكراوانەی سەندیكاكان‌و بزووتنەوەی خەڵك چییان دەگەیاند.

جۆرێك لە توێژینەوە كۆمەڵایەتییەكان لە نیگاركێشانی چینی دیاریكراوی كۆمەڵ‌و تاقمی خەڵك لە سەردەمێكی جیاوازدا دەكۆڵێتەوە. ئەو دەمەتەقێ گەرموگوڕەی لەم دەیانەی دواییدا دەربارەی بزووتنەوەی ژنان‌و دەوری ڕەگەز سەرنجی نەك تەنیا بۆ ئەوە ڕاكێشا كە چۆن ژنان لە ئەدەبدا پێشكەش دەكرێن، بەڵكو هەروەها بۆ ئەو ئەدەبەش كە خۆیان بە هەلومەرجی تایبەتییان لەڕووی دەروونی‌و كۆمەڵایەتییەوە- دەیخولقێنن. وەكو شتێكی لەم چەشنە گفتوگۆ دەربارەی ئەوە دەكرێ كە چۆن بێگانەی لە وڵاتی جیاجیاوە هاتوو لە ئەدەبی فیكشنی {بەخەیاڵ‌و فانتازیا}ی سویدیدا وەسف دەكرێ، هەروەها چۆن ئەدیبە بێگانەكانی سوید خۆیان ئەزموون‌و ئەندێشەیان لەنێو كۆمەڵی سویدیدا دەردەبڕن.

وەك شێوەیەكی تایبەت‌و سەختی لێكۆڵینەوەی ئەدەبی لەڕووی سۆسیۆلۆگییەوە، مرۆڤ هەندێ جار بەوەی دەستنیشان دەكات كە نزیكە لە ماركسیزمەوەو بە گیانێكی دیالێكتیكیی ماتیریالیستییەوە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێ كە هۆیەكی ڕاستەوخۆی نێوان شێوازی بەرهەمهێنانی كۆمەڵ‌و بونیادی چینایەتی لەلایەك‌و شیعر لەلایەكی ترەوە دەستنیشان بكات. بێجگەلەمەش ئەم لێكۆڵینەوەیە لەهەمان كاتدا هەڵسەنگاندن‌و نرخاندنێكی لەلایەن توێژەرەكەوە، هەروەها لایەنگرییەكیشی بۆ ئەو ئەدەبەی پەیدابووبوو دەگەیاند، لەڕوانگەی ئەو

{نووسەرەکەوە} وەك "پێشکەوتنخواز" نرخێندرابوو. بەشێوەیەکی کەمتر ئارتادۆکسیو زیاتر نوێخوازانە، ڕوانگەی مارکسیيانە ئاسەوارێکی قووڵی بە زانستی ئەدەبناسیو هەروەها بە لقەکانی تری توێژینەوەی مێژووییەوە بەجێهێشتووە. ناوی جورج لۆکاش (١٨٨٥-١٩٧١) وەك ناوێکی پرشنگدارو توێژەرێکی پێشڕەوی ئەدەبناسیی مارکسی دێنین، ئەو لە کارەکانی خۆیدا چارەسەری کێشەی ڕیالیزمی لە ئەدەبی ئەورووپاییدا کردووە، لای دانەرانی وەك: بەلزاك، ستاندال، زۆلا، گوتفرید کێللەر، تۆلستۆی، گۆرکی، تۆماس مانو کەسانی تر..

ڕوانگەی ئەدەبی سۆسیۆلۆگی لە سوید وتەبێژو نوێنەرێکی جێی متمانەو خۆشەویستی وەك ڤیکتۆر سڤانبێرگی هەبوو. سەرەتای کارەکەی ڕیالیزمی چینی مامناوەند (کۆکەرەوەی سالآنی ١٩٤٣، ١٩٤٤، ١٩٤٦) وەك ڕێگا چارەیەك وایە بۆ هەندێ بیرکردنەوەو بۆچوون دەربارەی هەندێ ئالۆزیی تیۆری لە باسکردنی شیعردا وەك "بەرهەمێکی ژیانی کۆمەڵ". ئەمە بەشێوەیەکی ڕاگوزاریو خێرا نیگاری ستۆکهۆلم لە سەردەمی بیلماندا دەکێشێو شیعری بیلمانیش ڕاستەوخۆ بە کەشوهەوای ئەو دەوروبەرەوە دەبەستێتەوە. ناوی "زەبروزەنگی ئێستێتیکیی کەسیی" لێ نراوە.

ڕوونو ئاشکرایە لە قوولآیی ئاوەزو عەقلییەتیدا ڕەگی داکوتاوە کە بابەتی هەڵبژاردەو دنیای بیرکردنەوەی ئەوی ئازادکردووە. ئەو بە ڕاگوزاری بەرەلآیە، بەبێ ئەرکێکی سەپێنراو. ئەو دەیبینی کە ئەو نرخ و بەها کۆنە بەرەلآ دەبێو وەك بابەتی یاری بەکاریان دێنێ، نەیتوانی شتێکی تازەی واش بدۆزێتەوە کە تێیدا سەقامگیرببێ. ئەو نە برسییەتی بە جددی وەردەگرێ، نە دەوڵەمەندی، نە نەخۆشیو نە لەش ساغی، نە مردنو نە ژیانیش. ئەم ئازادییەی، ئەو لە پایتەختی لەبیرکراوی دەستەلآتێکی بەهێزی ونبوودا، بەدەستهێنابوو. لەباری کۆمەڵێکی هەڵگەڕاوە بەبێ ئەوەی هیچ هیوایەکی تازەبوونەوەی تێدابێ.

هەروەها دواتر شتێکی تر دەوترێ: نیگارکێشانی ستۆکهۆلم لەلایەن بیلمانەوە بەشێوەیەکی هەژاو نائارام بوو، وەك ئەو ژیانە کۆمەلآیەتییەی ئەوی تێدا ژیاوە، بەواتایەکی تر پەیوەندییەکی پێویست لەنێوان خودی گیان لە شیعری بیلمانو عەقلییەتی ئەو سەردەمانەی ستۆکهۆلمدا هەیە.

بەرانبەر یەك ڕانانو گرتن بەشێوەیەکی سەیر دەبینرێ، بەڵام هەندێ وەرچەرخانیش لەبەردەستدان. بۆ هی یەکەمیان زۆر زەحمەتە کە تایبەتمەندییەکی سەرجەمو ئیقلیمگیری "گیان"ی ئەو سەردەمە یان هی شاعیرێك بەشێوەیەکی جیاو توخن نەکەوتوو- دەستنیشان بکرێ. ئایا بەتەواوی ڕاستە کە بیڵمان مردنی بەخەیاڵدا نەدەهات؟ مرۆڤ ناتوانێ چاو بنووقێنێ لە ئاست نامەکانیدا دەربارەی نەخۆشی سیل، ماڵئاواییو مردن؟ ئەگەر مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتیش ڕێکبکەوێ لەسەر سەرجەمی تابلۆکە: هەم کاتو هەم شیعری بیڵمان، چۆن ئەوکاتە دەتوانێ بەڕاستی بگاتە ئەو دەورەی شاعیرەکە خۆی دەربارەی عەقڵییەت لە شیعرەکانیدا بینیویەتی؟ ئەوەی کەسییە وەك هۆیەکی ناعەقڵانیو بەدەست نەهاتوو دێتە پێش چاو. بەڵام ناشتوانین تەبیعی خۆ بە دووربگرینو لە حساب ڕاستکردنەوەدا هەر کۆمەڵمان لەبەرچاوبێ، گوایە بەپێچەوانەی ئەوەوە وا خۆمان دەبیینین، زیاتری دەربارە دەزانین. لێرەدا قسە لەسەر ئەو هۆیانەیە کە ناتوانرێ لێك سنووردارو جیابکرێنەوە بەڵکو هەمیشەو بێ کۆتایی ئەرکەکانیان وەك لەشو گیان کار لەیەکدی دەکەن. یەکێك لە سەختییەکان ئەوەیە، ئێمە کۆمەڵێ شاعیری وەك بیڵمانمان نییە، تەنانەت دووانیش نین، ئەو تاقانەیە. ئەوەش بەس نییە کە بکرێتە بنەمایەك بۆ بەیەکەوە گرێدانی زاراوەکانی وەك هۆو کاریگەری لەنێوان کۆمەڵو شیعردا.

هەروەها بێجگە لەمەش ئاسان نییە بۆ ئێمە کە ڕۆژگاری شاعیرێکی گەورەی وەك بیڵمان لەبەر ڕۆشنایی شیعرەکانیدا ببینین، چونکە ئێمە "گیان"ی سەردەمەکەی نەك بەبێ بیڵمان بەڵکو بەو ئیلهامەی ئەو پێی بەخشیوە شیدەکەینەوە؟ لەم حاڵەتەدا ئێمە ڕووبەڕووی جۆرێك لە جوغزی بەڵگەو سەلماندن دەبینەوە، مەترسیی ئەنجامدانی ئەمە بێگومان لە هەندێ ڕاوێژو مشتومڕدا دەربارەی پەیوەندیی ئەم جۆرە کارەی ئێمە- هەر دەمێنێ. ئالۆزییەکی زیاتریش لە پەیوەندیی کۆمەڵ- شاعیردا ئەوەیە مەرج نییە هەموو کاتێ تایبەتمەندییەکی هاوئاهەنگیی گونجاوی هەبی وەك ئەوەی پەیوەندیی بە بیڵمانەوە هەیە. ئەوەی زانراوە بەپێچەوانەوە هەمیشە باس لە بەرپەرچدانەوەو نارەزایی دەربڕینە. مرۆڤ هەندێ جار ئەوەی دێت بەبیردا ئەو شاعیرانەی کە زۆر چاك ئاوێنەی ڕۆژگاری خۆیانن، بۆیە لە گەورەکانن، ئەوانەی لەڕووی هونەرییەوە زاڵو لەپێشەوەن. بەڵام چەمکی نرخاندنەکە لە هەمووشت کەمتر

ڕوونو دیاره. ئایا عەینەن مایەی ڕامانو بیرکردنەوە نییە، کە ئەو شاعیرە گەورانە- کە کەمتریش نا، خاوەن سیماو دیارن- زۆرجار نەگونجاو و ناتەبان لەگەڵ سەردەمەکەیاندا یان دەربڕی هەندێ ڕێبازو تەوژمی {ئەدەبیو هونەرین} لە هەموو حاڵەتێکدا بەشێوەیەکی گشتیو سەرجەم باونین؟! لێرەدا ڕووبەڕووی گرفتێکی تر دەبینەوە، کە چی باوەو نوێنەری سەردەمە. دەکرێ بڵێین کە شیعری پێرلاگەرکڤیست دەنگی سەردەمی خۆی بوو؟ و بە چ مانایەکو ئەم حاڵەتە چۆن بوو؟ ئاخۆ گونجاوتر نەبوو ئەگەر حسابی نۆڤێلی ڕۆژنامە هەفتەییەکەی وەك موعەدەلێکی زیاتر لەگەڵ ئاوێنەی ڕۆژگاردا ڕێککەوتوو بۆ بکەین، کە دەربڕینێکی چەسپاوی بیرکردنەوەی مرۆڤی ئاسایی، دنیای هەستو سۆزو پێوەری هەڵسەنگاندنی بوو؟

ڕواڵەتی سۆسیۆلۆگیی پەیدابوونی ئەدەبو هونەر ئەوکاتە دەگاتە هەقی خۆیو بەباشی هەڵدەسەنگێنرێ، کاتێ پابەندیی قۆناغێکی دیاریکراوو ڕێبازێکی ئەدەبیی ڕۆژگارێکی دەستنیشانکراو دەبێ وەك سەرجەم {دیاردەکە}- کاتێ بناغەکەی ئەوەندە فراوانە کە شایانی مامەڵەکردنێکی شێوازێکی پوختی سۆسیۆلۆگییە. ئەمە جاروبار ئەوە دەگەیەنێ کە مرۆڤ خۆی لە هەندێ ڕوانگەی تایبەتیی ئیستێتیکی بە دوور دەگرێ. هەروەك فیوگین دەدانی پێدا دەنێت، ئەدەبی سۆسیۆلۆگی کە لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆگییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین، ناکرێ کە "خەسڵەتی ئیستێتیکی"ی تێکەڵ بکەین. ئەمە ڕوونو ئاشکرایە حسابی "پێوانەی سۆسیۆلۆگی" لەگەڵ بەکاردەهێنرێ.

## پۆیەتیك Poetic

ئەم وشەیە یۆنانییە (poetic) هەروەها ناونیشانی ئەو زنجیرە موحازەرەیەی ئەرستۆیە کە دواتر کۆکراوەتەوەو بڵاوکراوەتەوە. وشەی poiétike techne (هونەری شیعر- دانان) زانستێکە دەربارەی سیستێمی ڕێگاکانی دەربڕینو یەکێکە لە دیسپلینە هەرە کۆنەکانی ئەدەبناسی. لە ڕوانگەیەکی بەرفراواندا پۆیەتیك بەشێوەیەك لە شێوەکان دەچێتەوە سەر تیۆریی ئەدەبو وەك مەیدانێکی تیۆریی ئەدەب دەستنیشاندەکرێت.

پۆیەتیك لە تایبەتمەندیی ژانرو شێوە ئەدەبییەکان، ڕێبازو تەوژمەکان، ستایلو میتۆد دەکۆڵێتەوە، هەروەها لە یاساو ڕێسا ناوخۆییەکانی بەرهەمی ئەدەبیو پەیوەندییان سەرجەم بە ئاستی هونەرییەوە دەتوێژێتەوە. بۆنموونە پۆیەتیکی کلاسیزم، ڕۆمانتیزم، پۆیەتیکی ڕۆمان... هی بەرهەمی نووسەرێك یان لایەنی بەرهەمی نووسەرێك. لەبەرئەوەی شێوازەکانی دەربڕین دەچێتەوە سەر زمان، بۆیە دەکرێ پۆیەتیك بە زانستێك لەقەڵەم بدەین کە لە شێوازی هونەریی زمان دەکۆڵێتەوە. پۆیەتیك لە هەموو ئەو ڕەگەزە هونەرییانە دەکۆڵێتەوە کە دەوریان لە سازدانی بەها ئیستێتیکییەکانی تێکستەکەدا هەیە. هەروەها دەبێ بە دوو بەشی بنەڕەتییەوە:

## پۆیەتیکای گشتی

دەکرێ بە سێ مەیدانەوە، کە لە ئاوازە، ئاخاوتن- وشەو بونیادی وێنەی تێکستەکە دەکۆڵێتەوە. ئامانجی گشتیی پۆیەتیك- هەموو لایەنە ئیستێتیکییەکانی دەربڕینی هونەری هەر سێ مەیدانەکە دەگرێتەوە. ئەوەی پەیوەندیی بە هی یەکەمیان- ئاوازەوە هەیە، ئەوە فۆنەتیك، ڕیتمو کێشو سەروا... دەگرێتەوە، کە بەشێکی تایبەتیی هونەری شیعرن، هی دووەمیان، لە وشە، مۆرفۆلۆگیاو سینتاکسی بەرهەمە دەکۆڵێتەوە، کە دەچێتەوە سەر لایەنی ستایلو شێوازی نووسین، چونکە ستایل چ وەك دیسپلینێکی ئەدەبناسی هەروەها زمانەوانی یەکن. زۆر لەمێژە لە ڕەوانبێژیدا وەك ڤیگەری شێوازە هونەرەکانی ناسکبێژیو ڕەوانبێژی لێیان کۆڵراوەتەوە. زۆرجاریش لە هەندێ لایەنی باسو بابەتەکان- theme- یش کۆڵراونەتەوە، هی سێیەمیان- وێنەی کەسەکان، یان شتەکان، مۆتیڤ (کارو هەڵەکردن) سووژێتی پابەندی جەوهەری کردەوەکە- بابەت.

## پۆیەتیکای تایبەتی

پۆیەتیکای تایبەتی لە هەموو ئەو لایەنانەی بەرهەمی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە کە لەمەوپێش ژمێردران، لە ڕوواڵەتەکانیانو بەم هۆیەوە "مۆدیل"ێك، سیستێمێکی ڕەگەزە ئیستێتیکییەکانی بەرهەمەکانیان دەهێنێتە ناو و دەخولقێنێ. گرنگترینو سەرەکیترین مەسەلەی پۆیەتیك- بونیادی بەرهەمەکەیە، بەواتایەکی تر پەیوەندیی

هەموو ڕەگەزە هونەریو ئیستێتیکییەکانی بەرهەمەکەیە، کە بە هاوئاهەنگی بونیادی هونەریی بەرهەمەکەیان وەك (کوللێك) خەملاندووە {لایەنی فۆنەتیکی، ئاواز، کێش، ستایڵ، سووژێت، وێنەو...هتد}. لە فۆرمە بچووكو گەورە ئەدەبییەکاندا هەیە، بۆنموونە (تایبەتو گشتی)، (بەشو هەموو)، بۆنموونە لە پەیوەندیی ڕەگەزەکاندا زۆر بەیەکەوە پابەندن، بەڵام لە فۆرمە گەورەکاندا بەلای کەمەوە، لەنێوان سووژێتو لایەنی فۆنەتیکیدا، لە یەکەم خوێندنەوەدا ئەم پەیوەندییە خۆی ڕەنگە نەدا بەدەستەوە، بەڵام لەگەڵ چەندجار خوێندنەوەدا دێتەئارا... هەروەها ستایڵیش بەشێکی پۆیەتیکە، لە ئەدەبناسیدا بەشێکی تیۆریی ئەدەبە.. لە بەشی داهاتوودا دێینە سەر باسی ستایڵو میتۆدی ستایلی.

## شێواز/ ستایڵ Style

ستایڵ لە ئەدەبدا {لە وشەی لاتینیی (stilus) وە هاتووە، کە بەواتای (ئووچ) دێ، کە نامەی پێ نووسراوە، یان شێوەی نامەیە}. ستایڵ پەیوەندییەکی پتەوی سیستێمی وێنەیە، ئامێری هونەریی دەربڕینە، کە تایبەتمەندیی کەسیی داهێنانی نووسەرێ، تەنیا بەرهەمێ. ڕێبازێ، قوتابخانەیەکی ئەدەبی، ژانرێك، یان ئەدەبی نەتەوەو قۆناغێك نیشاندەدا. تایبەتمەندییەکی شێوازی دەربڕینە لە پەخشان یان شیعردا، چۆن نووسەرێك شتەکان دەڵێت، شیکردنەوەو خەملاندنی ستایڵ، تاقیکردنەوەی نووسەرە لە چۆنیەتیی هەڵبژاردنی وشەدا، شێوەی زمانەکەیەتی، لادانییەتی {هی ڕەوانبێژیو لایەنەکانی تر}، شێوازی ڕستەکانی {ئاخۆ ئازادن یان هی زمانی ڕۆژنامەوانیو بڵاوکراوەکانن}، شێوەی پەرەگرافەکانی- لەواقیعداو بەکورتی هەموو ڕووالەتەکانی دەربڕینی زمانەکەیو چۆنیەتیی بەگەڕخستنو بەکارهێنانیانە، لەڕووی سینتاکس، وێنە، ڕیتم یان بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی ناسکبێژییەوە...هتد.

ستایڵ پێویستی بە شیکردنەوەو پێناسەی تەواو هەیە. ئەمەش ئاسان نییە، چونکە ستایڵ دەنگو ئاوازەی خودی نووسەرە، تایبەتە بە کەسایەتیی ئەوەوە، وەك پێکەنینی، ڕۆیشتنی، دەسنووسو تەعابیری دەموچاوی، ستایڵ خودی کەسەکە- هونەرمەندەکەیە.

لەگەڵ ئەمانەشدا ستایڵ لەبەر ناچاریو ڕوونکردنەوە دابەشکراوەو هەندێ جار ئەم دابەشکردنە یارمەتیدەری تێگەیشتنە لە چەشنی ستایڵ، ئاوان جۆرەکانی:

أ- بەگوێرەی قۆناغ- میتافیزیکی، ئاوگوستیان...

ب- بەگوێرەی نووسەرەکان- ستایلی شیشرۆنی، چۆسەری، میلتۆنی، هەمینگوایی...هتد.

ج- بەگوێرەی زمانەکەی- زانستی، شیعری، ڕۆژنامەوانی...هتد.

د- یان بەگوێرەی ئاست- بەرز، مامناوەند، نزم.. بابەتو جۆری نووسینەکە.

ئەم سێ ئاستەی دوایی ستایلی دیاریدەکرد، بۆنموونە epic- داستانەشیعر دەبوایە بە ستایلی بەرز بنووسرایە، بەڵام ساتیر- تەنزو تەوس دەبوایە بە ستایلی نزم بنووسرایە، بەڵام دوای شۆڕشی ڕۆمانتیکییەت ئەم هەرەمییەتەی ستایڵ گۆڕرا بە شێوازێکی ترو ستایڵ وەك دەربڕی کەسییەتی تاکی هونەرمەند سەیریدەکرا.

جیاوازیی ستایڵ لە کەتیگۆرییەکانی تری پۆیەتیك {هونەری شیعر- دانان}، بەتایبەتی میتۆدی هونەری- لە بە ڕیالکردنی ڕاستەوخۆو دیاریکراوی تایبەتمەندیی ستایلدایە وەك ڕووالەتی دەرەوەی بەرهەمەکە، وەك تەبیعەتێکی بەرجەستەی بەرهەمەکە کە نیشانەی یەکێتیی بەرهەمەکەو هەموو ڕەگەزە هونەرییەکانی شێوەکەیەتی. ستایڵ- بەمانایەکی فراوانتر- ڕەنگدانەوەی چەمکی بونیادو شێوازی هونەریی بەرهەمەکەیە، کە نیشاندەری یەکێتیی هەستپێکراوی کامڵییەتیی بەرهەمەکەو لایەنە هونەرییەکانییەتی. لەگەڵ ئەمەشدا "ستایلی گەورە" جیاوازە، بۆنموونە سەردەمی (ڕینیسانس، بارۆك، کلاسیزم)، هەروەها ستایلی ڕێبازو تەوژمی نەتەوەیی، یان هی تاکەکەس، یا ستایلی سەردەمی نوێ.

پەیوەندیی نێوان ستایلی تاکەکەس (هونەرمەند)و ستایلی مێژووییو ڕێبازەکان لە سەردەمی جیاجیادا بەشێوەی جیاواز دادەڕێژرێن. وەك باوە- یاساو ڕێسا، لە قۆناغە سەرەتاییەکانی گەشەسەندنی هونەردا ستایڵ یەك جۆر بوو، هەموو شتێکی دەگرتەوە، بەشێوەیەکی دیسپلیندار پەیڕەوی بیروبۆچوونی ئاینیو ئایدۆلۆجیی دەکرد. وەك زانای ناوداری ڕووس د.س.لیخاچۆڤ، لە توێژینەوەی "گۆڕانی ئەدەبی ڕووسیی سەدەی {X-XVlll}دا دەڵێ: "لەگەڵ گەشەی چێژوەرگرتنی ئیستێتیکیو پێداویستیی {ئەو گۆڕانو گەشەسەندنە} "ستایلی سەردەم" و "کۆدی ئیستێتیکیی

سەردەمو ئەم جۆرە چەمکانە بەردەوام بەرەو لاوازی دەڕۆیشتنو پێداویستی ستایلی تاکانەو تایبەتی {هونەرمەند، دەهاتە ئارا}" ١٩٧٣، ل١٨٢.

لەگەڵ سەردەمی نوێدا ستایلی ئەدەبیی تاکەکەسی کە لەگەڵ ستایلی ڕێبازو قوتابخانەکاندا زۆر نەدەگونجاو زیاتریش کاری لە "سیما" و "ستایلی گەورە" دەکردو ستایلی نەتەوەیی دیاریدەکرد. هەروەها گۆڕانی مێژووی ستایلە ئەدەبییەکان زنجیرەیەکی نەپساوی بەدوای یەکدا هاتوو و گرێدراوی {دەقاودەقی} ستایل نەبوون: دابڕان لە کەلەپووری ستایلی تەقلیدیی پێشوو، گەشەسەندنی بەهێزی یاساو ڕێسای نوێی ستایلو ستایلی نوێ، خەسڵەتێکی زاڵی قۆناغە مێژوویییە جیاجیاکان بوون لای دانەرانی جیاجیا.

لە سەردەمانی ئانتیکدا وشەی ستایل شێواز، داڕشتنی دەربڕین، نموونە ستایلییەکان، هەریەکە لە جۆرە ڕەوانبێژییەکانیو زمانییەکانی دەگەیاند {زانیاری دەربارەی سێ ستایل}، کە مۆدەو نموونەکانی کلاسیزم بوون. لە سەدەی حەڤدەیەمدا ستایل مەودایەکی تایبەتیو خەسڵەتێکی زمانەوانی هەبوو، لە سەدەی هەژدەیەمدا زاراوەی "ستایل" تایبەتمەندییەکی فەلسەفیو ئیستێتیکیی پەیدادەکات. هیگڵ چەمکی ستایلی بە تیشکدانەوەو ڕەنگدانەوەی هونەریی پێشبینیی جەوهەری سەرەتای (بوون)ەوە گرێدەدا. هەرچەندە لە ڕۆژگاری ئانتیکدا ئەوەی زاڵبوو ستایلی گەورەو بەشێوەیەکی سەخت پەیڕەوکراوبوو، بەڵام وردە وردەش لەگەڵیدا چەمکی ستایلی شەخسیی هونەرمەند، وەك پێداویستییەکی سەردەمو جۆری تایبەت هاتە ناو و دواتر لە سەردەمی ڕینیسانسدا بەهۆی ئاوڕدانەوەوە لە ستایلی میللیو بایەخ دانەوە پێی، هاتنەکایەی ستایلی تایبەتی هونەرمەند بوو بە کارێکی حاشاهەڵنەگر.

هەرچەندە ڕەگەزی شێوەی یەکگرتووی ستایل لای قوتابخانەی ڕۆمانتیزم هەر بە بەهێزی مابۆوە، بەڵام ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆبکرێت ئەوەیە کە ڕۆمانتیکەکان خۆیان لە خەباتو کۆششی سەختدابوون لە دژی شێوازی کلاسیکیی ستایلو دەیانویست کە شێوە ستایلی خۆیان زاڵبێ، چونکە پێیان وابوو هەر سەردەمەو پێویستی بە ستایلی خۆی هەیە.

لای ڕیالیستەکان، هەندێ گۆشەنیگای تازە هاتەکایە کە جیاواز بوون لەوەی ڕۆمانتیکەکان کە جەختیان لە کەسییەتی هونەرمەندو ستایلی تایبەتیو تاکەکەسی

هونەرمەند دەکرد. ئەمان (ریالیستەکان) پێیان وابوو، کە ناشێ هونەرمەند هەر لە ڕوانگەی تاکەکەسەوە وەربگیرێ، بەڵکو مەعریفەی تاکەکەسو واقیع لێکدانەبڕاونو تەواوکەری یەکترینو ئەمان ڕوانگەی لێکترازانی لە جیهان ڕوانینو لێکدانەوەییان بە بۆچوونی خۆیان چارەسەردەکردو لایان وابوو، کە تێگەیشتن لە بوونو واقیع بەشێوەیەکی دانەبڕاو لە دیدی هونەرمەند، کامڵترو قووڵترەو بۆیە ئەم جۆرە جیهانبینییە دەبێتە هۆی گەشەی ستایڵی تاکەکەسیی هونەرمەند، نەك بە پێچەوانەوە. بەواتایەکی تر ئەوان، ئەو دژایەتییەیان لەنێوان {تاك}ی هونەرمەندو واقیعو کۆمەڵدا نەدەبینی. نموونەشیان بۆ ئەم بیروبۆچوونانەیان ئەو گۆڕانکارییانە بوون کە لە ژانری ڕۆماندا، بەدیهاتبوون، بەتایبەتی دوای توێژینەوەو گۆشەنیگا تیۆرییەکانی م.باختین کە لە جیاتی ڕۆمانی (مۆنۆلۆگ) ئەم باسی ڕۆمانی {پولیفۆنی} {فرەدەنگی} دەکاو باشترین نموونەشی ڕۆمانەکانی م.ف.دیستۆیڤسکین، کە ڕەوتی هونەری ڕۆمان نووسینی لە جیهاندا گۆڕیو لەباتی یەك کاراکتێرو یەك دەنگ، یان بەواتایەکی تر یەك ستایڵ، ئەو کەسایەتیو پاڵەوانی جیاوازو ستایڵی جیاوازی لەچوارچێوەی هونەری ڕۆماندا هێنایەئارا.

لە هەندێ ڕێبازو قوتابخانەی ئەدەبی ڕۆژئاوادا هەندێ چەمکی ستایڵی ریالیستی مەرجدار پەیدابوون، کە دەتوانین ستایڵی ڕووناکبیرانەیان ناوبنێین، بۆنموونە لای تۆماس مان، یان "تەوژمی هۆش" لای همینگوای، جیمس جۆیسو فولکنەر، وەك جۆرێك لە گێڕانەوەی چیرۆك، بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك.. {قسەکەر}..

لەگەڵ گۆڕانی خێرای ژیانی سەردەمدا هەوڵی ئەوە دەدرێ، کە پەیوەندیی ستایڵ لەنێوان تاکی هونەرمەندو مەعریفەی هونەریی گشتیدا بخولقێنرێ. هەروەها یەکێك لە گیروگرفتەکانی تری ستایڵ، کە جێگەی مشتومڕو دەمەتەقێیە، جۆری ئەو زمانە ئەدەبییەیە کە پێی دەنووسرێو هەڵویستی ئەدەبناسانە لە زمانی ئاخاوتن، یان زمانی سادەی خەڵك، ئاخۆ دەشێ، کە باس لە یاساو ڕێساو هەندێ نەریتی ئیستێتیکی بکرێ، کە جیهانبینیو کاری نووسەرە لەگەڵ زمانو پێویستی بە ئەزموونو کارامەییو خەریکبوونی هەمەلایەنەو قووڵی زمانەوە هەیە، تێکەڵی "ئاخاوتن"و زمانی گەلاڵەو نەقاڕی نەکراوو ساونەدراوەوە بکرێ.. ئاخۆ ئەمە دەگاتە ئاستی ئیستێتیکیو جوانیی زمانێك کە دەربڕی مەعریفەیەکی هونەریو ئەخلاقی

بێ؟! پەسەندکردن یان بە هەند وەرنەگرتنی ئەم جۆرە ستایلە کە سوود لە زمانی ڕۆژانەو ناستاندارد وەربگرێ، تائێستاش بەگوێرەی بۆچوونی هونەرمەندو ڕێبازو قوتابخانە ئەدەبییەکان دەگۆڕێ.*

## میتۆدی ستایلی ( شێوازناسی ) Stilistisk metod

ئەگەر لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی کۆمەڵایەتی بەڕاستی بەدەوری جوغزی بابەتی ئەدەبدا بسووڕێتەوە، ئەوا مەبەستی ڕاستەوخۆی ستایلناسی لەچوارچێوەی تایبەتمەندیی خۆیدا لە شیعر وەك هونەری وشە دەکۆڵێتەوە.

بەلای زۆرەوە ماناو بایەخی توێژینەوەی ستایل، کاتێ هەر تێکستێ دەخوێنینەوەو بەرهەمێکی ئەدەبی شیدەکەینەوە، دەکرێ A و O ناولێ بنرێ. هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە کە ئێمە هەمیشە دێینەوە سەرو ئاوڕی لێ دەدەینەوە بۆئەوەی شیکارییەکانمان بسەلمێنین و نوێ بکەینەوە. پێشتر هەندێ ڕووالەتی هەمەجۆرمان دەربارەی ستایل، بەتایبەتیش لە بەشی "شیعر وەك هونەری زمان، ڕیتم، کێش، ستایل"دا پێشکەشکرد. لێرەدا بەچەند گۆشەنیگایەکی میتۆدی تەواوی دەکەین.

مرۆڤ لەنێو ئەوانەدا ماکرۆستایل و میکرۆستایلی جیاکردۆتەوە. مانای زاراوەکان وایە، ئەوەی یەکەمیان ستایلی گەورەیە- قۆناغێك، ژانرێك، سەرجەمی بەرهەمی نووسەرێك دەگرێتەوە، بەڵام دووەمیان بەپێچەوانەوە، بەشێوەیەکی چالاك لە تەنیا شیعرێك، {بەرهەمێك} دەکۆڵێتەوە. دیارە ئەو میتۆدانەی کە خراونەتەگەڕ لە

---

* بە یارمەتیی ئەم سەرچاوانە ئەم بەشە نووسراوەو بەشێك نییە لە کتێبەکەی وەرگێڕدراوە:

١. ڤ.م.کۆژێڤنیکۆڤا و پ.ئا.نیکۆلاییێڤا.

فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیی ئەدەبی، ١٩٨٧، ل٤٢٠-٤٢٢. ئەسڵەکەی بە ڕووسی سەرچاوەی ژمارە (١٣)ی پێشەکییەکەیە.

2- J.A.Cuddon. A Dictionary of Literary Terms, N-Y, 1984, p. 663.

3- Oxford Concise Dictionary Literary Terms U.K London, 2006, p. 247.

هەردوو حاڵەتەکەدا زۆر لێك جیاواز دەبن. ماکرۆستایڵ دەبێ خۆی لە هەندێ مەسەلەی (زاتی) دووربخاتەوە. ئەم ڕەنگە خەریکی توێژینەوەی یەکە تایبەتییەکانی میتافۆری سەردەمی بارۆك، گەنجینەی وشەی ڕۆمانتیکی، دیالۆگی ئیمپریسیۆنیزم یان ڕستەسازیی ئێکسپریسیۆنیزم بێ. بۆ هەندێ مەبەست ئەم لقەی ستایلناسی جاروبار ڕەنگە ژمارەو هەژمارکردن لە گرتنە ئەستۆی ئەرکی {توێژینەوەی} خۆیدا بەهەند وەربگرێ. هەروەها ئەو ژمارانەش کە بۆ توێژینەوەکە بەکاردەهێنرێن، کەم نین ئەو جارانەی کە دەخرێنە ڕوو، گەلێ جاریش دووبارەبوونەوەی ئەم یان ئەو جۆری ڕەگەزی ستایڵ جێ پەنجەی خۆیان بە ستایلەوە جێ دەهێڵن، میکرۆستایڵ لە دەوروبەرێکی تەسكو سنوورداردا جموجوڵ دەکاو بۆیە پەیوەندییەکی نزیك لەگەڵ بەرهەمەکەدا، یان بەشێکی تایبەتی تێماکە {بابەتەکە}دا پەیدادەکات. هەروەها دەکرێ لێرەدا لە یاریی نێوان ئاستی جیاجیای بونیادی ستایلەکە- دەنگ، ڕیتم، بەدوای یەکدا هاتنو هەڵبژاردنی وشە- بکۆڵرێتەوە.

ئاشکرایە ئەمانە بۆ توێژینەوەو شیکردنەوەی ماکرۆستایڵ زۆر بە نرخو بەهاو پێداویستییەکی حاشاهەڵنەگرن، یان بەلای کەمەوە بۆ تێگەیشتنو زانیارییەکی لەوجۆرە، ئەمانە چوارچێوەیەکی سەرچاوە بۆ بردنە پێشەوەی کارەکە پێشکەش دەکەن، کە لە هەناویدا هەریەکە لەو کەسانە دەتوانن لە قەبارەی تایبەتمەندی خۆیاندا شێوازی خۆیان دیاریبکەنو نیشان بدەن.

شێوازی لێکۆڵینەوە لە ستایلی نووسەرێکی دیاریکراو یان هەر کارێکی تەنیای ئەدەبی، لەوەیە پەرەبسێنێ. لە توێژینەوەیەکی زیاتر تەقلیدیی ستایلدا کەرەسەکە بەشێوەیەك بەکاردەهێنرێ کە زیاتر دوای کاتیگۆرییە زمانیو ڕێزمانییەکان، هەروەها شوێن چەمکە ستایلییە تەقلیدییەکانو ئەو "ڤیگورانە"ی کە دەبنە هۆی گۆڕانو گەشەسەندنی هونەری دەکەوێ، بەتایبەتیش لەکاتی وەسفکردنێکی هەمەلایەنەو جیاوازدا لەوانەشە بە هەندێ خاڵ کار بۆ بەراوردکاری لەگەڵ شاعیری ترو بەرهەمی دیدا ئاسان بکات. لەلایەکی ترەوە ڕەنگە قورس بێ کە ئەمە لە مۆزائیکێکدا کۆبکەیتەوەو یەکی بخەیت، وێنەکە بەئاسانی لێك جیادەبێتەوەو خشتەیی دەبێت.

شتێك كە زیاتر بەرهەم بەخش بێو مرۆڤ دۆزیبێتییەوە ئەوەیە كە ستایلی جیاواز لەژێر ناونیشانی سەرەكیی ئیستێتیكیو پسیكۆلۆگیدا كۆبكەیتەوە، وەك دەربڕینێكیش بێ دەربارەی جۆرێك لە "ئارەزووی ستایل"، هەندێ پەیوەندیو هەلۆیستی گەرموگوڕ، یان ڕەنگە مرۆڤ وەك ڕۆمانیستی ناسراوو توێژەری ناسراوی ستایل لیۆ سپیتزەر (١٨٨٧-١٩٦٠) خەریكی توێژینەوەیەكی گەرمی دەقێ، یان یەكەیەكی دەقی زمانی شیعریی شاعیرێك ببێو بیدۆزێتەوە: مەبەست لە بەوردی سەرنجدانە لە نزیكترەوەو بەكارهێنانی گونجاوی جۆرێك لە ئاراستەی گۆڕانی سینتاكسی...هتد لە گۆشەنیگایەكی دیاری لەم شێوەیەدا سنووردارەو لەوەیە لە حالەتێكی گونجاوو لەباری ئاوادا هەندێ لاپەڕەی زۆر گرنگی نووسەرایەتیی {نووسەرێ} ڕۆشنبكرێنەوە: ئەم جۆرە میتۆدە هەروەها بەدوای هەندێ چارەسەردا دەگەڕێ بۆ لێكۆلینەوەكەی لە هەر بابەتێكی توێژینەوەدا بۆ خۆی لەجیاتی تاقیكردنەوەی لقی ستایلیستی گشتی.

هەندێ چاودێریكردنی ڕیتم لە پەخشانی دینیس دیدرۆتسدا (١٧١٣-٨٤) لای سپیتزەر بۆتە وێنەیەكی تەواوی هەمەلایەنەی تایبەتمەندیی هونەریی نووسەر. ئەم لە لێكۆلینەوەیەكدا دەربارەی "دۆنكیخۆت" وەك گۆشەیەكی لاربوونەوەو كەوتن لە ناونانی كەسە جیاوازەكاندا دەیەوێ لێ شێوانو نادلنیایی بكات. ئەمە دەبێتە هۆی نانەوەی مشتومڕێك لە گۆڕینو سێبەر بۆ دروستكردنی ڕووالەتی گێڕەرەوەكەدا بەشێوەیەكی گشتی كە وەك تەبیعەتو تایبەتمەندیی كارەكە چاوی لێ دەكرێ. مەترسیی ئەم جۆرە میتۆدە زیاتر لەوەدایە كە كارێكی ستایلی تایبەت زیاد لە پێویست قەبەدەكرێو كێشمان بە ناوەرۆكەكەی دەدرێ، بەشێوەیەكی وا كە مرۆڤ "شیكارییەكی" زیادی تێ دەترنجێنێ.

توێژینەوەی ستایلیی دەروونناسانە ڕووالەتێكی ژیننامەیی هەیە، تا ئەو ڕادەیەی- دەوترێ یان ناوترێ- لەڕێگای ستایلەكەوە خەسیەتی دەروونیی شاعیرەكە دەردەخات. هەروەهاش خەریكی لێكۆلینەوەی هەلبژاردنی وشە ("وشە كلیلییەكان")و زمانی بەوێنە- لەگەل پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە بابەتو مۆتیڤەكەوە- بەم شێوەیە ئاراستەی مرۆڤی پشت بەرهەمەكە كراوە. نموونەیەكی زۆر بەناوبانگی ئەمە كارەكەی {Caroline Supergenos} ە، بەناونیشانی { Shakespeare’s Imagery and

{what it Tells Us (1935) "وێنەگەریی شکسپیرو چیمان پێ دەڵێ"، کە توێژەر لەگەڵ شتەکانی تریشدا بەدوای دۆزینەوەی نهێنیی نەزانراوی Shakespeare the man (شکسپیر وەك پیاو (مرۆڤ)دا) دەگەڕێ. بەهۆی هەڵبژاردنی وێنەشەوە دەیەوێ کەسایەتیو خوو و بایەخدانی ئەومان {بە شتەکان} پێ بڵێ. هەرچەندە خۆشی دەخاتە ئەو مەترسییەوە کە مرۆڤ هەمیشە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، کاتێك کە شیعرێك وەك بەڵگەنامەیەکی ژیننامە دخوێنێتەوە {بڕوانە ل١٦٨}. بەم خاڵە توێژینەوەکەو هەروەها سەرئەنجامەکانی ڕەخنەیەکی بەئەزموونو بایەخدارە.

توێژەری ئەڵمانی Wolfgang Cleman بەپێچەوانەوەی ئاشکرای ئامانجو بۆچوونی Supergenous وە کارێکی بەناوی "وێنەکانی شکسپیر"ەوە هەیە، (s:S وێنەکان، گەشەسەندنو ئەرکیان لە بەرهەمی درامیدا، ١٩٣٦، بە پێداچوونەوەو دەستکارییەوە ڤێرشنێکی بە ئینگلیزی بەناونیشانی: { The Devlopment of Shakespear’s Imagery.} "گەشەسەندنی وێنە لای شکسپیرە"وە هەیە. ئەو ئامانجی خۆی لە لێکچوونێکدا بۆ وەسفکردنی ئەم حاڵەتە بەکارهێناوە کە چۆن وێنە لای شکسپیر کاردەکات. : "ئەمە وەك شانە {خلیە}یەك وایە لە لەشی شانۆگەرییەکداو پابەندە لەگەڵی بەشێوەیەکی تایبەتمەند". ئەم چەند لقو پۆپی پەیوەندییەیە لە چوارچێوەی خودی شیعرەکەداو بونیادیان کە Clemen دەیەوێ بیانخاتەڕوو.

هەروەها لە کۆتاییدا وەك فۆرمێکی تایبەتی ستایڵ- مرۆڤ دەتوانێ لێکۆڵینەوەی پەیوەندیی {نێوان} لەلایەکەوە بە ئەدەبو لەلایەکی ترەوە بە لقەکانی تری هونەری وەك نیگارکێشان، مۆسیقاو ڕەسم، ناوبەرێت.

لە هەموو حاڵەتێکدا پەیوەندی بەم جۆرە بەراوردەوە هەیە کە هەموو جۆرەکانی میدیا- زمان، ڕەنگەکان، ئاوازەکان، وێنەی فیلم- خەسڵەتەکانی دەهێنرێنە ناو و خاڵی بەیەکگەیشتنیو لەپێش هەموو شتێکیشەوە جیاوازییەکانیان دەهێنرێنە پێشەوە. هەر پەیوەندیو لێك دووریی لقە جیاوازەکانی هونەر، هەروەها بۆ شتەکانی تریش لەنێوان هەندێ شێوازی تری کولتووری بەشێوەیەکی گشتی، سیستێماتیك لە چوارچێوەی سیمیۆتیکدا لێی دەکۆڵرێتەوە (بڕوانە: ل١٤٥) کە بەم دواییانە وەك زانستیی گشتیی "نیشانە" چەسپاوە. مەبەستمان لە "نیشانە"، نیشانەی تاکی زمانی

نییە، بەڵکو سیستێمی دەستوورو ڕێکەوتنەکان هەمووی: چەمکی ئاسایی، هەلومەرج... یاساو ڕێساکانی تر کە دەبێ لەگەڵیان ئامێتە بکرێ- کە (کۆد)ەکە دەخرێتە چوارچێوەی بەشێکی کولتوورییەوە ئەمە شیعر، فیلم، تەلارسازی دەگرێتەوە، بەڵام هەروەها بۆنموونە زنجیرەی کارتۆنیی نیشانە، یان ڕیکلام، بێجگە لەمەش کەم یان زۆر "کۆد"ێکی هاوبەش بۆ قۆناغێکی دیاریکراو.

## شیعرو خوێنەر Dikten och lāsaren

مرۆڤ دەوێرێ بڵێ کە ماوەیەکی دوورودرێژ، بەشێوەیەکی سەرجەمی، ئەدەبناسی بەشێکی وەك بابەتێکی ئیستێتیکیی، ڕوونکردنەوەی خودی شیعرەکەو بەشێکی تری هی پاشخانەکەی بوو. بەڵام لەم دواییەدا، بەتایبەتیو بەشێوەیەکی بەرچاو، کاریگەری لە توێژینەوەدا کێشێکی زیاتری پەیداکردووە. لە سۆنگەی هەموو ئەمانەشەوە بەیەکەوە نرخاندنی توێژینەوەی کۆمەڵو میتۆدی کۆمەڵایەتی گەشەسەندنێکی خێرایان بەخۆیانەوە بینیوە.

هێنانەوەی ئەو لاپەڕەیەی ئەدەبناسیی سۆسیۆلۆگی پێویستی بەوەیە کە ئەو بیروبۆچوونەی فیوگین {بڕوانە ل١٧٢ی پێشتر} بهێنینەوە کە دەڵێ- لەڕووی ژێرییەوە "ئەوەی لە کارو بەرهەمی ئەدەبناسیدا زرووفە کۆمەڵایەتییەکە هێناویەتە پێشەوە". بەواتایەکی تر ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە چۆن ئەدەب لە قۆناغی جیاجیادا کاری لە هەڵسوکەوتی مرۆڤ {وەك تاك}و هەروەها لە سەرجەم کۆمەڵیش کردووە.

زیاتر وەك شتێکی دەگمەن مرۆڤ دەتوانێ ئەو سەرنجە دەربڕێ، وەك ئەوەی باوەو دەربارەی "ئازارەکانی ڤارتەری لاو" (١٧٧٤) دەوترێ- بەتایبەتیش کە پاڵەوانی ئەو ڕۆمانە بچکۆلەیە بووە سەرمەشقی لاوانی ئەو ڕۆژگارە، خەڵك نەك هەر لاسایی چۆنیەتیی جلوبەرگ لەبەرکردنوهەڵسوکەوتی ئەو، تەنانەت هی خۆکوشتنەکەشیان دەکردەوە. جاروبار لەوەیە فیلمەکە ئەدەبی وەك تەوژمدەرێك لەم دیمەنەدا دەرپەڕاندبێتە دەرەوە. بێگومان شیعر لە زۆر کاتدا زەمینەی بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتیو سیاسی ئامادەکردووە- هەرچەندە ناوترێ کە ڕاستەوخۆ بەرەو پێشەوەی بردوون. بەم شێوەیە هاریت بیچەر- ستۆوە بە

ڕۆمانی "کوخەکەی مام تۆم" (١٨٥٢) زریانێکی ڕقوکینەی، لە شارە باشوورییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، لە دژی کۆیلەکردنی پێست ڕەشەکان هەڵکردو ڕاستەو ڕەوان بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ. گونەرکڤیست لە بەرهەمەکەیدا "فردریکا بریمەرو ئازادیی ژنان" (١٩٦٩) لەناو ئەو شتانەدا کە بەدوایدا دەگەڕا هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی دەدا کە فریدریکا بریمەر لەپێش هەموو شتێکدا لە ڕۆمانی Hertha (١٨٥٦)دا دایهێنابوون: "ئاخۆ ئەو کاری لە بیروڕای گشتی کردبوو؟ بۆنموونە کاردانەوەی ڕۆژنامەنووسیو سیاسییەکان چۆن بوو؟ ئاخۆ ئەو شتێکی خستبووە سەر ڕیفۆرمو چاکسازی ڕەوشی ژنانی سەردەمەکەی؟ بەشێوەیەکی گشتی وا لەقەڵەم دراوە کە نووسینەکانی هۆیەکی سەنگینی بەرەوپێشەوە بردن بوون. کڤیست زیاتر جێگەی گومانە. ئەو هەروەها ئەوەی نیشانداوە کە ڕیفۆرم لەگەڵو بەبێ فریدریکا بریمەریش هەر دەبوو. بۆ جۆرە بۆچوونێکی لەم بابەتە دەتوانین بە نموونە نیگارکێشانی گوزەرانی پاڵەو ڕەنجبەرەکان لەلایەن ئیڤارلۆ- یۆهانسۆنەوە بهێنینەوە. ئاخۆ ئەمانە کاریگەرییان لەسەر ئەوە هەبوو کە سیستێمی دەوڵەتو هەروەها خودی ناوی ڕەنجبەر (سەپان) بەگشتی ساڵی ١٩٤٥ لابرا؟ بەدڵنیاییەوە ئەمە ڕێك وەها دێتەوەو وایە، شایانی باسە، لۆ- یۆهانسۆن تەنانەت ڕیپۆرتاژیشی دەربارەی ئەم بابەتە دەنووسی. ئەمو نووسەرەکانی هاوڕێی لە وێنەی جان فرێدگۆردو موامارتینسۆن بە کتێبەکانیان کێشەی ڕەنجبەرانیان وەك کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ڕۆشنکردەوە.

قسە دەربارەی پەیوەندیی ئەدەبو هەندێ چەمکی دیاری بونیادی کۆمەڵ دەکرا. بەڵام بێگومان ئەمە زیاتر دەربارەی کاریگەریی لە هەستو نەست بوو، شتێکی زیاتر گشتیو ڕەنگە بۆ ئێمە خۆشمان کاریگەرییەکی بێئاگایانە بووبێ، لەهەموو شێوەیەکی هەڵسوکەوتو هەستکردنو بیرکردنەوەماندا. لە سەرنجدانێکی خێرادا کەمتریش ئەوەی پێی دەوترێ ئەدەبێکی هەرەمەکیو سادە لەوحانە نایەتە ئارا، لە بەرهەمی ڕۆژنامەی هەفتانەو گۆڤاری کورتە چیرۆك کە شێوازێکی خۆساچێنەری لەگەڵ چێژی جەماوەرو شێوازێکی ستانداردی هەیە، ڕەنگدانەوەی ئەرکێکی سیمای کاتیو سەرپێییەو تەنانەت بیر بۆ ئەوە دەچێ کە لە شیعری خاوەن مەبەستو هونەرێکی بەرزیش باشتر بنوێنێ. (بڕوانە ل(١٧٦)ی لەمەوبەر).

لەلایەکی ترەوە بەهۆی بنەمای جەماوەریی فراوانی خۆیەوە، چاوەڕێ دەکرێ- بۆ هەڵسەنگاندنی لە مەیدانی جیاجیادا- بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوببێتەوە. لەبەرئەوە مرۆڤ هەروەها دەستی کردووە بە توێژینەوە لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆگییەوەو بەهۆی میتۆدی ئاماری- شیکاریی ناوەرۆکەوە، کە گونجاوە بۆ دەستکاریو کار لە دەقگەلێکی گەورەو زۆرکردن. لەبەر هەمان هۆ ئەدەبی منداڵانو مێردمنداڵان تادێ لەلایەن توێژەرانەوە بایەخی زیاتری پێ دەدرێ. هەمان حاڵەت هەروەها ئەم جۆرە شیعرە لە ڕوانگەی ئاسایی ئەدەبناسییەوە ڕۆشندەکاتەوە.

بێگومان بەهۆی ڕەچاوکردنی تەمەنی خوێنەرو وەرگرتنەوە {مەبەست لە وەرگرتنی دەقە} تەبیعییە کە ڕوواڵەتە پەروەردەییو کۆمەڵایەتییەکان لە بناغەدا دێن. ئەم ئەدەبە چ وێنەیەکی جیهانو کۆمەڵەکەمانمان بۆ دەکێشێ؟ ئایا خۆشیو کێشەکانی دەنوێنێ، یان لاپەڕە تاریکەکانی سەردەمەکە دەخاتە سەر شانۆ؟ هێڵکاریی ناوەرۆکی نێوان چینەکانی کۆمەڵو نەوەکانو ڕەگەز دەکێشێ؟ کتێبی کوڕانو کچان جیاوازیی بەبایەخی ڕوانینی خۆیان لەدەوری نێرو مێدا دەردەخەن؟ ئاخۆ ڕێو ڕەسمەکە سەرجەم پاراستنی {دابی دەقگرتووی} کۆمەڵە، یان پێشکەوتنخوازانەیە؟ ئەم جۆرە پرسیارانە گەلێ جار لە باسکردنی کتێبو ئەدەبی منداڵو مێرمنداڵاندا دێنە پێشەوە.

توێژینەوەی کۆمەڵایەتیی شیعر وەرگرتن {لەلایەن خوێنەرەوە} هەروەها ڕەنگە ڕێگای بڵاوبوونەوەو ڕانانی ئەدەب بگرێتەوە. ئەمە پەیوەندیی بە سیاسەتی چاپو بڵاوکردنەوەو کتێبفرۆشی، یان کتێبو ڕەوشی کتێبخانەکانەوە هەیە. بەدەستهێنانو هونەری دەرزوتنەوەی ئەدەب لە قوتابخانەکاندا لایەنێکی تری ئەم کێشە تێکئالاّوو سەرجەمییەیە: خوێنەر بە ژوانی شیعر دەگات.

زۆر گرنگە ڕوونو ئاشکرابێ چۆن تاقمی جیاجیای خوێنەر پەیوەندی بە ئەدەبەوە دەکەن. لەمەش بە کێشو نرختر ڕەنگە ئەوەبێ لەوە بکۆڵرێتەوە کاتێ ئێمە ڕووبەڕوو و دژی بەرهەمێکی شیعری دەوەستینەوە، چی ڕوودەدات، چۆن لەگەڵ ئەمە دەژینو هەستی پێ دەکەین؟ چۆن ناوەرۆکەکەی شیدەکەینەوە؟ مامەڵەمان بەرانبەر سەرجەمو ڕوواڵەتە جیاجیاکانی چۆن دەبێ؟ بە کام مۆدیلانە ئەوەی دەیخوێنینەوە هەڵدەسەنگێنین؟ بە هی پێشەنگی مەیدانی توێژینەوەکان، کە زۆرجار شێوازی تاقیکردنەوەی دەروونناسیو پەروەردەیی بەکاردێنین، وەك بەرهەمەکانی ئەو

{توێژەرە} ئینگلیزە ئا.ئە.ڕیچاردز (١٨٩٣ لەدایکبووە)، بەتایبەتی کتێبە بەناوبانگەکەی "ڕەخنەی پراکتیکی" (١٩٢٧). لە سوید زیاتر گوونەرهانسۆن ڕێبازی توێژینەوەی ئەوی ڕاناوەو ناساندوویەتی. لە نامەی دوکتۆرای خۆیدا "شیعرو خوێنەر" (١٩٥٩)و گەلێ لە کارەکانی دواتریدا لێکۆڵینەوەی کاردانەوەی تاقمی جیاجیای خوێنەری دەربارەی تێکستی هەڵبژاردەی ئەدەبی کردووە. لایەنێکی میتۆدەکەی ئەوەبوو کە بگەڕێتو بیچەسپێنێ، چۆن هەمان شیکاریی خوێنەرو هەڵسەنگاندنی دەکەوێتە بەر کاریگەرییەوە، پاش ئەوەی ڕووبەڕووی شیکاریی پسپۆڕانو ڕەخنەگران یان خودی شاعیرەکە دەبنەوە. زۆر گرنگە کە مرۆڤ ئاگای لەم سەرنجدانو چاودێریکردنە بێو بایەخێکی زۆر گەورەی هەیە، بەتایبەتی لەڕووی پەروەردەییەوە.

یەکێك لە ڕێبازەکانی وەرگرتنی توێژینەوەی ئەدەبناسی کە زیاتر جۆرێکی مێژوویییو تەقلیدی بێ، ئەوەیە کە بەم دواییانە ناوی receptionsestetik جوانیناسی {زانیاری} وەرگرتنی لێ نراوە. ئاشکرایە ئەمە هەڵکردنی بایەکی تازەی بایەخدانە بە هێرمینیۆتیك {توێژینەوەی شیکاری} بە هەناسەیەکی نوێی خودی دەوری تێگەیشتنو شیکاریو یاریی بەیەکەوەیان لە ئاسۆ مێژوویییە گەشەسەندووەکاندا. (بڕوانە ل١٣٣-١٤٤ی پێشەوە).

لێکۆڵینەوەی وەرگرتنو نرخاندنی شیعر چۆن لە ڕۆژگارێکەوە بۆ هی تر بەردەوامبووەو پەرەی پێدراوە شتێکی تازە نییە. ئەمە دەقێکە لایەنێکی گرنگی توێژینەوە بووە. بەتایبەتیش هی بەرهەمی کلاسیکیی وەك "هاملێت" و "دون کیخۆت"، یان ژانرێکی وەك بالاّدی سەدەکانی ناوەڕاستو زۆر بە چاکیو ڕەوانی لەژێر ڕووالّەتو لە گۆشەنیگای "هەڵکشاندنی ئاسۆکان" و گەشەسەندنی "هەڵسەنگاندن"دا لێیان کۆڵراوەتەوە. توێژینەوەی نوێی ئەمەو جۆری تری ئەدەبی کۆن لە ڕوانگەیەکی ڕۆمانتیکییەوە، نموونەیەکی دیارە لەم ڕووەوە.

ئەمە لە ئیستێتیکی زانیاری وەرگرتندا زیاتر بایەخێکی دیاریکراوی بۆ لایەنی وەرگر، بۆ دەوری بنەڕەتیی خەڵك هەیە، لە بەواقیعکردنی "ئەدەب" و ژیاندا لەسەردەمی جیاجیادا. بەم شێوەیە مرۆڤ پێویستییەکی زۆری بەوە هەیە کە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە، کە نابێ لە کاری ئەدەبی وەك بەرهەمێکی هونەریی (autonom- سەربەخۆ) بگەین، بەڵکو وەك چەمکێکی ڕەتنەکراوەی یاریی نێوان

دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتیو ئایدۆلۆجی کە تێیدا کۆدەبنەوە. سەختییەکە لەوەدایە کە سەیرێکی ئەو جەماوەرە هەراوەی خوێنەر بکەین وا شاعیرەکە ئاوڕیان لێ دەداتەوە. عادەتەن، توێژەرەکە تەنیا، بەڵگەی نووسراوی لەلایەن هەڵبژاردەیەکی خاوەن زانیاریی چاکەوە پێ دراوە، کە پەیوەندییەکی تایبەتیان لەگەڵ تەقلیدی ئەدەبیو سیستێمی ئەدەبیدا هەیە. ساویلکەییە ئەگەر وابزانین ئەم تاقمە سەرباشقەیە نوێنەری سەرجەم خوێنەرانن، بۆنموونە "جەماوەری شار (چینی سەرەوە)" یان خەڵکی خوێندەوار- ئەوە با باس لە تۆقی نەخوێندەوار هەر نەکەین. حاڵەتەکەش زۆر جیاواز نییە، کە باس لە ڕابووردوویەکی نزیك بکرێ. ئێمە لەکوێ کاردانەوەی گەورەی خەڵك دەربارەی کارەکانی ستریندبێرگ، پێرلاگەرکڤیست یان گونەر ئێکەلۆف دەبینین، کە تۆمارکرابێ؟ یان هەژماری کتێب فرۆشتنی، کتێب وەرگرتن بۆ خوێندنەوە، یان چوون بۆ تیاترو...هتد. دەکرێ ناوبانگی ئەدەبی یان بڵاوبوونەوەی ئەدەب لە هەندێ ڕۆژگاردا شتێکمان پێ بڵێ. بەڵام هیچێکی وامان ناداتێ یان زانیارییەکی تەماوی دەربارەی ئەو بەرهەمانەی کە گەیشتوونەتە ئاپۆڕەی فراوانی خەڵك، موعەدەلی خوێنەرو خوێنەری ئاسایی بالآیەکی بە سەختی بەردەست کەوتووە.

## ڕەخنە، نرخاندن Kritik, Vārdering

ڕایەڵێکی زۆر گرنگی "سیستێمی ئەدەبی" ڕەخنەگرو ڕانەرە، کە تەتەری نێوان شیعرو خوێنەرانی شیعرە. هەروەها ئەو دەتوانێ ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان ئەدەبناسیو خەڵك بێ، بێ ئەوەی پاشخانێکی ئەکادیمی هەبێو لەوانەیە هەر خۆیشی بۆ لێکۆڵینەوە تەرخان نەکردبێ. لەگەڵ ئەمەشدا بەرەو مەبەستەکەی دەچێو تویشووی شێوەیەکیش لە تیۆریی ئەدەبیی پێیە، بیر بۆ ئەوە دەچێ کە ئەمەش دەبێتە سیمای ڕەخنەگرانەی ئەو، بەڵام چی ئەم لە توێژەرێك جیادەکاتەوە ئەوەیە مرۆڤ چاوەڕێی دەربڕینی نرخاندنی کەم یان زیاتر لە ڕەخنەگرەکە دەکا، جۆرێك لە هەڵسەنگاندنێکی گشتیی ئەو ئەدەبەی پێشکەشی دەکا.

چەمکی نرخاندن لێرەو پێشتریش خۆی دەردەخا. دەبێ لە کارەکەیشدا پرسیاری بە بایەخو کەمتر بە بایەخ هەمیشە کێشەی بەردەوام بۆ توێژەرەکە بهێنێتە پێشەوە، چونکە ئەوە لە نزیکی ڕوانگەی زانستیو بابەتی توێژینەوەکەیەتی. دەکرێ مرۆڤ کێشەیەکی تایبەتیی دڵەڕاوکەهێنی تریشی بخاتەسەر. لەبەرئەوەی هەر توێژەرێك دەبێ وا لەوە بڕوانێ وەك ئیدیاڵێکی ڕوون کە تا چەندێ دەکرێو دەرفەت هەیە بابەتییانەو بێ نرخاندنی {شەخسی} کاربکات. لەگەڵ ئەوەشدا گرفتی ڕەخنەگرتن هەر دەمێنێتەوە، دەربارەی پێوەری بە بەهاو نرخی شیعرەکە، کە بە قووڵی لە زۆربەی شێوەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا هێنراوەتە ناو. جاروبار سەختیی کار لەوەدایە بەتایبەتی ئەوە مەیسەر بکەین کە هەڵیدەسەنگێنینو دەینرخێنین، بەتایبەتیش بۆ دیاردەیەکی ئێجگار ئاڵۆزی وەك شیعر. ئێمە پێشتر گۆشەنیگای وامان بەرچاوکەوت، کە شیعر ناسكو کامڵترین دەربڕینی سەردەمی خۆیەتیو دەبێ لەڕووی هونەریشەوە بەرزترین نرخو بەهای هەبێ. (بڕوانە ل١٨٣ی پێشتر). لە سەردەمی جیاجیادا مرۆڤ ڕەنگە بەتایبەتی "نوێخوازی"ی شیعری وەك ئامێرێکی پێگەیاندنی مرۆڤ نرخاندن بێت. یان مرۆڤ پێش هەموو شتێك بەرز ئەو توانایەی نرخاندووە کە دنیای هەستو نەستمان بێداربکاتەوەو ڕێکبخا. لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێکی تری نرخاندن داهێنانی شیعر بووە وەك توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتیو دەروونیی واقیع. ئەم سێ ڕووخسارەی نرخاندن کە بەم دواییە ناویان هات، بەم شێوە ڕیزدەکرێن: "utilitarism" (بەرژەوەندکاری)، "emotionalism" (سۆزداری)، "dokomentarism" (بەڵگەداری) ی (سڤێن

موللەر کریستنسن). ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو بنەمای نرخاندنە "دەرەکییانەیە" کە بەهیچ شێوەیەكو هەرگیز یان لە جوغزێکی زۆر پلە نزمدا پابەندی تایبەتمەندیی خودیی شیعرن وەك هونەری وشە.

وەك جێگرەوەیەکی ڕاستەقینەو ورد مرۆڤ پێشنیاری جۆرێکی تر لە نرخاندنی لەسەر بنەما "ناوەکی" و بونیادییە پوختەکان دەکات. پلەی لایەنی جۆراوجۆری قوولّو کاملّبوو لەنێوان توێژاڵو مەبەستی جیاجیای شیعر، بەهای چۆنیەتیی هونەری بەرزی دەردەخات. خودی شیکردنەوەی دەق، کە دەبێ بەشێوەیەکی تا ئاستێك بابەتییانە بێ، ئەمیش لە خودی خۆیدا مانای ئەوەیە، یان نرخاندنێکی ئیستێتیکی دەگەیەنێ. هەروەها مرۆڤ زۆر یان کەم دەیەوێ کە گۆشەنیگاکانی "دەری ئیستێتیك" بەلاوەبنێ، کە ڕەنگە بەشێوەیەکی تر- ئاگاو بێئاگا- دێنەناو نرخاندنەکەی ئێمەوە: هەلّوێستی شەخسیی ئێمە دەربارەی بابەتی شیعر، دەربارەی ڕوانینی ئەخلاقیو سیاسی...هتد دەگرێتەوە. بەکورتی مرۆڤ بەدوای شێوازێکی شیعر نرخاندندا دەگەڕێ، بەو تایبەتمەندییەوە کە شیعر وەك ئەدەبێکی هونەری هەیەتی، بدۆزێتەوە.

بەلاّم ئێمە پێمان وا نییەو جەختی ئەوەش ناکەین کە پێوانە "ناوەکییەکانیش" بەتەواوی بابەتی بن، یان لەلایەن سەرجەمی خەلّکەوە پەسەندکرابن. کام شیعرە کە ئێمە وەك سەرجەمێکی ڕێکخراوەیەکی هونەریی بەهێز دەینرخێنین، لەوانەیە ئەو نرخاندنە لەو ساتەدا پابەندی هەندێ بنەماو پاشخانی ئالّۆزو بە زەحمەت بەدەستەوە هاتووی هەلّسەنگاندن بێ. زۆر لە ڕۆمانەکانی دیستۆیڤسکی بەتایبەتی لە ڕوانگەی شیکاری بونیادەوە فۆرمیان نییە: بیرکردنەوە فەلسەفییە بەرفراوانکراوەکان ڕەوتی ڕووداوەکان دەپچڕێننو...هتد لەگەلّ ئەوەشدا ڕەنگە گەلێ لە خوێنەران بەهۆی ڕانانو پێشکەشکردنی {ڕۆمانەکانەوە} بەشێوەیەکی قوولّ چێژی لێ وەربگرنو لەگەلّیاندا بژینو وەك بەرهەمێکی هونەری بەرزو کاملّ بیاننرخێنن. ئایا نابێ ئێمە وا هەموو شتێك لە دەوروبەرمانە باوەڕ بەوە بێنین کە نرخاندنی شیعر هەرگیز ناکرێ بەشێوەیەکی گشتی بێ؟! هەر بنەمایەکی تایبەتی نرخاندن سنووری خۆی هەیە، ڕەنگە بەشێوەیەکی سادە بۆ هەندێ ڕووالّەتی شیعر لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا بشێ؟ ئەو نرخاندنە ناوبراوەی {پێش تۆزێ} کە بە پێوانە "ناوەکییە" پوختەکان دەکرێ، لەوەیە لەڕاستیدا تایبەت بێ بە توێژەری ئەدەبی- بەتایبەتی لە

خودی کاری توێژەردا. زۆر شتی شەخسی بێگومان دەبن‌و هەندێ لاپەڕەی تری کەسێتیی ئەو دێنەناو هەڵسەنگاندن‌و نرخاندنەکەیەوە. توێژەر بی یان نا- هەموو ئێمە بە پلەی یەکەم خوێنەری ئاسایین. ئێمە کە بە ئاگاین چۆن شیعر هەڵسەنگاندن‌و نرخاندن لەگەڵ تەمەن‌و ئەزموون‌و هەلومەرجی ژیاندا دەگۆڕێ. ئەوەی کە لە سەردەمێکدا زۆر بەهێز سەرنجی ئێمەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، لەوەیە لە جوغزی بایەخی ئێمە ئاودیو ببێ‌و ئێمە هیچ گوێیەکی پێ نەدەین- بۆ ئەدەبێکی تر ئێمە وەرگرتنێکی نوێ دەبەینەوە.

بایەخی شیعرو دەوڵەمەندیی لە کۆتاییدا پابەندی بە سوودییەتی بۆ گەلێ پێداویستیی مەبەستدار، کە لە یەکێك لە شێوە ڕوون‌و دیارەکانیدا بەرەوپیری هەریەکێکمان دێ. زانستی ئەدەبناسی‌و ڕەخنەی ئەدەبی یارمەتیمان دەدەن، کە شارەزای لاپەڕەی نوێی ئەدەب ببین، کە باشتر تێی بگەین‌و هەروەها ئەزموونمان دەوڵەمەند بکەین، بەڵام دوانرخاندنمان دەبێتە هی خۆمان، شتێکە لەنێوان ئێمەو شیعردا. ئەمە پەیوەندیی بە هەموو شەخسییەتمانەوە هەیە- ئیتر نەك "تیۆریی ئەدەبی‌و ستایلناسی".

## سەرنج و تێبینی Noter

ئەوە لە کتێبی:

Bertil Malmberg. Vārderinger, Stockholm, 1937, s. 286. 35.ل۲۹

بێرتل مالمبێرگ، نرخاندن، ستۆکهۆلم، ۱۹۳۷، ل ۲۸٦- وەرگیراوە.

ل ۳٦، ۳۷، وەرگرتن لە کتێبی poetik ی ئەرستۆوە لە وەرگێڕانەکەی:

Jan Stopoles. Om dikt konsten…inledning av Ingemar Düring, Stockholm. 1961.

جان ستۆپۆلیس، دەربارەی هونەری شیعر، پێشەکیی ئینگمار دیورینگ، ستۆکهۆلم، ۱۹٦۱- بۆچوونەکانی گۆتە دەربارەی پێشەکیی "هونەری شیعر"، (لە سەرنجو تێبینییەکانی بۆ دیوانی ڕۆژئاوا- ڕۆژهەلات) دا خراونەتەڕوو، کە ساڵی ۱۸۱۹ بەناونیشانی "بۆ زانینێکی باشتر"ەوە بلاوکراوەتەوە.

ل ٤۳، لیریکی"Verinnerung" بەگوێرەی کتێبەکەی

"Das sprache Kunstverk" Kaysér

چاپی چواردەیەم، بێرن، ۱۹٦۹، ل ۳۳٦.

ل ٥٤، گۆتە شیعری فێرکاری وەك بەشی چوارەمی شێوەی شیعر،

واتە دوای لیریك،

ئێپیك و دراما بێ- ڕەتدەکاتەوە. بە بۆچوونی ئەو شیعر هەمووی دەبێ فێرکارانە بێ، بەلام بێ ئەوەی هەستی پێ بکرێ.

ل ۷۳، "باڵندەیەکی ماسیگرە"

وەك ئەوەی ڕەمز بێ بۆ گوستافی دووەم ئادۆلف‌و دەربارەی "emblematik" (نیشانە)ی ستیرن هێلّم سەیری نامەی دوکتۆرای ئاکسیل فریبرگ بکە:

Axel Friberg. Den svenske Herkules. Studier i Stiernhelms diktning, Stockholm, 1945, bl.a.s. 445 .Och 62 ff.

ل ٧٤، نموونەی تیری مەرگ "لە نامەی (٥٤)ی فریدماندا

لە کتێبەکەی نیلس ئافزیلیوسدا

"ئەفسانەو وێنە، لێکۆڵینەوەیەك لە شیعری بیلّمان"دا دووبارەبۆتەوە، بڕوانە: Nils Afzelius. Myt och bild. Studier i Bellmans dikt, Stockholm, 1945, s.

ل ١١٣ Sven Moller Kristensen Om impressionismen i avhandlingen Aestetiske Studier i dansk Fiktionsprosa 1870-1900, Köpenhamn, 1938.

سڤین موللەر کریستینسن. دەربارەی ئیمپریسیونیزم لە نامەی دوکتۆرای توێژینەوەی ئیستێتیکی لە پەخشانی فیکشنی {ئیمپریسیونیزمی} دانیمارکی ١٨٧٠-١٩٥٠، کوپنهاگن، ١٩٣٨، چاپێکی تازەشی بە ناونیشانی:

Impressionismen i dansk prosa 1870-1900 Köpenhamn, 1955.

هەروەها ئەم کارەی تر بە زمانی ئەڵمانی:

